حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی کۆمەڵناسی

# وێنەی جەستە لەئایینی ئێزدی و کاکەییدا

## (توێژینەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا)

تێزی دکتۆرایە، پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی(دکتۆرای فەلسەفە) لە کۆمەڵناسی/ئەنسرۆپۆلۆجیادا.

تێزی دکتۆرای خوێندکار:

**هێمن باقر عەبدول**

بەسەرپەرشتی:

**پرۆفیسۆر د. ئاسۆ ئیبراهیم عبدالله**

٢٠٢٠زاییینی     ١٤٤١هیجري     ٢٧١٩ کوردی

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم تێزەی خوێندکار(هێمن باقر عەبدول) بە ناونیشانی (وێنەی جەستە لە کولتووری کۆمەڵگەی کوردیدا -جەستە لەئاینی کاکەیی و ئێزیدیدا وەك نمونە) بەچاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زانستی (　　　　) ، پێشینار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د.ئاسۆ ابراهیم عبدالله

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

بەروار: / / ٢٠١٩

هەواڵنامەی کتێب

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د.کەژاڵ حسین محمد

سەرۆکی بەشی (کۆمەڵناسی)

بەروار: / / ٢٠٢٠

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

**ئێـمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم تێزەی خوێندکار (هێمن باقر عەبدول) بە ناونیشانی (جەستە لەئایینی ئێزدی و کاکەییدا-لێکۆڵینەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (            ) بڕوانامەی فەلسەفەی دکتۆرای لە زانستی (            ) پێ بدرێت.**

واژۆ:

ناو: د.کەیوان ئازاد ئەنوەر

پلەی زانستی: پرفیسۆری یاریدەدەر

سەرۆکی لیژنە

بەروار

واژۆ:

ناو: د.نوری یاسین هرزانی

پلەی زانستی: پرفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

بەروار

هەواڵنامەی کتێب

واژۆ:

ناو: د.عبدالله خورشید عبدالله

پلەی زانستی: پرفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

بەروار

واژۆ:

ناو: د.محمد حسین شوانی

پلەی زانستی: پرفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

بەروار

واژۆ:

ناو: د.پەیمان عەبدلقادر مجید

پلەی زانستی:  پڕۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

بەروار

واژۆ:

ناو: د.ئاسۆ ابراهیم عبدالله

پلەی زانستی:پڕۆفیسۆر

ئەندام  و سەرپەرشتیار

بەروار

هەواڵنامەی کتێب

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلێمانی-پەسەند کرا.

واژۆ:

ناو:

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

# ئەم هەوڵە پێشکەشە بە:

- دایك و باوکی ئازیزم.
- هاوسەرە وەفادارەکەم.
- منداڵەکانم میلان و ئایلان.

# سوپاس وپێزانین بۆ:

- بەڕێز (پرۆفیسۆر د.ئاسۆ ئیبراهیم عبدالله)دەکەم، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم تێزەی گرتەئەستۆی.
- هاوسەری بەرێزم،کە جوانترین‌و شیرینترین ساتەکانی تەمەنی خۆی بەخشییە من‌و نوسینی ئەم تێزە.
- سوپاسی سەرۆك بەشەکانی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی هەریەك لە(د.عیزەت،د.ئارام،د.کەژاڵ دەکەم) کە لەماوەی خوێندنی دکتۆرادا لەگەڵمان ماندوو بوون.
- سوپاسی راگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان د.جەزا تۆفیق و د.ابتسام اسماعیل دەکەم کە هاوکار و پشتیوانمان بوون.
- بەڕێزان لە هۆبەی خوێندنی باڵا د.نەجات و د.ژیا و کارمەندە بەڕێزەکانی ئەو هۆبەیە
- سوپاسی تایبەتی بەرێز رەجەب کاکەیی دەکەم، کە وەك چاوساغی ئێمە وابوون لە گەیشتن بە کۆمەڵگەی کاکەیی و ئێزیدییەکان.
- سوپاسی هەریەك لە بەڕێزان د.هاوار کەمال، د.لوقمان سیوەیلی،د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد دەکەم، کە هەریەکەیان بە جۆرێك لە نوسینی ئەم نامەیەدا هاوکارییان کردم.
- هەموو ئەو مامۆستایانەی بە درێژایی تەمەنی خوێندنم ئەرکیان لەگەڵ کێشاوم، بە تایبەت سەرۆك و مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی.
- هەموو ئەم بەڕیزانەی کە هەریەکەیان بە جۆرێك یارمەتیدەرو هاندەری سەرکەوتنمان بوون.

# ناوەڕۆك:


| ناونیشانەکان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بڕیاری سەرپەرشتیار: | أ |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | ب-ج |
| پێشکەشە: | د |
| سوپاس وپێزانین: | ە |
| ناوەڕۆك | و-ز |
| پێرستی پاشکۆکان | ح-ط |
| پێشەکی: | ١-٣ |
| **بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە** | **٤-٣٦** |
| باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوە: | ٥-١٠ |
| باسی دووەم: دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان: | ١١-١٧ |
| باسی سێیەم : توێژینەوەکانی پێشوو: | ١٨-٣٦ |
| **بەشی دووەم:ئەنسرۆپۆلۆجیای جەستە و کۆمەڵگەی کوردی** | **٣٧-٧٥** |
| باسی یەکەم: جەستە و ئەنسرۆپۆلۆجیا: | ٣٨-٥١ |
| باسی دووەم: تایبەتمەندییە جەستەییەکانی مرۆڤی کورد: | ٥٢-٥٥ |
| باسی سێیەم: جەستەی کولتووریی لە کۆمەڵگەی کوردیدا: | ٥٦-٧٥ |
| **بەشی سێیەم: ئاینی کاکەیی و ئێزیدیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا:** | **٧٦-١٣٠** |
| باسی یەکەم: ئاین لە کۆمەڵگەی کوردیدا: | ١٣٢-١٤٠ |
| باسی دووەم: ئاینی ئێزیدیی: | |
| باسی سێیەم: ئاینی کاکەیی: | ١٥٣-١٦٣ |
| **بەشی چوارەم:جەستە لەئاینی ئێزدیدا:** | **١٣١-١٦٣** |
| باسی یەکەم: جەستە میللی و ئایینیی لە ئێزدیاتیدا: | ١٣٢-١٤٠ |
| باسی دووەم: پەیوەندی نێوان جەستە و ڕۆڵی ئایینی لە ئێزدیاتیدا: | ١٤١-١٥٢ |
| باسی سێیەم: جەستە لە سرووتە ئایینیەکانی ئێزدیاتیدا: | ١٥٣-١٦٣ |
| **بەشی پێنجەم: جەستە لە ئاینی کاکەییدا:** | **١٦٤-١٨٦** |
| باسی یەکەم: جەستە میللی و ئایینیی،لە ئایینی کاکەییدا: | ١٦٥-١٦٩ |

| | |
|---|---|
| باسی دووەم: جەستە لەبنەما ئایینییەکانی کاکەییدا: | ١٧٣-١٧٠ |
| باسی سێیەم: جەستە لە سرووتەکانی ئایینی کاکەییدا: | ١٨٦-١٧٤ |
| **بەشی شەشەم: دەرئەنجام و راسپاردەو پێشنیار:** | **٢٠٦-١٨٧** |
| باسی یەکەم:دەرەنجامەکان: | ١٩١-١٨٧ |
| باسی دووەم:راسپاردە: | ١٩٢ |
| باسی سێیەم: پێشنیاز: | ١٩٣ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٠٦-١٩٤ |
| پاشکۆکان | ٢٤٤-٢٠٧ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبیی | أ-ب |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | I-II |


هەزارنامەی کتێب

## پێڕستی پاشکۆکان:


| ژمارە | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | نەخشەی جوگرافیای ئایینی کوردوستان | ٢٠٨ |
| ٢ | هێڵکاریی جلوبەرگی کوردی سەدەی نۆزدە لە سلێمانی | ٢٠٩ |
| ٣ | هێڵکاریی جلوبەرگی ژنانەی کوردی سەدەی نۆزدە لە سلێمانی | ٢١٠ |
| ٤ | چوار هێڵکاریی کڵاو و جامانە و رووسەری کوردی بۆ ژن و پیاو | ٢١١ |
| ٥ | شێوازی بەستنی پشتێن لای زەردەشتییەکان | ٢١٢ |
| ٦ | سینەبەندێکی ئاڵتونی کە لەگەنجینەی زیوییە دۆزراوەتەوە | ٢١٣ |
| ٧ | چەند کەرەستەیەکی جوانکاریی ژنان، ئەرشیفی ئینستیتیوتی کەلەپوری کورد- سلێمانی | ٢١٤ |
| ٨ | هێڵکاریی هەڵپەڕکێ لەسەر پاشماوەی دەفرە گڵێنەکانی پێش زایین | ٢١٥ |
| ٩ | وێنەیەکی کێشراوی هەڵپەڕکێی کوردی لە ساڵانی ١٨٣٠ کە لەلایەن مستەر ریچەوە کێشراوە | ٢١٦ |
| ١٠ | نەخشەی جوگرافیای دابەشبوونی ئایینی لە باشوری کوردوستان | ٢١٧ |
| ١١ | نەخشەی جوگرافیای دابەشبوونی ئاینی کاکەیی لە باشوری کوردوستان | ٢١٨ |
| ١٢ | نەخشەی جوگرافیای دابەشبوونی ئاینی ئێزیدی لە باشوری کوردوستان | ٢١٩ |
| ١٣ | چەند پیاوێکی ئاینی کاکەیی | ٢٢٠ |
| ١٤ | ڕێورەسمی جەم لەنێو پەیرەوانی ئاینی کاکەییدا | ٢٢١ |
| ١٥ | گۆڕی سوڵتان سەهاکی بەرزنجی، گوندی شێخان-کوردستانی ڕۆژهەڵات | ٢٢٢ |
| ١٦ | وێنەی شێوازی سەمای باڵکێشان لە ئاینی کاکەییدا | ٢٢٣ |
| ١٧ | تۆك و گریڤان لە ئاینی ئێزیدیدا | ٢٢٤ |
| ١٨ | پیاوێکی خەرقەپۆش لە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٢٥ |
| ١٩ | جلوبەرگی میر، لەئاینی ئێزیدیدا | ٢٢٦ |
| ٢٠ | جلوبەرگی بابا شێخ، لە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٢٧ |
| ٢١ | جلوبەرگی شێخی وەزیرلە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٢٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٢ | جلوبەرگی پێشمام،لە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٢٩ |
| ٢٣ | جلوبەرگی قەولەکان،لە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٣٠ |
| ٢٤ | جلوبەرگی بابی چاوەش،لە ئایینی ئێزیدیدا. لە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٣١ |
| ٢٥ | جلوبەرگی بابی گاڤان، لە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٣٢ |
| ٢٦ | جلوبەرگی میرحاج ،لە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٣٣ |
| ٢٧ | جلوبەرگی فەقیر،لە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٣٤ |
| ٢٨ | جلوبەرگی دای فوقرا و دای کابانی، لە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٣٥ |
| ٢٩ | جلوبەرگی کوچەك، لە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٣٦ |
| ٣٠ | جلوبەرگی مجێور، لە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٣٧ |
| ٣١ | جلوبەرگی خلمەتکار، ئێزیدیدا | ٢٣٨ |
| ٣٢ | جلوبەرگی یەکێک لە چلەگرەکان لە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٣٩ |
| ٣٣ | جلوبەرگی شکستی لالش لە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٤٠ |
| ٣٤ | مۆرکرن لە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٤١ |
| ٣٥ | ڕێورەسمی ناشتنی میر | ٢٤٢ |
| ٣٦ | نوێژکردن لە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٤٣ |
| ٣٧ | ڕێورەسمی سەما لە ئایینی ئێزیدیدا | ٢٤٤ |

## پێشەکی:

سەردەمی مۆدێرن، بە سەردەمی جەستە و بایەخپێدانی لە توێژینەوەکانی بواری زانستە مرۆییەکاندا دادەنرێت. پێشتر وا سەیری جەستە دەکرا، کە تەنها بابەتێکی بایەلۆجییە، لەسەر ئەو بنەمایەش تەنها بایەلۆجیا و زانستی پزیشکی توێژینەوەیان لە بارەوە دەکرد، تا ڕادەیەکی زۆریش سۆسیۆلۆجیای کلاسیك پشتگیریی ئەم تێڕوانینەی دەکرد و خۆی لە قەرەی جەستە وەك بابەتێکی سەرەکیی سۆسیۆلۆجیا نەدەدا. لە سۆسیۆلۆجیای نوێدا وردەوردە بایەخی جەستە زیادی کرد، تا ئەوەی بوارێکی تایبەت بە ناوی سۆسیۆلۆجیای جەستەوە درووست بوو. ئەوەش ئەو کاتە ڕووی دا، کە زانایانی ئەم بوارە بە سوودوەرگرتن لە ئەدەبیاتی فەلسەفی گەیشتنە ئەو ڕوایەی جەستە تەنها بابەتێکی سرووشتی نییە، بەڵکوو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دیاردەیەکی تەواو کولتوورییە. ئەوە کولتوورە کە شێوەی پێ دەبەخشێت و سنوور بۆ جووڵە و چالاکییەکانی دادەنێت.

ئەنسرۆپۆلۆجیا بە پێچەوانەی سۆسیۆلۆجیاوە هەر لە سەرەتاوە بە جەستە دەستی پێکرد، ئەگەرچی لە سەرەتادا جەستە تەنها بواری توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجیای فیزیکی بوو، بەڵام هەر زوو پەڕییەوە بۆ ئاراستەکانی دیکەی ئەنسرۆپۆلۆجیای کولتووری و ئەنسرۆپۆلۆجیای ئایینی.

ئەم توێژینەوەی لەبەر دەستتدایە بە ناونیشانی (وێنەی جەستە لە ئایینی ئێزدی و کاکەیی دا) بەشدارییەکی ئەکادیمییە لە کێڵگەی ئەنسرۆپۆلۆجیای کولتووریدا، وەك یەکەم تێزی ئەنسرۆپۆلۆجی لەسەر جەستە لە کۆمەڵگەی کوردیدا .

ئامانجی سەرەکیی ئەم تێزە، خستنەڕووی کاریگەریی ئایینە لە داڕشتنەوەی جەستە و ئەو وێنانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا درووستی کردوون .

ئاشکرایە هەرێمی کوردستان بە ناوچەیەکی فرەئایین و ئایینزا دادەنرێت، لەناو ئەو ئایینانەدا توێژەر هەردوو ئایینی ئێزدی و کاکەیی ی هەڵبژاردووە، بە هۆی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. هەردوو ئایینەکە دوو ئایینی ڕەسەنی کوردین و بە پاشماوەی ئایینە کۆنەکانی کوردستان دادەنرێن.

٢. وەرگرتنی هەموو ئایین و ئایینزاکان کارێکی زەحمەتە و کات و توانایەکی زۆری دەوێت.

هەوڵنامەی کتێب

٣. هەردوو ئایینەکە خاوەن کۆمەڵگەی ناوخۆیی تایبەتن، کە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجی دەست دەدەن و خاوەن کولتووری تایبەت بە خۆیانن.

٤. هەردوو ئایینەکە لە چەندین خاڵدا هاوبەشن و نزیکایەتیی زۆریان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، بەتایبەت لەڕووی بنەما ئایینییەکان و هەندێ سرووتوە .

توێژینەوەکە لە پێنج بەشی سەرەکی پێك هاتووە:

بەشی یەکەم تایبەتە بە چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە و سێ باسی سەرەکی لە خۆ دەگرێت.

باسی یەکەم تایبەتە بە ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوە. بابەتی سەرەکیی تێزەکە بریتییە لە توێژینەوەی جەستە لە هەردوو ئایینی ئێزدی و کاکەیی دا و ئامانجە سەرەکییەکەش بریتییە لە خستنەڕووی وێنەکانی جەستە لەژێر کاریگەریی ئەو دوو ئایینەدا وەك ڕەگەزێکی کولتووری لە کۆمەڵگەی کوردیدا، هەروەها لەبەر ئەوەی سنووری ئەم دوو ئایینە تەواوی کوردستان دەگرێتەوە و کۆکردنەوەی داتاش لە هەموو پارچەکان کارێکی ئەستەمە، توێژەر هەستاوە بە دیاریکردنی کۆمەڵگەی کوردیی باشووری کوردستان وەك مەیدانی توێژینەوەکە .

لە ڕووی میتۆدەوە، لەم توێژینەوەیەدا پشت بە چەند میتۆدێکی جۆراوجۆر بەستراوە، وەك میتۆدی ئەپنۆگرافی، وەزیفی، بونیادگەریی هێمایی (البنیویە الرمزیە)و مێژوویی .

لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا، ئەنسرۆپۆلۆجیای جەستە لە کۆمەڵگەی کوردیدا خراوەتە ڕوو

لە باسی یەکەمدا جەستە لە ڕوانگەی ئاراستە ئەنسرۆپۆلۆجییەکانەوە خراوەتە ڕوو، هەروەها بە پێی ئاراستە جیاوازەکانی ئەو زانستە بە شێوەیەکی تایبەتی تیشك خراوەتە سەر تێڕوانینی هەر ئاراستەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجی بۆ جەستە. بەشی زۆری تێۆرەکانی ئەم بەشە لە شیکردنەوەی جەستەی ئایینیدا سوودیان لێ وەرگیراوە. لە کۆتایی بەشەکەدا لەسەر ئەو بۆچوونانەی کە لەم بەشەدا خراوەتە ڕوو؛ ڕای توێژەر نیشاندراوە، لە باسی دووەمدا خەسڵەتی فیزیکیی جەستەیی مرۆڤی کورد لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە خراوەتە ڕوو. لە باسی سێیەمدا بە درێژی باس لە جەستەی کولتووری لە کۆمەڵگەی کوردیدا کراوە. بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بەو دیاردە جەستەییانە کراون، کە لەژێر کاریگەریی ڕەگەزە کولتوورییەکاندا درووست بوون و پێکەوە جەستەی کولتووریی مرۆڤی کورد پێك دەهێنن و بوونەتە بەشێك لە ناسنامەکەی .

بەشی سێیەم بۆ ئایینی ئێزدی و کاکەیی تەرخان کراوە. لە باسی یەکەمدا تیشکێکی خێرا خراوەتە سەر ڕەوشی ئایینی لە کۆمەڵگەی کوردی و پاشان ڕەوشی ئایین لە کۆمەڵگەی کوردیی باشووری کوردستان. باسی دووەم بۆ ئایینی ئێزدی و باسی سێەمیش بۆ ئایینی کاکەیی تەرخان کراوە. لەم دوو باسەدا بە وردی ڕیشەی هەردوو ئایینەکە، بنەما ئایینییەکانیان، کۆسمۆگۆنیا، ئیسخاتۆلۆگیا، تۆتێم و تابۆیان، شوێنی جوگرافی و تێکستی ئایینییان خراوەتە ڕوو. لە کۆتاییشدا هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ ئەو باسانەی لەم بەشەدا خراونەتە ڕوو کراوە .

بەشی چوارەم و پێنجەم گرنگترین بەشی تێزەکەیە و لە ڕوانگەی بنەما سەرەکییەکانیان، سرووت، بۆنەکان و ڕۆڵە ئایینییە جیاوازەکانەوە بە وردی کاریگەریی ئایین و جەستەی ئایینی لە هەردوو ئایینی ئێزدیدا و کاکەیی خراوەتە ڕوو.

لە بەشی شەشەمدا گرنگترین ئەو ئەنجامانە خراونەتە ڕوو کە تێزەکە پێی گەیشتووە. لە کۆتاییشدا ڕاسپاردە و پێشنیاری پێویست پێشکەش کراوە.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم:
# چوارچێوەی گشتیی توێژینەوە:

باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:
باسی دووەم: دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان:
باسی سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

هەوالنامەی کتێب

## باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

جەستەی مرۆڤ تەنها تەنێکی بایەلۆجی نییە، بەڵکوو دراوێکی کولتوورییشە، لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونەوە ڕەهەندە کولتوورییەکانی جەستە دەست پێدەکات و تا کاتی مردن کاریگەرییەکانی بەردەوام دەبێت.

بەم هۆیەشەوە، جەستە لە تەنێکی بایەلۆجییەوە دەبێتە دیاردەیەکی کولتووریی، کە هەڵگری سەدان هێما و ئاماژەی دیار و شاراوە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە و سیما و ڕووخساری مرڤ دیاری دەکات و جووڵەی جەستەیی سنووردار دەکات.

هەر بۆیە دەتوانین وەك ئاوێنەیەك سەیری جەستە بکەین کە لە ڕێگەیەوە لە مێژوو و ستراکتوری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو تێدەگەین، چونکە هەموو ئەوانە زۆر بە وردی نەخشی خۆیان لەسەر جەستە هەڵدەکۆڵن.

ئایین وەك ڕەگەزێکی کولتووری نەخشی گەورە لەسەر جەستە جێ دەهێڵێت و مۆری خۆی لێ دەدات و بە چەندین شێوەی جیاواز کاریگەرییەکانی خۆی لەسەر جەستە دەخاتە ڕوو.

لەم توێژینەوەیەدا جەخت کراوەتە سەر کاریگەریی ئایین لەسەر جەستە وەك ڕەگەزێکی کولتووریی،بە مەبەستی خستنەڕووی پێگەی جەستە و نەخشی ئایین لەسەر جەستە لە کۆمەڵگەی کوردیدا؛ بۆ ئەم مەبەستەش ئایینی ئێزدی و کاکەیی وەك نموونە هەڵبژێردراون.

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بە دوای (وێنەی جەستە لە ئایینی ئێزدی و کاکەیی دا).

پرسیاری سەرەکیی ئەم تێزە بریتییە لە پێگەی جەستە لەناو ئەم دوو ئایینەدا و نەخشی ئایین لەسەر جەستە و ڕواڵەتە جەستەییەکان لە لای پەیڕەوانی هەردوو ئاینەکە و بەشداریی جەستە و نمایشی جەستە لە سرووت و بۆنە ئایینییەکانیاندا.

### دووەم: گرنگیی توێژینەوەکە:

دەتوانرێت گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا کۆبکرێتەوە:

١. ئەو بوارەی ئەم توێژینەوەیە هەڵی بژاردووە، بوارێکی نوێ و تازەیە. بە پێی زانیارییەکانی توێژەر، لەوانەیە یەکەم نامەی ئەکایمی بێت لە زانکۆکانی هەرێمی

کوردستان لە بواری ئەنسرۆپۆلۆجیدا، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی نێوان ئایین و جەستەی وەك بابەتی توێژینەوە هەڵبژاردبێت.

٢. ئەم توێژینەوەیە، لە لایەنی تیۆرییەوە هەوڵی بۆ خستنەڕووی بەشی زۆری ئەدەبیاتی سۆسیۆلۆجی و ئەنسرۆپۆلۆجی لەسەر جەستە داوە و هەوڵی داوە تەوزیفی ئەو تیۆرانە بکات بۆ خوێندنەوەی جەستەی ئایینی لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

٣. یەکێک لە گرنگیەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە کاریگەریی کولتوور و ڕەگەزە کولتوورییەکان لەسەر جەستە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەش باس دەکات کە لە وێنەی جەستەدا هاتوونەتە ئاراوە، کە بە هۆی گۆڕانی کولتوورییەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا درووست بوون.

٤. گرنگیەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی پەیوەندیی نێوان جەستە و ناسنامەی ئایینی، هەوڵ دەدات ئەو تایبەتمەندییە جەستەییانە بخاتە ڕوو کە لە ڕێگەیەوە ناسنامەی ئایینی نیشان دەدەن.

## سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

١. خستنەڕووی کاریگەریی ئایین لەسەر جەستە و چالاکییە جەستەییەکان لە لای پەیڕەوانی ئایینی ئێزدی و کاکەیی .

٢. خستنەڕووی ئەو سیما جەستەییانەی کاریگەریی ئایینییان تێدا دەبینرێت،لە لای پەیڕەوانی ئایینی ئێزدی و کاکەیی .

٣. خستنەڕووی چەمکی جەستە و پێگەی جەستە لە ئایینی ئێزدی و کاکەییدا.

٤. خستنەڕووی پەیوەندیی نێوان ڕۆڵی ئایینی و جەستەی ئایینی لەناو ئایینی ئێزدی و کاکەیی دا.

٥. خستنەڕووی پەیوەندی نێوان جەستەی میللی و جەستەی ئایینی و جەستەی مۆدێرن، لەناو پەیڕەوانی ئایینی ئێزدی و کاکەیی دا.

## چوارەم: سنووری توێژینەوەکە:

١. سنووری شوێن: باشووری کوردستان، کە تەواوی ناوچە کوردنشینەکانی عێراق دەگرێتەوە.

٢. سنووری مرۆیی: تەواوی پەیڕەوانی ئایینیی هەردوو کۆمەڵگەی ناوخۆیی ئێزدی و کاکەیی یەکان لە باشووری کوردستان دەگرێتەوە.

٣. سنووری کات: ئەو ماوە مێژووییەی کە ئەم توێژینەوەیە دیاری کردووە بۆ کارکردن، بریتییە لە: ٢٠١٨/١/٥-٢٠١٩/١٢/٥.

## پێنجەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

لەبەر ئەوەی توێژینەوەکە لە بواری ئەنسرۆپۆلۆجیای کولتووریدایە و توێژینەوەکە پەیوەستە بە لایەنی کولتوورییەوە نەك سستمی کۆمەڵایەتی، هەروەها لەبەر ئەوەی لە ئەنسرۆپۆلۆجیای کولتووریدا کۆمەڵگا وەك گشتێکی کولتووری سەیر دەکرێت و باوەڕی بە پارچەپارچەکردنی نییە، لەم توێژینەوەیەشدا وەك گشتێکی کولتووری مامەڵە لەگەڵ هەریەک لە کۆمەڵگەی ناوخۆیی ئێزدی و کاکەیی یەکاندا کراوە، چونکە خاوەنی یەك کولتووری گشتین، کە بە خاڵی هاوبەشی هەردوو کۆمەڵگاکە دادەنرێت و هەموویان تێیدا بەشدارن، لەسەر ئەو بنەمایە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە هەردوو کۆمەڵگەی ناوخۆیی ئێزدی و کاکەیی لە باشووری کوردستاندا.

## شەشەم: میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە چەند میتۆدێکی ئەنسرۆپۆلۆجی بەستراوە،کە بریتین لەم میتۆدانەی خوارەوە:

### ١. میتۆدی ئەسنۆگرافی:

سەرەکیترین میتۆدی کارکردن لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە میتۆدی ئەسنۆگرافی، کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی بۆ سستمێکی کۆمەڵایەتی یان گرووپێکی کولتووریی دیاریکراو، بە ئامانجی کۆکردنەوەی کۆمەڵێك زانیاریی گرنگ لە بارەی بابەتی توێژینەوەکەوە بە شێوەیەکی مەیدانی.

توێژینەوەی ئەسنۆگرافی، خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی گرنگە، لەوانە:

توێژینەوەیەکی گشتگیرە، بە پێچەوانەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی کە جوزئی و تایبەتییە.

زیاتر گرنگی بە کولتوور دەدات

لەسەر ئاستی گشتیی کولتوورێکی دیاریکراو لێکۆڵینەوە دەکات

لەناو ژینگەی سرووشتی ئەنجام دەدرێت و پێویستی بە تێکەڵاوبوونی تەواو هەیە لەگەڵ مەیدانی توێژینەوەکەی

گرنگی تەواو بە لێکۆڵینەوەی قووڵی ئەو مانایانە دەدات کە لە نێوان ئەندامانی کولتوورەکەدا ئاڵوگۆڕ دەکرێن

جەخت لە بنەمای تێگەیشتن دەکاتەوە لە کولتوورێکی دیاریکراو بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بابەتی؛ (سارانتاکوس، ٢٠١٧ : ٣٧٠-٣٧١).

## ٢. میتۆدی مەعریفی (تێگەیشتنی خودی):

یەکێك لە میتۆدە نوێیەکانی بواری ئەنسرۆپۆلۆجیبا بریتییە لە میتۆدی تێگەیشتنی خودی (الفهم الذاتی) کە بە میتۆدی مەعریفییش ناوی دەبرێت. ئەم میتۆدە جەخت دەکاتە سەر تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دەربارەی جیهان و دونیابینییان و ڕیشە و سەرچاوەی ئەو دونیابینییە لە کوێوە دێت و چۆن ئەم دونیابینییە لە ژیانی ڕۆژانەدا کار دەکات و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵگە چین. ئەم میتۆدە وا دادەنێت هەموو ئەوانەی لەناو کولتوورێکی دیاریکراودا دەژین سستمێکی مەعریفیی هاوبەشیان هەیە، کە بە هۆی ئەو کولتوورە هاوبەشەوە درووست بووە. هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە، کە تاکەکانی ناو کۆمەڵگە و کولتوورێکی دیاریکراو لە هەموو کەس باشتر شارەزای کۆمەڵگە و کولتوورەکەی خۆیانن و دەتوانن گوزارشتی لێ بکەن، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە گرنگی بە زمان و ئاخاوتنەکانی ناو کۆمەڵگەکە خۆی دەدات؛ بەو جۆرەی ئەوان مەبەستیانە و پۆلێنکاری لەسەر دەکەن. (غامری، ١٩٨٦: ٩١).

## ٣. میتۆدی وەزیفی:

لەم توێژینەوەیەدا لە شیکردنەوەی چەند دیاردەیەکی جەستەییدا سوود لە میتۆدی وەزیفی وەرگیراوە. بەو جۆرەی کە لە لای ئەنسرۆپۆلۆجی بەریتانی ئەمیل دۆرکهایم لە توێژینەوەی دەربارەی ئایین بەکاری هێناوە، یان ئەوەی مالیۆفسکی لە شیکردنەوەی دیاردە کولتوورییەکاندا بەکاری هێناوە و جەخت لەوە دەکاتەوە هەر دیاردەیەکی کولتووری بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکی تایبەت درووست بووە و لەسەر توێژەری ئەنسرۆپۆلۆجی پێویستە بە دوای ئەو وەزیفەیەدا بگەڕێت کە ئەو ڕەگەزە کولتوورییە پڕی دەکاتەوە و جێبەجێی دەکات.

**٤. میتۆدی بونیادگەریی هێمایی:**

لە هەندێ شوێنی ئەم توێژینەوەیەدا بە ئامانجی تێگەیشتن لە هەندێ سیمبولی ئایینیی ناو هەردوو ئایینی ئێزدی و کاکەیی و هەندێ جاریش کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی؛ سوود لە میتۆدی بونیادگەری (البنیویة) وەرگیراوە. میتۆدی بونیادگەری وەك ئەوەی لای **لیڤی شتراوس** بەکار براوە، ئامانجی تێگەیشتنە لە سیمبول و هێماکان لە چوارچێوەی بونیادە کۆمەڵایەتییەکەیاندا. بەم هۆیەوە گەیشتن بە ڕەگوڕیشەی هەندێ دیاردەی جەستەیی لەناو کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی و هەردوو ئایینی ئێزدی و کاکەیی دا بە تایبەتی؛ جەختی لێ کراوەتەوە. (الاسود،١٩٩١: ٣٣٧-٣٣٨).

**٥. میتۆدی مێژویی:**

لەو توێژینەوانەدا کە گەڕانەوە هەیە بۆ مێژوو و ریشەی بابەتێکی دیاریکراو،میتۆدی مێژویی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە گەیشتن بە ڕاستییە مێژووییەکان،لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی مێژویی بەستراوە لە تاوتوێکردنی ڕەگوڕیشەی هەندێ دیاردە بەگشتی و مێژوی هەردوو ئایینی ئێزدی و کاکەیی بەتایبەتی،سەرەڕای خستنەڕوی بۆچونە کۆن و نوێیەکان لەوبارەیەوە پشتبەست بەبەڵگەی نوێ بۆچونی دروست خراوەتەڕووو.

**حەوتەم: ڕێگاکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەستراوە، کە بریتین لەم ڕێگایانەی خوارەوە:

**١. تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ (Observation Directiy):**

ئەم ڕێگەیە لەو جۆرە توێژینەوانەدا سوودی زۆری لێ وەردەگیرێت کە پەیوەست بێت بە توێژینەوەی دیاردەیەکەوە لە ئێستادا، ئەم ڕێگەیەش بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە، چونکە هەندێ زانیاری هەیە بەم ڕێگەیە نەبێت بە هیچ ڕێگەیەکی دیکە ناتوانرێت بە دەست بهێنرێت. لەم توێژینەوەیەدا سوود لە تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ وەرگیراوە لە کاتی سەردانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا.

**٢. چاوپێکەوتن (Interview):**

یەکێك لە سەرەکیترین ڕێگاکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە چاوپێکەوتن، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە لە زاری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە خۆیانەوە. لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی تایبەت

لەگەڵ ژمارەیەك لە پیاوانی ئایینی و خەڵکانی دەستەبژێری نێو هەردوو ئایینی ئێزدی و کاکەیی ئەنجام دراوە و ناو و ناونیشانیان و پەیوەستییان بە بابەتەکانەوە خراوەتە ڕوو؛. هەروەها لە هەر جێگایەکی توێژینەوەکەدا سوود لە بۆچونەکانیان وەرگیرابێت کۆدی تایبەتی بۆ دانراوە و لە کۆتایی توێژینەوەکەدا کۆدەکان ڕوون کراونەتەوە.

زۆرینەی چاوپێکەوتنەکان لەناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا ئەنجام دراون و دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئامێری دەنگتۆمارکردن بەکار هێنراوە و یەکێك لە چاوپێکەوتنەکانیش بە ڕێگەی تەلەفۆن ئەنجام دراوە.

### ٣. هەواڵدەرەکان (Informants):

هەواڵدەرەکان ئەوانەن، کە زانیاریی گرنگیان لایە و زۆر جار ڕێنمایی و ڕێنیشاندەر دەبن بۆ توێژەر تاوەکوو بگات بەو زانیارییانەی کە دەیەوێت بە دەستیان بهێنێت. (جوبو،٢٠١٤: ٣٦٧)

لەم توێژینەوەیەدا سوود لە چەند کەسێکی تایبەت وەك هەواڵدەر وەرگیراوە، ئەمانە لەو کاتانەدا پشتیان پێ بەستراوە، کە ویستوویانە بەبێ ئەوەی ناویان ئاشکرا بکرێت- لەبەر هەستیاریی بابەتەکان و ئەو پەرچەکردارانەی کە لەوانەیە لە لایەن گرووپەکەی خۆیانەوە ڕووبەڕووی ببنەوە لە حاڵەتی ئاشکرابوونیاندا؛ هەندێ زانیاری بدەن.

ئەمانەش ناو و ناونیشان و زانیارییەکانیان لە لای توێژەر پارێزراوە و لەبەر ئەمانەتی زانستی پارێزگاری لە ئاشکراکردنی ناوەکانیان کراوە، بەڵام کۆدیان بۆ دانراوە و لە کۆتایی توێژینەوەکەدا کات و شوێنی چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا دیاری کراوە.

### ٤. وێنەی فۆتۆگرافی (Photography):

لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە وێنەی فۆتۆگرافی بەستراوە، بە تایبەتی ئەو بەشەی کە پەیوەستە بە جلوبەرگی ئایینییەوە. ئەوەش لە ڕێگەی وێنەی فۆتۆگرافییەوە جەستەی پیاوانی ئایینی دۆکیۆمێنت کراوە. لەبەر ئەوەی بابەتەکە لەسەر جەستەیە وا بە پێویست زانرا لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا بخرێتە ڕوو نەك وەکوو پاشکۆ،هەروەها لە هەر کوێدا پێویستی کردبێت، چەند وێنەیەکی ئەرشیفی پەیوەندیدار خراوەتە ڕوو. ئاماژە بە سەرچاوەکانیان کراوە.

### ٥. نەخشە و هێڵکاری (Maps):

لەم توێژینەوەیەدا چەندین نەخشەی پەیوەندیدار لەگەڵ چەند هێڵکارییەکدا بەکارهێنراوە و ئاماژە بە ژێدەرەکانیان کراوە.

## باسی دووەم: دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان:

### یەکەم: جەستە: (Body):

**أ- لەڕوی زمانەوانیەوە:**

وشەی جەستە لە زمانی فەڕەنسیدا بەرامبەرە بە وشەی (Crops)، کە لە وشەی (Corpus)ی لاتینی وەرگیراوە، بە مانای بەشە مادییەکەی بوونەوەری زیندوو، کە بریتییە لە کۆی گشتیی پارچەکانی جەستە و وەزیفە پێویستەکانی ژیان لە خۆ دەگرێت. (البنياني، ٢٠٠٩: ٣٤).

لە زمانی یۆنانیی کۆندا لە بەرامبەر وشەی (جەستە) وشەی (بسوخی) بەکار هاتووە، کە مانای (سەرجەمی ڕواڵەتەکانی جەستەی مرۆڤ لە خۆ دەگرێت، بە جلوبەرگیشەوە). هەروەها لە زمانی ئەڵمانیدا، وشەکانی (lib) و (korper) لە بەرامبەر وشەی (جەستە) بەکار دەهێنرێت، هەروەها لە زمانی عەرەبیدا، وشەکانی (جسد) (بدن) (جسم) لە بەرامبەر وشەی (جەستە) بەکار دەهێنرێت. (تيبس، ٢٠٠٩: ٣٩).

لە (لسان العرب)دا هاتووە، (جسد) بریتییە لە لاشەی مرۆڤ، جگە لە لاشەی مرۆڤ بە لاشەی هیچ بوونەوەرێکی دیکە ناوترێت (جسد).زۆر جاریش وشەی (جسد) و (بدن)ی مرۆڤ وەك هاوواتای یەکتری بەکار دێن. (جەستە بریتییە لە تەواوی (بدن)ی مرۆڤ و (بدن)ی مرۆڤیش بریتییە لە جەستەی مرۆڤ. (ابن منظور، ١٩٩٩ : ٤٥٨).

لە زمانی کوردیدا، چەند وشەیەک هەیە بۆ گوزارشتکردن لەم بابەتە، کە ئەوانیش وشەکانی (جەستە) و (لاشە) و (بەدەن)ن (موکریانی،١٣٨١: ١٨٩)و هەندێ جاریش لە شێوەزاری هەولێردا (قەلب) بەکار دێت،هەروەها کوردە یارسانەکانی ڕۆژهەڵات (تەن) و ئێزدیەکانیش (قاڵب) بەکاری دەهێنن.

لەسەر ئەو بنەما زمانەوانییەی لە پێشەوە خستمانە ڕوو، دەتوانین چەند سەرنجێکی پێویست بخەینە ڕوو:

هەرچەندە هەرسێ وشەی (جسد) و (جسم) و (بدن) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای (جەستە) بەکار دەهێنرێن، بەڵام لە نووسین و وەرگێڕانە نوێیەکانی بواری سۆسیۆلۆجیا و ئەنسرۆپۆلۆجیادا وشەی (جسد) لە بەرامبەر وشەی (Body)ی ئینگلیزی و (Corps)ی فەڕەنسی و (Korper)ی ئەڵمانیدا بەکار دەهێنرێت.

وشەی (بدن)ی عەرەبی زیاتر بە مانای ئەو بەشەی جەستە بەکار دێت، کە پێی دەوترێت (گۆشت و چەوری) (اللحم والشحم)، نەك پەیکەر( هيئە)ی مرۆڤ. هەر

لێرەشەوە چەمکەکانی (بدانە) و (بدین) و (تربیە بدنیە) سەرچاوەی گرتووە، هەروەها وشەی (جسم) زیاتر بۆ گوزارشتکردن لە لایەنی بایەلۆجیی جەستە بەکار دێت، لە کاتێکدا وشەی (جسد) مانا کولتوورییەکەی (جەستە)ش لە خۆ دەگرێت.

وشەی (جەستە) لە زمانی کوردیدا، لە وشەی (جسد)ـی عەرەبی وەرگیراوە و خراوەتە ژێر فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە. لە زمانی کوردیدا وشەی (لاشە) هاوواتای وشەی (جسم) و (جثە)یە لە زمانی عەرەبیدا، کە زیاتر ئاماژەیە بۆ (لایەنی بایەلۆجی یان (لاشەی مردوو) و یان (جەستەی بێگیان) دەگرێتەوە.

وشەی (بدن) لە زمانی فارسیەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردی و ئەوانیش لە عەرەبیان وەرگرتووە، ئەم وشەیە بە مانای جەستە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بەکاردێت لەژێر کاریگەری زمانی فارسیدا، بەڵام لە کوردستانی باشوور، وشەی (بدن) زیاتر بە مانای (قاڵب) بەکاردەهێنن نەك تەنها بۆ جەستە بەڵکوو بۆ ڕووکاری دەرەکی هەموو شتێك.

**دەتوانین بڵێین، لە بەرامبەر وشەی (جسد)ی عەرەبی و (Body)ـی ئینگلیزی و (Crops)ـی فەڕەنسی و (Korper)ی ئەڵمانیدا، وشەی (جەستە) گونجاوترین وشەیە کە لە یەك کاتدا هەڵگری ئاماژە کولتووری و بایەلۆجییەکان بێت.**

**ب- لەڕوی زانستیەوە:**

پێناسەکردنی (جەستە) وەکوو چەمك، ئاڵۆزتر و فرەڕەهەندترە لە پێناسە زمانەوانییەکەی، چونکە جەستە وەك دیاردەیەکی فرەڕەهەند بابەتی لێکۆڵینەوەی چەندین زانستی جیاوازە، وەك (بایەلۆجی، پزیشکی، سۆسیۆلۆجیا، ئەنسرۆپۆلۆجیا، یاسا، سایکۆلۆجیا، یاسا و چەندین زانستی دیکە)، ئەمەش وا دەکات هەریەکە لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە پێناسەی بکات.

**پییێر بۆردیو** (PIERRE BOURDIEU. ١٩٣٠-٢٠٠٢) کۆمەڵناسی فەڕەنسی پێناسەی جەستەی وەك سستمێکی ڕێکخراو کردووە، کە هەڵگری کۆمەڵێك بەهای ڕەمزییە و لایەن کۆمەڵگەوە درووست کراوە.میشیل فۆکۆ (Michel Foucault. ١٩٢٦-١٩٨٤) فەیلەسووفی هاوچەرخی فەڕەنسی بە تەنها بەوەوە ناوەستێت کە بڵێت جەستە وەرگری ئاماژەی ڕەمزییە، بەڵکوو پێی وایە خۆی بە تەواوی درووستکراوی (گوتار) ـە، هەروەها بە پڕوای ئەو شتێك نییە بە ناوی جەستەوە وەك بەرهەم و دراوێکی بایەلۆجی، بەڵکوو بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیی ملکەچە تا ڕادەیەکی بێ سنوور. (شلنج،٢٠٠٩: ١٠٧-١٠٨).

ئەنسرۆپۆلۆجستی بەریتانی، **ماری دوگلاس،** (Mary Douglas ۲۰۰۷-۱۹۲۱) لە بارەی جەستەوە ئاماژەی بەوە کردووە جەستەی مرۆیی وێنەیەکی تەواو ئامادەی سستمی کۆمەڵایەتییە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەڵامی بیروباوەڕەکانی کۆمەڵگا دەداتەوە. (Douglas,۱۹۷۰: ۹۸).

کاتێك باس لە جەستە دەکەین،جەستە بە هەموو تایبەتمەندی و ڕووکارەکانییەوە لەبەرچاو دەگرین، وەك: جلوبەرگ و شێوە جیاوازەکانی خۆڕازاندنەوە و جوانکاریی. لەم بارەیەوە ڕۆلان بارت پێی وابوو: "ناتوانین باس لە جەستە بکەین بەبێ باسکردن لە جلوبەرگ، چونکە جلوبەرگ ئەو لەحزەیەیە کە وادەکات جەستە وەکوو (دال)ێك دەربکەوێت، کە هەڵگری چەندین (مەدلوولی) جیاواز بێت. (سابیلا و بنعبدالعالی، ۱۹۹۱: ٤۸).

**مەبەست لە چەمکی جەستە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنانێکی سۆسیۆلۆجی و ئەنسرۆپۆلۆجییە،لەسەر ئەو بنەمایەی دیاردەیەکی فیزیکی،بایەلۆجی، کۆمەڵایەتییە، کە بونیادی پەیکەری مرۆڤ بە سەرجەم بەش و ئەندامەکانی لەشیەوە دەگرێتەوە، بە پرۆسە فسیۆلوجی و سایکۆلۆجی و عەقڵییەکانیشەوە، لەگەڵ ئەو ئاماژە و سیمبولانەی، ڕووکاری دەرەوەی جەستە لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرێت، بە هەموو ئەو تەکنیکی جووڵە و جلوبەرگ و کەرەستەی جوانکاری و ڕێگایانەوە کە بۆ نمایشکردنی وێنەی خۆی لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا بەکاری دەهێنێت. هەروەها وا سەیری جەستە دەکات کە بە هەمان ئەو ئەندازەیەی کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و ملکەچە بۆ هێزی کۆمەڵگا و گوتار، بە هەمان ئەو ئەندازەیەش دیاردەیەکی تاکەکەسییە و توانای درووستکردنی ناسنامەی تاکەکەسی و تێپەڕاندنی دۆخی باوی هەیە.**

## دووەم: وێنەی جەستە: (Body Image):

وێنەی جەستە چەمکێکە زیاتر لە بواری سایکۆلۆجیادا بەکار دەهێنرێت تا سۆسیۆلۆجیا و ئەنسرۆپۆلۆجیا، کە مەبەست لێی ئەو بیروبۆچوونەیە کە ئەوانی تر و مرۆڤ خۆی دەربارەی جەستەی هەیەتی.

سایکۆلۆجستی ئەمەریکی بە ڕەچەڵەك نەمساوی، **پ.شیلدر** ( Paul Ferdinand Schilder ۱۹٤۰-۱۸۸٦) یەکەم کەسە کە لە ساڵی (۱۹۳۵)دا ئەم چەمکەی بەکار هێناوە. بە بڕوای ئەو، وێنەی جەستە "بریتییە لە وێنەیەی مرۆڤ بە شێوەیەکی عەقڵی

درووستی دەکات، بە مانای بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی ئەو شێوازەی کە جەستەی پێیەوە دەردەکەوێت). هەموو کەسێك وێنەیەك دەربارەی جەستەی خۆی درووست دەکات، ئەم وێنەیە تەنها کورت نابێتەوە بۆ وێنەی جەستە وەك لایەنە توێکارییەکەی (تشریحی)، یان وەك ئەوەی مرۆڤ دەرکی دەکات، بەڵکوو لایەنێکی سایکۆلۆجیی قووڵتر لە خۆ دەگرێت، کە بە هۆیەوە چەمکی (خود) و (هەستی خوددی) (هەستکردن بە خۆشی و ناخۆشی، ڕازیبوون و ڕازینەبوون...) درووست دەبێت، واتە وێنەیەکە لە بنەمادا لە لایەنی دەروونییەوە درووستکراوە. هەرچەندە ئەم وێنەیە وێنەیەکی (خودی)یە، بەڵام بەشێکی گەورەی پەیوەندیی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و بەشداریی ئەوانی دیکەوە هەیە. واتە لە ڕوانگەی سایکۆلۆجیاوە هەریەکە لە جەستە و کەسێتی و ژینگەی دەرەکی (کۆمەڵگا) ڕۆڵیان لە درووستکردنی ئەم وێنەیەدا هەیە. (بلیسعی، ٢٠٠٩-٢٠١٠: ٤٦).

کەواتە وێنەی جەستە، سەرەڕای بەهەندگرتنی لایەنە دەروونییەکەی، لە هەمان کاتدا وێنەیەکی کۆمەڵایەتییشە و بەدەر نییە لە جەستەی ئەوانی تر، لەبەر ئەوەی ئاڵوگۆڕی بەردەوام لە نیوان جەستەی ئێمە بە تەواوی بەشەکانییەوە لەگەڵ وێنەی ئەوانی دیکەدا هەیە. (توهامی، ٢٠١٢-٢٠١٣: ٧٣).

**مەبەست لە چەمکی (وێنەی جەستە) لەم توێژینەوەیەدا بەو مانا سایکۆلۆجییە نییە، بەڵکوو زیاتر مانایەکی کولتووریی هەیە، کە مەبەست لێی ئەو فۆرمە جیاوازانەی جەستەیە لەژێر کاریگەریی (کولتوور) و (ڕەگەزە کولتوورییەکان)دا لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا جەستە پێیەوە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت و کاریگەرییشی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی هەیە.**

## سێیەم: کولتوور (Culture):

بەربڵاوترین و کۆنترین پێناسە بۆ چەمکی کولتوور لە ناوەندی ئەکادیمیدا، پێناسەی زانای ئەنسرۆپۆلۆجی ئینگلیزی (**ئیدوارد تایلور**)ە (E. B. Tylor ١٨٣٢ - ١٩١٧) لە کتێبی (کولتووری سەرەتایی، Primitive culture. ١٨٧١)دا کە نوسیویەتی: "کولتوور یان شارستانی بە مانا ئەسنۆگرافییەکەی بریتییە لە گشتێکی ئاڵۆز کە زانینەکان و بیروباوەڕەکان و هونەر و یاسا و ئەخلاق و داب و نەریت و هەموو ئەو شتانەی دی، کە مرۆڤ وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بە دەستی هێناون، دەگرێتەوە." (انغلیز و هیدسون:٢٠١٣: ١٧)

هەرچەندە ئەم پێناسەیە تا ئێستاشی لەگەڵدابێت وەك پێناسەی سەرەکی و مەرجەعی بۆ (کولتوور) سەیر دەکرێت، بەڵام لە لایەن زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجیی دواترەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندیش بووەتەوە.

**ئەلفرێد کروبیر** و **کلاید کلاکهون**، ڕەخنەیان لە پێناسەکەی (تایلور) گرتووە و پێیان وایە، کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕەگەزی جۆرجۆری جیاواز و ناپەیوەندیی پێکەوە کۆ کردووەتەوە، کە مرۆڤ توانای ژماردنیانی هەیە نەك شیکردنەوەیان. (کوبر، ٢٠٠٨: ٤١).

لە سەردەمی تایلورەوە تا ئەمڕۆ بە سەدان پێناسەی جیاواز بۆ ئەم چەمکە کراون، بەڵام یەکێك لە دیارترین و ڕوونترین پێناسەکان بۆ ئەم چەمکە پێناسەکەی کۆمەڵناسی ئەمەریکی (**ڕوبرت بیرستد**)ە. (R. Bierstedt ١٩١٣–١٩٩٨) کە ئاماژەی بەوە داوە کولتوور گشتێکی ئاڵۆزە، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بیری لێ دەکەینەوە و ئەنجامی دەدەین و هەموو ئەو شتانەش دەگرێتەوە کە وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگادا هەمانە (عبدالغنی عماد، ٢٠٠٦: ٣١-٣٢)

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین دوو ئاراستەی سەرەکی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە (کولتوور)، یەکەمیان وا سەیری دەکات کە لە بەهاکان، بیروباوەڕەکان، پێوانەکان، سیمبولەکان، ئایدۆلۆژییەکان و بەرهەمە عەقڵییەکانی دیکە پێك دێت، بەڵام ئاراستەی دووەمیان وا سەیری (کولتوور) دەکات، کە بریتییە لە شێوازی گشتیی ژیان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا و ئەو پەیوەندییەی تاکەکان پێکەوە دەبەستێتەوە و ئاراستەی ئەم کەسانە بۆ ژیان دەکات. (مجموعه من الکتاب، ١٩٩٧: ١٠).

**ئەنتۆنی گیدنز** (Anthony Giddens. ١٩٣٨) ، کۆمەڵناسی هاوچەرخی بەریتانی، چەمکی (کولتوور)ی بە هەردوو ماناکە بەکار هێناوە. جارێك ئەم چەمکەی وەك (بونیاد) و جارێکی دیکە وەك (ژیانی ڕۆژانە) یان (شێوازی ژیان) بەکار هێناوە. مەبەستی گیدنز لە (کولتوور) وەك بونیاد، ئەو ڕێسا بنچینەییانە دەگرێتەوە کە لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵیان هەیە و بەکار دەهێنرێن، ئەم ڕێسا و بنەچانەش بە تەنها بریتی نین لە بەها و پێوانەکان کە ئاراستەی بونیادی وەزیفی جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەڵکوو بریتیشە لەو ئامادەییە چەسپاو و قووڵانەی کە ڕەفتارەکانی مرۆڤ ڕێك دەخەن. بەم جۆرەش چەمکی (بونیاد) لە ڕوانگەی گیدنزەوە نزیکە لە ئاراستەی (بونیادگەری) و هێما (کولتوور)ییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. لە هەمان کاتدا پێناسەی (کولتوور) وەك (ژیانی ڕۆژانە) پێگەیەکی گرنگی لە کارەکانی گیدنزدا گرتووە، مەبەستیشی لێی بریتییە لە شێوازی ژیانی تەواوەتی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، کە زانیارییەکانی ڕۆژانە و ئاڵوگۆڕی هۆشیاری لە لای گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و

پێکهاتە فیکرییەکانیان دەگرێتەوە، کە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو درووست کراون. (ادواردز، ٢٠١٢: ١٥٧).

**بۆیە پێناسەی کردەیی بۆ چەمکی (کولتوور) لەم توێژینەوەیەدا هەردوو لایەنەکەی کولتوور وەك (تەرزی ڕۆژانەی ژیان) و (بونیاد) کە ئاراستەی ڕەفتار دەکات، دەگرێتەوە.**

## چوارەم: ئایین(Religion):

**جەیمس فریزەر** ئاماژەی بەوە کردووە: "ئایین پەنابردنی مرۆڤە بۆ هێزە سەروو-مرۆییەکان، کە وا باوەڕ دەکات جڵەوی سرووشت و ژیانی ڕۆژانەیان لە دەستدایە." (فریزر، ٢٠١٤: ٨٠).

**ئیدوارد تایلۆر** پێی وابوو ئایین باوەڕبوونە بە ڕۆح و ڕۆحەکانیش بریتین لە خواوەندەکان. ئیدوارد ویستر مارك ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ئایین باوەڕبوونە بە هێزێکی سەرووسرووشتی، کە مرۆڤ وا هەست دەکات پێویستی پێیەتی و بێدەسەڵاتیی خۆی لە بەرامبەردا نیشان دەدات و دەیپەرستێت. **ڕۆناڵد جۆنستۆن** ئاماژەی بەوە کردووە: "سستمێکە لە بیروباوەڕ و ڕەفتار، کە بە هۆیەوە کۆمەڵەکەسێك شیکردنەوە بۆ ئەو شتانە دەکەن کە بە لایەنەوە پیرۆز و ئاساییە." (بشای، ١٩٩٩: ٥١).

ئایین لە دیدی (**دورکهایم**)دا بریتییە لە سستمێکی یەکگرتوو لە بیروباوەڕ و ڕەفتار، کە پەیوەستن بە شتانێکی موقەدەسەوە و توانای ئەوەی هەیە هەموو ئەو کەسانەی پەیڕەوی لێدەکەن لە یەکەیەکی ئەخلاقیدا پێکەوە ببەستێت(دورکیم،١٣٩٣: ٦٣).

لەدیدی **دۆرکهایم**دا دیاردەی ئاینی بۆ دوو لایەنی یەرەکی دابەش دەبێت،بیروباوەڕ و سرووتەکان،بیروباوەڕ واتە عەقیدە و بەشێوەیەکی بنەرەتی جیهانبینی مرۆڤ دەخەیملێنێت،سروتەکانیش بریتین لە کردار و رەفتارەکان.باوەڕی ئاینی لە توانایدا هەیە شتەکانی دەوروبەر بە دوو دەستە دابەشبکات،لاهوتی و ناسوتی بەمانایەکی دیکە ئاسایی و موقەدەس(دورکیم،١٣٩٣: ٤٧-٤٨).

بە ڕبروای **کلیفورد غیرتز**، ئایین بریتییە لە سستمێکی سیمبولی؛ لە ڕێگەی داڕشتنی چەمکەکان دەربارەی بوون و دونیا، کاریگەریی هەیە لە درووستکردنی حاڵەتی دەروونی و دەبێتە هاندەری بەهێز و بەردەوام لە مرۆڤدا کار دەکات، کە شێوازی ژیان، ئەخلاق، میزاج، جوانیناسی و تێڕوانینیان بۆ جیهان دەگرێتەوە.بەم پێییە وەزیفەی ئایین

وەك ماكس ڤیبەر جەختی لێ دەكاتەوە، بریتییە لە بەرهەمهێنانی مانا كە بە هۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت تەفسیری بوونی ئەنتۆلۆجییانەی خۆی و جیهانەكەشی بكات و هەڵوێستیش لە بەرامبەر شتەكانی دەوروبەری وەربگرێت. (غیرتز، كلیفورد، ٢٠٠٤: ٣٢٧).

**سەرەڕای ئەوەی كە هەریەك لەو پێناسانەی سەرەوە بەشێك لە ڕاستییان تێدایە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا بە تەواوی پشتگیریی ئەو پێناسەیەی دوركهایم و غیرتز بۆ ئایین دەكەین و دەكرێت وەك چوارچێوەیەكی گشتگیر بۆ ئەو بابەتە سەیری بكەین.**

## باسی سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژینەوەکانی پێشوو بە هۆکارێکی یارمەتیدەر دادەنرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە و نیشاندانی ڕێگای درووست سەبارەت بە بابەتەکە و ڕێگاکانی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان و ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتوون، لێرەدا بەشێکی گرنگ لەو توێژینەوانە دەخەینە ڕوو، کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەم توێژینەوەیەوە هەیە.

### ١. توێژینەوەی (نووری یاسین هەرزانی):

توێژینەوەی نووری یاسین هەرزانی بە ناونیشانی (الكاكائية،دراسه انثروبولوجية للحياة الاجتماعية)، نامەیەکی ماستەرە لە بواری ئەنسرۆپۆلۆجیادا لە ساڵی ١٩٨٥ پێشکەشی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا کراوە.

توێژینەوەکە تایبەتە بە بونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ناوخۆیی کاکەییەکان لە پارێزگای کەرکووك، کە یەکێکە لە ناوچەکانی نیشتەجێبوونی کاکەییەکان لە باشووری کوردستان. توێژینەوەکە لەسەر لایەنەکانی ئیکۆلۆجی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری وەستاوە و لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کردووون.

گرنگیی توێژینەوەکە: یەکەم توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجی بووە لە زانکۆکانی عێراقدا لە بارەی کاکەییەکانەوە ئەنجام درابێت، هەرچەندە پێشتر چەندین ڕۆژهەڵاتناس و نووسەری کورد و عەرەب لە بارەی کاکەییەکانەوە نووسیویانە، بەڵام لە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستی و نامەی ئەکادیمیدا نەبوون.

ئامانجی توێژینەوەکە: توێژینەوەیەکی وەسفی بووە بە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی بونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ناوخۆیی کاکەییەکانەوە.

میتۆدی توێژینەوەکە: توێژەر میتۆدی بونیادی وەزیفی بەکار هێناوە و پشتی بەستووە بە مانەوە لە مەیداندا بۆ ماوەی ساڵێك و سێ مانگ. زانیارییەکانیشی لە ڕێگەی تێبینی و تێبینی بە بەشداری و چاوپێکەوتنی هەواڵدەرەکان و کەسایەتی و شارەزایانی کۆمەڵگەی کاکەیی کۆکراونەتەوە، بۆ کۆکردنەوەی هەندێ زانیاری سوودی لە فۆرمی ڕاپرسی وەرگرتووە.

ئەنجامگیری توێژینەوەکە:

١. سستمی ئیکۆلۆجی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی کاکەیەکان

٢.سستمی ئایینی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر سستمی کۆمەڵایەتی،بەتایبەتی لە سستمی هاوسەرگیریدا

٣.ئایین ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دروستکردنی ڕۆحیەتی هاوکاریی لە نێو پەیڕەوانی ئایینی کاکەیدا.

## ٢. توێژینەوەی (ڕەشاد میران):

توێژینەوەی (ڕەشاد میران) بە ناونیشانی (ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا)، تێزی دکتۆرایە و ساڵی ١٩٨٨ لە چوارچێوەی خوێندنی ئەکادیمیدا پێشکەشی ئامۆژگەی ئیتنۆگرافیی لینینگراد کراوە، ناوەڕۆکی تێزەکە باس لە پەیوەندیی نێوان باری ئایینی و ئیتنۆگرافیی کوردستان دەکات لە سەردەمی نوێدا.

گرنگیی توێژینەوەکە: توێژەر لە چەند خاڵێکدا گرنگیی توێژینەوەکەی خستووەتە ڕوو:

١. جێگەی گرنگیی ئایین لە کۆمەڵگەدا

٢. پرۆسەی مێژوویی بەرەوپێشچوونی باری فیکری و دەروونیی کورد، ڕەوشێکی ڕۆحیی تایبەتی لەناو کۆمەڵگەکەیدا درووست کردووە

٣. لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی تایبەت بە ئایینە کوردییەکان و لایەنی ڕۆحیی کۆمەڵگەی کوردی ئەنجام نەدراوە، کە بە شێویەکی گشتگیر باسی ڕەوشی ئایینیی هەموو کوردستانی کردبێت

ئامانجی توێژینەوەکە:

١. نەخشەکێشانێکی وردی ڕەوشی ئایینی لە کوردستان

٢. چاودێریکردنی بەرەوپێشچوونی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد بەرامبەر بە هۆشیاریی ئایینییان لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا

٣. نیشاندنی سیما ئایینییەکان کە لە کولتووری مادی و ڕۆحیی میللەتی کورددا دەردەکەون، وەکوو جەژن، پرسە، ژنهێنان، جلوبەرەگ، خانوو، خووڕەوشت و چەند شتێکی دیکە

٤. دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی ئەو ترادسیۆن و دابونەریتە نەتەوەییانەی لەژێر کاریگەریی عەقایدی ئیسلامی درووست بوون

میتۆدی توێژینەوەکە: لە توێژینەوەکەدا پشت بە میتۆدی وەسفیی شیکاری بەستراوە، بە ئامانجی خستنەڕووی ڕەوشی ئایینی بە شێوەیەکی گشتی و پەیوەندیی بە باری نەتەوایەتی و ئیتنیکیی دانیشتوانی کوردستانەوە.

ئەنجامگیریی توێژینەوەکە:

١. مانەوەی شوێنەوارەکانی زەردەشتی و باوەڕی ئایینیی کۆنتر لە کوردستاندا، بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ئایینەکانی ئێزدی و کاکەیی و عەلەوی، ئەمانە هەرچەندە کاریگەریی ئیسلامیان لەسەر بێت، نابێت وەکوو مەزەب و تەریقەتی ئەم ئایینە دابنرێن، چونکە هەر یەکێك لەم کۆمەڵە ئیتنۆ ئایینییانە دۆگما و یاسا و جیهانبینی و کۆسمۆگۆنیا و سرووت و ڕێوڕەسمی تایبەتی خۆی بە شێوەی سستمێکی سەربەخۆ داڕشتووە.

٢. بە هۆی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی کوردی و گۆڕانی پەیوەندییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا بە گشتی، دەوری هۆکاری ئاین لە کەمبوونەوەدایە.

٣. بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کورد، ڕۆڵێکی دیاری بینیوە لە کەمکردنەوەی هەڵوێستی نێگەتیڤانەی ئایین لە پەیوەندییەکانی نێوان پەیڕەوکەرانی ئایینە جیاوازەکانی ناو ئیتنۆسی کوردیدا.

## ٣.توێژینەوەی (ئازاد سعید سمو):

توێژینەوەی ئازاد سعید سمو بە ناونیشانی (الیزیدیه من خلال نصوص المقدسه) کە نامەیەکی ماستەرە و لە ساڵی ١٩٩٩ پێشکەشی کۆلێژی (الإمام الاوزاعی للدراسات الإسلامیه) لە بەیرووت کراوە.

بابەتی توێژینەوە: خستنەڕووی بیروباوەڕی ئێزدی لە ڕوانگەی تێکستە ئایینییەکانیانەوە

گرنگی توێژینەوە:

١. توێژینەوەکە پەیوەستە بە ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە کە لە ٢٠٠ هەزار کەس زیاتر دەبن

٢. خاوەنی دۆخێکی تایبەتی ئایینی و کۆمەڵایەتین کە ناکرێت پشتگوێ بخرێت

٣. ئەم تایەفەیە لەگەڵ بەشێکی زۆری هاووڵاتییان لە ڕۆشنبیر و کەسانی ئاسایی تێکەڵاوییان هەیە و هەریەکە و ڕایەکی تایبەتی لەسەریان هەیە.

ئامانجی توێژینەوە: گەیشتن بە ڕاستی و درووستیی بیروباوەڕی ئایینی ئێزدی لە ڕوانگەی تێکستە ئایینییەکانیانەوە.

میتۆدی توێژینەوە: بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژەی بە میتۆد و ڕێگاکانی کۆکردنەوەی زانیاری نەداوە، بەڵام چاوپێکەوتنی بەکار هێناوە لەگەڵ پشتبەستن بە چەند تێکستێکی ئایینیی ئێزدی.

ئەنجامی توێژینەوە:

١. ئیزیدییەکان پێشتر زەردەشتی بوون و لە سەردەستی شێخ عدی بن مسافر بوونەتە موسڵمان و خاوەنی ڕێبازی عەدەوییە بوون، دوای مردنی شێخ عدی بە ماوەیەك لە سەردەمی شێخ حەسەن بوونەتە فیرقەیەکی ئیسلامی و حیزبێکی سیاسی دژی عەباسییەکان و پاشانیش بوونە ئایینێکی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام.

٢. ناوی یەزیدییەکان پەیوەستە بە یەزیدی کوڕی موعاوییەوە و لە لایەن شیعەکانەوە ناو نراون، ئێزدی کاتێك بینیویانن کە پەیوەستییەکی زۆریان هەیە بۆ یەزید.

٣. ئێزدییەکان باوەڕیان بە خودا هەیە و دەیپەرستن بەڵام بە شێوازی تایبەتی خۆیان.

٤. ئێزدییەکان جیاوازی دەکەن لە نێوان شەیتان و تاوسی مەلەك، ڕقیان لە یەکەمیانە و ڕێزی دووەمیان دەگرن.

### ٤. توێژینەوەی (Jenna Ferrey):

بە ناونیشانی:

Connection to Faith Embodied: A Comparative Analysis of the Bodys Religion through Ritual in the Hindu and Christian Context.

بابەتی توێژینەوەکە: بەجەستەبوونی بیروباوەڕ: شیکارێکی بەراوردکاری بۆ پەیوەندیی جەستە بە ئایینەوە لە ڕێی پەرستشەوە لە تێکستی هەردوو ئایینی هیندۆسی و ئایینی مەسیحیدا،نامەیەکی ماستەرە لە زانکۆی بێرمینگهام (مانگی ئاب/٢٠١٠)

گرنگیی توێژینەوەکە: گرنگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە بەراوردکاری دەکات لە مەسەلەی جەستە لە نێوان دوو ئایینی جیاواز، کە یەکێکیان بە ئایینی ئاسمانی ناسراوە، کە ئایینی مەسیحی و ئەوی تریان بە ئایینی زادەی مرۆڤ یاخود ئایینی دانراو

که ئایینی هیندۆسییە، که لە هەردوو ئایینەکەدا جەستە وەك ئامرازێك بۆ پەرستش بەکار دەهێنرێت.

ئامانجی توێژینەوەکە: خستنەڕووی وەزیفە بایۆلۆجییەکانی جەستە لە ئەنجامدانی ئەرکە ئایینییەکان و جێگیرکردنی جەستە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەنێو چوارچێوەی تێگەیشتنی ئایینی و جیهانی ڕۆحیدا.

میتۆدی توێژینەوەکە: شیکاری بەراوردکاری لە نێوان هەردوو ئایینی مەسیحی و ئایینی هیندۆدا سەبارەت بە ڕۆڵی جەستە لە پراکتیکە ئایینییەکانی هەردوو ئایینەکەدا.

ئەنجامگیریی توێژینەوەکە: پەرستش لە ئایینی مەسیحی و هیندۆسیدا بیرۆکەی جەستە وەك ئامرازێکی کارلێکی کۆمەڵایەتی و ئاییندارى بەکار دەهێنێت. هەست و بیرکردنەوە، که لە ڕۆح و مێشکدا ڕوو دەدات، ئەزموونێك و پەیوەندییەکە لە جەستەوە سەرچاوەی گرتووە،هەروەها بیروباوەڕ و بەهاکان لە ڕێی پەیوەندیی جەستەیی و پەرستشەکانەوە دەردەبڕدرێت و پەیوەندییەکان درووست دەبێت. پەرستش یەکێکە لە ڕەگەزەکانی پەیوەندیی نێوان جەستە و ئایین. پەرستشە کردارییەکان جەستە دەبەستێتەوە بە بیروباوەڕ و پراکتیکە ئایینی و ڕۆحییەکان. ڕەگەزە مادی و فیزیکییەکانی پەرستشی ئایینیی باوەڕدار دەخاتە هەستێکی شعووری و ویژدانی بەرامبەر بە ئایینەکەی. ئەم کارلێکە فیزیکییە جەستە دەکاتە ئامرازێکی جیهانی یاخود هاوکارییەك بۆ پەیوەندیکردن بە خوداوە. پەرستش کردارێکی دووبارەبووەوەی مەبەستدار و ماناداره.

هەرچەندە ڕۆڵی جەستە لە پراکتیکە ئایینییەکاندا جۆراوجۆر و لێك نزیکە لە مانادا، لەگەڵ ئەوەشدا بابەتێکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە. وردبوونەوە لە واقیعی جەستە لە پراکتیکە ئایینییەکاندا گرنگە بۆ خوێندنەوە ئەکادیمی و ئیلاهییاتەکان، هەروەها بۆ تێگەیشتنی تاك و پەیوەندیی بە پراکتیکە ئایینییەکانەوە. بوونی مرۆڤ ڕاستەوخۆ بەستراوە بە هەیئەتی جەستەیی مرۆڤەوە، هەروەها کارلێکە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان لە ڕێی جەستەوە ئەنجام دەدرێت. جەستەی مرۆڤ ڕاستییەکی چەسپاوە، هەم لە ڕووی ڕەگەزە ئایینی و هەم لە ڕووی ڕەگەزە دنیاییەکانی جیهانی مرۆڤایەتییەوە. بەهای ئایینی بۆ جەستە دەکرێت لە چەند ڕوویەکەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

## ٥. توێژینەوەی (Matti Kamppinen):

بە ناونیشانی:

The concept of the body in religious studies.

لە گۆڤاری(Scripta Instituti Donneriani Aboensis) سەر بە پەیمانگای توێژینەوەی دۆنەر لە مانگی جوونی ۲۰۱۱دا بڵاو کراوەتەوە.

بابەتی توێژینەوەکە: چەمکی جەستە لە لێکۆڵینەوە ئایینییەکاندا.

گرنگیی توێژینەوەکە: چەمکی جەستە گرنگی تایبەتی پێ دراوە لە لێکۆڵینەوە ئایینییەکاندا، ئەوەش بە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری ئایینداری بەندە بە ڕواڵەتی دەرەوەی جەستەی مرۆڤ. لە ئێستادا گفتوگۆیەکی چڕ هەیە لەسەر ئایینداری لە ڕواڵەتی جەستەوە، ئایینداری وەك پرۆسەیەکی جەستەیی، هەروەها ڕواڵەت و جەستە لە ئاییندا بە شێوەیەکی گشتی.

ئامانجی توێژینەوەکە: شیکردنەوەی چەند بەکارهێنانێکی جیاواز بۆ چەمکی جەستە و ڕوونکردنەوەی تێکستە جیاوازەکان کە چەمکی جەستەیی تیادا بەکار هاتووە بە شێوەیەکی گونجاو و لۆجیکی و سستماتیکی.

میتۆدی توێژینەوەکە: خوێندنەوەیەکی وەسفیی شیکارییە بۆ چەمکی جەستە لە لێکۆڵینەوە ئایینییەکاندا.

ئەنجامگیریی توێژینەوەکە: لە لێکۆڵینەوە ئایینییەکاندا چەمکی جەستە بەکار هێنراوە بۆ جیاوازیکردن لە نێوان بەکارهێنانی چەمکی جەستە وەك کارەکتەرێکی مادی لە تێکستە ئایینییەکاندا لە بەرامبەر بەکارهێنانی چەمکی جەستە وەك مۆدێلێك لە سەرچاوە.

## ٦. توێژینەوەی (Andrei Holman):

بەناونیشانی:

Religion and the body, an overview of the insertions of religion in the Empirical psycho-social research lines on the body.

لە گۆڤاری زانستی: (European Journal of Science and Theology) مانگی ۲۰۱۲/۹.

بابەتی توێژینەوەکە: تێڕوانینێکی گشتی دەربارەی تێهەڵکێشکردنی بابەتە ئایینییەکان لەنێو توێژینەوە دەروونی-کۆمەڵایەتییە تەجریبییەکان لەسەر جەستە لە

چەند ئاستێکی جیاوازەوە: وێنەی جەستە، ڕەزامەندی لە جەستە، ڕەفتاری پەیوەندیدار بە جەستە، جوانکاریی جەستەیی، بەخشینی ئەندامی جەستە.

گرنگیی توێژینەوەکە: پێداچوونەوەیەکی گشتی بە توێژینەوە تەجریبییە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پەیوەندیی نێوان ئایین و جەستە، کە سوودمەند دەبێت بۆ بنیاتنانی تێڕوانین لە ئایین و جەستە لە چەندین لایەنی پسپۆریی دەروونی ـ کۆمەڵایەتییەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە: دەرخستنی کاریگەریی ئاینداریی لەسەر چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ جەستەدا لە چەند ڕەهەندێکەوە (وێنەی جەستە، ڕەزامەندی لە جەستە، ڕەفتاری پەیوەندیدار بە جەستە، جوانکاریی جەستەیی، بەخشینی ئەندامی جەستە) کە لە توێژینەوە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکاندا دەرکەوتووە.

میتۆدی توێژینەوەکە: خوێندنەوەیەکی وەسفیی شیکاری بۆ چەند توێژینەوەیەکی دەروونی-کۆمەڵایەتی، کە لەسەر پەیوەندیی ئاینداریی بە جەستەوە ئەنجام دراوە.

ئەنجامگیری توێژینەوەکە:

زۆرێك لە توێژینەوە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی ئەرێنیی ئاینداریی لەسەر جەستە دەخەنە ڕوو، هەر لە هەست و سۆزداری تا گرنگیدانی تەندروستی یان ڕەفتاری یاخود بواری کۆمەڵایەتی. هەروەها لە هەندێ توێژینەوەدا پەیوەندیی ئاینداری بە ڕووە نەرێنییەکانیشەوە خراوەتە ڕوو. هەندێکی تریان، وەك توێژینەوەکان لە بواری ڕەفتاری ڕژێمە خۆراکییەکان و بەخشینی ئەندامی جەستە، ئەوەیان خستووەتە ڕوو کە پراکتیك و ئەزموونی ئاینداری کەمتر وا دەکات تاکەکەسی ئاییندار ئارەزوومەندی ئەم دوو بوارە بێت- چ لە ڕووی تاکەکەسی چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە.

سەبارەت بە ڕەهەندی (وێنەی جەستە) لە توێژینەوەیەکدا لە ئەمەریکا دەرکەوتووە کە ئاینداریی ژنان گرنگترین فاکتەرە لە پارێزگاریکردنیان لە تووشبوون بە فشارە کۆمەڵایەتییە کولتوورییەکان لە دەرەنجامی (لاوازیی جەستەیی)، لە کاتێکدا کە دەستیان کردووە بە دابەزینی کێشیان. لە لایەکی ترەوە پیاوانی ئاییندار زیاتر وێنەی جەستەیان وا دەبینن کە کەمترین کێشیان هەیە، کە ئەم پەیوەندییە بە بەکارهێنانی گۆڕاوەکانی (تەمەن، ڕەچەڵەك، خوێندن، داهات) کاریگەریی دروست نەکردووە.

## ٧. توێژینەوەی (بەهادین فەرەج مەحمود):

توێژینەوەی بەهادین فەرەج مەحمود بە ناونیشانی (هاوار- توێژینەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجی)، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە، لە ساڵی ٢٠١٧ پێشکەشی بەشی کۆمەڵناسی لە کۆلێژی زانستە مرۆییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە،

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: توێژینەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجییە لەسەر گوندی هاوار لە ناوچەی هەورامان. لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆجی و کولتوورییەوە ئەنجام دراو ، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم گوندەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی لە ڕووی ئایینییەوە و یەکێکە لە سێ گوندە سەرەکییەکەی کاکەییەکان لە ناوچەی هەڵەبجە و هەوراماندا.

گرنگیی توێژینەوەکە: وەکوو توێژەر ئاماژەی پێ کردووە گرنگیی توێژینەوەکەی بریتییە لە ناساندنی بیروباوەڕی ئایینیی ئەم گوندە بە هاووڵاتییان و خستنەڕووی پێگەی گرنگیی گوندەکە بە لای پەیڕەوانی ئایینی کاکەییەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە وەسفکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی گوندی هاوار و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریدا هاتووە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابوورییەوە.

میتۆدی توێژینەوەکە: توێژەر پشتی بە میتۆدی بونیادی وەزیفی بەستووە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان و بەستنەوەیان بە یەکەوە. هەروەها چەند ڕێگەیەکی جیاوازی بەکار هێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی وەك تێبینی و تێبینی بە بەشداریکردن و چاوپێکەوتنی هەواڵدەر و کەسایەتییەکانی گوندەکە.

ئەنجامگیریی توێژینەوەکە: گوندی هاوار یەکێکە لە مەڵبەندە ئایینییە گرنگەکانی کاکەییەکان و هەتا ئێستا دانیشتووانەکەی پێداگرن لەسەر پاراستنی هێما و ڕەمزە ئایینییەکانیان وەك سمێڵ هێشتنەوە و ئەنجامدانی سرووتە ئایینییەکانی وەك سەرسپاردن و نەزر و نیاز و باوەڕبوونیان بە دۆنادۆن، هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە لە ڕووی هاوسەرگیرییەوە پەیڕەوی هاوسەرگیریی ناوخۆیی دەکەن، بەڵام پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ دانیشتووانە موسڵمانەکەی ناوچەکەدا هەیە.

**٨. توێژینەوەی(Haim Kaufman & Yair Galily):**

بە ناونیشانی: .Body Culture, Religion and Jewish Identity لە جانیوەریی ٢٠١٩ لە researchgate بڵاو کراوەتەوە

بابەتی توێژینەوەکە: کولتووری جەستە و پەیوەندیی بە ئایین و شووناسی جوولەکە.

ئەوەی جێگای تێبینی بووە ئەوەیە کە هەڵوێستی جوولەکە و ئایینی جوولەکە بەرامبەر جەستە هەڵوێستەیەکی گۆڕاو بووە. بە درێژایی مێژوو ئەم گۆڕانکارییە لە تێڕوانین بەرامبەر کوولتوری جەستە کاریگەریی لەسەر شوناسی جوولەکە و تەنانەت ئایینداریی جوولەکە هەبووە.

گرنگیی توێژینەوەکە: گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە پێداچوونەوەیەکی مێژوویی دەخاتە ڕوو سەبارەت بەو گۆڕانکارییانەی بەسەر شووناسی تاکی جوولەکەدا هاتووە بە پێی گۆڕانکاریی لە کولتووری جەستە بە درێژایی مێژووی ئەو ئایینە.

ئامانجی توێژینەوەکە: خستنەڕووی پێداچوونەوەیەکی گشتی بە پەیوەندیی نێوان کولتووری جەستەیی خەڵکی جوولەکە و ئایینی جوولەکە لە مێژوودا.

میتۆدی توێژینەوەکە: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی شیکاریی.

ئەنجامگیریی توێژینەوەکە:

لە سەردەمی تەوراتدا، کارامەیی و لێهاتوویی جەستەیی پێویستییەکی ڕۆژانە بووە. لە پێناو مانەوە لە ژیاندا، جەنگاوەری و لێهاتوویی جەستەیی لە جەنگدا پێویستییەکی ئایینی بووە، تاکەکەس پێویست بووە لەسەر شانی کارامەیی و لێهاتوویی بازووی هەبێت.

لە سەردەمی هیلینیزمدا کولتووری جەستە بابەتێکی بایەخپێدراو بوو لە کولتووری هیلینسکیدا. یاریی جومناستیك بایەخی تایبەتی پێ دەدرا لە پەروەردەکردنی گەنجاندا، بە جۆرێك کە بووبووە مەرجی پێشوەختە بۆ بەدەستهێنانی هاووڵاتیبوون لە شارە ڕۆژئاواییەکانی ئیمپراتۆرییەتی (پۆڵیس)دا.

لە سەردەمی ڕۆمانیدا کولتووری جەستەیی هیلینسکی جارێکی تر گەڕایەوە نێو دانیشتووانی ئیسرائیل بە هۆی جەنگی ڕۆمانەکانەوە، کاتێك ڕۆمانییەکان دەستیان کرد بە دووبارە بنیاتنانەوەی شارەکان لەسەر شێوازی کولتووری هیلینسکی، گرنگترین بەشداری لەم گۆرانکارییەدا لە لایەن (هیردۆ) و نەوەکانییەوە کرا، کە شوێنی چالاکیی بازووی و لەشجوانی لە شارە ئیسرائیلییەکاندا دامەزراند،

له سەدەکانی ناوەڕاستدا چالاکیی جەستەیی و گرنگیدانی وەرزشی لەناو جوولەکە دەوڵەمەندەکاندا بڵاو بووەوەوە. لە لایەکی ترەوە چالاکیی جەستەیی وەك پارێزگاریی تەندرووستی کەم کەم بووە کولتوورێك لەنێو ئایینداراانی جوولەکەدا. گرنگیی تایبەت درا بە ڕژێمی خۆراك و یاریی جمناستیك.

له سەردەمی ڕۆشنگەریدا: قوناغی گۆڕانکاریی تێڕوانینی جوولەکە بەرامبەر کولتووری جەستە دەستی پێ کرد. لە کۆتایی سەدەی حەڤدەدا ڕۆشنگەری لە ئەورووپا بەهاکانی سستمی ڕۆمانیی زیندوو کردەوە. بوونی مرۆڤایەتی و مرۆڤبوون بووە چەقی گرنگیدانی ڕۆشنگەریی ئەورووپی.

له سەردەمی سەرهەڵدانی بزووتنەوە سۆشیالیستی و کۆمۆنیستییەکان: جوولەکەکان بە سێ شێواز مامەڵەیان لەگەڵ بزووتنەوە سۆشیالیستییەکاندا دەکرد. بەشێکیان بە تەواوەتی تەسلیم بە بۆچوونە سۆشیالیستییەکان بوون و هەنگاو بە هەنگاوی بۆچوونەکانیان جێبەجێ دەکرد لە پێناو گۆڕانکاریی. بەشی دووەم پەیوەندییکردنیان بە بزووتنەوە سوشیالیستییەکان هاوتا بوو لەگەڵ گرنگیدان بە تایبەتمەندیی چوارچێوە ئایینداریی جوولەکەییەکەوە،بەشی سێیەم کەوتنە ئەو ڕایەوە کە خوێندنەوەیان بۆ ئاینداریی جوولەکە وەك بەشێك لە کولتوور سەیر بکەن.

له سەردەمی ئایینداریی زایۆنیزمدا گرنگیدانی جەستەیی وەك بەشێك لە گرنگیدانی ڕۆحی تەماشا دەکرد بۆ نەتەوەی جوولەکە، ئەوەش بە خستنەڕووی کولتووری جەستە وەك پێگەیەکی پاداشتکراو.

له سەردەمی ئێستادا کولتووری چێژوەرگرتن لە کات ڕۆڵی تایبەتی خۆی گێڕا لەم کۆمەڵگەیەدا و چالاکییە فیزیکی و جەستەییەکان کەمتر بە تێڕوانینێکی هەڕەشەئامێز بۆ سەر ئایینداریی ئەرسۆدۆکسی تەماشا دەکرا، تا ئەو کاتەی کە چالاکییە جەستەییەکان تەنها بۆ چالاکیی چێژوەرگرتن بن نەك بۆ کێبڕکێی وەرزشی یاخود بە دامەزراوەکردنی بۆ پەروەردەکردنی فیزیکی لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا.

## ٩ . توێژینەوەی (مصطفی محمد):

توێژینەوەی مصطفی محمد فرعون العقیدی، بە ناونیشانی (الکاکائیە، دراسە میدانیە فی الانثروبولوجیا الثقافیە) نامەیەکی ماستەرە، لە ساڵی ٢٠١٩ پێشکەشی کۆلێژی ئاداب زانکۆی بەغدا کراوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە کولتووری ئایینیی کاکەیی و کاکەییەکان وەك کولتوورێکی تایبەت بە گرووپێکی ئایینیی جیاواز لە گرووپە ئایینییەکانی دی، کە زمان و هونەر و دابونەریت و سرووت و بیروباوەڕی تایبەت لە خۆ دەگرێت.

گرنگیی توێژینەوەکە: پێشکەشکردنی تێگەیشتنێکی گشتگیر لە بارەی کولتووری کاکەیی و کاکەییەکانەوە و ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەیە کە لە بارەی بیروباوەڕی کاکەییەکانەوە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا هەیە.

ئامانجی توێژینەوەکە:

١. خستنەڕووی دیارترین تایبەتمەندیی کولتووریی کاکەییەکان

٢. خستنەڕووی ئاستی گونجاوی کولتووری کاکەییەکان لەگەڵ کولتووری گشتیی کۆمەڵگەدا

٣. ڕۆڵی کولتووری کاکەیی لە جێبەجێکردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە کۆمەڵگەدا

میتۆدی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا سوود لە چەند میتۆدێکی زانستی وەرگیراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، لەوانە میتۆدی وەسفی، میتۆدی مەعریفی (الفهم الذاتی)، میتۆدی مێژوویی، هەروەها سوود لە چەند شێوازێك وەرگیراوە، وەك تێبینیی ڕاستەوخۆ، تێبینی بە بەشداری و چاوپێکەوتن و هەواڵدەرەکان و وێنەی فۆتۆگرافی.

ئەنجامگیریی توێژینەوەکە:

١. کاکەییەکان خاوەنی کولتوورێکی تایبەتن کە جیایان دەکاتەوە لە گرووپە ئایینییەکانی دیکە

٢. ئایین ڕەگەزێکی سەرەکیی کولتووری کاکەییە و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ژیانی کۆمەڵایەتییاندا

٣ دروستکردنی ڕقوکینەیە

٤. کولتووری کاکەیی لەگەڵ کولتووری گشتی کۆمەڵگەدا گونجاوە.

٥. ئایینی کاکەیی ئایینی خۆشەویستی و ئاشتییە و دژی داگیرکاری و ڕەگەزپەرستی و

سەبارەت بە توێژینەوە عێراقییەکان، لەسەر ئایینی ئێزدی و ئێزدییەکان ژمارەیەکی زۆر نامەی ماستەر و دکتۆرای عێراقی بوونیان هەیە، بەڵام زۆر بە دەگمەن ئەو نامە زانکۆییانە لە بواری ئەنسرۆپۆلۆجیدا نووسراون. لەوانەیە نامەی دکتۆراکەی د. خالد فرج الجابری یەکەم تێزی دکتۆرا بێت دەربارەی ئێزدییەکان، کە لێکۆڵینەوەیەکی

ئەنسرۆپۆلۆجییە و بەداخەوە نەمانتوانی بەردەستی بخەین، بەڵام لە بواری ئایین و مێژوودا ژمارەیەکی بەرچاو نامەی زانکۆیی هەن، لەوانە:

١. دراسة عايدة محمد بدر، شهادة الدكتوراه من جامعة القاهرة/ كلية الآداب، أثر الديانة الايزيدية في الديانة الزردشتية .

٢ .حنان نوري البحزاني، جامعة بغداد وعنوان اطروحة الدكتوراه، الالوهية في الديانة الايزيدية والمسيحية والصابئة.

٣ .انفال الجنابي، جامعة الانبار، كلية التربية للعلوم الانسانية، عنوان رسالة الماجستير، سياسة فرنسا تجاه الاقليات في العراق الايزيدية والاكراد والاشوريين، للفتره من ١٩١٦ الي ١٩٣٩.

٤ .فاضل عباس صباح/ معهد المعلمين للدراسات العليا في النجف، ورسالته بعنوان، الحقوق السياسية للاقليات الدينية في العراق بعد عام ٢٠٠٣.

٥ .نجم عبدي سلو، جامعة المستنصرية، قسم الفلسفة، الفكر الديني عند اليزيدية، دكتوراه، ٢٠١٤

٦. حسون عبود محسين، قسم التاريخ، جامعة المستنصرية، اليزيدية في العراق، ١٩٢١-١٩٥٨، ماجستير، ٢٠١٤.

## گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو:

١. لەبەر ئەوەی بواری توێژینەوەکە نوێیە، بە پێی زانیارییەکانی توێژەر هیچ توێژینەوەیەك لەسەر ئاستی زانکۆکانی ناوخۆ لەسەر پەیوەندی ئایین و جەستە ئەنجام نەدراوە، توێژینەوە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیدار نین بە بابەتی ئەم توێژینەوەیەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەست دەبنەوە پێوەی، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە یەکێك یان هەردوو ئەو ئایینەی کە لەم توێژینەوەیەدا دیاری کراون، هەرچەندە ئەو توێژینەوانە زۆر بە کەمی لەسەر لایەنی جەستەیی لەناو ئەو ئایینانەدا وەستاون، بەڵام لە ڕووی میتۆد و ئەو زانیارییانەی بە دەستیان هێناوە سەبارەت بەو دوو ئایینە سوودیان لێ وەرگیراوە.

٢. ئەو توێژینەوە بیانییانەی خراونەتە ڕوو، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە بابەتی توێژینەوەکەوە، بە گشتی کۆمەڵێك میتۆد و ڕێگەی جیاجیایان بەکار هێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و شیکردنەوەی زانیارییەکان وەك میتۆدی وەسفی، شیکاری و بەراوردکاری.

٣. له ئه‌نجامی توێژینه‌وه‌كانی پێشوودا ده‌رده‌كه‌وێت كه‌ ئایین نه‌خشی گرنگ ده‌گێڕێت له‌ داڕشتنی جه‌سته‌ و چالاكییه‌ جه‌سته‌ییه‌كاندا.

٤. ئه‌و گۆڕانكارییه‌ شارستانییانه‌ی ڕوویان داوه‌ كاریگه‌رییان له‌سه‌ر گۆڕانی تێڕوانینی ئایینی بۆ جه‌سته‌ و هێنانه‌كایه‌ی جه‌سته‌ی ئایینیی جیاواز هه‌بووه‌.

٥. به‌ پێی به‌راوردكاریی نێوان ئایینه‌كان ده‌رده‌كه‌وێت كه‌ ڕۆڵی دین له‌سه‌ر جه‌سته‌ و جه‌سته‌ی ئایینی له‌ ئایینێكه‌وه‌ بۆ یه‌كێكی دیكه‌ جیاوازه‌، به‌ پێی جیهانبینیی ئایینه‌كانیان.

٦. ئایین كاریگه‌ریی له‌سه‌ر چالاكی و ئاره‌زووه‌ جه‌سته‌ییه‌كان هه‌یه‌ وه‌ك دووركه‌وتنه‌وه‌ له‌ به‌خشینی ئه‌ندامی جه‌سته‌ یاخود ئاره‌زووی ڕژێمی خۆراكی.

٧. له‌به‌ر ناڕوونی میتۆدی زانستییانه‌ له‌ توێژینه‌وه‌ی ئازاد سه‌عید سمودا له‌ زۆر جێگه‌دا سه‌باره‌ت به‌ ڕیشه‌ی ئایینه‌كه‌ بابه‌تیبوونی له‌ ده‌ست داوه‌ و جگه‌ له‌وه‌ی به‌ تایفه‌ ناویان ده‌بات له‌ كۆتاییشدا پێشنیازێكی نابابه‌تی كردووه‌، كه‌ بریتییه‌ له‌ ناردنی بانگخوازی ئایینی ئیسلام بۆ گونده‌كانی ئێزدی، هه‌تا بیانگێڕنه‌وه‌ بۆ سه‌ر ئایینی ئیسلام، چونكه‌ له‌ دیدی ئه‌ودا ئێزدییه‌كان یه‌زیدین و له‌ ئیسلام هه‌ڵگه‌ڕاونه‌ته‌وه‌.

له‌كاتێكدا ئێزدیییكان تایفه‌ نین، له‌ هه‌مان كاتدا ئه‌م ته‌رزه‌ بۆچوونه‌ جگه‌ له‌وه‌ی هانی توندوتیژی ده‌دات به‌رامبه‌ر ئێزدییه‌كان، ته‌واو ناكۆكیشه‌ له‌گه‌ڵ ئازادیی ئایین و بیروباوه‌ڕ و مافه‌كانی مرۆڤ، هه‌روه‌ها ئه‌نسرۆپۆلۆجیای كولتووری به‌ ته‌واوی ئه‌م ته‌رزه‌ بیركردنه‌وه‌یه‌ ڕه‌تده‌كاته‌وه‌.

# پوختەی توێژینەوەکانی پێشوو

| ز | ناوی توێژەر | ساڵ | ناونیشانی توێژینەوە | ئامانج | جۆری توێژینەوە و میتۆد | ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نووری یاسین هەرزانی | ١٩٨٥ | الكاكائية،درسه انثروبولوجية للحياة الاجتماعيه | توێژینەوەیەکی وەسفی بووە بە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی بونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ناوخۆیی کاکەییەکانەوە. | وەسفیی شیکاری<br><br>میتۆدی بونیادی وەزیفی | تێبینی و تێبینی بە بەشداری و چاوپێکەوتنی هەواڵدەرەکان و کەسایەتی و شارەزایانی کۆمەڵگەی کاکەیی | سستمی ئیکۆلۆجی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی کاکەیەکان<br><br>٢.سستمی ئاینی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر سستمی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لە سستمی هاوسەرگیریدا |
| ٢ | ڕەشاد میران | ١٩٨٨ | ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا | نەخشەکێشانێکی وردی ڕەوشی ئاینی لەکوردستان | میتۆدی وەسفیی شیکاری | کتێب و سەرچاوەکان. | ١. مانەوەی ئاسەوارەکانی زەردەشتی و باوەڕی ئاینیی کۆنتر لە کوردستاندا، بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ئاینەکانی ئێزیدی و ئەهلی هەق و عەلەوی<br><br>٢. بە هۆی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی کوردی و گۆڕانی پەیوەندییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا بە گشتی، دەوری هۆکاری ئاین لە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | کەمبوونەوەدایە. |
| ٣ | ئازاد سعید سمو | ١٩٩٩ | الیزیدیه من خلال نصوص المقدسه | گەیشتن بە ڕاستی و درووستیی بیروباوەڕی ئاینی ئێزیدی لە ڕوانگەی تێکستە ئاینییەکانیانەوە. | وەسفیی شیکاری<br><br>شیکاریی | چاوپێکەوتن شیکردنەوەی تێکستێکی ئاینیی ئێزیدی | ئێزیدییەکان پێشتر زەردەشتی بوون و لە سەردەستی شێخ عدی بن مسافر بوونەتە موسڵمان و خاوەنی ڕێبازی عەدەوییە بوون، دوای مردنی شێخ عدی بە ماوەیەك لە سەردەمی شێخ حەسەن بوونەتە فیرقەیەکی ئیسلامی و حیزبێکی سیاسی دژی عەباسییەکان و پاشانیش بوونە ئاینێکی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام. |
| ٤ | Jenna Ferrey | ٢٠٠٨ | بەجەستەبووز ی بیروباوەڕ: شیکارێکی بەراوردکاری بۆ پەیوەندیی جەستە بە ئاینەوە لە ڕێی پەرستشەوە لە تێکستی هەردوو ئاینی هیندۆسی و ئاینی مەسیحیدا | خستنەڕووی وەزیفە بایۆلۆجییەکانی جەستە لە ئەنجامدانی ئەرکە ئاینییەکان و جێگیرکردنی جەستە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەنێو چوارچێوەی تێگەیشتنی ئاینی و جیهانی ڕۆحیدا. | وەسفیی شیکاری<br><br>شیکاری بەراوردکاری | کتێب و تێکستی ئاینی | پەرستش لە ئاینی مەسیحی و هیندۆسیدا بیرۆکەی جەستە وەك ئامرازێکی کارلێکی کۆمەڵایەتی و ئاینداری بەکار دەهێنێت. هەست و بیرکردنەوە، کە لە ڕۆح و مێشکدا ڕوو دەدات، ئەزموونێك و پەیوەندییەکە لە جەستەوە سەرچاوەی گرتووە. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | Matti Kamppinen | ٢٠١١ | چەمکی جەستە لە لێکۆڵینەوە ئاینییەکاندا. | شیکردنەوەی چەند بەکارهێنانێکی جیاواز بۆ چەمکی جەستە و ڕوونکردنەوەی تێکستە جیاوازەکان کە چەمکی جەستەیی تیادا بەکار هاتووە بە شێوەیەکی گونجاو و لۆجیکی و سیستماتیکی | وەسفیی شیکاری<br>شیکاری بەراوردکاری | کتێب و تێکستی ئاینی | لە لێکۆڵینەوە ئاینییەکاندا چەمکی جەستە بەکار هێنراوە بۆ جیاوازیکردن لە نێوان بەکارهێنانی چەمکی جەستە وەك کارەکتەرێکی مادی لە تێکستە ئاینییەکاندا لە بەرامبەر بەکارهێنانی چەمکی جەستە وەك مۆدێلێك لە سەرچاوە. |
| ٦ | Andrei Holman | ٢٠١٢ | تێڕوانینێکی گشتی دەربارەی تێهەڵکێشکردنی بابەتە ئاینییەکان لەنێو توێژینەوە دەروونی-کۆمەڵایەتییە تەجریبییەکان لەسەر جەستە لە چەند ئاستێکی جیاوازەوە | دەرخستنی کاریگەریی ئاینداریی لەسەر چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ جەستەدا لە چەند ڕەهەندێکەوە (وێنەی جەستە، ڕەزامەندی لە جەستە، ڕەفتاری پەیوەندیدار بە جەستە، جوانکاریی جەستەیی، بەخشینی ئەندامی جەستە) کە لە توێژینەوە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکاندا دەرکەوتووە. | وەسفیی شیکاری<br>شیکاری بەراوردکاری | کتێب و تێکستی ئاینی | زۆرێك لە توێژینەوە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی ئەرێنیی ئاینداریی لەسەر جەستە دەخەنە ڕوو، هەر لە هەست و سۆزداری تا گرنگیدانی تەندرووستی یان ڕەفتاری یاخود بواری کۆمەڵایەتی. هەروەها لە هەندێ توێژینەوەدا پەیوەندیی ئاینداری بە ڕووە نەرێنییەکانیشەوە خراوەتە ڕوو. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | بەهادین فەرەج مەحمود | ٢٠١٧ | هاوار- توێژینەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجی | ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە وەسفکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی گوندی هاوار و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریدا هاتووە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابوورییەوە. | وەسفی<br><br>میتۆدی بونیادی وەزیفی | تێبینی و تێبینی بە بەشداریکردن و چاوپێکەوتنی هەواڵدەران | گوندی هاوار یەکێکە لە مەڵبەندە ئاینییە گرنگەکانی کاکەییەکان و هەتا ئێستا دانیشتووانەکەی پێداگرن لەسەر پاراستنی هێما و ڕەمزە ئاینییەکانیان وەك سمێڵهێشتنەوە و ئەنجامدانی سرووتە ئاینییەکانی وەك سەرسپاردن و نەزر و نیاز و باوەڕبوونیان بە دۆنادۆن، هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە لە ڕووی هاوسەرگیرییەوە پەیرەوی هاوسەرگیریی ناوخۆیی دەکەن، بەڵام پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ دانیشتووانە موسڵمانەکەی ناوچەکەدا هەیە. |
| ٨ | مصطفى محمد | ٢٠١٩ | الكاكائيه، دراسه ميدانيه في الانثروبولوجيا الثقافيه | ١. خستنەڕووی دیارترین تایبەتمەندیی کولتووریی کاکەییەکان<br><br>٢. خستنەڕووی ئاستی گونجاوی کولتووری کاکەییەکان لەگەڵ کولتووری گشتیی کۆمەڵگەدا | میتۆدی وەسفی، میتۆدی مەعریفی (الفهم الذاتی)، میتۆدی مێژوویی | تێبینیی ڕاستەوخۆ، تێبینی بە بەشداری و چاوپێکەوتن و هەواڵدەرەکان و وێنەی فۆتۆگرافی | ١. کاکەییەکان خاوەنی کولتوورێکی تایبەتن کە جیایان دەکاتەوە لە گرووپە ئاینییەکانی دیکە<br><br>٢. ئاین ڕەگەزێکی سەرەکیی کولتووری کاکەییە و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ژیانی کۆمەڵایەتییاندا |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | Haim Kaufman & Yair Galily | ٢٠١٩ | کولتووری جەستە و پەیوەندیی بە ئاین و شووناسی جوولەکە | خستنەڕووی پێداچوونەوەیەکی گشتی بە پەیوەندیی نێوان کولتووری جەستەیی خەڵکی جوولەکە و ئاینی جوولەکە لە مێژوودا. | لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی شیکاریی. | کتێب و تێکستی ئاینی | لە سەردەمی تەوراتدا، کارامەیی و لێهاتوویی جەستەیی پێویستییەکی ڕۆژانە بووە. لە پێناو مانەوە لە ژیاندا، جەنگاوەری و لێهاتوویی جەستەیی لە جەنگدا پێویستییەکی ئاینی بووە، تاکەکەس پێویست بووە لەسەر شانی کارامەیی و لێهاتوویی بازووی هەبێت. |

## ئەم توێژینەوەیە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هێمن باقر عەبدول | ٢٠٢٠ | وێنەی جەستە لە کولتووری کۆمەڵگەی کوردیدا، جەستە لە ئاینی کاکەیی و ئێزیدیدا وەك نموونە | ١.خستنەڕووی کاریگەریی ئاین لەسەر جەستە و چالاکییە جەستەییەکان لە لای پەیڕەوانی ئاینی کاکەیی و ئێزیدی.<br>٢. خستنەڕووی | **جۆری توێژینەوە:** وەسفی شیکاری<br>**میتۆد:** میتۆدی | تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ<br>چاوپێکەوتن<br>هەواڵدەرەکان<br>وێنەی فۆتۆگرافی<br>نەخشە و | ١. ئاین لە لای پەیڕەوانی هەردوو ئاینی کاکەیی و ئێزیدی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕواڵەتە جەستەییەکان هەیە (المظاهر الجسدیە)، کە جلوبەرگ، ڕێکخستنی شێوەی دەرەوەی ڕووخسار، جەستە، هۆکارەکانی خۆڕازاندنەوە، مۆرکردنی جەستە و جووڵەی جەستەیی دەگرێتەوە.<br>٢. بیروباوەڕی ئاینی، لە هەردوو ئاینی کاکەیی و ئێزیدیدا ڕۆڵی گرنگی لەسەر دونیابینیی پەیڕەوانیان |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئەو سیما جەستەییانەی کاریگەریی ئاینییان تێدا دەبینرێت،لە لای پەیڕەوانی ئاینی کاکەیی و ئێزیدی.<br>٣.خستنەڕووی چەمکی جەستە و پێگەی جەستە لە ئاینی کاکەیی و ئێزیدیدا. | ئەسنۆگرافی<br>میتۆدی مەعریفی-تێگەیشتنی خودی<br>میتۆدی بونیادگەری سیمبولی<br>میتۆدی مێژویی | هێڵکاری | دەربارەی جەستە و دیاردە جەستەییەکان هەیە. |

# بەشی دووەم:
# ئەنسرۆپۆلۆجیای جەستە و کۆمەڵگەی کوردیی:

باسی یەکەم: جەستە و ئەنسرۆپۆلۆجیا:

باسی دووەم: باسی دووەم: تایبەتمەندییە جەستەییەکانی مرۆڤی کورد:

باسی سێیەم: جەستەی کولتووریی لە کۆمەڵگەی کوردیدا

## باسی یەکەم: جەستە و ئەنسرۆپۆلۆجیا:

بە پێچەوانەی کۆمەڵناسییەوە، ئەنسرۆپۆلۆجیا هەر لە سەرەتاوە بە جەستە دەستی پێکردووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی تیۆریی پەرەسەندن (Evolution Theoty)ی زانای ئینگلیزی چارلس داروین، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا.

**چارلس داروین** (١٨٠٩-١٨٨٢)، لە ساڵی (١٨٥٩)دا کتێبەکەی (دەربارەی ڕەچەڵەکی جۆرەکان) بڵاو کردەوە، سەبارەت بە بنەچە و چۆنیەتیی درووستبوون و پەرەسەندنی زیندەوەران لە ڕێگەی هەڵبژاردنی سرووشتی و خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی سرووشتی و مانەوەی باشترینەکان لە ململانێی سرووشتدا، هەر لەو کتێبەدا چۆنیەتیی پەرەسەندنی زیندەوەرانی لە بوونەوەری سادە و ساکارەوە بۆ بوونەوەری ئاڵۆز باس کردووە. (بڕوانە:داروین، ٢٠٠٤)،هەروەها لە کتێبی (درووستبوونی مرۆڤ و هەڵبژاردنی ڕەگەز_١٨٩٧)دا بە ڕاشکاوی تێڕوانینی خۆی دەربارەی بنەڕەت و پەرەسەندنی مرۆڤ خستۆتەڕوو، ئەو لە ڕێی توێژینەوەکەیەوە بانگەشەی ئەوەی کرد گیانلەبەرەکان لە زیندەوەری سادەوە بۆ بوونەوەری ئاڵوز و پێشکەوتوو پەرەیان سەندووە، هەر لەو کتێبەدا توانای عەقڵیی مرۆڤ و ئاژەڵانی دیکەی بە یەکتر بەراورد کردووە (بڕوانە:داروین، ٢٠٠٥).

تیۆرییە بایۆلۆجییەکەی **داروین** نەك تەنیا لەسەر بایۆلۆجیا و زانستە سرووشتییەکان، بەڵکوو لەسەر زانستە مرۆییەکانیش کاریگەریی گەورەی بەجێ هێشت، بە تایبەتی دوای ئەوەی **هێربێرت سپێنسەر** (١٨٢٠-١٩٠٣) پێشتگیریی تیۆرەکانی داروینی کرد؛ کردییە بنەمای لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگەدا. لە ئەنجامی ئەم کاریگەرییەشەوە بوو کە قوتابخانەی (داریونیزمی کۆمەڵایەتی) پێك، هات کە خودی سپێنسەر ڕابەرایەتیی دەکرد. ئەو کۆمەڵناسە جەختی لەوە دەکردەوە کە تیۆری پەرەسەندن بکرێتە بنەمای لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان لەمەڕ مرۆڤ و کۆمەڵگەوە، هەرچەندە بەر لە سپێنسەریش لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا ئاراستەی پەرەسەندن لە فیکری کۆمەڵایەتیدا هەبووە(فکوهی، ١٣٨١: ١٣٠).

لەم باسەدا بایەخپێدانی ئەنسرۆپۆلۆجیا بە جەستە بە پێی ئاراستە جیاوازەکانی خراوەتە ڕوو:

## یەکەم: ئەنسرۆپۆلۆجیای سرووشتی:

هەرچەندە هەردوو ئاراستەی (پەرەسەندن) و (سرووشتی) لە ئەنسرۆپۆلۆجیادا وەك دوو ئاراستەی جیاواز سەیر دەکرێن، سەرباری ئەوە هەردووکیان لەو خاڵەدا کە باوەڕیان بە (پەرەسەندنی سرووشتی) هەیە، هاوبەشن، بەڵام (ئەنسرۆپۆلۆجیای سرووشتی، کە ئەنسرۆپۆلۆجیای ئەندامیشی پێ دەوترێت، بەر لە لقە زانستییەکانی دیکەی ئەنسرۆپۆلۆجیا بایەخی پەیدا کرد.

ئەنسرۆپۆلۆجیای سرووشتی، پێناسە دەکرێت بەو زانستەی کە "بایەخ بە لێکۆڵینەوەی ڕەچەڵەك(race) و بایەلۆجیای مرۆیی دەدات". (هولتکراس، ١٩٧٢: ٥٧). یان ئەو زانستەیە کە بایەخ بە "لێکۆڵینەوەی خەسڵەتە بایەلۆجییەکانی مرۆڤ، لە ڕووی ڕەنگ و شێوەی ڕووخسار و قەبارەی ئەندامەکانی جەستە و پۆلێنکردنیان و دیاریکردنی ڕەچەڵەکی مرۆڤ" دەدات. هەروەها لێکۆڵینەوە دەکات لە "مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤ و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریدا هاتووە، سەرەڕای لێکۆڵینەوە لە پاشماوەی ئەندامی مرۆڤ، لە چاخە کۆنەکانی مێژوودا" (شماس، ٢٠٠٤: ٦٧).

ئەنسرۆپۆلۆجیای سرووشتی، سێ ئاراستەی سەرەکی لە خۆ دەگرێت:

**١.** ئاراستەی ڕەچەڵەکناسیی کلاسیکیی: کە بریتییە لە پۆلێنکردنی دانیشتووانی سەر زەوی لەسەر بنەمای چەند خەسڵەتێکی جەستەیی ئاشکرا، وەك درێژیی و کورتیی باڵا، ڕەنگی پێست و چاو و قژ و جۆری قژ(دباغ و النوری، ١٩٨٣: ١٤).

زانای ئەڵمانی **یۆهان فرێدریك بلومینباخ** (١٧٥٢-١٨٤٠) بە دامەزرێنەری ئەنسرۆپۆلۆجیای سرووشتی دادەنرێت، ئەو ڕەچەڵەکی مرۆڤی بۆ پێنج ڕەچەڵەکی سەرەکی پۆلێن کردووە: قەوقازی، مەغۆلی، ئەسیووبی، ئەمەریکی و مەلاوی(سلیم، ١٩٨١: ١٢).

ئەم پۆلێنەی **بلومینباخ**، تاکە پۆلێنکردنی ڕەچەڵەك نییە، بەڵکوو بەر لەو و دوای ئەویش لە لایەن زانایانی بواری ڕەچەڵەکناسییەوە کۆمەڵێك پۆلێنی جیاواز بۆ مرۆڤ کراون، کە هەریەکەیان بنەمایەکی دیاریکراو و جیاوازیان هەیە.

**٢.** ئاراستەی ئەنسرۆپۆلۆجیای پۆلێنکاری (پێوانەکردنی ئێسکەکان)، کە جەخت لە چەند بابەتێکی جەستەیی وەك پێوانەکردنی ئێسکەکان لە ڕووی کورتی و درێژییەوە دەکاتەوە، هەروەها شێوە و قەبارەی کەللەسەر لە ڕووی پانیی و درێژییەوە، هەروەها پێوانەی ئێسکەکانی ڕووخسار و ددانەکان(دباغ و النوری، ١٩٨٣: ٣٢).

**٣.** ئاراستەی لێکۆڵینەوەی (بۆماوە و جینەکان) کە بە ئاراستەیەکی نوێی ئەنسرۆپۆلۆجیای سرووشتی دادەنرێت، لە دوای پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆجی و درووستکردنی تاقیگەی پێشکەوتووەوە هاتە ئاراوە، کە هەڵدەستێت بە ناسینەوە و پۆلێنکردنی مرۆڤ لە ڕێگەی گرووپی خوێن و جینەتیکەوە و لە خەسڵەتە ناوەکییە بۆماوەییەکان دەکۆڵێتەوە، وەکوو لێکۆڵینەوەی کاریگەریی بۆماوە لەسەر ڕژێنی دەرەقی و هاوسەنگیی هۆرمۆنەکان و کاریگەریی لەسەر ڕەفتار (دباغ و النوری، ١٩٨٣: ٣١).

لەم ساڵانەی دواییدا توێژینەوەکانی ئەنسرۆپۆلۆجیای سرووشتی ئاراستەی هەندێ بابەتی دیکەیان وەرگرت، وەك پەیوەندیی ڕەچەڵەك بە (ژیری، ڕەفتار، توانای بەرگری لە نەخۆشی، لێهاتوویی و توانا جەستەیی و عەقڵییەکان، تاوان). لە هەموو ئەم توێژینەوانەدا جەستە وەك ئێسکەپەیکەر، وەك قەبارە و شێوەی کەللەی سەر و ئێسکەکان، هەروەها ڕەنگی ڕووخسار و قژ و چاو و لاوازی و قەڵەوی و باڵا و ڕێژەی موو لەسەر جەستە، ئامادەیی هەبووە، هەروەها بایەخی زۆر بە پەیوەندیی نێوان ژینگەی سرووشتی و جەستە دراوە.

## دووەم: ئەنسرۆپۆلۆجیای تاوان:

ئەنسرۆپۆلۆجیای تاوان، سەر بە دیدگای(حەتمییەتی بایۆلۆجییە(الحتمية البايلوجية) و تێزەکانی دەربارەی تاوان و کەسی تاوانبار لە تێڕوانینی ئەنسرۆپۆلۆجیای فیزیکی و سرووشتییەوە نزیکە، ئەم قوتابخانەیە تێزێکی تایبەتیی سەبارەت بە جەستە بە گشتی و جەستەی مرۆڤی تاوانبار بە تایبەتی، خستە ڕوو.

**سیزاری لۆمبرۆزۆ** (١٨٣٥-١٩٠٩) پزیشکی ئیتاڵی، بانگەشەکاری ئەم ئاراستەیە بوو. **لۆمبرۆزۆ** جەختی لەوە دەکردەوە، تاوانباران خاوەنی هەندێك خەسڵەتی جەستەیی و بۆماوەیی دیاریکراون کە پاشماوەی دواکەوتنی گەشەی جەستەیی و ژیرییە لە مرۆڤی سەرەتاییدا، ئەو بیرۆکەیەشی لە کتێبی (مرۆڤی تاوانبار_١٨٨٥)دا بڵا کردەوە، کە بەرهەمی توێکاریی ٣٨٣ تەرمی کەسانی تاوانبار بوو، دواتر توێژینەوەی لەسەر (٥٩٠٧) کەسی زیندووش کرد، پوختەی بیرۆکەکەشی بریتی بوو لەوەی پەیوەندی لە نێوان هەندێك سیفاتی دیاریکراوی جەستەیی و خەسڵەتی دەروونی و تاواندا هەیە، جەختی لەوەش کردەوە کە خاوەنانی هەندێك تایبەتمەندیی جەستەیی بە سرووشت

تاوانبارن، ئەوەشی دەگێڕایەوە بۆ مانەوەی هەندێك خەسڵەتی مرۆڤی سەرەتایی تێیاندا.

تیۆرییەکەی **لۆمبرۆزۆ** کەلێنی زانستیی گەورەی تێدا بوو، هەر بۆیە خۆشی ڕاڕا بوو لە بارەیەوە و بە مەبەستی پڕکردنەوەی کەلێنەکان پێنج جار دەستکاریی کردووە و چاپی کردووەتەوە، لە هەر جارێکیشدا چاکسازی لە هەندێك بڕگەیدا کردووە. (مارزانو، ۲۰۱۱: ۸)

ئەم ئاراستە ئەنسرۆپۆلۆجییە، دواتر بە توندی ڕەت کرایەوە و لایەنە نازانستی و نێگەتیڤەکانی لەسەر کۆمەڵگە و کەرامەتی مرۆیی خرایە ڕوو، بەڵام دوای سەرهەڵدانی زانستی جینەتیك، ئەم قوتابخانەیە ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرت و ئەوانەی لەژێر کاریگەریی ئەم ئاراستەیە بوون باسیان لە ڕۆڵی لایەنی جینەتیکی دەکرد لە گوێزانەوەی هەندێك سیفاتی جەستەیی و ڕەفتاری مرۆڤدا.

## سێیەم: ئەنسرۆپۆلۆجیای بونیادی وەزیفی:

ئەم ئاراستەیە بەشدارییەکی گرنگی لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە جەستەدا کردووە، توێژینەوە و نووسینەکانی هەریەکە لە **ڕۆبێرت هێرتز** و **مارسیل موس** لە دیارترین کارەکانی سەر بەم ئاراستەیەن.

**مارسیل موس** (۱۸۷۲-۱۹۵۰)، خاوەنی دیارترین توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجییە، کە لە سەرەتاکانی ئەم زانستەدا و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بارەی ئەنسرۆپۆلۆجیای جەستەوە نووسرابێت، ئەویش وتارەکەیەتی بە ناونیشانی (تەکنیکی جەستە: ۱۹۳٦).

**موس** لە سەرەتای ئەو وتارەیدا ڕوونی دەکاتەوە کە مەبەستی لە (تەکنیکەکانی جەستە) چۆنیەتیی بەکارهێنانی جەستەیە لە لایەن خەڵکییەوە بە شێوەیەکی کاریگەر، بە نموونە شێوازی ڕۆیشتن و مەلەکردن و هەموو جووڵە جەستەییەکانی دیکە، کە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازن. هەروەها ئاماژەی بە تەکنیکە جەستەییە جیاوازەکان کردووە بە پێی: ڕەگەز، تەمەن، پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتی

پرسیاری سەرەکیی **مارسیل موس** ئەوەیە، هۆکارەکانی پشت درووستبوونی ئەم جووڵە جیاوازانە چین؟ دەتوانین بڵێین **مارسیل موس** ئەو کەسەیە، بۆ یەکەمجار جەستە لە بایۆلۆجیا دەستێنێتەوە و لەژێر ڕۆشنایی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا لێکدانەوەی بۆ دەکات.

**موس**، بە ڕوونی جەخت لەسەر کاریگەریی فاکتەرە سۆسیۆلۆجییەکان لەسەر جەستە کردووەتەوە، کاتێك دەنووسێت: "ڕەفتار لە (دەرەوە) نەك (ناوەوە) خۆی فەرز دەکات، ڕەفتار لە (سەرەوە) دێت، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕەفتارە بایۆلۆجییەکی پەتی و پەیوەستیش بێت بە جەستەوە. تاك، ئەو جووڵە جەستەییانەی ڕەفتار درووست دەکەن؛ لە کەسانی دیکە کە لەبەردەمیدان یان لەگەڵیدان، وەردەگرێت". هەروەها پێی وابووەئاراستەی جەستەیی تایبەت لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیە کە ئەو تەکنیکانە درووست دەکات و پێی دەوترێت نەریتەکانی جەستە (عادات الجسد)(موس، ٢٠١٦: ١٦٧).

ئەو، وەکوو زۆرێك لە ئەنسرۆپۆلۆجیستەکانی دیکە سوودی زۆری لە تێبینیکردن بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی وەرگرتووە و سەرنجی جیاوازییەکانی تەکنیکی جەستەی داوە لە کاتی مەلەکردندا و لە نێوان دوو نەوەی دوو کۆمەڵگەی جیاوازدا، هەروەها سەرنجی تەکنیکی ڕۆیشتن و وەستان و دانیشتن و دەستجووڵاندنی داوە لە نێوان سەربازە فەرەنسی و بەریتانییەکان و بەشێکی زۆری تێڕوانینەکانی لەو سەرنجانەوەن.

**مارسیل موس**، لە هەمان وتاردا، تەکنیکی جەستەی بە چەمکی هابیتوس (Habitus)ەوە بەستووەتەوە و پێی وابووە ئەم چەمکە باشتر لە وشەی نەریت، عادات و لێهاتوویی بەدەستهاتوو یان مەلەکە وەك بەهرەیەکی خودایی ئەم پرسە ڕوون دەکاتەوە، چونکە هابیتوس بە مانای (یادەوەری)ی شاراوە دێت، کە تەنیا بە هۆی جیاوازیی کەسەکان و خواستەکانیانەوە درووست نابێت، بەڵکوو بە هۆی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە و شێوازی پەروەردە و ڕێکەوتن و ڕۆڵ و پێگەی کەسەکانیشەوە درووست دەبێت، بۆیە دەکرێت تەکنیکەکانی جەستە بە بەرەنجامی عەقڵی کردەکیی تاکەکەسی و کۆمەڵ هەژمار بکرێت، کە توانای دوبارەبوونەوەیان هەیە. (موس، ٢٠١٦: ١٧٠)، لە بارەی جەستە و تەکنیکەکانی جەستە،لە بەرامبەر تێڕوانینی هەر سێ ئاراستەی (سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی و فیزیۆلۆجی) بۆ جووڵە و تەکنیکی جووڵە، دیدگایەکی نوێ دەخاتە ڕوو، کە بە ڕوای ئەو دەتوانێت تەفسیری تەکنیکەکانی جووڵەی جەستەیی بکات، ئەوەش بە (دیدگای سێڕەهەندی بۆ تەکنیکەکانی جەستە)، یان دیدگای (مرۆڤی تەواوەتی) ناوزەد دەکات.

**مارسیل موس** ڕوای وابووە ناکرێت تەنیا لەژێر ڕۆشنایی بایۆلۆجیا و تێڕوانینی فیزیۆلۆجیدا سەیری تەکنیکەکانی جەستە یاخود جووڵە جەستەییەکان بکەین، چونکە ئەو کاتە دەبوایە جووڵەی جەستەیی هاوشێوەمان هەبوایە، هەروەها ناکرێت بە تەنیا

وەك دیاردەیەكی سۆسیۆلۆجیی ڕووتیش سەیری بكەین، چونكە ئەوكات لە لایەك ڕەهەندە فیزیۆلۆجییەكەی فەرامۆش دەكەین، لە لایەكی دیكەوە جیاوازیی تاكەكەسییش فەرامۆش دەكەین، ناكرێت بە تەنیا بە دیاردەیەكی سایكۆلۆجییشی دابنێین، چونكە ئەوكات ڕەهەندە كۆمەڵایەتییەكەی و پەیوەندیی بە پەروەردە و ئینتیما و ناسنامەی كۆمەڵایەتی و ئایینیی لە دەست دەدات.

لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە كەسی خاوەن دەسەڵات و پێگە ڕۆڵی گرنگی لە درووستكردنی كردەوەیەكی ڕێكخراو و ڕێگەپێدراو و جێگیردا هەیە- بە نیسبەتی ئەو كەسەی كە لاسایی دەكاتەوە، بەڵام هەر لەم ساتەوەختەدا ڕەگەزی سایكۆلۆجی و بایۆلۆجیی هاوتەریب لە كردەی لاساییكردنەوەكەدا هەن. بە شێوەیەكی گشتی هەر تەكنیكێكی جەستەیی؛ مەرجدارە بە بوونی هەرسێ ڕەگەزەكە بە شێوەیەكی بەیەكداچوو (متداخل) لەگەڵ یەكتریدا، كە توانای جیاكردنەوە یان دابڕانیان لە یەكتری نییە. ئەو، لە بارەی ڕۆڵی پەروەردە لە درووستكردنی تەكنیكەكانی جەستەدا دەنووسێت: "هەندێك منداڵ خاوەن توانایەكی گەورەی لاساییكردنەوەن، بەڵام هەندێكی دیكەیان ئەو توانا گەورەیەیان نییە. لاساییكردنەوەش لەسەر بنەمای هێز وەستاوە، منداڵ یان هەرزەكار؛ لاسایی ڕەفتاری سەركەوتووان دەكاتەوە، بە تایبەت ڕەفتاری ئەوانەی منداڵەكە متمانەی پێیانە و دەسەڵاتیان بەسەریدا هەیە" (موس، ٢٠١٦: ١٧٠-١٧١).

سەبارەت بە شێوازی جووڵەی مرۆڤ **مارسیل موس** دەنووسێت: "مرۆڤ بە شێوەیەكی هەڕەمەكی جووڵەی جەستەیی ناكات، بەڵكوو بە شێوەیەكی ڕێكخراو ئەو كارە دەكات، جووڵەیەكی ئامانجداری حساب-بۆكراوی ڕێگەپێدراو دووبارە دەكاتەوە، كە لە ڕێگەی فێربوون و لاساییكردنەوەی ئەوانی دیكەوە بە دەستی هێناوە". لەم ڕوانگەیەوە **موس** جەخت لەوە دەكاتەوە كە شتێك نییە بە ناوی (ڕێگەی سرووشتی) یان (تەكنیكی سرووشتی) لە جووڵەی جەستەییدا بە تایبەتیی لای مرۆڤی پێگەیشتوو. بۆ ئەمەش ئاماژە بە نموونەی ژنانی گەلی (ماوری، لە نیوزلەندای نوێ) دەكات، كە جۆرێك لە ڕۆشتنیان لە لا پەسەندە پێی دەوترێت ئۆنیۆنی .(Onioni) دایكان منداڵانیان گۆش دەكەن هەر لە منداڵییەوە بەو شێوازە بڕۆن، ئەگەر كچۆڵەیەك لە بیری بكات یان گوێی پێ نەدات؛ دایكەكان سەرزەنشتیان دەكەن بەوەی كە لەباریاندا نییە بە شێوازی ئۆنیۆنی بڕۆن(العلوي، ٢٠٠٠ :١٣).

**موس**، لە كۆتایی ئەو وتارەدا بەو ئەنجامە گەیشتووە كە "لە هەموو شوێنێكدا لە بەردەم پێكهاتەیەكی (فیزیۆ-سایكۆسۆسیۆلۆجیی) ڕەفتاردایین، ئەم ڕەفتارانە تا

ڕادەیەکی زۆر لە ژیانی تاك و مێژووی کۆمەڵگەکەدا ناسراون." پێشی وایە بە هۆی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و لە پێناوی ئەویشدا، ئەو زنجیرە ڕەفتارانە لای تاك درووست بوون و مومارەسە دەکرێن. زۆر بە کورتییش دەیپرێنێتەوە کە: "پێویستە لەسەر هەموو تاکێکی هەر کۆمەڵگەیەك بزانێت و فێر ببێت کە لە بارودۆخە جیاوازەکاندا چ ڕەفتارێك دەکات." (موس، ٢٠١٦: ١٨٣).

## چوارەم: ئەنسرۆپۆلۆجیای کولتووریی:

دوای سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئەنسرۆپۆلۆجیای کولتوری لەسەر دەستی (**فرانز بواز**، ١٨٥٨-١٩٤٢) ئەنسرۆپۆلۆجیستی ئەمەریکیی بە ڕەگەز ئەڵمانی، لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە جەستە ئاراستەیەکی دیکەیان وەرگرت، ئەگەر پێشتر ئەنسرۆپۆلۆجیای فیزیکی بایەخی بە جەستەی سرووشتی و پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی جەستەی سرووشتی دابێت، ئەوا ئەنسرۆپۆلۆجیای کولتووری بە شێوەیەکی تایبەت بایەخی بە جەستەی کولتووری دەدا، ئەمەش بە ئاشکرا لە لێکۆڵینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجیستەکانی قوتابخانەی کولتووری دەربارەی (کولتوور و کەسێتی) دەردەکەوێت، کە دواتر بوو بە ئاراستەیەکی تایبەت و هەندێك جار بە (ئەنسرۆپۆلۆجیای دەروونی)یش ناو دەبرێت.

ئەنسرۆپۆلۆجیای کولتووری، هەندێك جار بە ئاراستەی (مێژوویی-دەروونی)یش ناو دەبرێت، ئەویش بە هۆی ئەوەی خوێندکارانی بواز، لەوانەش (ئالفرێد کروبەر ١٨٧٦-١٩٦٠) و (کلارك ویسلەر ١٨٧٠-١٩٤٧)، لە لێکۆڵینەوەی کولتووردا بە ئاراستەی (مێژوویی-بەشەکی)دا ڕۆیشتن، بەڵام (ڕۆس بەنەدیکت، ئێدوارد ساپیر، مارگرێت مید، کلاید کلاکهون، ئەبراهام گاردنەر) بە ئاراستەی دەروونیدا کارەکانیان بەرهەم هێنا.

قوتابخانەی (کولتوور و کەسێتی)، بە شێوەیەکی گشتی و بە دوو ئاراستەی جیاوازدا جەخت لە پەیوەندیی نێوان کەسێتی و کولتوور دەکاتەوە، ئاراستەیەکیان بریتییە لە کاریگەریی کولتوور لەسەر کەسێتی، ئاراستەکەی دیکەشیان بە پێچەوانەوە کاریگەریی کەسێتییە لەسەر کولتوور، لەم ڕوانگەیەشەوە ئەنسرۆپۆلۆجیستەکانی ئەم قوتابخانەیە بایەخیان بە جۆرە بنەڕەتییەکانی کەسێتی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دا.(شماس، ٢٠٠٤: ٧١).

کەسێتیی چوار لایەنی سەرەکی دەگرێتەوە: جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و عەقڵی. کولتوور بە بەرپرسیاری سەرەکی دادەنرێت لە ڕێکخستنی بەشێکی گەورەی

کەسێتیدا، لە ڕێگەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و بەکولتووریکردن (Enculturation)ەوە (الزینی، ١٩٧٤: ٨٠).

کولتور، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر لایەنی هەڵچوون و عەقڵی کۆمەڵایەتی هەیە و بە هەمان شێوە لەسەر لایەنی جەستەیی تاکەکانیش کاریگەریی بەرچاوی هەیە، بۆ نموونە لای چەند چینێکی کۆمەڵگەی چینی، هەر لە منداڵییەوە پێڵاوی تەسك دەکەنە پێی منداڵی کچ بۆ ئەوەی پێیەکانی گەورە نەبن، چونکە پێیان وایە پێی بچووك جوانی بە کچەکە دەبەخشێت و دەیکاتە خاوەن ڕۆشتنێکی تایبەت(شماس، ٢٠٠٤: ٨١).

**ڕۆس بەنەدیکت** (١٨٨٧-١٩٤٨)، پێی وایە کارێکی زەحمەتە بە تەنیا لە ڕێگەی لێکدانەوەی مێژووییەوە بتوانین لە کولتوور بکۆڵینەوە، چونکە ئەوەی پێی دەوترێت (سیمای کولتووری) تێکەڵەیەکە لە ئەزموونی مێژوویی و سایکۆلۆجی لە ژینگەیەکی دیاریکراودا. **بەنەدیکت** لە کتێبی (شێوازەکانی کولتوور: ١٩٣٤)دا ئاماژە بەوە دەکات؛ پێویستە وەکوو کۆیەك یان یەك کوتلەی یەکانگیر، سەیری کولتوور بکەین. چونکە بڕوای ئەو هەموو کولتوورێك جەخت لە بنەمایەکی بنەڕەتی یان تەوەرێکی سەرەکی دەکاتەوە، کە لە دواجاردا شێوەیەکی تایبەت و جیاواز بەو کولتوورە دەبەخشێت لە چاو کولتوورەکانی دیکەدا، ئەمەشی ناو ناوە (داڕشتەی کولتووری). هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەیوەندیی لە نێوان (داڕشتەی کولتووری) و خەسڵەتەکانی کەسایەتیدا هەیە(فهیم، ١٩٩٠: ١٣٩-١٤٠).

**ڕۆس بەنەدیکت**، پێشی وایە کە هەموو کۆمەڵگەیەك خاوەنی قاڵبێکی کولتووریی تایبەت بە خۆیەتی، کەسێتیی مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیانەدا دەچێتە چوارچێوەی ئەو قاڵبانەوە. واتە کۆمەڵگە کەسایەتیی تاکەکانی بە پێی ئەو قاڵبە کولتوورییەی هەیەتی دادەڕێژێت، هەر قاڵبێکی کولتووریش جەخت لە کۆمەڵێك بنەما و چەمك و مانا دەکاتەوە، کە دواجار دەبنە خەسڵەتی سەرەکیی ئەو کولتوورە. ئەو داڕشتە کولتوورییەی **ڕۆس بەنەدیکت** جەختی لێ دەکردەوە، وەك چۆن قاڵبی تایبەتی هەیە بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونیی تاکەکانی، بە هەمان شێوەش خاوەنی قاڵبی تایبەتییە بۆ جەستە و جووڵەی جەستەیی تاکەکان و لەو ڕێگەیەشەوە کاریگەریی لەسەر جەستە و جووڵەی جەستەیی تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەك هەیە.

**مارگرێت مید** (M. Mead: ١٩٠١-١٩٧٨)، بە یەکێك لە ئەنسرۆپۆلۆجیستە هەرە دیارەکان هەژمار دەکرێت، کە ڕۆڵی گەورەی لە گەشەپێدانی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە "جەستە"دا لە گۆشەنیگای زانستی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە هەبووە. دەتوانرێت بوترێت لە بەشی زۆری کارەکانیدا جەستە بابەتی سەرەکیی لێکۆڵینەوەیە.

**مید** لە کتێبی (هەرزەکاریی لە ساموا- ١٩٢٨)دا، کە یەکێکە لە کتێبە بایەخدار و بەناوبانگەکانی، ئاماژەی بە دیاردەی شڵەژانی کەسێتی لە تەمەنی هەرزەکاریدا کردووە و پێی وایە دیاردەیەکی گشتی نییە لەو تەمەنەدا (وەك ئەوەی دەروونناسەکان خستوویانەتە ڕوو)، بەڵکوو ئەو شڵەژانە پەیوەندیی بە شێوازی پەروەردەوە هەیە، بەڵگەشی بۆ ئەمە کچۆڵەکانی دوورگەی ساموایە لە پۆلۆنیزی، کە لە تەمەنی هەرزەکاریدا بەو شڵەژانە دەروونییەدا تێناپەڕن، کە کچانی هەرزەکاری کۆمەڵگەی ئەمەریکی پێیدا تێدەپەڕن، چونکە لەو کۆمەڵگەیەدا ئەو قەدەغە سێکسییانە بوونی نییە، کە لە کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا بوونی هەیە. (فکوهی، ١٣٨١: ٢٠٦). بە ڕوای **مید**، ئەو شڵەژانە دەروونییانە لە تەمەنی هەرزەکاریدا پەیوەندیی بە کۆمەڵگە و کولتوورەوە هەیە، نەك گۆڕانی بایۆلۆجیی تاکەکان لەو تەمەنەدا.

**مارگرێت مید**، لە دووەم کتێبیدا بە ناونیشانی (میزاجی بالینییەکان)، کە ساڵی ١٩٤٢ بڵاو کراوەتەوە و کارێکی هاوبەشە لەگەڵ (جۆرجی باتیسون)دا، لێکۆڵینەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجیی کردووە لە ڕێگەی شیکردنەوەی سەدان وێنەی فۆتۆگرافیی ژنان و پیاوان لە دوورگەی بالی، لە کاتی جووڵە و کارلێکەکانی ژیانی ڕۆژانەیاندا و سەرجەمی وێنەکانیش لە ساڵانی (١٩٢٨-١٩٣٦) گیراون. دەکرێت بوترێت ئەم کارەی **مید** و هاوڕێکەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەسنۆلۆجییە بۆ تۆمارکردنی ژیانی ڕۆژانەی بالینییەکان لە ڕێگەی فۆتۆی جووڵە و ئاماژە جەستەییەکان و شیکردنەوەیانەوە. (لوبروتون، ٢٠١٤: ٤٤-٤٥).

**مارگرێت مید**، کتێبی سێیەمی بە ناونیشانی (نێر و مێ، لێکۆڵینەوەی سێکس لە جیهانێکی گۆڕاودا: -١٩٤٨)، ئەمەش دیسان دەچێتە خانەی لێکۆڵینەوەی جەستەییەوە و کتێبێکە لە بارەی ناسنامەی جێندەرییەوە. لەوێدا **مید** تێزێکی فێمینستانە سەبارەت بە نێر و مێ پێشکەش دەکات، پێشی وایە (نێرینەیی و مێینەیی) دیاردەیەکی بایۆلۆژی نیین، بەڵکوو دروستکراون و بەرهەمی کولتورین و کاریگەریی لەسەر شکڵگرتنی کەسێتی (ژن) و (پیاو) هەیە.

**مارگریت مید**، ژنێتی و پیاوەتی، بە بەرهەمی شێوازی پەروەردە دادەنێت نەك دوو پێگەی فیزیکی لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەکانەوە. پێشی وایە پەروەردەی خێزانی و کۆمەڵگە بە ناوی (ژنانە) و (پیاوانە)، خەسڵەتی فیکری و ڕەفتاری بۆ تاکەکان دەگوێزنەوە، ئەمەش هەمان ئەو تێزەیە دواتر **سیمۆن دوبوڤوار** (١٩٠٨-١٩٨٦)، ژنەفەیلەسووفی فەڕەنسی، لە کتێبی (ڕەگەزی دووەم-١٩٤٩)دا جەختی لێ کردەوە و

ڕسته بەناوبانگەکەی نووسیی:"هیچ ژنێك، بە ژنێتی لە دایك نابێت، بەڵکوو دواتر دەبێتە ژن"(فکوهی: ١٣٨١، ٢٠٧).

**مارگرێت مید**، لە تێزەکەیدا سەبارەت بە ناسنامەی ژن و پیاو، پشتی بە کاری مەیدانی و لێکۆڵینەوەی سێ کۆمەڵگەی خۆجێیی لە (غینیای نوێ) بەستووە، ئەو سێ کۆمەڵگەیە سێ نموونەی جیاوازیان لە بارەی پەیوەندییەکانی ژنومێردەوە تێدا بەدی کراوە، کە بریتین لە کۆمەڵگە ناوخۆییەکانی ئارپش (Arpsh)، موندوگۆمۆر (Mundugomor)و چامبلولی (Chambluli) بوون.

*ئارپش*، لە ژینگەیەکی کوێستانیی نەگونجاو بۆ کشتوکاڵدا دەژیان و ژیانیان دژوار بوو، خاوەنی سستمێکی کۆمەڵایەتی بوون، کە تێیدا ژن و پیاو یەکسان بوون. هەردوو ڕەگەزەکە کەسانی ئارام، گونجاو، هەستەوەر و بە یەکدییەوە پەیوەست بوون. لە پەروەردەی منداڵاندا توندوتیژ نەبوون و جیاوازییان لە نێوان نێر و مێدا نەکردووە. بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی ئەورووپاییەوە، کە لەسەر بنەمای (هێمنی و نەرمونیانی)ـی ڕەگەزی مێ و (توانا و توندوتیژی)ـی ڕەگەزی نێر دامەزراوە.

*موندوگۆمۆر*، کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بوو و لە ناوچەیەکی گونجاو و زەوییەکی بەپیت و دەوڵەمەنددا دەژیان. ڕەفتاری هەردوو ڕەگەزەکەی ئەم کۆمەڵگەیە زۆر هاوشێوە بوون، بەڵام ئەم لەیەکچوونە بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی یەکەمەوە بوو، چونکە دایبابەکان بە شێوەزای توندوتیژانە منداڵانیان پەروەردە دەکەن، دواتر ئەم توندوتیژییەش بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەکەوە دەردەکەوت، بە جۆرێك کە ژن و پیاو هەموویان توندوتیژن، کەسانی خۆپەرست و بێهەستوسۆزن و پەیوەندیی نێوانیان لەسەر دژایەتی و ململانێ دامەزراوە، بەرامبەر بە نموونەی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان، لەم کۆمەڵگەیەدا هەردوو ڕەگەزەکە لەسەر نموونەی توندوتیژیی ڕەگەزی نێر پەروەردە دەکرێن.

*چامبلوولی*-یش، کۆمەڵگەیەکی بیابانشینن و بە پێچەوانەی دوو کۆمەڵگەکەی ترەوە جیاوازی لە نێوان نموونەی کەسایەتیی ژن و پیاودا هەیە، بەڵام ئەم جیاوازییە بە تەواوی پێچەوانەی نموونەی ڕۆژئاواییە بۆ ژن و پیاو، بە جۆرێك کە پیاوانی چامبلوولی، کەسانی هەستەوەر و نەرمن، زۆربەی کات لە ماڵەوە دەمێننەوە و کاروبارەکانی ماڵ بەڕێوە دەبەن، لە کاتێکدا ژنانی چامبلوول سەربەخۆترن، بە تەنگ ڕووخسار و ئارایشتەوە نیین، زۆرترین چالاکییان لە دەرەوەی ماڵە و هەستی ململانێ و حەسادەت لە نێوان ژناندا هەیە.

له بەرامبەر ئەم سێ کۆمەڵگەیەدا، سێ نموونەی جیاوازمان لە پەیوەندیی نێوان ڕەگەزی نێرومێ هەن، لە نموونەی یەکەم و (بە پێی نموونەی خۆرئاوایی) ژن و پیاو تایبەتمەندی (ژنانە)یان هەیە، لە نموونەی دووەمدا (بە هەمان پێوەری خۆرئاوایی) ژن و پیاو تایبەتمەندی (پیاوانە)یان هەیە، لە نموونەی سێیەمدا (ڕێك بە پێچەوانەی نموونە خۆرئاواییەکەوە)، کەسێتیی پیاوان (نەرم و ناسك)ـن و ژنانیش (توندوتیژ)ن(فکوهی، ١٣٨١: ٢٠٧-٢٠٦).

## پێنجەم: ئەنسرۆپۆلۆجیای ئایینی:

**ئێمیل دۆرکهایم** (١٨٥٨-١٩١٧ Émile Durkheim )بە بناغەدانەری دیدگای ئەنسرۆپۆلۆجیای ئایینیی جەستە دادەنرێت، **دۆرکهایم** کە زۆرتر وەك زانایەکی کۆمەڵناسی ناسراوە، بەڵام کتێبە بەناوبانگەکەی (شێوە سەرەتاییەکانی ژیانی ئایینی-١٩١٢)، نزیکترە لە کارێکی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە تا سۆسیۆلۆجی.

**دۆرکهایم**، لەو کتێبەیدا لە گۆشەنیگایەکی بونیادیی وەزیفییەوە باس لە کاریگەریی ئایین لەسەر کۆمەڵگە دەکات و لەو چوارچێوەیەشدا بابەتی ئایین و جەستەی شیکردووەتەوە. لە دیدی **دۆرکهایم**دا ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە وەزیفەکەی بریتییە لە بەهێزکردنی هاوبەندیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەگرێدانی ئەندامانی کۆمەڵگە. هەروەها لە باسکردنی ئاییندا کەمتر لەسەر بیروباوەڕی ئایینی دەوەستێت و زۆرتر بایەخ بە سرووتی ئایینی دەدات، کە بریتییە لە کۆبونەوەی ئاییندارەکان لە دەوری تەوتەمێکی پیرۆز یان ئەو کۆبوونەوە و بۆنە ئایینییانەیە کە ئاییندارەکان بەشداریی تێدا دەکەن و بە هۆیەوە هاوبەندی لە نێوانیاندا درووست دەبێت(دورکهایم،١٣٩٣: ٦٣).

**دۆرکهایم** ڕوونی دەکاتەوە کە ئایین ماناکانی خۆی لەسەر جەستەی ئەندامەکانی هەڵدەکۆڵێت لە ڕێگەی خاڵکوتان یان زیادکردن و کەمکردن و دەستکارییکردنی هەندێك ئەندامی جەستە، بە جۆرێك کە جەستە لە جەستەیەکی سرووشتییەوە بۆ جەستەیەکی سیمبولی دەگۆڕێت، کە مانا و ئاماژەی تایبەتیی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بەو هۆیەشەوە جەستە لە بری ئەوەی جەستەیەکی تاکەکەسی بێت، دەبێتە جەستەیەکی کۆمەڵایەتیی هاوشێوەی هەڵگری هەمان هێما و ئاماژە. (الوکیلی: ٢٠١٥: ٨٢).

لە سۆسیۆلۆجیای **دۆرکهایم**دا، ڕۆح یان بابەتی ڕۆحی لە بەرامبەر چەمکی کۆمەڵایەتیدایە، واتە بابەتە ڕۆحییەکان گوزارشتن لەو ڕێسا کۆمەڵایەتییانەی لە

کۆمەڵگادا هەیە و سەرەوە و خوارەوە، پاك و پیس، گەورە و بچووك، باش و خراپ دیاری دەکەن. ئەو پێی وایە ئایین بەرزترین ئاستی بەکۆمەڵایەتیبوون و مەعریفەیە لە کۆمەڵگەی نەریتیدا، خوداش هیچ نییە جگە لە کۆمەڵگە خۆی. لە بەرامبەر ڕۆحدا جەستە هەیە، جەستە ئاماژەیە بۆ تاکێکی ئەندامیی کە خاوەنی غەریزە و حەز و خولیای کەسیی خۆیەتی و بەرەو خۆپەرستی و خۆپەسەندی پاڵی پێوە دەنێت، لە کاتێکدا ڕۆح بۆ هاوبەشی و هاوبەندی و هەستکردن بە یەکدی هانی دەدات. بە مانایەکی دیکە جەستە شوێنی ململانێی تاکە لەگەڵ کۆمەڵگەدا، دواهەمین قەڵای مرۆڤە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگە، بەڵام کۆمەڵگە لە توانایدایە لە ڕێگەی ئایینەوە ئەو قەڵایە بگرێت و کۆنترۆڵی بکات، ڕامی بکات و بیکاتەوە بە کۆمەڵایەتی، زیاتر لەوەش بۆ ئەوەی ببێتە جەستەیەکی کۆمەڵایەتی مۆری خۆی لەسەر هەڵدەکۆڵێت و هێما و سیمبولەکانی خۆی لەسەر دەنەخشێنێت(لیمان، ٢٠١٣: ١٣٦-١٣٩).

**ڕۆبێرت هێرتز**، ئەنسرۆپۆلۆجی فەڕەنسی و خوێندکاری **دۆرکهایم**، ساڵی ١٩٠٩ وتارێکی بە ناونیشانی (بەرزکردنەوەی دەستی ڕاست) بڵاو کردەوە، لەوێدا ئەو پرسیارەی ورووژاند کە "ئایا بەکارهێنانی زیاتری دەستی ڕاست لە کۆمەڵگەی مرۆییدا وەك حاڵەتێکی باو بابەتێکی فسیۆلۆجییە یان کۆمەڵایەتی؟".

**هێرتز**، لە وتارەکەیدا ڕەخنەی لە دیدگای توێکاری گرت، کە کارایی دەستی ڕاستیان لە مرۆڤدا دەگێڕایەوە بۆ گەشەی زیاتری نیوەی لای چەپی مێشك، کە بە شێوەیەکی فیزیۆلۆجی کار لەسەر جووڵانی ماسولکەکانی لای ڕاست دەکات، ئەو دەنوسێت زۆرینەی خەڵك ڕاستەن، ژمارەیەکی کەم نەبێت چەپەن (کە ڕێژەیان لە ٢% تێپەڕ ناکات)، بەڵام لەنێو ئەوانەی ڕاستەن، بەشێکی زۆر کەمیان نەبێت، ئەوانی دیکە دەتوانن هەمان کارەکانی دەستی ڕاست بە دەستی چەپیش بکەن، ئەگەر بیانەوێت(لوبروتون، ٢٠١٤: ٣٩).

**هێرتز**، پێی وا بووە بەکارهێنانی دەستی ڕاست بەو ڕێژە زۆرە، ئەگەر کاریگەرییەکی دەرەکییشی لەسەر جەستە نەبێت و هانی نەدات، بە تەنیا بە هۆی لایەنە فیزیۆلۆجییەکەیەوە نییە، ئەو کاریگەرییە دەرەکییەش لە هاندانی مەعنەوی و ئەو مانایانەی کە کۆمەڵگە بە دەستی ڕاستی بەخشیوە؛ بەرجەستە دەبێت. چەپ لە کولتووری زۆرینەی کۆمەڵگەکاندا، هێمایە بۆ (لادان، فێڵ، ناشیرینیی، خراپە)، ڕاستیش سیمبولی (بەرزیی، جوانی، پاکی، خێرۆمەندی، ئاشتی، گەورەیی، بەردەوامی و ئازایەتی)یە. ئایین لە ڕێگەی تێزەکانی پیرۆزی (مقدس) و ناپیرۆز (مدنس) و هاوشانی

دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵی هەرەکاریگەر و سێنترالی هەیە. **هێرتز** پێی وایە ئەم بنەما ئەنسرۆپۆلۆجییەیە وا دەکات دەستی ڕاست وەك بەشێك لە جەستە پلەیەکی باڵاتری لە دەستی چەپ هەبێت، لە کاتێکدا بەکارهێنانی دەستی چەپ لە هەندێك پیشەدا کارایی لە دەستی ڕاست زیاترە، یان لانیکەم ئەوانەی دەتوانن هەردوو دەستەکەیان وەك یەك بەکار بهێنن کارایی و لێهاتوویان زیاترە(۳۵۱-۳۵۰: 2013 HERTZ,).

**ماری دۆگلاس** (۱۹۲۱-۲۰۰۷)، خانمە ئەنسرۆپۆلۆجیستی بەریتانی، یەکێکی دیکەیە لەو ئەنسرۆپۆلۆجیستە ئایینییانەی لە بارەی جەستەوە توێژینەوەی بایەخداریان هەیە، ماری لە هەردوو کتێبی (مەترسی و پاکژی: ۱۹٦٦) و (سیمبولە سرووشتییەکان: ۱۹۷۰) بیروبۆچوونەکانی خۆی لە بارەی جەستەوە خستە ڕوو.

**دۆگلاس** وەك میتافۆرێك لە جەستە دەڕوانێت، کە لە ڕێیەوە کۆمەڵگە خۆی نمایش دەکات، پێشی وایە وێنەی جەستە وێنەیەکی تەواو ئامادەی کۆمەڵگەیە و جەستە لە توانایدایە یان ڕاستتر بڵێین ئامادەیە بۆ ئەوەی وەڵامی بیروڕاکانی کۆمەڵگە بداتەوە. هەموو کۆمەڵگەیەك خاوەنی سستمێکە لە ڕێیەوە پۆلێنی پێکهاتەکانی دەوروبەری بە کردار و قسە و هەڵوێست و بیرکردنەوە و هەڵچوون و شتە مادییەکانی دەوروبەری دەکات؛ بۆ پاك و پیس، باش و خراپ و حەڵاڵ و حەرام، پێشی وایە هیچ شتێك بۆ خۆی و لە خۆیدا پیس یان پاك نییە، بەڵکوو پاك و پیس ئاماژەیە بۆ سستمێکی ڕیزبەندیی کۆمەڵایەتی و کولتووری، کە هەر سستمێك تایبەت بە خۆی درووستی کردووە(۹ :۱۹۸٤ :Douglas).

ئایین لەم پرۆسێسەدا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە، ئەگەر فاکتەری سەرەکی نەبێت، ئەوا لە فاکتەرە گرنگەکانە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا، بەڵام لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، زانست جێگەی ئایینی گرتووەتەوە و تا ڕادەیەکی زۆر زانست ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات، یەکێکیش لەو بابەتانەی ئەم پۆلێنکردنەی زۆر بە وردی بەسەردا پیادە دەکرێت جەستەیە، لە هەموو ڕووەکانەوە: کردار، سیما، ئاماژە و جووڵە جەستەییەکانیش.

**ماری دۆگلاس** لە کتێبی (مەترسی و پاکژی)دا ئاماژە بەوە دەدات جەستە مۆدیلێکە و ئاماژەیە بۆ سستمێکی دیاریکراوی خاوەن سنوور، ئەم سنوورە بە هەمیشەیی لەژێر هەڕەشەی ئەوانی دیکەدایە. سنووری جەستە ئاماژەیە بەو سنوورە کولتوورییەی، لە لایەن ئەوانی دیکەوە لەژێر هەڕەشە و مەترسیدایە.پێشی وایە تەنانەت ئەو کاتەی کە سنوورە کولتوورییەکانی کۆمەڵگە ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە و ناسنامەکەی

دەکەوێتە مەترسییەوە، جەستە توانای بەرگریکردنی بەرامبەر هەڕەشەکان زۆرتر دەبێت و زیاتر جەخت لەسەر سنوورە کولتوورییەکەی خۆی و پارێزگاریکردن و بە پاکژهێشتنەوەی جەستە (شلنج، ٢٠٠٩: ١٠٧)

دیسانەوە لە کتێبی (مەترسی و پاکژی)یدا ئاماژە دەدات بەوەی خواردن و بابەتی پاکژی (پاکژی جەستەیی)، لە دیاریکردنی سنووری گرووپە ئایینییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و جەخت لەوە دەکاتەوە جەستە سەنتەری هەموو ئەو شتانەیە کە دێنە ناو کۆمەڵگە و لێشی دەردەچن. **ماری** وای دەبینێت جەستە سیمبولێکە نیشانی دەدات کە چۆن کۆمەڵگە دەتوانێت لە ڕێگەیەوە خۆی نمایش بکات، یاخود لە بەرامبەر کاریگەرییە دەرەکییەکان خۆی بپارێزێت(زکائی و پور، ١٣٩١: ٧٣).

لە دیدی **ماری دۆگلاس**دا، لە جەستە و دەرهاویشتەکانی تێناگەین، ئەگەر وەکوو ئاماژەیەك بۆ کۆمەڵگە سەیری نەکەین، واتە وێناکردنی جەستە وەك ئەوەی وێنەیەکی بچووکی کۆمەڵگە بێت و بونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی بەسەردا جێبەجێ ببێت (Douglas: ١٩٨٤: ١٥١).

## باسی دووەم: تایبەتمەندییە جەستەییەکانی مرۆڤی کورد:

یەکێك لەو بابەتانەی کە ئەنسرۆپۆلۆجیا بایەخی پێ دەدات، جەستەی سرووشتییە. واتە خەسڵەتە بایەلۆجییەکانی مرۆڤ، کە بە بۆماوە و ژینگەی سرووشتی کاریگەرە.

ئەنسرۆپۆلۆجیای سرووشتی وەك لقێکی گرنگی ئەنسرۆپۆلۆجیا، جەخت لە لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی ڕەچەڵەکی مرۆڤ و تایبەتمەندییە جەستەیی و بایەلۆجیەکان و پۆلێنکردنی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی جەستەییان وەك ڕەنگی پێست و چاو و قژ، شێوەی کەللەی سەر، جۆری ئێسکەکانی لاشە دەکاتەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش پۆلێنبەندییان بۆ ڕەچەڵەکی مرۆڤەکان کردووە. هەرچەندە تا ٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا بابەتی ڕەچەڵەکناسی و پۆلێنکردنی مرۆڤ بۆ ڕەچەڵەکی جیاواز لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە جەستەییەکان کارێکی زانستیی باو بوو، بەڵام لە ئێستادا کەمتر ئەو بایەخەی ماوە و بۆ دیاریکردنی ڕەچەڵەك پشت بە پشکنینی DNA دەبەسترێت. هەروەها تێکەڵاویی ڕەچەڵەکەکان لەگەڵ یەکتری لە ئاستێکدایە ئەستەمە بتوانرێت باس لە ڕەچەڵەکێکی بێکاریگەریی و پاك بکرێت(لینتون، ١٩٦٧: ١٨-١٩).

بەداخەوە بەهۆی نەبون یان تازەیی ئەم بوارە زانستییەوە لە هەرێمی کوردستاندا،لێکۆڵینەوەی خۆماڵیمان نییە لەم بارەیەوە،لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو لێکۆڵینەوانەی ڕۆژهەڵاتناس و زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجی لە سەدەی ڕابردوودا سەبارەت بە تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی جەستەی مرۆڤی کورد کردوویانە، تا ڕادەیەکی باش دەتوانێت لە پێشکەشکردنی تایبەتمەندییە جەستەییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی کورد یارمەتیمان بدات.

زانای ڕەچەڵەکناسی ئەمەریکی (**ا. س. هادون**)، لەناو کورددا باسی لە بوونی دوو تایپی جەستەیی کردووە، بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دابەشی کردوون.

**هادون**، لە بارەی تایبەتمەندییە جەستەییەکانی مرۆڤی کوردەوە ئاماژەی بەوەکردووە: "کوردەکانی بەشی ڕۆژئاوای کوردستان سەریان درێژترە، زیاتر لە نیوەیان چاویان شینە و سپیپێستن، ئەمانە لە تێکەڵابوونێکی بەردەوامی ڕەچەڵەکیدا بوون لەگەڵ ئەرمەنی و تورکەکاندا، بەڵام کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە نیوەیان سەریان خڕ یاخود بازنەییە، ڕەنگیان تێرترە، دەموچاویان کەمتر جوانە لە چاو کوردەکانی ڕۆژئاوادا. دەتوانین لە بارەی دانیشتووانی دەشتاییەکانەوە بە هەموو

دڵنیاییەکەوە بڵێین مافی ئەوەیان هەیە خۆیان وا حسێب بکەن کە (نۆردی ڕەسەن)ن و تا ڕادەیەك پارێزگارییان لە ڕەچەڵەکی خۆیان کردووە." (فیلد، ۲۰۰۱: ۱۰-۱۱).

**باسیلی نیکتین**، کە ئەندامی کۆمەڵەی ئەنسرۆپۆلۆجیی پاریس و ئەندامی هەمیشەیی دامەزراوەی جیهانیی زانستی ڕەچەڵەکناسیی مرۆیی بووە، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (کورد، لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی) جەخت لەوە دەکاتەوە؛ لە ڕوانگەی زانایانی ڕەچەڵەکناسییەوە لە نێوان کوردەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستاندا جیاوازی هەیە. کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك ئەوەی (ستوڵز) باسی کردوون ڕەنگئەسمەرن، شێوەی ئێسکەپەیکەریان لە جۆری (Brachycephalic)ە، لەگەڵ فارسەکانی دراوسێیان لە یەك دەچن. بە پێچەوانەی کوردەکانی دانیشتووی ڕۆژئاوای کوردستانەوە کە زانای ڕەچەڵەکناسی (**فون لۆشان**) لە ڕووی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە لە ناوچەکانی کۆمازین نزیك لە قەرەقوچ و لە نەمروداغ نزیك لە دەریاچەی وان و لە زنجیرلی، لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کردون؛ لەو لێکۆڵینەوەیەدا، **فون لوشان**، بۆی دەرکەوتووە لەنێو کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستاندا، ژمارەیەکی زۆر ڕەنگسپی هەیە و شێوەی جومجومەشیان لە جۆری (Dolichocephalic)ە. بە پێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی لە قەرەقوچ نزیك دەریای ڕەش ٦٢% و لە نەمروداغ نزیك دەریاچەی وان ٨٥% و لە زنجیرلی ٣٩%یان ڕەنگی پێستیان سپییە، هەر بۆیە گریمانەی ئەوە دادەنێت کە ئەمانە لە باکووری ئەورووپاوە هاتبنە ئاسیای کۆن(نیکتین، ۲۰۰۷: ٦٣-٦٤).

**د. میهرداد ئیزەدی**، کە بە بنەچە کوردە و وانەبێژی شارستانییەت و زمانەکانەنی ڕۆژهەڵاتی دوورە لە زانکۆی هارڤارد، لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات لە ڕووی تایبەتمەندیی فیزیکییەوە کورد جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ دراوسێکانی نییە، لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی ڕەنگ و تایبەتمەندییە جەستەییەکانەوە لە گەلانی باشووری ئەورووپا و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچن، بەڵام بە گشتی کوردەکان لە ڕووی ڕەنگ و فیزۆلۆژییەوە بە پلەی یەکەم سەر بە ڕەگەزی دەریای ناوەڕاستن، بە گشتی لە دانیشتووانی باشووری ئەورووپا و دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دەکەن." دەتواتین بڵێین دوو لقەڕەگەزی قەوقازی لەناو کورددا دووبارە دەبنەوە:

**١.** ڕەگەزێکی ئەسمەرتری سەرکورت و ناوەندی (سەرخڕ) ی قەوقازیی ئەسڵی کۆن.

**٢.** ڕەگەزێکی مووزەردی جۆری ئەڵپی سەرناوەند و درێژکۆلەی ئەسکەندەناڤی، کە زیاتر لە ناوچەکانی کرماشان و هەمەدان و زاخۆ و ورمێ و شنۆ و ئەوپەڕی باکووری ڕۆژئاوای کوردستان لە شاخەکانی دەریای ڕەش دەبینرێت.

شارنشین و گوندنشینەکان کە تێکڕای درێژییان لە نێوان ٥,٣ تا ٥,٧ پێیە، لە چیانشینەکان کورتترن، کە تێکڕای درێژییان لە نێوان ٥,٧ تا ٦ پێیە. (ئیزەدی، ٢٠١٨: ١٣١) ، هەروەها **مێجەرسۆن**، لە بارەی تایبەتمەندییە جەستەییەکانی کوردەوە تێبینیی دوو تایپی جیاوازی جەستەیی کردووە لە دوو شوێنی جیاوازی کوردستاندا. ئەو پێی وابووە: "ئەگەر لە ڕووی جەستەییەوە سەیری کورد بکەین، لە بەردەم دوو نموونەی سەرەکیداین، نموونەی یەکەم کوردەکانی باکوورە کە لاواز و باڵابەرزن و لووتیان درێژە، لە زۆربەیاندا هەندێ چەمانەوەی لووت هەیە، دەمیان بچووکە و دەموچاویان درێژ و سپییە و زۆرینەیان ڕەنگسپی و قژکاڵن، ئەگەر منداڵێکی لەم جۆرە بخەیتە ناو کۆمەڵێك منداڵی ئینگلیزەوە ناتوانیت بە ئاسانی هەست بە جیاوازییان بکەیت، لەبەر ئەوەی ڕەنگسپییە وەك ئەوان، بەڵام کوردەکانی باشوور، کەمتر باڵابەرزن و بەرزییان کەمترە لە شەش پێ، ناوەندی بەرزیی باڵا لەناو هەندێ خێڵدا پێنج پێ و سێ ئینج بووە". **سۆن** لە بارەی ڕەچەڵەکی کوردەوە ئاماژەی بەوەکردووە ، ئەگەر دەموچاو پێوەر بێت بۆ دیاریکردنی ڕەچەڵەك ئەوا دەتوانین بڵێین کوردەکان و ئەنگلۆسەکسۆنییەکان یەك ڕەچەڵەکیان هەبووە(سۆن، ٢٠١٨: ٣٩٢).

**هێنری فیلد**، توێژەری مرۆڤناسی ئەمەریکی، بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی مەیدانی لە ڕوانگەی ئەنسرۆپۆلۆجیای فیزیکییەوە، لێکۆڵینەوەی پێوانەی جەستەیی بۆ کورد کردووە. **فیلد**، لە ساڵی ١٩٥٠دا بە سەرۆکایەتیی تیمێکی تایبەتی زانکۆی هەرڤارد هاتووەتە کوردستان و لە زاخۆ و ڕەواندز و شێخان و کەرکوك و سلێمانی لێکۆڵینەوەی مەیدانیی لەسەر ڕەچەڵەك و پێوانەی باڵا و کەللەی سەر و دەموچاو و بەشەکانی دیکەی جەستەی مرۆڤی کوردی کردووە و ئەنجامەکەی لە کتێبێکی دووبەرگیدا بڵاو کردووەتەوە. **هێنری فیلد** و تیمەکەی لە بارەی خەسڵەتە جەستەییەکانی مرۆڤی کوردەوە گەیشتوونەتە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

"ڕەنگی پێستی مرۆڤی کورد سپیترە بە بەراورد بە عەرەب، بەڵام ناگاتە ئاستی سپێتیی دەموچاوی ئاشوورییەکان، قژیان قاوەیی تۆخ یان ڕەشە و هەندێ شەپۆلی کەمی تێدایە و ڕەقی مووی قژیان مامناوەندە، چاویان قاوەیی تۆخە، بەڵام سێیەکی دانیشتووانیان چاویان ڕەنگاوڕەنگە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بوونی ڕەگەزێکی شاراوەی سپیی بەهێز تێیاندا، بەشی زۆریان لە لووتیاندا چەمانەوەیەك هەیە و لە هەندێکیشیاندا لووت ڕێکە، دانەکانیان ڕیز و ڕێکە و ماسوولکەیان بەهێزە و حاڵەتی تەندرووستییان باشە. مرۆڤی کورد باڵایان مامناوەندە، قەدیان درێژە و بەڵام ئێسقانیان تا ڕادەیەك کورتە، تەوێڵیان پان و سەریان پان و خڕە." (فیلد، ٢٠٠٠: ٨٠).

به گشتی له بارەی خەسڵەتە جەستەییەکانی مرۆڤی کوردەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە لە کوردستاندا دوو تایپی سەرەکیی جەستە هەیە.
تایپێکی ڕەنگ ئەسمەری باڵاکورتی سەرخڕ، کە تایبەتمەندیی دانیشتووانە ڕەسەنەکەی کوردستانە و بە قەوقازی ئەسڵی یاخود دەریای ناوەڕاست ناو دەبرێن و زیاتر لە جووتیارەکان و دانیشتووانی شار و گوندەکان خۆیان بینیوەتەوە و پێیان وتراوە *گۆران*. لەگەڵ ئەو هۆزە هیندۆئەورووپییانەی کە لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین هاتوونەتە ناوچەکە، وەك مادەکان و میتانییەکان و هیتییەکان، کە دەموچاویان درێژتر بووە و مووزەرد و پێستڕۆشنتر بوون لە چاو دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکە و باڵایان بەرزتر بووە و ڕێژەی چاوی کاڵ یان شینیان لەناودا زۆر بووە.
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا وەك **میهردادی ئیزەدی** ئاماژەی پێ داوە: "کارێکی زەحمەتە بتوانین لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا باس لە لەیەکچوونی تەواوی تایبەتمەندییە جەستەییەکانی خەڵکی کوردستان بکەین، چونکە کوردستان بۆ ماوەی هەزاران ساڵ سەرزەمینی کۆچ و جەنگی بەردەوام بووە، بە نموونە هەرچەندە (جەستەی باریك) یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕەگەزی مۆنگۆلی، کەچی لە کوردستاندا دەبینرێت؛ بە هۆی هاتنی تورکەکانەوە بۆ ئەم ناوچەیە لە سەدەی دوانزەهەمی زایینی و تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ کورددا بە هۆی ژنوژنخوازییەوە(ئیزەدی، ٢٠١٨: ١٣٢).

## باسی سێیەم: جەستەی کولتووریی لە کۆمەڵگەی کوردیدا:

لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا شێوازێکی کولتووریی (النمط الثقافي) دیاریکراو هەیە، کە بریتییە لە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی فیکری و ڕەفتاریی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی گرووپێکی دیاریکراودا و لە شێوەی چەند خەسڵەتێکی کولتووریی (السمات الثقافية) هاوبەشدا دەردەکەوێت.

بە تێڕوانینی (**كلايد كلاكهون**) هەر کولتوورێك شێوازێکی دیاریکراوی جلوبەرگ و خسڵەتی جەستەیی دیاریکراو بەسەر ئەندامەکانیدا دەسەپێنێت. لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان لە ڕەفتارەکانیاندا دەگەڕێنەوە بۆ شارەزاییەکانیان و لەبەر ئەوەش کە سەرچاوەی شارەزاییەکانیان بریتییە لە کولتوورێکی هاوبەش، کەواتە ئاساییە ڕەفتار و خەسڵەتی هاوبەش لە نیوان ئەندامانی گرووپێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو بێتە ئاراوە(دیاب، ١٩٩٦: ١٢٣).

لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونەوە، تەنانەت بەر لە لەدایکبوونیش کولتوور نەخشی خۆی لەسەر جەستەی مرۆڤ هەڵدەکۆڵێت. لە ڕێگەی ئاراستە کولتوورییەکان و نەریتییەکانی کاتی سکپڕی لەپێش لەدایکبوون و ڕاهێنان و دەستکاریکردن و دووبارە داڕشتنەوەی جەستە لە دوای لەدایکبوونەوە.

جەستەی منداڵ، لەبارترین کەرەستەیە بۆ دەستکاریکردنی لە لایەن کۆمەڵگەوە، چونکە جەستەی منداڵ گونجاوە بۆ هەموو کارتێکەرە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان؛ وەك خێزان و پەروەردە و کۆمەڵگە، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان بەسەریدا. (محمد، ٢٠١٥ : ٥٣) لەم ڕوانگەیەوە، زانایانی ئاراستەی بونیادی کۆمەڵایەتی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، وا سەیری جەستە دەکەن کە بابەتێکی کۆمەڵایەتییە و لە لایەن کۆمەڵگەوە درووست دەکرێت. لە ڕوانگەی ئەوانەوە جەستە بریتییە لە وێنەیەکی بچووککراوەی کۆمەڵگە و دەبێتە هەڵگری هەموو خەسڵەتەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی.

دەتوانین بڵێین جەستە یەکێکە لە گونجاوترین ئەو بابەتانەی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، ئامادە بووە بۆ ئەوەی سەدان نیشانە و کۆدی کولتووریی جیاجیای لەسەر دەربکەوێت.

هەر جەستەیەك لە كۆمەڵگەدا، هەڵگری سەدان و بگرە هەزاران كۆد و نیشانەی كولتووریی جۆراوجۆرە، كە تەنها لە ڕێگەی كولتوورەوە دەتوانین كۆدەكانی بكەینەوە و لە نیشانەكانی تێبگەین. بەشێكی گرنگ لە كاری ئەنسرۆپۆلۆجیای كولتووری، بریتییە لە دۆزینەوە و ئاشكراكردنی ئەو كۆدە كولتوورییانە. لە كاتێكدا سۆسیۆلۆجیا بە دوای ڕۆڵ و كاریگەریی ئەو كۆد و سیمبولانە لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا دەگەڕێت.

لە ڕوانگەی سیمبولناسیی كولتوورییەوە، هەموو شتەكانی دەوروبەرمان دەورە دراون بە سیمبول و نیشانەی جۆراوجۆر لە چوارچێوەی سستمێكی كۆمەڵایەتیی دیاریكراودا، هیچ نیشانەیەكیش نابێتە سیمبول- لە چوارچێوەی كولتوورێكی دیاریكراودا نەبێت(سرحان، ٢٠٠٨، ٦٠).

بە واتایەكی دیكە، ئەركی نیشانەكان بریتییە لە بەرهەمهێنانی مانا لە ڕێگەی بەسیمبولكردنیانەوە. بەڵام بۆ ئەوەی نیشانەیەكی دیاریكراو و مانایەكی سیمبولی وەربگرێت، پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ قووڵایی كولتوور و سستمێكی كۆمەڵایەتیی دیاریكراو. لەم ڕوانگەیەوە جەستە نیشانەیەكی كولتوورییە، كە لە چوارچێوەی بوونی كۆمەڵایەتییانەی لەناو كولتوورێكی دیاریكراودا ڕەهەندی سیمبولی وەردەگرێت(توهامی، ٢٠١٢-٢٠١٣: ١٦).

ئەنسرۆپۆلۆجیا یەكێكە لەو زانستانەی گرنگییەكی زۆری بە جەستەی كولتووری داوە. ئەم كارەش لە چوارچێوەی پرۆسەی "بەكولتووریكردن"دا درووست بووە، كە هەموو بوارەكانی ژیان دەگرێتەوە- بە جەستەشەوە.

جەستەی كولتووری ئەو جەستەیەیە، كە بە پرۆسەی بەكولتووریكرندا تێپەڕیوە و ئامادە كراوە بۆ ئەوەی ببێتە جەستەیەكی كۆمەڵایەتی و خاوەن تایبەتمەندیی هاوبەش لەگەڵ جەستەكانی دیكەی كۆمەڵگادا، تا لە ڕێگەیەوە بەشداریی ژیانی كۆمەڵایەتی بكات، بەم هۆیەشەوە بووەتە هەڵگری سیمبولی تایبەت كە ڕۆڵ و گرنگیی خۆیان هەیە لە دیاریكردنی پێگە و ڕۆڵی كەسەكان لە كۆمەڵگە لە لایەك و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی لە لایەكی دیكەوە.

كولتوور لە كۆمەڵگەی كوردیدا بە هەموو ڕەگەز و توخمەكانییەوە بەشداریی گرنگی هەیە لە داڕشتنی جەستەی مرۆڤی كورددا و كردوویەتی بە خاوەنی جەستەیەكی كولتووریی جیاواز و سەربەخۆ، كە بە ئاسانی پێی دەناسرێتەوە و مۆركێكی تایبەتی پێ بەخشیوە.

بە ڕای **سبنسر** كولتوور بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی كە دەكەونە سەرەوەی ئەندامییەوە. (ابو القاسمی، ٢٠٠٨: ٦١)، لەسەر ئەم بنەمایە هەر دەستتێوەردانێك لە

جەستەی سرووشتی دەکرێت وەك کردەیەکی کولتووری لێك بدەینەوە. ئەم پرۆسەیەش لە یەکەم چرکەساتی لەدایکبوونی مرۆڤەوە دەست پێ دەکات تا مردنی.

بە نموونە، یەکێك لەو بابەتانەی سەرنجی **هادۆن**، زانای بواری ڕەچەڵەکناسی و **هێنری فیلد**، زانای ئەنسرۆپۆلۆجیی ئەمەریکیی ڕاکێشاوە، تەختیی پشتەسەری مرۆڤی کوردە، بە هۆی نەریتی بەخێوکردنی منداڵ لە بێشکەدا لە ساڵەکانی سەرەتای تەمەنیدا. لە ڕوانگەی ئەو زانایانەوە بە هۆی ئەم نەریتەوە بە ئاسانی شێوەی ئاسایی کەللەی سەر شێواوە و بە ئاسانی ناتوانرێت پۆلێنبەندی بۆ مرۆڤی کورد بکرێت لەسەر بنەمای شێوەی کەللەی سەر(فیلد، ٢٠٠١: ٧٥).

تێبینی دەکرێت، هەتا ئێستاش لە کۆمەڵگەی کوردیدا کاتێك منداڵێکی تازە لە دایك دەبێت، ژنانی بەتەمەنی ناو خێزانەکە لە ڕۆژی یەکەمی لەدایکبوونیدا سەری منداڵەکە دەگوشن و دەست دەنێن بە تەختی ناوچاوانیدا بۆ ئەوەی ناوچاوی قۆقز نەبێت و تەخت بێت. هەندێ جاریش بە پەڕۆیەك بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك ناوچاوانی دەبەستن تا قاڵب بگرێت بەو شێوەیەی دەیانەوێت. ئەم دیاردەیە هەتا ئێستاش لەناو هەندێ لە خێزانەکاندا پەیڕەو دەکرێت، هەروەها خێزانەکان لە سەرەتاوە منداڵەکانیان ڕادەهێنن، لەسەر چەندین ڕەفتاری جەستەیی جیاواز و دەستتێوەردان دەکەن لە جەستەی منداڵەکانیاندا لە ڕێگەی ڕاهێنان و ڕاستکردنەوە و ڕێکخستنی جەستەیی منداڵەکانیان بە جۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ داواکراوە کولتوورییەکانی ناو کۆمەڵگەدا.

جەستەی کولتووری لە ڕێگەی کولتوورەوە دادەڕێژرێت و بە پێی دواکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان نمایش دەکرێت. هەندێك لە شارەزایان بۆ نمایشکردنی جەستە لە فەزای گشتیدا، چەمکی جەستەی دەرەکی بەکار دەهێنن، هەندێکی دیکەش باس لە چەمکێکی دیکە دەکەن کە پێیی دەوترێت "ڕواڵەتی جەستەیی"، کە بریتییە لە جەستە و هەموو ئەو شتانەی لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتووە وەك دەستکاریکردن یان ڕێکخستنی جەستە و ئەو شتانەی کە جەستەیان پێ داپۆشراوە وەك جلوبەرگ و ئارایشت و ئێکسسوارات و شێوازی بڕینی قژ و ڕیش و سمێڵ یاخود هێشتنەوە و ڕێکخستنیان (عبدالله، ٢٠١٣-٢٠١٤: ٥٦).

**فرانسواز شینی فوجیراس**، ئاماژە بەوە دەکات جەستەمان دراوێکی کولتوورییە، لەژێر کاریگەریی واقیع و ژینگەی کۆمەڵایەتیدایە، دەقێکە بمانەوێت یان نا، ئاماژە جەستەییەکانمان، حاڵەتی وەستان و جووڵە جەستەییەکانمان، جلوبەرگمان، ڕیش و سمێڵ و مووەکانی جەستەمان لە بەردەم خوێندنەوەی ئەوانی دیکەدا کراوەن(ابراهیم، ٢٠٠٩: ١٢١).

لەسەر ئەم بنەمایە لەم توێژینەوەیەدا باس لە چوار ڕواڵەتی جەستەیی دەکەین لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە بە ڕادەیەکی زۆر جەستە تێیاندا وەك دراوێکی کولتووریی دەردەکەوێت و بریتین لە جلوبەرگ و خۆڕازاندنەوە و جوانکاری و هەڵپەڕکێ و خاڵکوتان.

**یەکەم: جلوبەرگ:**

یەکێك لە گرنگترین ئەو سیمایانەی کە جەستەی کولتووریی تێدا دەردەکەوێت پەیوەستە بە جلوبەرگ و پۆشاکەوە. وەك **ڕۆلان بارت** وتویەتی: ناتوانین باس لە جەستەی مرۆڤ بکەین، بەبێ باسکردن لە جلوبەرگ، لەبەر ئەوەی جلوبەرگە وا دەکات جەستە وەك دالێکی هەستپێکراو هەڵگری مەدلوولی کولتووریی تایبەت بە خۆی بێت(سابیلا و بنعبدالعالی، ١٩٩١: ٤٨).

لە سەرەتای مێژووەوە بیرکردنەوە لە پاراستنی جەستە لە کارتێکەرە سرووشتییە سەختەکان مرۆڤی ناچار کردووە لە هەر قۆناغێکی مێژوویيدا بە پێی توانا ماددییەکانی بەردەستی و بیروباوەڕ و تێگەیشتنی بۆ دونیا، بیر لە دابینکردنی جێگە و خواردن و جلوبەرگ بکاتەوە. لە ڕوانگەی ئەنسرۆپۆلۆجیای کولتوورییەوە خانوو و پۆشاك بە یەکێك لە سیماکانی شارستانییەت دادەنرێن، کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە هەر قۆناغێکی مێژوویی جیا بکرێتەوە، چونکە گوزارشتە لەوەی کۆمەڵگایەك خەریکی خۆگونجاندنە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە سەرەکییەکانی. لە کۆمەڵگەی تەقلیدیدا، کە مرۆڤ نەیتوانیوە بەسەر سرووشتدا زاڵ بێت، هەوڵی داوە خۆی لەگەڵ دۆخی سرووشتیدا بگونجێنێت، شێواز و جۆری ئەو خۆگونجاندنە بریتی بووە لە کولتوور. وەزیفەی توخمە کولتوورییەکانیش لەم قۆناغەدا بە پلەی یەکەم بریتی بووە لە وەڵامدانەوەی سرووشت و خۆگەنجاندن لەگەڵیدا. ئەم یاسایە بۆ جلوبەرگیش وەك توخمێکی کولتووریی ڕاستە، لە قۆناغێکی مێژوویيدا مرۆڤ پۆشاکی داهێنا، وەك وەڵامێك بۆ پێویستییە وەزیفییەکانی کە پاراستنی جەستە و داپۆشینی جەستەی بوو، لە دواتریشدا وەك پێویستییەکی جوانکاری و بە مەبەستی ڕازاندنەوە و نیشاندانی جەستەی بە شێوەیەکی جوان و هاوشێوە لەگەڵ جەستەی ئەوانی تردا (رشید، ٢٠٠٦-٢٠٠٧: ٦٧-٦٨).

لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکاندا جلوبەرگ ڕۆڵی بەیانکردن (الاشهار) دەبینێت بۆ پیشاندانی ناسنامەی کەسێك لە ڕووی تەمەن و ڕەگەز و چینی کۆمەڵایەتییەوە.

لەم ڕوانگەیەوە باس لە جلوبەرگی کوردیی نەریتی دەکەین وەك یەکێك لە سیما سەرەکییەکانی جەستەی کولتووری، کە دەتوانین بە جەستەی دەرەکی یان جەستەی بێدەنگ ناوی بەرین.

جلی کوردیی نەریتی بە گشتی خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و بە ئاسانی لە جلوبەرگ و پۆشاکی نەتەوەکانی دراوسێی جیا دەکرێتەوە.

لەم ڕووەوە، هەندێ لە گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسان دانیان بە تایبەتمەندیی جلوبەرگی کوردیدا ناوە، لە چاو جلوبەرگی دراوسێکانیدا(بڕوانە پاشکۆی ژمارە -٢).

**پیتەر دلاواله**، ئاماژەی بەوە کردووە "جلوبەرگی کوردی جیاوازە لە جلوبەرگی ئێرانی و تورکی" هەروەها **بنیامین** ئاماژەی بەوە کردووە "پۆشاکی کوردی شێوەیەکی تایبەتی هەیە، کە جیاوازە لە جلوبەرگی تەواوی گەلانی ئێران"(اقا بیگی، ١٣٩٢: ٣).

لەسەروو هەموو فاکتەرەکانەوە، پەیوەندییەکی ئیکۆلۆجیی بەهێز هەیە، لە نیوان جلوبەرگی کوردی و ژینگە سرووشتییەکەیدا، جلوبەرگی کوردی بەرهەمێکی کولتوورییە، بە ئامانجی خۆگونجاندن لەگەڵ سرووشتە شاخاوی و سارد و بەفراوییەکەی کوردستاندا.

لەم ڕووەوە، **میهرداد ئیزەدی**، ئاماژەی بەوە کردووە جلوبەرگی کوردیی تەقلیدیی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی ژینگەی سرووشتیدایە، ئەمەش بە ئاشکرا لە بەکارهێنانی ئەو هەموو ڕەنگەدا دەردەکەوێت کە لە جلی کوردیدا هەیە. (ئیزەدی، ٢٠١٨: ٤٤٩)، هەروەها **شاکر خەسباك**، ئاماژە بەوە دەکات جلوبەرگی کوردی بە تەواوی لە گەڵ ژینگە سرووشتییەکەیدا گونجاوە، ئەمەش لەم ڕوانەی خوارەوە بە تەواوی دەردەکەوێت:

**١.** شەڕواڵی کوردی وا درووست کراوە گونجاو بێت بۆ هەڵگەڕان بە شاخ و پارێزگاری لە بەشی خوارەوەی جەستە دەکات.

**٢.** کڵاوی سەر، وادرووستکراوە توانای پارێزگاریی سەری هەبێت لە سەرما و کارتێکەرە دەرەکییەکان.

**٣.** پشتێنی کوردی تایبەتمەندیی زۆرە، لەوانە گەرمکردنەوەی ناوچەی کەمەر، پارێزگاری لە بڕبڕەی پشت لە کاتی هەڵگەڕان بە شاخدا. (خصباك، ٤٤١، ١٩٧٢).

لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییە جیاکەرەوانەی لە جلوبەرگی کوردیدا هەیە، هێشتا ئەستەمە بتوانین جلوبەرگێکی تایبەتی وەك جلوبەرگی نەتەوەیی کورد بناسێنین. چونکە جلوبەرگی کوردی زۆر و جۆراوجۆرن و بە پێی ناوچەکانی کوردستان جیاوازییان لە شێواز و ڕەنگ و هەندێك وردەکاریدا هەیە.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆرجار وا ڕێك کەوتووە ڕەنگ و شێوازی جلوبەرگ نیشانە بێت بۆ ئینتیمای خێڵەکی و ناوچەیی، یاخود ئایینی، لەم ڕووەوە **شمیدت** ئاماژەی بەوەکردووە"کوردەکان زۆر شانازی بە جلوبەرگەکانیانەوە دەکەن، هەرچەندە لە هۆزێکەوە بۆ هۆزێکی دیکە لە ڕووی ڕەنگ و شێوازی بەستنی جامانە و جۆری قوماش و شێوازی بەستنی پشتێنەوە جیاوازییان هەیە(سندی، ٣٩٤: ٢٠٠٢).

ئەوەی ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت کاریگەریی ژینگەی سروشتی کوردستانە لەسەر جلوبەرگی نەریتی کوردی.

**باسیلی نیکتین** وتویەتی "ئەو شتەی هاوبەشە لە نێوان جلوبەرگ و پۆشاکی کوردیی هەموو ناوچەکاندا ئەوەیە، کە جلی کوردی تەنها بە یەك ڕەنگەوە ناگیرسێتەوە، بەڵکوو جلوبەرگێکی ئاڵوواڵایە، کە هەمیشە سەیرکەر بە جوانییەکەیان سەرسام دەکەن. تێکەڵاوکردنی ڕەنگە جیاوازەکان لە جلوبەرگی کوردیدا ئەو بڕوایە درووست دەکات، ئەو سرووشتەی دەوری کوردی داوە لە لەوەڕگا سەوز و ڕازاوەکاندا بە گوڵ و بەفری سپی، ئاسمانی شین و ئاوی دەشت و کانیاوەکان، هەموویان ڕۆڵیان هەبووە لەوەی کە جلوبەرگی کوردی سەلیقەیەکی بەرزی تێدا بەکار هاتبێت، هەروەها **دیکسون** ئاماژەی بەوە داوە، ئەو کوردانەی کە لە بەرزاییەکانی ئەرمینیا دەژین، جلوبەرگی وەها لەبەر دەکەن کە لە قەبارەی خۆیان گەورەتر نەبێت، شەرواڵەکانیشیان بە هەمان شێوەیە، تا ڕادەیەکی زۆر تەسکترە لە چاو شەرواڵی کوردیی ناوچەکانی باشووردا. لەسەر کەمەریان هەمیشە پشتێنی ئەستوور دەبەستن، بە زۆری چەکدارن و خەنجەریان پێیە، بەڵام لە باشووری کوردستان، جلوبەرگی کوردی فراوانترە لە چاو جلوبەرگی کوردەکانی باکوور، لە بەشی سەرەوە و لە دواوە شەڕاواڵیان فراوانە، کراسێکی کورت کە زۆر جار سپییە لەبەر دەکەن، کڵاوی سەریان بریتییە لە پارچەیەکی سپیی قووچەکی کە لە لباد درووست کراوە و لە چواردەوریدا مەندیلێکی سپی و شین دەبەستریێت، هەروەها کوردەکان بەوە دەناسرێن کە لەسەر کەمەریان پشتێنێکی پان و درێژی ڕەنگاوڕەنگ دەبەستن، زۆرجار خەنجەرێکی گەورەی دەسکزیوی تابلۆکە جوانتر دەکات(نیکتین، ٢٠٠٣: ١١٨).

بە گشتی جلوبەرگی پیاوانەی کوردی بۆ دوو جۆر دابەش دەبێت، شەبەك و شلك لە ناوچەکانی باکوور و ڕانگوچۆغە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری کوردستان.

ڕۆژهەڵاتناسەکان سەرەنجی ئەوەیان داوە، کە هەندێ جیاوازی لە نێوان جلوبەرگی خێزانە ئەرستۆکرات و دەستڕۆیشتووەکاندا هەبوە لەگەڵ خەڵکانی ئاسایی، چ لە جۆری

قوماش و ئەو پارچانەش کە لەبەریان کردوون، بۆ نموونە لەبەرکردنی کەوایەکی درێژ بەسەر جلی کوردیدا لەناو بنەماڵە خانەدان و میر و بەگزادەکاندا باو بووە.

لەگەڵ هەموو تایبەتمەندییەکانی جلوبەرگی کوردیدا، بەڵام بێ کاریگەری نەبووە لە کارتێکردنی کلتووری لە لایەن دراوسێکانییەوە، بە نموونە **ڕیچ** کە لە ١٨٢٠ لە سلێمانی سەردەمی بابانەکان ژیاوە، لە یاداشتەکانیدا باسی لەوە کردووە "جلوبەرگی کوردیی پیاوان، لە ڕووی کوتاڵ و شێوەی دروستکردنەوە زۆر لە جلوبەرگی تورکی دەچێت، جگە لە میر هەندێکی تریشیان چۆغە یان سەڵتە و جبەی شاڵی ئەنقەرەیی دروستکراو لەبەر دەکەن".(ریچ، ٦٤، ٢٠٠٢). هەڵبەتە ئەمەی **ڕیچ** باسی کردووە جلی میرەکانی بابان و دەستوپێوەندەکانیان بووە، ئەگینا جلی خەڵکی سادە بریتی بووە لە شەڕواڵ، کراس، چۆغە، پشتێن، کڵاو و جامانە، کە زۆرجار لە قوماشی هەرزان درووست کراون.

بە نزیکەی ١٠٠ ساڵێك لە دوای **ڕیچ**؛ **میجەر سۆن** لە سلێمانی تێبینیی ئەوەی کردووە کە جلوبەرگی کوردیی شارەکە بە پیاوانە و ژنانەوە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی جلوبەرگی عەرەبییەوە(سون، ٢٠١٨: ٢٩٤).

جلی کوردیی ژنانە، هەرچەندە پارچە بنەڕەتییەکانیان هەر یەکە، بەڵام لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە لە ڕووی کڵاوی سەر و پشتێنی کەمەر و جۆری دروونی کراسەکانیانەوە جیاوازییان هەیە.

لە باکوور، جلی کوردیی ژنانە تا ڕادەیەك سادەیە، بەڵام جلی کوردی لە ناوەڕاست و باشوور تا ڕادەیەکی زۆر ئاڵۆزە(نیکتین، ٢٠٠٣: ١٢٠-١٢١).

**سۆن** لە بارەی جلی ژنان لە موکریان و سنە نوسیویەتی:بەوە دەناسرێن کە سەروکڵاوی گەورە لەسەر دەکەن و بڕێکی زۆر لە دەسڕۆکەی حەریری ڕەنگاورەنگی پێوە دەئاڵێنن، جلی کوردیی ژنانە وێڕای ئەوەی کە جلوبەرگێکی ئاڵووالایە و سەرتاپای جەستەی ژن دادەپۆشێت"(بڕوانە پاشکۆی ژمارە -٣)، بەڵام وەك **سۆن** دەڵێت:"حیجاب بە تەواوی لە لای کوردەکان نەناسراو بووە و ژنانی کورد هەرگیز ڕووی خۆیان نەشاردووەتەوە". (سۆن، ٢٠١٨: ٣٩٥).

دیاردەی پەچە لەناو لادێنشینی کورددا نەبووە، بەڵام لە شارەکاندا و لەناو خێزانی دەوڵەمەند و خانەدانەکانی شاری سلێمانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەکار هاتووە.

یەکێك لەو فاکتەرانەی کاریگەریی لەسەر جلوبەرگی کوردی هەبووە، بریتییە لە فاکتەری ئایینی.

پەیڕەوانی زەردەشتییەت دەڵێن ڕەنگاوڕەنگیی جلوبەرگی کوردی ژنانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەژێر کاریگەریی ئایینی زەردەشتدایە، چونکە زەردەشت هانی داون کە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ لەبەر بکەن و ئاهەنگ بگێڕن. (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسرەوان قادروك:١).

**شاکر خەصباك** ئاماژەی بەوەکردووە دەتوانرێت هۆزی مرۆڤی کورد و تەنانەت ئایینەکەشی بە هۆی جامانەکەی سەرییەوە جیا بکرێتەوە. هۆزی جاف و هەورامییەکان جامانەی گەورە لەسەر دەکەن، خەڵکی سلێمانی کڵاوجامانەیان لە ڕووی قەبارەوە تا ڕادەیەك مامناوەندە، بەڵام ناوچەکانی خوارووی سلێمانی جامانەیان تا ڕادەیەك بچووکە، بە گشتی هەتاوەکوو بەرەو باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕۆیت قەبارەی جەمانە گەورەتر دەبێت. (خصباك، ١٩٧٢: ٤٢٢) (بڕوانە پاشکۆی ژمارە -٤).

زەردەشتییەکان، سێ گرێ لە پشتێنەکانیان دەدەن وەك هێمایەك بۆ سێ درووشمە سەرەکییەکەی ئایینی زەردەشتی (ئەندێشەی چاك، گوفتاری چاك، کردەوەی چاك). (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسرەوان قادرۆك: ١) ئەم نەریتەش هەتا ئێستا لە هەندێك ناوچەی کوردستان بە تایبەتی لە بادینان پەیڕەو دەکرێت. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە -٥).

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین جلوبەرگی پیاوانی ئایینی لەناو کوردانی زەردەشتی و موسڵمان و کاکەیی و ئیزەدیدا، لەگەڵ خەڵکی ئاسایی جیاوازیی هەیە. ئەم جیاوازییە لە جلوبەرگی پلەئایینییە جیاوازەکانی ناو ئیزدیایەتیدا دەگاتە ترۆپکی خۆی، چونکە جلوبەرگی ئایینی لەناو سستمی ئایینی ئێزەدیدا بە شێوەیەکی زۆر ورد و باڵکێش ڕێك خراوە، هەروەها، **میهردادی ئیزەدی**، سەرنجی ئەوەی داوە کڵاوە لبادە قووچەکییە درێژەکەی ناوچەی شاخی شەنگار، پەیوەندیی بە باوەڕی ئایینییانەوە هەیە، هەروەك لەسەرکردنی کڵاوی سوور لەناو کوردە عەلەوییەکاندا ئاماژەیەکی ئایینییە هاوشێوەی قزڵباشەکان(ئیزەدی، ٢٠١٨، ٤٥١).

سەبارەت بەو کەرەستانەی کە جلوبەرگی کوردیی لێ درووست دەکرێت، بە گشتی دەتوانرێت بکرێن بە دوو بەشەوە. کەرەستە خۆماڵییەکان کە بریتی بوون لە خوریی مەڕ و تووکی بزن، لەگەڵ قوماشی هاوردەکراوی بیانی.

**باسیلی نیکتین** ئاماژە بەوە دەکات، کوردەکانی ناوچە بەرزاییەکان جلوبەرگەکانیان لە کەرەستەی خۆماڵی و خوری و تووکی بزن درووست دەکەن و پشت بە قوماشی هاوردەکراو نابەستن، دوای شیکردنەوە و ڕستنی خوری و مووەکان جلوبەرگی لێ

درووست دەكرێت، كە زۆر بەهێز و پتەوە و یارمەتیی پاراستنی جەستە لە كارتێكەرە دەركییەكان دەدات(نیكیتین، ٢٠٠٣: ١٣٢).

ئەم جۆرە جلوبەرگەی كە باسیلی نیكتین ئاماژەی پێ داوە لە ناوچە شاخاوییەكانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی كوردستانیش درووست كراون و هەتا ئێستاش خواستێكی زۆریان لەسەرە، بە تایبەتی قاتی شاڵ، كە لە ناوچەی هەورامان و بادینان درووست دەكرێن و بە زۆری لە بۆنە و جەژن و كۆبوونەوە بەكۆمەڵەكاندا لە بەر دەكرێن.

سەبارەت بە پێڵاو، **ئەدمۆندز** باسی لە دوو جۆرە پێڵاو كردووە. یەكەمیان كەوشی چەرمی درووستكراوە لە پێستی گا و ئەوی تریشیان كڵاشی درووستكراوە لە دەزوولەی خوری، لەگەڵ بەكارهێنانی هەندێ پارچەی دیكەی ئاژەڵەكان بۆ درووستكردنی ژێری كڵاشەكە(ئیدمۆندز، ٢٠٠٤: ١٣٢).

دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەر چاو بگیرێت كە ئێستا دانیشتووانی شارنشینی كورد لە ژیانی ڕۆژانەدا لە زۆربەی شارەكانی كوردستاندا جلی كوردی لەبەر ناكەن، بەڵكوو زیاتر جلوبەرگی فەرەنگیی باو لە بەر دەكەن، كە بە هۆی شەپۆلی جیهانگیرییەوە لە زۆربەی وڵاتانی دونیا لە بەر دەكرێت. بەڵام لە بۆنە و ئاهەنگە نەتەوەیی و ئایینییەكاندا دەگەڕێنەوە بۆی و وەك جلوبەرگێكی كولتووری سەیری دەكەن. بەڵام لە لادێكانی كوردەواریدا هێشتا جلی كوردی جلوبەرگی سەرەكییە و لە هەندێ شاری كوردییشدا لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان وەك سیمبولی بەرگریی لە شارەكاندا لە بەر دەكرێت، دوای ئەوەی كە لە سەردەمی پاشایەتیدا لەبەركردنی لە فەرمانگەكانی میریدا قەدەغە كرابوو(كرینبروك و ئالیسۆن،٢٠٠٨: ٢٠٥).

جلوبەرگی كوردی هەڵگری كۆمەڵێك مانا و دەلالەتی جیاجیایە لەناو خۆیدا، كە بە هۆیەوە چالاكیی بەكارهێنەرانی سنووردار دەكات، هەروەها زۆربەی جار جلوبەرگی كوردی ئاماژە بووە بۆ تەمەن و ڕەگەز و ئایین و ڕادەی پابەندیی ئایینی و پلەوپایەی كۆمەڵایەتی و ئەو بارودۆخە كۆمەڵایەتییەی كە تیایەتی.

بۆ نموونە، جلی كوردیی منداڵان وێنەیەكی بچووكراوەی جلی كوردیی پیاوان و ژنانە، سەبارەت بە ڕەنگەكان هەر لە منداڵییەوە كچ لەگەڵ ڕەنگی پەمەیی و سوور و كوڕ لەگەڵ ڕەنگی شین ڕادەهێنرێن.

سەبارەت بە جلوبەرگی گەنجان، ئەو ڕەنگانەی كە گەنجان بەكاری دەهێنن زیاتر ڕەنگی زەق و ئالووالایە و هەتا تەمەن زیاتر بەرەو هەڵكشان بچێت ڕەنگەكانی جلوبەرگ تاریكتر دەبن. بە تایبەتی لە لای ڕەگەزی ژنان. بێوەژن، كەمتر ڕێگەی ئەوەی پێ دەدرێت جلی ڕەنگاوڕەنگ و زەق لە بەر بكات، هەروەها لە نێوان ئەو جلوبەرگانەی

بۆ پرسە و کاتی ناخۆشی لە بەر دەکرێن لەگەڵ جلوبەرگی بۆنە و ئاهەنگەکاندا جیاوازی هەیە. بە گشتی لە کاتی پرسە و تازیەباریدا سوود لە ڕەنگی ڕەش و ڕەساسی یان ڕەنگی تاریك وەردەگیرێت و بە هیچ جۆرێك نابێت ڕەنگی جلوبەرگ سوور بێت.

زۆر جار ژنێك کە مێردەکەی مردبێت نەریت پابەندی دەکات کە بۆ ماوەیەکی درێژ ڕەنگی ڕەش بپۆشێت. یان کەمتر سوود لە ڕەنگە زەقەکان وەربگرێت.

بە گشتی جلوبەرگی کوردیی نەریتی، جۆرێك بووە لە جۆرەکانی پابەندیی کۆمەڵایەتی و زیاتر لەسەر بنەمای لەیەکچوون و بەشداریی کۆمەڵایەتی و ئەندێشەی بەکۆمەڵ (الذکرة الجمعیة) بونیات نراوە، بەڵام جلوبەرگ لە ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا زیاتر لەژێر کاریگەریی مۆدە جیهانییەکاندایە و زیاتر ئاماژەی تاکگەرایی بەسەریدا زاڵە تاوەکوو دابونەریت.

**دووەم: خۆڕزاندنەوە:**

سیمایەکی دیکەی جەستەی کولتووریی بریتییە لە خۆڕازاندنەوە و ئەو خشڵ و کەلوپەلانەی وەك ئێکسسوارت بۆ ڕازاندنەوەی جەستە بەکار دەهێنرێن.

لە ڕووی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە خۆڕازاندنەوە هەموو تەکنیکەکانی جوانکاری دەگرێتەوە، ئامانجەکەی گۆڕینی جەستەیە لە حاڵەتێکی سرووشتییەوە بۆ جەستەیەك، کە هەڵگری خەسڵەتی کولتووری بێت. هەموو ئەو دەستتێوەردانانەی ئامانجەکەیان پێدانی بەهای جوانییە بە جەستە، لە پرۆسەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کاریگەرییان هەیە و وێنەی زەینیی جیاواز لە لای تاك و کۆمەڵگە جێ دەهێڵن(الزاهی، ١٩٩٩: ٩٤).

هەر لە کۆنەوە مرۆڤ هەوڵی داوە بە سوودوەرگرتن لە کەرەستەکانی بەردەستی، لە پێناو ئەوەی جەستەیەکی نموونەیی پێشکەش بکات خۆی بڕازێنێتەوە، یاخود بە گونجاوترین شێوە جەستەی نمایش بکات. بەکارهێنانی کەرەستەکانی خۆڕازاندنەوە جگە لەوەی نیشانەیەکی کولتووری و جیاکەرەوەی خێڵێك یان کۆمەڵگەیەك یان ناوچەیەك بووە لە خێڵ و ناوچە و کۆمەڵگەیەکی دیکە، لە هەمان کاتدا هۆکارێکیش بووە بۆ بردنەسەرەوەی بەهای کۆمەڵایەتیی جەستە. جگە لەوەی لە کرۆکیدا ئینتیمای کۆمەڵایەتیی پیشان داوە، لە هەمان کاتدا ئاماژەی دەسەڵاتی ئابووری و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و بەهای جوانیناسیی جەستە بووە.

له كۆمەڵگەی کوردیدا هەر لە كۆنەوە بایەخ بە هۆكارەكانی ڕازاندنەوە و جوانكاری دراوە، بە پێی ئەو پارچە شوێنەوارانەی لە ناوچە جیاجیاكانی كوردستان دۆزراوەنەتەوە و مێژوویان لە چەند هەزار ساڵێك پێش زایینەوە دەست پێ دەكات تا سەردەمی نوێ، لە كوردەواریدا سود لە بەردی گرانبەها و ئێسقان و كانزاكان وەرگیراوە بۆ ڕازانەوەی جەستە، كە یان بە شێوەی ڕاستەوخۆ كراون بە جەستەوە، وەك بازن و گوارە و لوتەوانە و پاوانە و تەسریحەی قژ، یان لەسەر جلوبەرگەكانەوە وەك زیادەیەك بەكار هێنراون وەك سینەبەندو ملوانكە و گوڵنە و گوڵەیەخە و گێلگێلە و ئەو پارچە كانزایانەی كراون بە دەوری كڵاوەوە.

یەكێك لەو پارچە شوێنەوارانەی كە لە گەنجینەی زیوییە لە سەقزی ڕۆژهەڵاتی كوردستان دۆزراوەتەوە. سینەبەندێكی ئاڵتوونییە كە وێنەی چەند ئاژەڵێكی واقعی و ئەفسانەیی لەسەر نەخشێنراوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ماد لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین(بڕوانە پاشكۆی ژمارە -٦)، هەروەها شێوازەكانی مامەڵەكردنی پیاو و ژن لەگەڵ مووی جەستەیان، یاخود شێوازی قژبڕینی ژنان و پیاوان و ڕیش-و-سمێڵ-هێشتنەوەی پیاوان یان بڕین و كورتكردنەوە و شكڵپێدانی وەك جۆرێك لە جۆرەكانی خۆڕازاندنەوە و جوانكاری هەژمار دەكرێت، هەروەها ئەو كەرەستە جۆراوجۆرانەی كە بۆ ئەم مەبەستە بەكار هاتوون دەچنە ئەم چوارچێوەیەوە.

گەڕان بەدوای بۆنی خۆش و بۆنخۆشكردنی جەستە و جلوبەرگ یەكێكن لە تەكنیكەكانی خۆڕازاندنەوە كە لە كۆنەوە لە كۆمەڵگەی كوردیدا بایەخی پێ دراوە و لە كۆندا زیاتر سوود لە گوڵ و ڕووەكی سرووشتیی چیا و دەشتاییەكانی كوردستان وەرگیراوە،هەندێك كەسیش هەبوون خەریكی درووستكردنی بۆنی خۆش بوون لە ڕێگەی ئەو گوڵە بۆنخۆشانەوە كە لە شاخ و دەشتاییەكانی كوردستاندا بوونیان هەبووە، هەروەها كەرەستەكانی تایبەت بە ڕەنگكردنی قژ و نینۆك و ڕەشكردنی چاو، لەو كەرەستانەن كە بۆ جوانكاری لە لایەن ژنانەوە پەنای بۆ براوە و بەكار هێنراوە.

دەكرێت هۆكارەكانی خۆشۆردن و خۆپاككردنەوە بە سابوون و لفكە و شاڵ و ئەو بەرد و كەرەستانەی بۆ شتن و پاككردنەوەی جەستە بەكار هێنراون، وەك جۆرێك لە جۆرەكانی كەرەستەی جوانكاری لە كۆندا تەماشا بكرێن.

دیارە لە سەردەمی نوێدا بازاڕێكی زۆر گەورەی ئابووری لە جیهاندا خەریكی سەرمایەگوزارییە لەسەر كەرەستەكانی جوانكاری و خۆڕازاندنەوە و بابەتی خۆڕازاندنەوەی لەوە دەركردووە تەنها شتێكی لاوەكی بێت لە ژیاندا، بەڵكوو ئەم

بابەتە بۆ ئاستێکی خەیاڵی چووە کە دەتوانرێت ناو بنرێت: لەدایکبوونی جەستەی خەیاڵی، کە تێیدا جەستە دەگاتە دواپلەکانی دەستتێوەردان و دەستکاریکردنی.

لە کوردەواریدا بە چەندین پارچە و شێوازی جیاجیا بوونیان هەیە، کە بۆ خۆڕازاندنەوە و جوانکاری بەکار هێنراون، لە تەوقی سەرەوە تا دەگاتە پێیەکان و هەر یەکێکیش لەو پارچانە هەڵگری سیمبولییەتی خۆیانن. بە نموونە، هەندێك لەو پارچانە جگە لە بەهای جوانکاری هەڵگری سیمبولی خانەدانی، دەوڵەمەندی، گەنجێتی، ئیرۆتیکی، ئایینی و چەند بوارێکی دیکە بوون(بڕوانە پاشکۆی ژمارە -٧).

دەکرێت بایەخدانی میر و سەردارەکانی کورد لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا بە دروستکردنی گەرماوە گشتییەکان وەك جۆرێك لە جۆرەکانی بایەخدان بە پاکڕاگرتنی جەستە و گرنگیپێدانی سەیر بکرێت.

**مستەر ڕیچ** لە یادداشتەکانیدا بەڵگەی گرنگی لەم بارەیەوە لەسەر شاری سلێمانی لە ١٨٢٠دا تۆمار کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە، لە سلێمانیدا پێنج گەرماو هەبووە.

لە بارەی یەکێك لەو گەرماوانەشەوە دەنووسێت: "زۆر جوان و پاکوخاوێن بوو، زۆر باشیش ڕۆانکرابووەوە کرابووەوە.... لە هەموو گەرماوەکانی وڵاتی عوسمانی چاکتر بوو، کە هەتا ئێستا دیومن، جگە لە گەرماوەکانی شام و ئەستەمبووڵ و قاهیرە، کە ئەم لە هەندێ ڕووەوە لەوانیش باشتر بوو." (ریچ، ٢٠٠٢: ١٠٣).

## سێیەم: هەڵپەڕکێ و چۆپیی کوردی:

سەما بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی بواری هونەر و کولتوور دادەنرێت، زۆرینەی لێکۆڵەران کۆدەنگیيان لەسەر ئەوە هەیە، کە سەمای نەریتی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کولتوور و ئایینەوە هەیە، بەڵام لەسەر چۆنیەتیی ئەو پەیوەندییە ڕای جیاوازیان هەیە. بە بڕوای زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجی لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکاندا سەما و گۆرانی ڕەگوڕیشەیان لەناو ئایین و سرووتە ئایینییەکاندایە. بە تێڕوانینی ئەوان سەما هەرچییەك و هەرچۆنێك بێت نمایشێکی ئایینی بووە، کە لەناو کولتوورێکی دیاریکراودا مانای ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێت(خدامی و دیگران، ١٣٩١: ٧٠).

لەگەڵ ئەوەدا کە دەزانرێت مێژووی سەما زۆر کۆنە و لە سەرەتاکانی مێژووەوە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا هاتووە، بەڵام دیاریکردنی مێژوویەکی تایبەت بۆ سەما لەوانەیە کارێکی ئەستەم بێت.

کۆنترین بەڵگەی بەرجەستە کە لەم بارەیەوە دۆزرابێتەوە، مێژووەکەی بۆ پێنج هەزار ساڵی پێش زاین دەگەڕێتەوە؛ دەفرێکی گڵینە لە تەپەخەزێنەی شاری مێژوویی **شووش** دۆزراوەتەوە؛ بریتییە لە وێنەی شەش کەس کە پێکەوە دەستی یەکتریان گرتووە و لە شێوەی هەڵپەڕکێ لە حاڵەتی جووڵەی جەستەییدان. جگە لەم وێنەیە چەند شوێنەوارێکی دیکە لە سەرزەمینی ئێرانی کۆن دۆزراونەتەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ هەزارەکانی چوارەم و سێیەم و دووەم و هەزارەی یەکەمی پێش زایین(بڕوانە پاشکۆی ژمارە -٨). لە شارستانییەتی عیلامی، کاشی، مانایی، ماد و هەخامەنشی لە پێش زایین و ئەشکانی و ساسانییەکانیش لە دوای زایین باو بووە (زکاء، ١٣٤٣: ٤).

هەروەك دەرکەوتووە سەمای بەکۆمەڵ لەنێو کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی ئەفریقادا شتێکی باو بووە و بە شێوەی بەکۆمەڵ بە دەوری درەخت یان تەوتەمێکی پیرۆزدا سووڕاونەتەوە و سەمایان کردووە(ذکاء، ١٣٤٣: ١٨٨-١٨٩).

جووڵەکانی سەمای نەریتی بنەما و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە، کە زۆر بە وردی بە پێی تێگەیشتنە ئایینی و ئەفسانەیی و کولتوورییەکان ڕێك خراون و هەموو جووڵەیەك مانا و مەدلوولی قووڵی تایبەت بەخۆی هەیە.

سەما یەکێکە لە جۆرەکانی هونەر کە جەستە ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە بنەڕەتی وشەی لاتینی (Dance) بە مانای هەوڵ و کۆششی جەستەیی هاتووە. بەڵام بە هۆی ڕەگوڕیشە ئایینییەکەیەوە هەمیشە جووڵە جەستەییەکانی کاتی سەما جووڵەیەکی ڕێکخراوە، کە پەیوەندییەکی بەهێزی بە لایەنی ڕۆحییەوە هەیە، وەك لە سەمای دەروێشەکان یاخود سۆفیەکاندا دەردەکەوێت. (امینی، ١٣٨٣: ٥٧).

لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا هەڵپەڕکێ گرنگترین جۆری هونەر بووە، کە لە کاتی سوپاسگوزاریی خواوەندان، پەرستنی شتی پیرۆز، جەژن، هاوسەرگیری، لەدایکبوونی منداڵ، سەرکەوتن لە جەنگەکان، گەیشتن بە خواست و ئامانجێکی تایبەتی ئەنجام دراوە. (امینی، ١٣٨٣: ٥٧).

گۆڕانی کۆمەڵگەیی مرۆیی لە کۆمەڵگەی سەرەتاییەوە بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرن بوو بە هۆی گۆڕانکاریی گەورە لە شێوە و ئامانجەکانی سەمادا، چیتر سەما تەنها یەك جۆر و بۆ ئامانجی غەیبانی نەبوو، بەڵکوو جۆرەها سەمای جیاواز پەیدا بوون کە پاڵنەرەکانی زیاتر زەمینی بوون تا غەیبانی.

بە ڕای توێژەرانی ئەم بوارە لە ڕوانگەی مەبەست و ئامانجەوە سێ جۆرە سەمای سەرەکی هەیە:

**١.** سەمای ئایینی و عیرفانی
**٢.** سەمای شادی و خۆشی
**٣.** سەمای تایبەت بە شیوەن و ماتەم

هەڵپەڕکێی کوردی یان چۆپی یان گۆڤەند و شایی، جۆرێکی تایبەتی سەمایە، کە ڕەگوڕیشەکەی بۆ چەند هەزار ساڵێك بەر لە زایین دەگەڕێتەوە.

بە بڕوای توێژەرانی ئەم بوارە هەڵپەڕکێی کوردی کە سەرچاوەی لە وشەی (هەڵپەڕین)ـەوە گرتووە، بە مانای جووڵەی زۆر و بازدان بەرەو سەرەوە دێت، هەروەها وشەی چۆپی لە دوو وەشەی (چۆ) و (پی) هاتووە، کە بە مانای ڕۆشتن و هاتن دێت. (امینی، ١٣٨٣: ٥٧).

هەرچەندە دیار نییە کە مێژووی ڕاستەقینەی هەڵپەڕکێی کوردی لە کەیەوە دەست پێ دەکات، بەڵام بەشی زۆری ئەو پارچە شوێنەوارییانەی دۆزراونەتەوە لە ئێرانی کۆن و نەخشی هەڵپەڕکێیان لەسەر کێشراوە، لە سەرزەمینی کوردستاندا بوون و دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمانی کاشی و مادەکان. هەروەها **گەزنەفۆن**، لە گێڕانەوەی مێژووی کۆنی ئێراندا ئاماژەی بە سەما لە دەرباری **ئیستیاگ** دواهەمین پادشای ماددا کردووە. (زکاء، ١٣٤٣: ٣).

هەڵپەڕکێی نەریتی کوردی دەکەوێتە خانەی نەریتی کۆمەڵی شاییە بەکۆمەڵەکان، کە لە بەڵکانەوە تا لوبنان و قەوقاز و ئێران بەدی دەکرێن، ئەم جۆرە شاییە لە کوردیدا بە گۆڤەندیش ناو دەبرێت، کە شێوازێکە لە شێوەی شایی بازنەیی، کە کەسێك یان دوو کەس دەخرێنە چەقی بازنەکەوە، شاییکەرەکانی سەر ڕێڕەوە بازنەیەکە بە شێوەیەکی ئاسایی لە پیاوان و ژنان پێك دێن، کە لە نیوەبازنەیەکدا دەستیان گرتووە. (ئیزەدی، ٢٠١٨: ٤٣٨) یەکێك کە لە هەموویان شارەزاترە سەرکردایەتیی هەڵپەڕکێکە دەکات و دەسڕێکی ئاوریشمیی بە دەستەوەیە و بە شیوەیەکی هونەری جوان ڕای دەوەشێنێت و ڕێڕەوی هەڵپەڕکێکە بە شێوەیەکی بازنەیی بەڕێوە دەبات. (برخودار، ١٣٥٢: ٢٣)

شێوەی بازنەیی لە زۆربەی ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکاندا هێمایەکی پیرۆزە و کاریگەریی جادوویی زۆری لەناودا شاراوەتەوە، شێوەی بازنەیی هێمای گەڕانی چەرخی زەمانە و گەردوونە، جووڵەی بازنەیی بە مانای گەڕان بە دەوری تەوەرەیەکی سەرەکیدا دێت، کە لە باوەڕی خەڵکەکەدا بنەڕەتی هەموو شتەکانە. (ئەمینی، ١٣٨٢: ٥٨).

هەڵپەڕکێی کوردی شێوازێکی تایبەتی بەکارهێنانی جەستەیە بە شێوەیەکی هونەریی بەرز، کە هەموو جەستە لە تەوقی سەرەوە تا پێیەکان بەشداریی تێدا

دەکەن و لە هەر قۆناغێك و هەر جۆرێکیدا ڕۆڵی زیاتری یەکێك لە ئەندامانی جەستە دەردەکەوێت.

دائیرەتولمەعاریفی ئیسلامی لە بارەی هەڵپەڕکێی کوردییەوە ئاماژەی بەوە داوە، گەڕیدە و سیاحەتچییە کۆن و تازەکان زۆریان ستایشی تایبەتمەندیی جۆرەکانی هەڵپەڕکێیان کردووە و تەواو پەسەندیان کردووە. تایبەتمەندیی هەڵپەڕکێی کوردی، کوردی لە دراوسێ موسڵمانەکانی خۆی جیا کردووەتەوە، واتە هەڵپەڕکێی کوردی، بە ئاسانی بە حوکمی تایبەتمەندیی خۆی دەناسرێتەوە. (قاضی، ٢٠١٠: ٢٢٨).

خوسرەوی سینا، شارەزا لە سینەما و هونەری کوردیی،سەما و هەڵپەڕکێی کوردیی کردووە بە دوو بەشەوە. (سینا، ١٣٨٨: ٥٢).

**١. سەمای ئایینی و عیرفانی:**

یان ئەوەی کە سۆفییەکان پێی دەڵێن سەماع و لەناو دەستە سۆفیگەرە کوردەکان و کوردە ئێزدییەکاندا باوە، هەروەها جۆرێکی دیکەی سەمای ئایینی هەیە کە زیاتر دەروێشەکان پێی هەڵدەستن، کە جووڵەی زیاتری تێدایە لە سەمای سۆفییەکان و بە دەم موناجاتی دینی و حەی ئەڵڵاوە وەك بازنەیەك بە دەوری شێخەکەیان دەسووڕێنەوە و قژە درێژەکانیان، کە بەتایبەت بۆ ئەم کارە هێشتوویانەتەوە بەر دەدەنەوە و بە هەموو لایەکدا دەیجووڵێنن.

**٢. هەڵپەڕکێی کوردی خۆجێیی هۆزە کوردییەکان**

هەڵپەڕکێی کوردی بە یەکێك لە کۆنترین و بەهێزترین جۆرەکانی هەڵپەڕکێ دادەنرێت کە ڕەگوڕیشەیەکی کۆنی هەیە.

چەندین جۆر هەڵپەڕکێی کوردی هەیە، کە بنەمایان یەکە و تەنها ڕیتم و جووڵەکانیان جیاوازیی هەیە، دەکرێت هەڵپەڕکێی کوردی بکرێت بەم جۆرانەی خوارەوە:

گەڕیان، فەتاح-پاشایی، خانانە، سێ پێیی، شێخانە، هەڵگرتن، پشتەپا، گەڕان، ڕوێنە، ڕاستان، چەپی، دوودەسماڵە، کرمانشاهی، شلێرە، خان-ئەمیریی، شەپلی، مەریوانی، مەکربەگی، مهابادی، سەقزی، حەریرە، لەبلان و چەند جۆرێکی تر، جۆری دیکەش هەن، کە لە کاتی ڕاووشکاردا ئەنجام دراوە و ئێستا هاتووەتە ناو هەڵپەڕکێی ئاسایی ناو مەراسیمەکانەوە، وەك (سێجار، دووجار، شیلان شیلان، هەوشار، سمۆری، خەرمان، بەرزی بەرزی، قەرەپێ ڕەژەن، یاران یاران و چەند جۆرێکی تر. (امینی، ١٣٨٢: ٥٨).

**تۆمابوا**، باسی لە چەند جۆرێکی دیکەی هەڵپەڕکێی کوردی کردووە، وەك عامودی، بۆتانی، ڕۆحایی، شێخانی تەیرانی، خیرفانی، تیشگۆك، میلانی، ئایشۆك بەیلوتە،

تیمزازا، دیلانەسر و مرتاڵ. کە هەریەکەیان لە ناوچەیەکی جیاوازی کوردستان باو بووە و بە ناوی شوێنی سەرهەڵدانییەوە ناو نراوە، یان بە شێوازی جووڵەکانییەوە. (توما بوا، ۲۰۱۰: ۸۱-۸۲).

هەڵپەڕکێی کوردی بەکۆمەڵ ئەنجام دەدرێت و بە پێچەوانەی سەمای زۆرێك لە میللەتانی ترەوە بە تەنها ئەنجام نادرێت، کە ئاماژەیە بە ڕۆڵی جەستە لە هاوبەندیی کۆمەڵایەتیدا.

ئێمە لە هەڵپەڕکێی کوردیدا چەند جەستەیەکی جیاواز دەبینین، کە بە ئەندازەیەکی بەهێز پێکەوە گرێ دراون و هەموان بە یەك ڕیتم و ڕێسای تایبەتی لە ئاستێکی بەرزی سەلیقە و هونەردا دەجووڵێنەوە و پێکەوە تابلۆیەك دروستدەکەن، کە دەتوانین وەك یەك جەستە ببینین. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە -۹).

دەکرێت لە ڕووی کولتوورییەوە وا سەیری هەڵپەڕکێی کوردی بکەین، کە توانەوەی جەستەی کەسییە لە بۆتەی جەستەیەکی گشتیدا. ئەوپەڕی وابەستەیی کۆمەڵایەتی و گیانی هاوکاری و هەستکردن بە یەکتری تێدا بەرجەستە دەبێت و ڕۆحێکی گشتی زاڵ دەبێت کە لە هەموو کاتەکانی دیکە زیاترە.

لە هەڵپەڕکێی کوردیدا پیاوان و ژنان بە تەنها یان بە تێکەڵاوی دەستی یەکتری دەگرن و هەڵدەپەڕن، کە پێی دەوترێت ڕەشبەڵەك.

ڕەشبەڵەك لە کوردیدا هەرچەندە بە پێی ئایینی ئیسلام بە کارێکی حەرامکراو دادەنرێت، لە کاتێکدا زۆرینەی کورد موسڵمانە،بەڵام لە کۆنەوە تا ئێستا ڕەشبەڵەك لەناو کوردەواریدا باوە و نەریتێکە بەردەوامیی هەیە.

لە ڕەشبەڵەکدا نێر و مێ پێکەوە شان لە شانی یەك هەڵدەپەڕن و بە جلوبەرگە ڕەنگاوڕەنگە -کانیانەوە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش درووست دەکەن و لەم جۆرە هەڵپەڕکێیەدا جەستە دەگاتە تەواوی ئازادی و حاڵەتی ئیرۆتیکیی خۆی.

هەڵپەڕکێی کوردی، بە تایبەتی ڕەشبەڵەك، فەزایەکە جەستە وێڕای پابەندبوونی بە ئیقاعەوە، تا ڕادەیەکی زۆر ئازادی وەردەگرێت، کە پێچەوانەی ئەو دیسپلینە کۆمەڵایەتییە توندانەیە لە کۆمەڵگەی تەقلیدیی کوردیدا خراوەتە سەر جەستە، بە تایبەتی بەرکەوتنی جەستەی نێر و مێ.

لە هەڵپەڕکێدا ڕێگە دەدرێت کوڕ و کچ یان نێر و مێ لە ڕێگەی جلوبەرگ و کەرەستەکانی خۆ ڕازاندنەوەوە بە جوانترین شێوە خۆیان بڕازێننەوە و ئەم خۆڕازاندنەوەیەش بە هیچ جۆرێك لۆمە ناکرێت، بەمەش باشترین هەل دەڕەخسێت بۆ نمایشکردنی جەستە و دەرخستنی بەهای جوانیی جەستە.

لە کولتووری کۆمەڵگەی کوردیدا لیستێکی دوورودرێژ تایبەتمەندیی هەیە سەبارەت بە جوانی، کە لە تەوقی سەرەوە دەست پێ دەکات تا نووکی پێ. لەم ڕووەوە بەیتوبالۆرە و حیکایەت و ئەدەبی فۆلکلۆر و گۆرانیی کوردی و ئەدەبی زارەکی لەناو کوردەواریدا پڕن لەو وەسفانەی بۆ جوانیی جەستەیی بە گشتی و جوانیی هەر ئەندامێك لە ئەندامانی جەستە کراون بە شێوەیەکی تایبەتی. بەشی زۆری ئەو وەسفانەش بەسەر ئافرەتاندا بووە، چونکە لە لایەن پیاوانەوە کراون. تا ڕادەیەکی زۆریش لە کولتووری کوردیدا، چ لە ئەدەبی زارەکی و چ لە ئەدەبی نووسراودا وەسفی جوانیی ڕەگەزی نێر زۆر بە کەمی دەبینرێت. هەروەها لە هەڵپەڕکێی کوردیدا بواری بەریەککەوتنی جەستەیی زۆرە و بەشێکی گرنگی هەڵپەڕکێی کوردی لەسەر بنەمای پێکەوەگرێدانی جەستەیی دەوەستێت. لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە هەڵپەڕکێی کوردی بوارێکی گرنگ بۆ دەرکەوتنی جەستەی ئیرۆتیکی و (الشبقیە) دەڕەخسێنێت.

## چوارەم: خاڵکوتان:

لە دیدی **میرلۆپۆنتی**دا، جەستە نیشتیمانی دەرکەوتنی سیمبولەکانە. هەموو بەکارهێنانێکی جەستە درووستکەری دەیان نیشانە و سیمبولی جیاوازە، کە لە ڕێگەیەوە پەیوەندیی بەوانی دیکەوە دەکات. یەکێك لە گرنگترین ڕێگەکانی دەرکەوتنی سیمبولەکان لەسەر جەستە بریتییە لە دیاردەی خاڵ کوتان و نەخشاندنی جەستە لە ڕێگەی وێنە و هێماو ئاماژەی جیاوازەوە. کەوادەکات جەستەی مرۆیی هەڵگری مانا و مەدلولی جیاواز و جۆراو جۆر بێت.

خاڵکوتان بریتییە لە کۆمەڵێك هێما و وێنە، کە لەسەر جەستە دەنەخشێنرێت، لە کۆندا لە ڕێگەی بریندارکردنی پێست بە بەکارهێنانی دەرزی یان کەرەستەیەکی بڕەڕ و تیژ ئەنجام دراوە، پاشان پڕکردنەوەی جێگەی برینەکە بە مادەیەکی ڕەنگڕەش یان شین و سەوز، کە دەبێتە هۆی مانەوەی مادەکە لە قووڵایی پێست و بە شێوەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی دەمێنێتەوە. لە بنەڕەتدا خاڵکوتان بریتییە لە تەکنیکی نووسین لەسەر جەستە و نەخشاندنی جەستە لە ڕێگەی کۆمەڵێك هێما و وێنەوە، کە لە لایەن خێڵە سەرەتاییەکانەوە بەکار هێنراوە بۆ نووسینەوەی مێژوو و کولتوور و بیروباوەڕ، یان لەسەر جەستە و پەیوەستکردنی جەستەیان بە غەیبانییەتەوە. (عبدالله، ٢٠١٣-٢٠١٤: ١١٣).

لە ڕوانگەی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە، ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆن، ئەو کاتەی کە مرۆڤ لە ژیانی سەرەتاییدا بووە و هەندێ ئاژەڵیان بە پیرۆز زانیوە و لە

هەندێ دیاردەی سرووشتی ترساون، وەك شەپۆل و باوباران و هەورەبرووسکە، هەموو ئەمانە وا دەکەن بڵێین خاڵکوتان لە کۆمەڵگە تەوتەمییەکاندا دەرکەوتووە، لەناو ئەو خێڵ و هۆزە بچووکانەی کە هەریەکەیان خاوەنی تەوتەمی تایبەت بە خۆیان بوون، وەك ئاژەڵ یان ڕووەك و درەختێکی دیاریکراو کردوویانە بە ڕەمزی خۆیان. (مراد، ٢٠٠٨: ٦٨).

میسرییە کۆنەکان ئەم دیاردەیەیان ناسیوە و بەکاریان هێناوە، لەسەر جەستەی مۆمیاکراوی هەندێ لە فیرعەونەکان بوونی شوێنەواری خاڵکوتان دۆزراوەتەوە. لە میسری کۆندا وەك چارەسەری چاوپیسی، یان قوربانیدان لە پێناوی خواوەندەکان و نەخشاندنی هێما ئایینییەکان لەسەر جەستە بەکار هێنراوە، هەندێکی دیکە وەك جادوویەك دژی ڕۆحە شەڕەنگێزەکان و خۆپاراستن لە زیانەکانی پەنایان بۆ بردووە. هەندێ جاریش بۆ دیاریکردنی ئینتیمای خێڵەکی و جیاوازیی کۆمەڵێکی مرۆیی لە گرووپ و کۆمەڵەکانی دیکە بەکار هێنراوە. (عباسی، ٢٠١١: ٨٤).

لە لای عەرەب و بەربەر، مانای ئازایەتی و هێز بووە و هەندێ جاریش وەکو سرووتی تێپەڕین لە قۆناغی منداڵییەوە بۆ باڵغبوون و هاتنە نێو جیهانی گەنجی و جوانی سەیر کراوە. (عبدالله، ٢٠١٣-٢٠١٤: ١١٢).

لەناو خێڵە ئەفریقاییەکاندا دیاردەی خاڵکوتان زۆر باو بووە و بە دیقەت و هەستیارییەکی زۆر وردەوە ئەنجام دراوە و خاوەنی ڕێسا و سرووتی تایبەت بە خۆی بووە، کە ئامانجەکەی بریتی بووە لە شەقکردنی پێست و جێگیرکردنی ئەو ئاماژە و دەستەواژە کولتوورییانەی کە لایان گرنگ بووە و ویستوویانە بە باشترین شێوە بیپارێزن. هەندێ جاریش لە ڕێگەی داخکردن و هەڵکۆڵینی نیشانەیەکی دیاریکراو لەسەر جەستە بووە لە ڕێگەی پارچەکانزایەکی گەرمەوە. (عباسی، ٢٠١١: ٨٤).

**داڤید لوبروتون**، پێی وایە خاڵکوتان لە توانایدا هەیە لە بارەی ئینتیمای کۆمەڵایەتی و ئایینی و کولتووریی کەسەکانەوە زانیاریمان پێ بدات، هەروەها لەوانەیە ئاماژە بێت بە پێگەی کۆمەڵایەتیی کەسەکان یان ئاستی تەمەن، بە گشتی دەتوانین بڵێین لە هەموو بارێکدا ئاماژەیە بۆ ئینتیمایەکی دیاریکراو لە فەزای گشتیدا. (Lebrreton, ٢٠٠٢: ٣٣).

مەلا **مەحمودی بایەزیدی** لە کتێبی (عادات و ڕسوماتنامەی ئەکرادیە) کە لە ناوەراستی سەدەی نۆزدە نووسیویەتی، ئاماژەی بەوە کردووە زۆرینەی ژنانی کورد وەك ژنانی عەرەب لەسەر ناوچاوان و چەناگەیان خاڵ دەکوتن. (بایزیدی، ٢٠١٠: ١٠١).

وەك هەر میللەتێکی تر، شێوە تەقلیدییەکانی خاڵکوتان لەناو کۆمەڵگەی کوردییشدا لە کۆندا بوونی هەبووە. هەرچەندە بە هۆی قەدەغەکردنی دیاردەکەوە لە ئایینی ئیسلامدا کەمتر باو بووە، بەڵام بە پێی تێبینییەکانی توێژەر لەناو کەسانی بەتەمەن لە زۆر ناوچەی کوردستاندا خاڵکوتان بوونی هەبووە. لە ناوچەی گەرمیان و شارەزووردا دیاردەکە بەربڵاو بووە، کە مەڵبەندی نیشتەجێبونی هۆزی جافە و ئەو هۆزەش لە کۆندا کۆچەری بوون و هۆزە کۆچەرییەکان زیاتر پەنایان بۆ ئەم کارە بردووە. هەروەها وەك دەردەکەوێت لەناو کوردە ئێزدییەکانیشدا باو بووە، بەڵام دیار نییە کە نەریتێکی ئایینی بێت، بەڵکوو لەوانەیە نەریتی کۆمەڵایەتیی ناو کۆمەڵگەی خۆجێیی ئێزدییەکان بێت.

لەو ناوچانەی دیاردەکە باو بووە زیاتر ژنان پەنایان بۆ بردووە و هەندێ جاریش پیاوان لەسەر دەست و لاچاویان خاڵیان کوتاوە.

لەناو ئەو هۆز و ناوچانەی دیاردەکەی تێدا باو بووە، ژنان بە زۆری خاڵیان لەسەر دەموچاو یان سەر دەستیان کوتاوە؛ لەسەر نێوچاوان، نێوانی برۆکان، لای تەنیشتی چاو، لووت، چەناگە و پشتی دەست.

شێوەی خاڵەکانیش بە زۆری یان بریتی بووە لە سێ خاڵ لە شێوەی سێگۆشە، یان وێنەی ئەستێرە و مانگ بوون، ئەمەش ئاماژەیە بە ڕیشەی ئایینیی دیاردەکە و ڕەگوڕیشەکانی لە مێژووی کۆن لەنێو بیروباوەڕی سرووشتپەرستیدا، هەروەها وەك دەردەکەوێت لەناو کوردەواریدا خاڵکوتان جۆرێك بووە لە ئینتیمای کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی ناسنامەی هۆزایەتی و ناسینەوەی یەکتر.

خاڵکوتان لە کۆندا لە ڕووی مەبەست و مەغزا و پاڵنەر و ئامانجەکانییەوە بە تەواوی جیاوازە لە خاڵکوتان لە سەردەمی نوێدا، چونکە یەکەمیان پرۆسەیەکە بۆ جەختکردنەوە لە پابەندیی کۆمەڵایەتی و هاوشێوەکردنی جەستە بە جەستەی نموونەیی لە کۆمەڵگەدا، جەستەیەك کە پابەندی و ملکەچیی تەواو بۆ کولتووری کۆمەڵایەتیی باو نیشان دەدات، بەڵام خاڵکوتان یان تاتۆ لە سەردەمی نوێدا جۆرێکە لە جۆرەکانی هەڵهاتن و یاخیبوون لە دابونەریت و کولتووری باو، کە تاك دەیەوێت لە ڕێگەیەوە جەخت لە بەکارهێنانی ئازادانەی جەستەی خۆی بکاتەوە، هەوڵێکە بە ئاراستەی تاکگەرایی و پابەندنەبوون بە داواکارییە کولتوورییەکانی ڕابردوو، هەروەها جۆری هێما و وێنەکان و شوێنی وێنەکانیش لەسەر جەستە گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا هاتووە و ئەگەر ئەوەی یەکەمیان پابەندبوون بێت بە کولتووری خۆماڵییەوە، ئەوا دووەمیان لەژێر کاریگەریی کولتووری بەجیهانییبوونی دیاردەکەدا ئەنجام دەدرێت.

**ئەنجامگیری:**

دەتوانین پوختەی ئەو ئەنجامانەی لەم بەشەدا پێی گەیشتین لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ بکەینەوە:

١. لە سەرتای سەرهەڵدانیدا، ئەنسرۆپۆلۆجیا لەژێر کاریگەریی تیۆریەکانی بواری بایۆلۆجیدا بووە و جەختی لەوە کردووەتەوە کە مرۆڤ بەرهەمی جەستەی خۆیەتی، بەو مانایەی تایبەتمەندییە بایۆلۆجییەکانی کاریگەرییان لەسەر ڕەفتارەکانی و تەنانەت شێوازی بیرکردنەوەشی هەیە.

٢. ئەنسرۆپۆلۆجیای فیزیکی و تاوان سەر بەم قۆناغەی ئەنسرۆپۆلۆجیان، بەڵام لە قۆناغی دواتردا لەژێر کاریگەری ئاراستەی بونیادی وەزیفیدا، کۆمەڵێك تیۆریی ئەنسرۆپۆلۆجی سەر هەڵدەدەن کە سیما و دیاردە جەستەییەکان لەژێر کاریگەریی بونیادی کۆمەڵگادا شی دەکەنەوە، هەریەك لە **مارسیل موس** و **میشێل فۆکۆ** سەر بەم ئاراستەیەن.
٣. کاتێك ئەنسرۆپۆلۆجیای کولتووری گەشە دەکات، کۆمەڵێك شیکردنەوەی ئەنسرۆپۆلۆجی دەبینین کە جەخت لە کاریگەریی ڕەگەزە کولتوورییەکان دەکەنەوە لە بەرهەمهێنانی فۆرمی دیاریکراوی جەستەییدا.
٤. لەژێر کاریگەریی ئاراستەی فینۆمینۆلۆجی و سیمبولناسیدا، کۆمەڵێك تێزی ئەنسرۆپۆلۆجی دامەزران کە جەختیان لە کاریگەریی سیمبول و ماناکان دەکردەوە لە بەرهەمهێنانی جەستەدا، هەروەها جەختیان لەوە کردەوە کە لەوانەیە جەستە بۆ خۆی گونجاوترین میکانیزم بێت بۆ بەرهەمهێنانی سیمبول و مانای نوێ لە کۆمەڵگەدا.
٥. **.**لە ڕووی ڕەچەڵەکەوە ئیتنۆسی کورد هێڵەکانی ڕەچەڵەکی دیارە و توێژینەوەکانی ئەم بوارە جەختیان لەسەر دوو لقەڕەچەڵەکی سەرەکی کردووەتەوە، کە بریتین لە ڕەچەڵەکی نۆردی و ڕەچەڵەکی دەریای ناوەڕاست، ئەمەش لەگەڵ گەشەی ئیتنۆگێزی کورددا یەك دەگرێتەوە.
**.٦**جەستەی کولتووریی کورد، یەکێکە لە سیما سەرەکییەکانی ئیتنۆسی کورد، کە لە جلوبەرگ، هۆکارەکانی خۆڕازاندنەوە، جوانکاری، خاڵکوتان و هەڵپەڕکێی کوردیدا دەردەکەوێت و ناسنامەیەکی گرنگی نەتەوەییە.

# بەشی سێیەم:
# ئایینی ئێزدی و کاکەیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا:

باسی یەکەم: ئایین لە کۆمەڵگەی کوردیدا:

باسی دووەم: ئایینی ئێزدی:

باسی سێیەم:ئایینی کاکەیی:

# باسی یەکەم: ئایین لە کۆمەڵگەی کوردیدا:

## ١. ئایینی کۆنی کورد:

کوردستانی ئێستا لە سەردەمانی دێریندا بەشێك بووە لە شارستانییەتی سۆمەر، کە بە یەکێك لە سەنتەرە مەزنەکانی شارستانیی جیهانی کۆن دادەنرێت، کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی؛ سەرهەڵدانی بیری ئایینیی تایبەت بە خۆی بووە.

لە ڕووی ئیکۆلۆجییەوە پەیوەندیی پتەو لە نێوان ئاوهەوا و تۆبۆگرافیای کوردستان و کولتووری مەعنەویدا هەیە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە ڕۆحانییەت و بیروباوەڕەوە، هەر ئەمەشە وا دەکات خاوەنی بیروباوەڕی خۆی بێت و ڕێگەی خواپەرستی و ئەوەی کە پێی دەوترێت تەریقەت لە ناوچە کوردییەکاندا بەهێز بێت.(الخیون، ٢٠١٦: ٩٣) .

کورد خاوەنی میراتێکی دەوڵەمەندی ئایینییە، چونکە لە ناوجەرگەی مەڵبەندی ئایینە ئاسمانییەکاندا هەڵکەوتووە و جگە لەوەش بەشێکی گرنگی سەرەتاکانی دەرکەوتنی بیری ئایینیی هەر لەم ناوچەیەدا گەشەی کردووە.

بە بڕوای **د. ڕەشاد میران** ڕەگەکانی ئایین لە کوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەرستن و باوەڕە ئایینییانەی بە ماوەیەکی زۆر پێش دروستبوونی میللەتی کورد لە ناوچەکەدا لە ئارادا بوون، ئەم ڕەوشە ئایینییە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی دوورودرێژی ئیتنۆکولتووری و ئیتنۆگێنزیدا سەری هەڵداوە، کاتێك نەتەوەی کۆن و ڕەسەنی ناوچەکە لەگەڵ ئەو ئێرانیانەی کە دواتر بۆ ئێرە هاتن بەشداریی چالاکانەیان لە ڕەوتی ئەم پرۆسەیەدا کردووە. بۆ دەستنیشانکردنی توخم و ڕەگەزەکانی بیروباوەڕی ئایینیی ئیستای کورد،زۆر ئاساییە، بەڵکوو زۆریش پێویستە کەرەستە و مەتریاڵی ئایینی و کولتووری ڕۆحیی ئەو خێڵ و میللەتە دێرینانە بەکاربهێنرێت، کە بەشدارییان لە ئیتنۆگێنزی میللەتی کورددا کردووە؛ وەکوو (گوتی، لولویی، کاسی، مانایی و مادەکان). (میران، ٢٠١٧: ٢٤).

لە کوردستانی کۆندا شوێنەواری بتپەرستی، پەرستنی هێزە سرووشتییەکان و گیانداران و هەندێ ئاژەڵی دڕندە هەیە. هەروەها هێزگەلێکی وەك خۆر، مانگ و ئەستێرەیان پەرستووە تا هاتنی زەردەشت. زەردەشتییەکان بەو کەسانەی هێزە سرووشتییەکانی گەردوونیان پەرستووە، گوتووە (دێویەسنا) و ململانێیان لەگەڵ ئەم ئایینانەدا کردووە، تا سەرەنجام ئایینێکی نوێیان هێناوەتە ناو کۆمەڵەوە(توکلی،٢٠٠٢: ١).

**میهردادی ئیزەدی**، پێی وایە کۆنترین ئایین لە کوردستانی کۆندا بریتییە لە ئایینی یەزدانی و (میترایزم)، کە لە پەرستنی خۆردا بەرجەستە دەبوو (ئیزەدی، ۲۰۰۲: ۳۰)، بەڵام **د. جەمال نەبەز** پێی وابووە کۆنترین ئایینی هیندۆئەورووپییەکان (دێوپەرستی) بووە و پاشان لە دواتردا میترایزم (خودێی خۆر) پەیدا بووە. وشەی دێو یان دێوودرنج لە ئاویستا و ماریفەتی پیرشالیاردا هاتووە، کاتێك باس لە ناڕاستی و پووچیی ئایینی دێوپەرستی کراوە. مەرجیش نییە وشەی دێو هەمان ئەو مانایەی ئێستای هەبووبێت، چونکە موتوربەکردنی مانای دێو لە دێوودرنج پەیوەستە بە لەقاودانەکانی ئایینی زەردەشتییەوە دژی ئەم ئایینە کۆنە. لەوانەیە لە کۆندا مەبەست لە وشەکە پەرستنی هێزە سرووشتییەکانی گەردوون بووبێت. **د. جەمال نەبەز** ڕای وایە، هەریەکە لە ئایینەکانی دێوپەرستی، میترایزم، مەزدایزم (زەردەشتی)، زرڤانیزم، بودایزم، مانیزم، مووسایی، عیسایی، ئیسلام و مەزدەکیزم- یەك لە دوای یەك کشاونەتە سەر کوردستان، یان لە بەشێکی کوردستاندا تینوتاویان سەندووە. بەڵام مەرج نییە بە هاتنی ئایینێك ئایینەکەی دیکە نەمابێت، یان ڕەنگدانەوە و کاریگەریی ئایینەکانی پێش خۆی لەسەر نەبووبێت. هەروەها پێی وابووە دوور نییە وشەی داسنی کە لە کۆندا بە ئێزدییەکانی کوردستان وتراوە، هەر لە وشەی (دێویەسنا) و ئایینی دێوپەرستییەوە هاتبێت. (نەبەز، جەمال، ۲۰۰۹: ۲۲).

بە ڕوای ئێمە لەناو هەموو ئایینەکانی کورددا بەر لە هاتنی زەردەشت، میترایزم لە هەموویان زیاتر کاریگەریی خۆی لەسەر بیروباوەڕ و ئایینی نەتەوەی کورد بەجێهێشتووە. هەر لەبەر ئەو هۆیەش لێرەدا بە کورتی لە بارەیەوە دەدوێین.

**عەبدوڵڵا موبەلغی ئابادانی** ڕای وایە: "یەکێك لە ئایینە کۆنەکانی دانیشتووانی ئێرانی دێرین ئایینی (میهر)پەرستی بوو، ئەم ئایینە ئارییەکان لەگەڵ خۆیان هێنابوویانە ئێران، بۆ ماوەی ۲ هەزار ساڵ هەموو ئایینەکانی دیکەی خستبووە ژێر کاریگەریی خۆیەوە." (ئابادانی، ۲۰۱۳: ۲۰).

بە هەمان شێوە پرۆفیسۆر **ئەحمەد مەحموود خەلیل** لەو باوەڕەدایە گەلانی ئاریی ڕۆژهەڵاتی، ئایینی میتراییان پەیڕەو دەکرد و خواوەندی (میترا)یان دەپەرست و خۆریان بە سیمبولی ئەو خواوەندە دادەنا. (خەلیل، ۲۰۰۸: ۱۵۱).

بە ڕوای **د. جەمال نەبەز** ئەو شوێنەوارانەی لە کوردستان لە مادەکان بەجێ ماون، ئەوە دەگەیەنن کە مادەکان لەسەر ئایینی میترایزم بوون. ( نەبەز، ۲۰۰۹: ۱۵).

ئایینی میترایی بەر لە مادەکانیش لە کوردستاندا ناسراو بووە و پەیڕەویی لێ کراوە، بە تایبەتی لە لای میتانییەکان پەیڕەو کراوە و لە سەردەمی مادەکانیشدا ئایینی

فەرمیی دەوڵەت بووە. لە دوای دەوڵەتی ماد و لەسەر دەستی ئەخمینییەکان ئایینی یەزدانی لەناو برا و لە جێگایدا ئایینی زەردەشتی کرایە ئایینی فەرمیی دەوڵەت. ئەو کەسانەی کاروباری ئایینییان بەڕێوە بردووە، لە یەزدانپەرستیدا چینێکی تایبەتی کۆمەڵگا بوون لە تیرەی (ماغۆیی Magoi) هۆزی ماد. تەنانەت وشەی مەجووسی، کە لە دواتردا بە پەیڕەوانی ئایینەکە دەوترا، هەر لە ناوی ئەوانەوە بەسەر ئایینەکەدا بڕاوە. (خلیل، ٢٠١٣: ٩٠).

میهرپەرستی لە ئاسیای بچووك و نێوان دووڕووبار گەشەی کرد، لە ڕۆژگاری ئەشکانییەکاندا بوو بە سەرزەمینی پیرۆزی میهرپەرستان، لە بابلدا پەرستگایان بۆ درووست کرد. ئایینی میهرپەرستی توانیی لە بەشێکی گەورەی جیهانی ئەو ڕۆژگارەدا بڵاو ببێتەوە، بە تایبەتی لە یۆنان و ڕۆمان و ئەورووپای ناوەندا. ئەم ئایینە لەسەر کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی دامەزراوە، وەك باوەڕبوون بە حەوت فریشتە و دونادۆن و گیان گۆڕکێ، بەو جۆرەی کە هەر گیانێك دەژێتەوە و بۆ چەندین جار دەچێتە جەستەیەکی ترەوە. (ئابادانی، ٢٠١٣: ٢٨).

**میهردادی ئیزەدی** لەو باوەڕەدایە ئایینی میهرپەرستی بەدرێژایی مێژوو توانیویەتی لە ڕێگەی ئەو لقە ئایینییانەی گوزارشتی لێ دەکەن پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات. لە ئێستادا تەنها سێ لقی ئایینی یەزدانی ماوە، کە بریتین لە ئێزدیاتی، کاکەیی (ئەهلی هەق)، ئالەوی. (ئیزەدی، ٢٠٠٢: ٢٠).

**جەمال نەبەز** لەسەر ئەم بابەتە زیاتر پێ دادەگرێت و نوسیویەتی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی چەندساڵەدا بۆم دەرکەوتووە ئەم ئایینانەی لە کوردستاندا هەن یەك بنەڕەتیان هەیە، هەرچەندە لە ماوەی سەدان ساڵدا چەند نێوێك و چەند ڕێبازێکی کەمێك جیاوازیان وەرگرتووە، بەڵام هەتا ئێستاش گەلێك تایبەتمەندیی بنچینەیی وەك یەکیان هەیە. (نەبەز، ٢٠٠٩: ١٩).

## ٢. ڕەوشی ئایینی لە باشووری کوردستاندا:

باشووری کوردستان هاوشێوەی کوردستانی گەورە کۆمەڵگەیەکی فرەئایین و نەتەوە و کولتوورە. لە ڕووی ئایینییەوە باشووری کوردستان لە شارستانییەتی میزۆپۆتامیادا سەرزەمینی دەرکەوتنی میتۆلۆژیا ئایینییەکانی سەرەتای مرۆڤایەتی بووە. هەتا ئیستاشی لەگەڵدا بێت بەشێك لە بیروباوەڕە ئایینییە کۆنەکان ڕەنگدانەوە و کاریگەرییان لە سەری ماوە.

لە کۆمەڵگەی کوردیی باشووری کوردستاندا موسڵمان و کریستیان و جوو و ئێزدی و کاکەیی و زەردەشتی پێکەوە دەژین، تا ڕادەیەکی زۆریش نموونەیەکی سەرکەوتووی پێکەوەژیانی ئایینییە لە ناوچەکەدا، بەتایبەت ئەگەر بە دراوسێکانی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەراورد بکرێت. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە -١٠).

سەبارەت بە ڕەوشی ئایینیی باشووری کوردستان لە ئێستادا ئامارێکی ڕاستودرووست لەبەر دەستدا نییە، بە هۆی نەبوونی سەرژمێریی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٧٧ەوە، هەروەها ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و دیمۆگرافییانەش کە بەسەر ناوچەکەدا هاتوون، وای کردووە داتایەکی نوێ و ڕاستودرووست لەم بارەیەوە کارێکی زەحمەت بێت.

بە پێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧، ٩٠%ی دانیشتووانی باشووری کوردستان موسڵمانن، لە سەرژمێریی ١٩٦٥ ڕێژەکە بەرز بووەتەوە بۆ ٩٢،٧%، لە سەرژمێریی ١٩٧٧ ڕێژەکە دیسان زیادی کردووە و بووە بە ٩٣%، ئەمەش بە هۆی زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووانەوەیە لە نێوان موسڵمانان لەچاو پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکەدا. (طالب، ١٩٩٥: ١٣١)،بەڵام بە ڕای هەندێ توێژەری دیکە ڕێژەی پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام لە باشووری کوردستاندا دەگاتە ٩٤%ی دانیشتووان و زۆرینەیان لە ڕووی مەزهەبییەوە موسڵمانی سوننە مەزهەبی شافیعین و لە هەندێ ناوچەی کوردستانیش موسڵمانی شیعە مەزهەبی کورد و عەرەب و تورکمان بوونیان هەیە. لە سلێمانی ڕێژەی موسڵمان دەگاتە ٩٩،٧% و لە کەرکووک ٩٦،٧% و لە هەولێر ٩٧،٩% و دهۆک ٨٩،٤ و لە ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای موسڵ ٨٦،٧ دەبێت. (نەقشبەندی و ئەوانی تر، ١٩٩٨: ١٩١-١٩٣)، هەروەها مەسیحییەکان بە پێی دوائاماری حکوومەتی عێراقی کە لە ساڵی ١٩٧٧دا ئەنجام دراوە، ڕێژەی ١،٣%ی دانیشتووانی باشووری کوردستانیان پێك هێناوە، لە کاتێکدا بە پێی ئاماری ١٩٦٥ ڕێژەی ٣،٤%ی دانیشتووانی باشووری کوردستانیان پێك هێناوە و بە پێی ئاماری ساڵی ١٩٥٧ نزیکەی ٦%ی دانیشتووانی باشووری کوردستانیان پێك هێناوە. ئەوەی جێگای سەرنجە، وەك لە ئامارە فەرمییەکاندا دەردەکەوێت، ساڵ بە ساڵ ژمارەی مەسیحییەکانی باشووری کوردستان داویەتی لە کەمی، ئەمەش بە هۆی ویستی سنوورداربوونی خستنەوەی وەچە لە لای پەیڕەوانی ئەم ئایینە و کۆچکردنیان بۆ دەرەوەی عێراق یاخود بۆ شارە گەورەکانی بەغدا و موسڵ. (طالب، ١٩٩٥: ١٣٢)،بەڵام بە ڕای **د. ئازاد نەقشبەندی**، مەسیحییەکان لە ٣%ی دانیشتووانی باشووری کوردستان زیاترن، لە نەینەوا ٥% و لە دهۆك ٧% و لە کەرکووك ٢% و لە هەولێر ٢%ی دانیشتووان پێك دەهێنن و ژمارەیەکی کەمی

مەسیحییش لە پارێزگای سلێمانی بوونیان هەیە. (نەقشبەندی و ئەوانی تر، ١٩٩٨: ١٩١-١٩٢)، هەروەها لە دوای بەئامانجگرتنی مەسیحییەکان لە شاری بەغدا و موسڵ لە لایەن گرووپە تیرۆریستییەکان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ـوە و هەورەها لە دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤ پارێزگای موسڵ کەوتە دەستی چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)- ژمارەیەکی لە مەسیحییەکانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان کۆچیانکردو لە شارەکانی هەرێمدا بە تایبەتی پارێزگای هەولێر و دهۆك نیشتەجێ بوون.

هەرچی سەبارەت بە پەیڕەوانی ئایینی ئێزدییە، بە پێی سەرژمێرییەکانی ساڵی ١٩٦٥ و ١٩٧٧ ٣,٢%ی دانیشتووانی باشووری کوردستانیان پێك هێناوە، لە کاتێکدا بە پێی سەرژمێریی ١٩٥٧ ڕێژەیان ٣,٥% بووە. (طالب، ١٩٩٥: ١٣٢). دەتوانرێت بوترێت ئێزدییەکان ٣,٣%ی دانیشتووانی هەرێم پێك دەهێننن، بە شێوەیەکی گشتی ئێزدییەکان لە پارێزگای نەینەوا ٨٨%ی سەرجەم ئێزدییەکانی تەواوی عێراق پێك دەهێنن، بە پلەی دووەم ئێزدییەکانی دهۆك دێن کە ١٩%ی کۆی گشتیی ئێزدییەکانی هەرێم دەبن و ٤%ی سەرجەم ئێزدییەکان لە عێراقدا پێك دەهێنن و ڕێژەیان لە پارێزگاکانی دیکەی کوردستاندا زۆر کەمە. (نەقشبەندی و ئەوانی تر، ١٩٩٨: ١٩١- ١٩٢).

ئێزدییەکان لە باشووری کوردستاندا لەو کەمەئایینییانە بوون، کە بە درێژایی مێژوو زۆرترین فشاریان لەسەر بووە و ڕووبەڕووی کوشتن و تەنگپێهەڵچنین و دەرکردنی زۆرەملێ بوونەتەوە؛ چ لە لایەن دەوڵەتی عەباسی و عوسمانییەوە یاخود عەرەبە موسڵمانەکانی دراوسێیان، یان کوردە موسڵمانە هاونەتەوەکانی خۆیانەوە؛ ئەمەش بە هۆی بیروباوەڕەکەیان و بەرکەوتنی دۆگما ئایینییەکانیانەوە بە بنەما ئایینییەکانی دینی ئیسلام سەیرکردنیان وەك خەڵکانێکی شەیتانپەرست(بڕوانە سەرچاوەی الایزیدیة،کاضم حبیب،٢٠١٦: ١٤٣-١٦٠) هەروەها ئێزدییەکان یەکێك لەو کەمەئایینییانە بوون کە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە کەوتنە بەر پەلاماری داعش لە ساڵی ٢٠١٤ و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژرا و ژمارەیەکی زۆری کچ و ژنی ئێزدی وەك کۆیلەی سێکس کڕین و فرۆشتنیان پێوە کرا.

سەبارەت بە پەیڕەوانی ئایینی جوو لە کوردستاندا؛ ئەو کەمینەیەی لە کوردستان دەژیان وەك جووەکانی دیکەی جیهان لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل، ساڵی ١٩٤٨ کوردستانیان بەجێ هێشت و لە ئێستادا لە شێوەی جالییەیەکی کوردی لەو وڵاتەدا دەژین، کە تا ڕادەیەکی زۆر پارێزگارییان لە زمان و کولتووری خۆیان کردووە،بەڵام لە ئێستادا باس لە گەڕانەوەی چەند خێزانێکی جوو بۆ کوردستان دەکرێت.

هەرچی ئایینی زەردەشتییە بۆ چەند سەدەیەکیش دەچێت لە کوردستان پەیڕەوانێکی ئەوتۆی نەمابوو، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا چەند گرووپێکی کوردی لەناو کوردەکانی هەندەران پەیدا بوون و بانگەشەی گەڕانەوەیان بۆ ئایینی زەردەشتی کرد. ئەمانە ئێستا گەڕاونەتەوە کوردستان و پەرستگا و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان هەیە و مەراسیم و سرووتە ئایینییەکانی خۆیانی تێدا جێبەجێ دەکەن و ژمارەیەك لە پەیڕەوانی زەردەشتی لە دەوریان کۆ بوونەتەوە کە بە دروستی نازانرێت ژمارەیان چەندە؟.

سەبارەت بە کاکەییەکانی کوردستان، دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت، کە هیچ کات لە دەوڵەتی عێراقیدا کاکەییەکان بە خاوەن ئایینی سەربەخۆ هەژمار نەکراون و لە هیچ سەرژمێرییەکی دانیشتوواندا مامەڵەی تایبەتیان لەگەڵدا نەکراوە، بەڵکوو لەگەڵ موسڵمانی سوننی مەزهەب حساب کراون. لەمەشدا جگە لە سیاسەتی دەوڵەتی عێراق بۆ دانپێدانەنانیان وەك گرووپێکی ئایینیی سەربەخۆ ،کاکەییەکانی عێراق لەناو خۆیشیاندا ڕای جیاوازیان هەیە، کە ئایا خاوەن ئایینی سەربەخۆن یان موسڵمانی شیعە مەزهەب یاخود سوننی مەزهەبن؟

سەبارەت بە ئایینەکانی دیکە، بە پێی سەرژمێرییەکانی حکوومەتی عێراق تا ساڵی ١٩٧٧ ڕێژەی ٣,٠%ی دانیشتووانی باشووری کوردستانیان پێك هێناوە، کە زیاتر مەبەست لێی پەیڕەوانی ئایینی سابیئە بووە و بە هۆی کار و پیشەوە هاتوونەتە ناوچەکانی باشووری کوردستانەوە، هەروەها لە عێراق و باشووری کوردستاندا ژمارەیەك لە پەیڕەوانی ئایینی بەهائی بوونیان هەیە و لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە وەك ئایینێکی فەرمی دانیان پێدا نراوە و لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی نوێنەریان هەیە. یەکێك لە گرنگترین شوێنەوارە پیرۆزە ئایینییەکانیان ئەو ئەشکەوتەیە کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدە **شێخ بەهائوڵڵا** تێیدا ژیاوە لە ناوچەی سووورداشی سەر بە پارێزگای سلێمانی و پەیڕەوانی دەڵێن لەو ئەشکەوتەدا کتێبی پیرۆزی بۆ هاتووەتە خوارەوە.

# باسی دووەم: ئایینی ئێزدی:

## یەکەم: ڕیشەی ئایینەکە:

ئێزدی، ئایینێکی تایبەتی ناو کۆمەڵگەی کوردییە و پەیڕەوانی خۆیان بە شوێنکەوتەی ئایینێکی کۆنی یەکتاپەرستی دەزانن، بە پێی باوەڕی ئێزدییەکان خۆیان مێژووی ئایینەکە بۆ سەرەتای دروستبوونی مرۆڤ دەگەڕێننەوە، بەڵام زۆرینەی سەرچاوە مێژووییەکان، سەرهەڵدانی ئایینەکە بە سەدەی دوانزە و سیانزەی زایینییەوە دەبەستنەوە.

لە بارەی بنەڕەتی ئێزدیایەتییەوە چەند بۆچوونێکی جیاواز هەیە. هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئێزدی ئایینێکی کۆنی کوردە، وەك **باسیلی نیکتین** و **تۆما بوا** و **کرینبرۆك** و **ماکدویل**. ئەمانە جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە، ئایینی ئێزدی تێکەڵەیەکە لە ئایینە کۆنەکانی کوردستان وەك زەردەشتییەت، مانایی، میترایی و وەسەنییەت. بەڵام لای کوردناسی فەڕەنسەوی **ڕۆژەر لیسکۆ**، ئێزدیاتی بنەڕەتی ئیسلامی هەیە و لە بنەڕەتدا بریتییە لە هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام و دامەزرێنەرەکەی **شێخ ئادی کوڕی موسافیرە** کە سۆفییەکی ئۆرتۆدۆکسی سەدەی دوانزەهەم بووە و ڕێگەیەکی ئایینیی تایبەت بە خۆی پەرە پێ داوە بە ناوی عەدویە، بەڵام لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەرزوو هەندێك ڕەگەزی دیکەی بە خۆوە گرتووە و دواتریش لە ئیسلام جیا بووەتەوە. (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٦: ١١-١٢).

قەشە **تۆما بوا**، گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کاریگەریی بیروباوەڕە کۆنەکانی وەك ئاشووریی کۆن زۆر بە قووڵی لە ئێزەدیدا هەستی پێ دەکرێت، لەم ڕووەشەوە باس لە لەیەکچوونی سێ خواوەندی ئاشووری بە ناوەکانی تەمووز و شەمس یان شەماس (خوای خۆر) و سن (خوای مانگ) کردووە، لەگەڵ خواوەند و فریشتەکانی ناو ئایینی ئێزدی، کە بریتین لە تاوسی مەلەك و شێخ شەمس و شێخ سن (شیخ حەسەن)،هەروەها باسی لەوە کردووە کە هەندێ سرووتی ئایینی ئێزدی وەك قوربانیکردنی گای سپی بۆ شێخ ئادی کە نوێنەرایەتیی مەلەك تاوس دەکات لەگەڵ نوێژکردن ڕووبەخۆر لە کاتی هەڵهاتن و ئاوابوونی، زیاتر ئەو ڕایە دەسەلمێنن کە نزیکایەتی و لەیەکچوون لە نێوان ئایینی ئێزدی و ئایینە کۆنەکانی سۆمەردا هەبێت. (بوا، ٢٠١٣: ٣٩-٤٠).

مێژوونوس و توێژەرانی کوردیش لە بارەی بنەڕەتی ئێزدیایەتییەوە ڕای جیاوازیان هەیە.

**تۆفیق وەهبی** جەختی لەسەر ئەوە کر[ووەتەوە ڕەگوڕیشەی ئێزدیاتی دەچێتەوە سەر ئایینی میترایی. (وهبی، ٢٠١٠: ٧).

**شاکر فەتاح** نوسیویەتی: "وشەی ئێزدی وا دیارە لە بنەڕەتی **یەزدان**ەوە وەرگیرابێت، کە بە مانای (بەدیهێنەری گەورە) دێت، ئەوەش ئەو باوەڕە زیاتر دەکات کە ئایینەکە پەیوەندیی توندوتۆڵی بە ئایینی یەزدانپەرستییەوە هەبێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی مێژوو هەندێ بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمی زەردەشتی و ئیسلام و هەندێ ئایینی دیکەش کەوتوونەتە ناوییەوە." (فەتاح، ١٩٩٧: ٢٠) **کەریم زەند**یش ئایینەکە دەباتەوە سەر ڕیشەی زەردەشتییەت و دەنووسێت: "ئایینی ئێزدی لە خوداپەرستییەوە هاتووە، پاشماوەی زەردەشتن، پێشەواکەیان ئادی کوڕی (موجاور؟) کوڕی ئەحمەدی تیراهییە." (فەتاح، ١٩٧١: ٣٦).

بە بڕوای **موحەمەدی تەوەکولی**، لە کۆندا بە ئێزدییەکان وتراوە داسنی و ناوهێنانیان بە ئێزدی بۆ دوای سەدەی دوانزەی زایینی دەگەڕێتەوە. لە دیدی ئەودا پاشماوەی ئایینی دێویەسنا (پەرستنی هێزە سرووشتییەکانی گەردوون) بوون کە لە ئارامیدا پێی وتراوە (شیدا برندگان) یان شەیداپەرستان و دواتریش وشەکە بووەتە شەیتانپەرست. (توکلی، ٢٠٠٢: ٢).

**د. حسەینی خەلیقی** ئاماژەی بەوە کردووە، ئایینی ئێزدییەکان لە بناغەدا ئایینی زەردەشتییە، لە ئەنجامی شوێندانانی ئایینەکانی ئیسلام و مەسیحییەت، هەندێ لە بنەماکانی ئەو دوو ئایینە چوونەتە ناوی. لە جێگەیەکی دیکەدا دەنوسێت: "ئێزدییەکان دەچنەوە سەر ئایینی مانی و شوێنەواری ئاشووری، زەردەشتی، مەسیحییەت و ئیسلامیان لەسەر دیارە. (خەلیقی، ١٩٩٣: ٢١٧)، هەروەها بە بڕوای **خەلیل جوندی**، مێژووی ئایینەکە دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ پێش زایین، پاشماوەی کۆنترین ئایینی کوردییە لە ناوچەکەدا، (جندی، ١٩٩٨: ٣٠) بەڵام **د. ڕەشاد میران** گەتشتووەتە ئەو ڕایەیهەبوونی خوایەکی گەورە و چەند خواوەندێك لە ئایینی ئێزدیدا، ڕێگەمان دەدا بڕیار بدەین کە ئەم ئایینە سەر بە عەقیدەی هینۆتیزمە، کە ئەڵقەیەکە لە پرۆسەی گەشەکردن و پێشکەوتنی فیکری ئایینیی مرۆڤایەتی و لە ڕووی چەرخی زەمەنەوە پێش عەقیدەی مۆنۆتیزم (تاکپەرستی) دێن (میران، ٢٠١٧: ١٤٣).

**د.کەیوان ئازاد**یش پێی وایە ئایینی ئێزدی یەکێکە لە ئایینە کۆنەکانی کوردستان و لە سەردەمانێکی کۆنەوە وەك هەریەك لە ئایینە ئاسمانیەکان و ئایینە ئێرانییە کۆنەکانی

وەك میترایی و زەردەشتی مانی و مەزدەك سەریهەڵداوە(ئەنوەر،٢٠١٨: ٦٧-٦٨)، بەڵام زۆرێك لە نووسەرانی ئیسلامی و عەرەب، ڕەگوڕیشەی ئێزدیایەتییان بردووەتەوە سەر ئایینی ئیسلام و ئاماژە بەوە دەکەن ئێزدیاتی لە بنەڕەتدا تەریقەتێکی ئیسلامیی سۆفیگەری بووە. کە لەسەر دەستی شێخ عدی بن موسافیر سەری هەڵداوە و دواتر لە سەردەمی شێخ حەسەنی نەوەی براکەیدا گۆڕانی بەسەردا هاتبێت.

**عەبدولڕەزاق حوسنی** (الحسنی، ١٩٥١: ٨-٩)، **سەعید دێوەچی، عەباس عەزاوی، ئەحمەد تەیمور پاشا**، تەنانەت کوردێکی ئێزدی وەک **ئیسماعیل جولی بەك** کە یەکێك بووە لە میرەکانی ئێزدی هەمان ڕایان هەیە. بەڵام **سەدیق دەمەلوجی لە** پیشەکیی کتێبەکەیدا ڕایەکی دیکەی هێناوە و ئێزدی بە پاشماوەی ئایینێکی کۆنی کورد دەزانێت، کە بنەڕەتەکەیان دەچێتەوە سەر ئایینی مانی، بە بڕوای ئەو ئێزدییەکان موسڵمان نەبوون تا هاتنی شێخ ئادی کوڕی موسافیر... (دملوجی، ١٩٤٩: ل).

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە لێکدانەوە بۆ هێما و ئەفسانە و بنەما و سرووتە ئایینییەکانی ناو بیروباوەڕی ئێزدیاتی بکەین، لەوانەیە ئەنجامێکی سەرنجراکێشمان دەست بکەوێت.

بە پێی قۆناغەکانی گەشەکردنی فیکری ئایینی،بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیوە، کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەرستنی ڕۆح و پاشان پەرستنی سرووشت و دیاردە سرووشتییەکان و دواتر پەرستنی ڕۆحی مردووەکان و پاشان سەرهەڵدانی بتپەرستی و لە دواتریشدا هاتنەکایەی بیروباوەڕی فرەخوایی و دواتر دووانە پەرستی و لە کۆتاییشدا یەکتاپەرستی. (ریفییر، ٢٠١٥: ٥١).

ئەوەی سەرنجڕاکێشە لەناو ئێزدیاتیدا هەرچەندە وەك ئایینی یەکتاپەرستی خۆی بەیان دەکات، بەڵام لە یەك کاتدا ئاسەواری قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی ئایینی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. بە جۆرێك دەکرێت وەك مۆزەخانەیەك سەیری بکەین لە بارەی مێژووی گەشەی فیکری ئایینی لە میزۆپۆتامیای کۆنەوە تا سەردەمی ئەمڕۆ.

چونکە لە بنەما و هێما و سرووتە ئایینییەکانیدا، شوێنەواری ئایینەکانی دێویەسنا، سرووشتپەرستی، میترایی، زەردەشتی، مانایی، جوولەکایەتی، مەسیحایەتی و ئیسلامەتیی بە ڕوونی پێوە دەبینرێت.

بە بڕوای ئێمە ئایینەکە بنەڕەتێکی کۆنی لەناو ئایین و بیروباوەڕە کۆنەکانی میزۆپۆتامیادا هەیە، بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئیسلام بە گشتی و کاریگەریی سۆفیزمی ئیسلامیی لەسەر دەرکەوتووە بە شێوەیەکی تایبەتی.

سەرەتای دەرکەوتن و باسکردنی ئێزدییەکان بەم ناوەی ئێستایانەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی **شێخ ئادی کوڕی موسافیر** کە ئێزدییەکان بە دامەزرێنەر و مەزنترین ڕێبەری ئایینیی خۆیانی دەزانن. هەرچەندە ئێزدییەکان سەردەمی شێخ ئادی تەنها وەك سەردەمێکی ئایینەکەیان سەیر دەکەن و ڕەگوڕیشەی خۆیان بۆ زۆر لەوە کۆنتر دەگێڕنەوە و خۆیان بە کۆنترین ئایینی تاکپەرستیی سەر ڕووی زەوی دەزانن.

ناوی شێخ ئادی کوڕی موسافیر وەك گەورەترین ڕێبەری ڕۆحی لای ئێزدییەکان یەکێکە لە هۆکارە سەرلێشێوێنەرەکان لە بارەی ئایینەکەوە، بە تایبەتی ڕەچەڵەکی شێخ ئادی و بیروباوەڕی ڕاستەقینەی ئەو، کە ئایا عەرەب و موسڵمان بووە، یان کورد بووە و لەسەر بیروباوەڕە ئایینییە کۆنەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی بووبێت. لەم ڕووەوە چەند ڕایەکی جیاواز هەیە:

**١.** سەرچاوە عەرەبی و ئیسلامییەکان زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی ڕەچەڵەکی شێخ ئادی دەچێتەوە سەر مەروانییەکان، لە ڕووی جینالۆجییەوە ڕەچەڵکی بەم جۆرە دادەنێن: ئادی کوڕی موسافیر کوڕی کوڕی ئیسماعیل کوڕی مووسا کوڕی مەروان کوڕی حەسەن کوڕی مەروان بووە. (ابن مستوفی، ١٣٦٠: ١١٦)، بە پێی ئەو سەرچاوانە، ئادی کوڕی موسافیر لە گوندی بیت فاری بەعلەبەکی لوبنان لە ساڵی(٥٠٧ك/١٠٧٣ز) لە دایك بووە و پاشان هاتووەتە ناوچەی هەکاری و وەك پیاوێکی ئایینی خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆ بوونەتەوە. ساڵی ٥٥٧ك/١١٦١ز) لە لالش کۆچی دوایی کردووە. (دملوجی، ١٩٤٩: ٧٨-٧٩) بەڵام ئەوەی دەرکەوتووە، نە لە کۆندا و نە لە ئێستادا لە بەعلەبەك شوێنێك نییە بە ناوی (بیت فار)، بەڵکوو لە بیقاعع غەربی شارۆچکەیەك هەیە بە ناوی خرابە قنافار، مەزارێکی لێیە، خەڵکەکە دەڵێن هیی پیاوچاکێکە بە ناوی (مسافر)، کە وا باوەڕ دەکرێت گۆڕی باوکی شێخ ئادی بێت. (باقسری، ١٩٩٩: ١١)، هەروەها **شطنوفی** لە (بهجة الاسرار)دا باسی شێخ ئادیی کردووە، کە زانایەکی شەرعزان بووە و هاوسەفەری شێخ عەبدولقادری گەیلانی بووە بۆ حەج. (شطنوفی، ٢٠١٣: ١٢٣).

نووسەری کوردی واش هەیە کە ئەم ڕایەی هەیە، بە نموونە **شەرەفخانی بەدلیسی** لە *شەرفنامە*دا (١٥٩٦) نووسیویەتی: "ئێزدییەکان شوێنکەوتەی شێخ عادی کوڕی موسافیری مەروانی ئومەوی و گۆڕەکەی لە لالشە لە نزیك موسڵ، باوەڕیان وایە کە شێخ ئادی لە بری ئەوان نوێژ و ڕۆژوو دەگرێت و بەبێ لێپرسینەوە دەیانخاتە بەهەشتەوە. "(بدلیسی، ٢٠٠٦: ٦٠)، هەروەها هەریەك لە **حەمدی سەلەفی** و **تەحسین ئیبراهیم دۆسکی** لە کتێبەکەیان لەسەر شێخ ئادی ئەم ڕایەیان دووبارە کردووەتەوە. ئەمانە وا باوەڕ دەکەن ئەم شێخە عەرەبە ئومەوییە لە لوبنانەوە هاتووەتە ناوچەی

موسڵ و لالش و لەوێ تەریقەتێکی ئیسلامیی سۆفیگەریی دامەزراندووە بە ناوی (عدویە) و توانیویەتی خەڵکی ئەو ناوچەیە هۆگری خۆی بکات و واز لە ئایینە کۆنەکەی خۆیان بهێنن و بێنە سەر ئایینی ئیسلام، بەڵام لە دوای خۆی لە لایەن نەوەی براکەیەوە بە ناوی شێخ حەسەن لادان لە ڕێبازە ئایینییەکەدا ڕووی داوە و خەڵکەکە گەڕاونەتەوە سەر ئایینە کۆنەکەی خۆیان. (السلفی و الدوسکی، ١٩٩٨: ١٠).

**ئیبن تەیمییە** لە (مجموعە الفتاوی) دا باسی شێخ ئادی کوڕی موسافیریی کردووە وەك پیاوێکی باش و ئاماژەی بەوە کردووە کە هەندێ لە شوێنکەوتووانی زیادەڕۆیی گەورەیان کردووە لە ڕێبازەکەیدا تا ڕادەی کوفر. (ابن تیمیە، ٢٠٠٤: ١٠٣).

**٣.** زۆرێك لە توێژەرانی کورد و لەناویاندا نووسەرە ئێزدییەکان جەخت لەسەر کوردبوونی ڕەچەڵەکی شێخ ئادی دەکەنەوە.

وەك **د. نەجاتی عەبدوڵڵا**، **پیرخدر سلێمان** و **عیزەدین باقەسرێ**، نووسەری عەرەبی واش هەیە کە پشتگیریی ئەم بۆچوونە دەکات، لەوانە **د. زوهێر کازم عەبود**.

بە بڕوای ئەوان شێخ ئادی یان وەك ئێزدییەکان دەڵێن شێخادی کوڕی مسافر کوڕی ئەحمەدی تیراهییە و خەڵکی هەکارییە و لە عەشیرەتی تیراهییە، کە لە سەردەمی مار یوحنا واشیوعدا دەستی بەسەر لالشدا گرتووە. تیراهییەکان هۆزێکی کوردی پاشماوەی زەردەشتی بوون و بە هۆی هاتنی ئیسلامەوە لە ئێرانەوە هاتوونە حەلوان و لەسەر بیروباوەڕ و ئایینەکەی خۆیان ماونەتەوە، لە سەردەمی **(عضد الدولە)ی** بووەیهی خاوەنی فەرمانڕەوایەتیی خۆیان بوون؛ بەر لەوەی لە لایەن بووەیهییەکانەوە فەرمانڕەوایەتییەکەیان بڕووخێنرێت. (باقسری، ١٩٩٩: ١٣-١٤).

هەندێك لە سەرچاوە کوردییەکان لەو باوەڕدان کە بنەماڵەی شێخ ئادی لە سەردەمی عەباسییەکاندا چوونەتە شام و دواتر لە سەردەمی شێخ ئادی هەکاریدا گەڕاونەتەوە بۆ هەکاری. (باقسری، ١٩٩٩: ١١).

سەبارەت بەو شێخ ئادیەی لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا ناوی هاتووە، هەندێ لە توێژەرانی کورد لەو باوەڕەدان لەیەکچوونی ناو لە نێوان ئادی کوڕی موسافیری مەروانی و ئادی کوڕی موسافیر ئیبن بەرەکاتی هەکاریدا هەیە و لە بنەڕەتەوە ئەمانە دوو کەسی جیاوازن. بۆ ئەمەش ڕایان وایە شێخێکی عەرەب بە ئاسانی ناتوانێت کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەك کۆمەڵگەی ئێزدی لە سەردەمێکدا کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی نەخوێندەوار بوون، دابنێت. (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٦: ١٣).

لەگەڵ ئەمانەشدا کەسانی دیکە هەن بەبێ ئەوەی ڕەچەڵەکی شێخ ئادی ببەنەوە سەر عەرەب بەڵام ئیسلامبوونی ئەویان قبووڵ بووە و وەك سوفییەکی گەورەی

ئیسلام ئاماژەیان پێ کردووە، بە نموونە **محەمەد تەوەکلی** ئاماژە بەوە دەکات شێخ ئادی وەك سۆفییەکی گەورەی ئیسلامی توانیویەتی ئێزدییەکان دڵبەستەی خۆی بکات و بیانخاتە سەر ڕێگەی خواپەرستی و فێری ئادابی ئیسلامییان بکات و دووریان بخاتەوە لە باوەڕە کۆنەکانیان، ئەوانیش شێخ ئادییان وەك ڕێبەری گەورەی ئایینیی خۆیان قبووڵ کرد و دوای مردنی لە کێوی لالش بە خاکیان سپارد. دوای مردنی ئەو، برازاکەی بەرەکات کوڕی سەخر بوو بە جێنشینی و پاش ئەویش کوڕەکەی ئادی کوڕی بەرەکات هات کە هەردووکیان موسڵمان بوون. دوای ئەویش شێخ حەسەنی کوڕی هات. دەوترێت لە زەمانی شێخ حەسەن ئیسلامەتیی ئێزدییەکان کێشەی تێکەوت و گەڕانەوە بۆ سەر ئایینە کۆنەکەی خۆیان دەستی پێ کرد و شێخ ئادی کوڕی موسافیریشیان وا دانا کە گیانی خودا لە گیانی ئەودا جێگیر بووە. ئەوەی کە لە سۆفیگەریدا پێی دەڵێن (حلول) و لە ئایینی کاکەییدا پێی دەوترێت جامەپۆشی. (توکلی، ١٣٩٥: ٤).

لێرەدا ئەوەش گرنگە کە بزانین ئێزدییەکان خۆیان لە بارەی ڕەچەڵەکی شێخ ئادییەوە چی دەڵێن، ئەوەی بەرچاوی ئێمە کەوتووە چ لە ئەدەبیاتی نووسراوی ئێزدییەکان و چ لە دەقە زارەکییە ئایینیەکانیاندا شێخ ئادی بە کورد دەزانن، بەڵام باوەڕیان بەوە هەیە کە لە شامەوە هاتووە و لە لالش جێگیر بووە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گەلێك ڕەگەزی تەسەووفی ئیسلامی هاتووەتە ناو ئایینەکەوە و بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئایینی تەریقەتی تەسەوف بە خاوەن پایەی بەرز سەیر دەکەن و بە ڕێزەوە ناویان دەهێنن، وەك شێخ حەسەنی بەسری، شێخ عەبدولقادری گەیلانی و مەنسووری حەللاج و بوستامی و شەمسی تەورێزی. هەندێ جاریش لەگەڵ کەسایەتییە هاوماوەکانی خۆیاندا تێکەڵاوی دەکەن. بە نموونە جیاوازی ناکەن لە نێوان شێخ شەمسی خۆیان و شەمسی تەورێزیدا، یان لە نێوان شێخ حەسەن کوڕی ئادی دووەم و حەسەنی بەصریدا و دەڵێن هەر یەکێکن.

یەکێك لەو بابەتانەی کە لە دەرخستنی ڕیشەی ئایینەکەدا بایەخی هەیە، ناوی ئایینی یان (کۆنفسیۆنیم)ە. لەم ڕووەوە ئێزدییەکان بە چەندین شێوازی جیاواز بانگ کراون، وەك ئێزدی، یەزیدی، داسنی و شەیتانپەرست.

لە ڕوانگەی ئیندۆ کۆنفسیۆنیمەوە (ناوی ئایینی ناوخۆیی) ئێزدییەکان خۆیان تەنها ناوی ئێزدی بەکار دەهێنن و ئەو ناوەش بە ڕاست دەزانن کە لە هەموو دەقە ئایینییە زارەکییەکانیاندا بەو جۆرە هاتووە.

لەسەر بنەڕەتی وشەی ئێزدی ڕای جیاواز هەیە، بە لای **مەسعوود محەمەد**ەوە بۆ یەزتەی ئاویستایی دەگەڕێتەوە، بە لای **جەمال نەبەز**یشەوە دەگەڕێتەوە سەر وشەی یەزت کە ناوی فریشتەکانی زەردەشتییە.

بنەڕەتی وشەی ئێزدی لە وشەی (ئیزی) وەرگیراوە، کە بە مانای (یەزدان) دێت، بەم جۆرەش ئێزدی دەبێتە (ئەهلی خودا)، لە دەقی پیرۆزی ئێزدییەکاندا سوڵتان ئیزی و خودا هەر یەك ناون و جیاوازییان نییە.

**ساتان ئیزی ب خوە پادشایە**

**هەزار و یەك ناڤ لە خوە دنایە**

**ناڤێ مەزن هەر خوەدایە**(باقسرێ، ٢٠٠٣: ٢٥٥)

هەرچی ناوەکانی یەزیدی و شەیتانپەرستە بریتین لە ئیگزۆ کۆنفسیۆنێمی ئایینی [ناوی ئایینی کە ئەوانی دیکە دەیبڕن بەسەر پەیڕەوانی ئایینێکدا].

ئەوانەی کە باوەڕیان بە عەرەببوونی ڕەچەڵەکی شێخ ئادی هەبووە، ناوی یەزیدییان بۆ بەکار هێناون، چونکە لەو بڕوایەدا بوون دەگەڕێنەوە بۆ یەزیدی کوڕی مەعاویە یان یەزیدی کوڕی ئەنیسەی خەواریجی، هەروەها لە هەندێ سەرچاوەدا شەیتانپەرست (عبادە الشیطان)یشیان بۆ بەکار هاتووە، چونکە بە شەیتانپەرستیان زانیون یان ویستوویانە وا لە قەڵەمیان بدەن.

ئەوەی جێگای تێبینییە، هەتا ئێستا زۆرینەی موسڵمانی کۆمەڵگەی کوردی بە یەزیدی و شەیتانپەرست ناویان دەبەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕەتکردنەوەی ئایینەکەیان لە لایەن بەشێکی زۆری موسڵمانانەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

## دووەم: کتێبی ئایینی:

ئێزدییەکان وا باوەڕ دەکەن کە زمانی ئایینی ئەوان کوردییە و خوداش بە زمانی کوردی قسە دەکا و حەشرونەشریشیان لە ڕۆژی دوایی هەر بە زمانی کوردییە. (زەکی، ١٩٣٦: ٣٠).

هەر لەبەر ئەوەیە هەردوو کتێبە ئایینییەکەشیان، جیلوە و مەسحەفا ڕەش بە زمانی کوردییە. جیلوە بە مانای سرووشت و مەسحەفا ڕەش بە مانای کتێبی بەهێز و کاریگەر دێت. جیلوە لە دیباجەیەك و شەش بەش پێك دێت و (٤٩٠) وشەیە، بەڵام مەسحەفا ڕەش یەك پارچەیە و لە (٧٥٠) وشە پێك هاتووە.

دەستنووسی ئەسڵیی هەردوو کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەش و وەرگێڕانە فەڕەنسییەکانیان بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩١١ لە لایەن **قەشە ئانستاس ماری کەرمەلی** لە گۆڤاری ئەنترۆپۆسدا بڵاو کرایەوە. (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٦: ٣٠). بەڵام، دەقی کوردیی جیلوە و مەسحەفا ڕەش بۆ یەکەمجار لە لایەن **شاکر فەتاح** بڵاو کراوەتەوە و بە عەرەبییش لە لایەن **سەعید دیوەچی** و **سامی سەعید** و صدیق دملوجی بڵاو کراوەتەوە.

کتێبەکان زیاتر لەوەی کرمانجی بن بە ئەلفبێی عەرەبی و کوردییەکی تێکشکاوی سۆرانی نووسراون، جگە لەوەش نوسخەیەکی تایبەتی جیلوە و مەسحەفا ڕەش هەیە کە بە پیتێکی تایبەتی نووسراون. **د. بیتنەر** پێی وایە هەردوو کتێبەکە یەکەمجار بە ئەلفبێی عەرەبی-فارسی نووسراون و دواتر بە پیتە تایبەتەکە نووسراونەتەوە. (ناوخۆش، ٢٠١٢: ٩٥).

نووسینەوەی کتێبەکان بە سۆرانییەکی پڕ لە هەڵە و ناتەواو گومانی زیاتری خستووەتە سەر هەردوو تێکستەکە، لە کاتێکدا ئێزدییەکان بە کرمانجیی ژووروو/ناوچەی هەکاری قسە دەکەن. (ناوخۆش، ٢٠١٢: ٩٤).

مەسحەفا ڕەش زیاتر کتێبێکە لە بارەی عەقیدەی ئێزدیاتی، بەڵام جیلوە لە بارەی شەریعەتەوەیە، هەروەك **د. ڕەشاد میران** ئاماژە بەوە دەکات جیلوە ئامۆژگارییەکانی خوای بۆ ئێزدییان تێدایە و حەڵاڵ و حەرام و سزا و پاداشتی بۆ دیاری کردوون، هەروەها هێز و توانای خالیق و سیفاتەکانی نیشان داون، بەڵام مەسحەفا ڕەش باسی خەلقی دونیا و نەژاد و ڕەچەڵەکی ئێزدییان دەکات. (میران، ٢٠١٧: ١٣٩).

لەبەر ئەو سەرنجە زۆرانەی لە بارەی هەردوو کتێبەکەوە هەیە، زۆر لە نووسەرە ئێزدییەکان لەوانە **عیزەدین باقسەرێ** و **خدری سلێمان** و **خەلیل جوندی** لەو باوەڕەدان کە دەقە بڵاوکراوەکانی جیلوە و مەسحەفا ڕەش جێی متمانە نین، چونکە جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە و هەندێ شتی لەگەڵ بنەماکانی ئایینەکە و قەولی ئێزدییەکاندا ناگونجێن. (ناوخۆش، ٢٠١٢: ٩٩).

گومان لەوەدا نییە کە ئێزدییەکان خاوەنی کتێبی ئایینی بوون، بەڵام ئەم نوسخەیەی ئێستای جیلوە و مەسحەفا ڕەش کە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فەرەنسی و ڕووسی و ئینگلیزی لەبەر دەستدان نوسخەی رەسەنی کتێبەکان نین و زیاتر لەوە دەچن کەسێك لەسەر نوسخە ئەسڵەکان کورتەیەکی بچووکی لەسەر نووسیبێتەوە.

لەم بارەیەوە **د. سەلام ناوخۆش** نوسیویەتی، خودی توێژەرە ئێزدییەکان، باوەڕیان وایە مەسحەفی ڕەش و جیلوە، کە زۆربەی توێژەران بە دوو کتێبی پیرۆزی ئێزدیانی

دادەنێن، کتێبی پیرۆز و جێی متمانە نین لە بارەی باوەڕی ئێزدیاتییەوە (ناوخۆش، ٢٠١٢: ٨٩)، هەروەها بە پێی چاوپێکەوتنە مەیدانییەکانم لەناو ئۆلی ئێزدیاندا، بە تەواوەتی بۆم دەرکەوت جیلوە و مەسحەفا ڕەش هیچ کاریگەری و ڕۆڵێکی نییە لە ژیانی ئایینی ئێزدییەکاندا و بۆ هیچ کاروبارێکی ئایینی ناگەڕێنەوە سەریان.

بە پێی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ **شێخ فاروق خلیل** پێشمامی گەورەی ئێزدییەکان ،ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوان باوەڕیان بەوە هەیە لە کۆندا خاوەنی جیلوە و مەسحەفا ڕەش هەبوون، بەڵام بە هۆی ئەو فەرمان(پەلاماردان)انەی بە درێژایی مێژوو لە بەرامبەریان کراوە، ئەو کتێبە پیرۆزانەیان تیاچوون و نەماون. لەبەر ئەوە ئەو کتێبانەی بە ناوی جیلوە و مەسحەفا ڕەش نووسراون هیچ پەیوەندیی بەوانەوە نییە و خەڵکی دیکە دایناون. (چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ فاروق: ٧).

گرنگترین تێکستی ئایینی ئێزدییەکان بریتییە لە دۆعا و بەیت و قەسیدە و قەولەکانیان، کە بە شێوەی قاڵبی شیعریی تایبەت و بە زمانی کرمانجی نووسراون و دەماودەم گواستراونەتەوە بۆ نەوەی ئێستا.

ئەم تێکستە ئایینییە زارەکییانە بە گەنجینەیەکی پڕبایەخ و سەرچاوەیەکی ڕاستەقینە لە بارەی بیروباوەڕی ئایینی ئێزدیاتییەوە دادەنرێن و لە ژیانی ڕۆژنەدا بۆ بیروباوەڕ و سرووتەکان و یاسا ئایینییەکان و چیرۆکە ئایینییەکانیان بۆ ئەم تێکستانە دەگەڕێنەوە و قەوالەکانیشیان ئەوانەن کە شارەزایی تەواویان لەم تێکستە ئایینییانەدا هەیە.

بە بڕوای ئێمە ئەم تێکستە ئایینییانە بە سەرچاوەیەکی ڕەسەن بۆ تێگەیشتن لە بیروباوەڕ و بنەمای هزریی ئایینی ئێزدی زیاتر لە هەر سەرچاوەیەکی تر دادەنرێن. هەرچەندە لە کۆندا ڕێگە نەدەدرا خەڵکانی نائێزدی ئەم تێکستە ئایینییانە بزانن، بەڵام لە ئێستادا بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری لەناو ئێزدییەکاندا دروست بووە، کە کار لەسەر نووسینەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم تێکستە ئایینییانە دەکەن. لەم ڕووەشەوە بنکەی ڕۆشنبیریی لالش ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕێت.

ئەوەی جێگای تێبینییە زۆرێك لەو توێژینەوانەی لەسەر ئێزدییەکان و بیروباوەڕیان کراوە، بە ڕادەیەکی زۆر پشتیان بە تێکستەکانی ناو جیلوە و مەسحەفا ڕەش بەستوە و لە ڕوانگەی ئەوەوە بڕیاریان لەسەر بیروباوەڕیان داوە. ئەمەش زۆر جار بە دەرەنجامی هەڵەی بردوون. لەبەر ئەوە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بۆ هیچ بابەتێکی ئایینی نەگەڕاوینەتەوە بۆ جیلوە و مەسحەفا ڕەش.

## سێیەم: مەڵبەندی ئایینەکە:

ئێزدییەکان بە بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستانی گەورەدا بڵاو بوونەتەوە و لە باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان و تەنانەت لە ناوچە کوردییەکانی قەفقاس بوونیان هەیە.

پێگەی سەرەکیی ئایینەکە لە باشووری کوردستانە، گرنگترین شوێنی کۆبوونەوەی ئێزدییەکان قەزای شێخانە لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ و مەزنترین مەزاری ئایینییان لە خۆ دەگرێت کە پەرستگای لالش و مەزاری شێخ ئادیی تێدایە، هەروەها لە باعەدرێ و بەحزانی و بەعشیقە و عەین سوفنا و چیای مەقلوب بوونیان هەیە، لەگەڵ چەند گوند و شارەدێیەك لە نێوان ئەتروش و تەلسقۆف، هەروەها لە چەند گوندێکی پارێزگای دهۆك و قەزای زاخۆ پەیڕەوانی ئایینی ئێزدی هەن، وەك ئەلقوش، بەربنی و قایدیا و سلیفانا، هەروەها چیای شەنگار و قەزای شەنگار بە یەکێك لە مەڵبەندە سەرەکییەکانی کوردانی ئێزدی دادەنرێت(بڕوانە پاشکۆی ژمارە -١٢).

لە باکووری کوردستانیش بە شارەکانی نوسەیبین، تور عابدین، ماردین، حەسەن کێف، دیاربەکر، جەزیرە، میفارقین، باتمان، بەدلیس و هەکاریدا بڵاو بوونەتەوە. (هاوار، ٢٠٠٠: ٩٥).

لە ڕۆژئاوای کوردستانیشدا بە شارەکانی قامیشلی، سروچ، بیرجك، عەفرین، عامودا و چەند شارۆچکە و گوندێکی دیکەدا بڵاو بوونەتەوە. (دملوجی، ١٩٤٩: ١٧٤-١٧٥)، هەروەها زۆرێك لە کوردەکانی جۆرجیا و ئەرمینیا ئێزدین، نەوەی ئەو ئێزدییانەن کە بە هۆی چەوساندنەوەی دەوڵەتی عوسمانییەوە زێدی خۆیان جێ هێشتووە و کۆچیان بۆ ئەو ناوچانە کردووە. (هاوار، ٢٠٠٠: ٩٤-٩٥).

لە دوای پەلاماری داعش بۆ سەر شەنگال و ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای موسڵەوە ئێزدییەکان لە لایەن ئەو گرووپە توندئاژووە ئیسلامییەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژ و لەناوبردنی بەکۆمەڵ و (بەکەنیزەککردنی) کچ و ژنەکانیان بوونەوە و لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شامەوە وەك کۆیلەی سێکس مامەڵەیان پێوە دەکرا.

لە ئەنجامی ئەو پەلامارەشدا لە زێدی خۆیان هەڵکەندران و ئاوارەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان بوون و بەشێکی زۆریشیان کوردستانیان بەجێ هێشت و وەك پەنابەر ڕوویان لە وڵاتانی ئەورووپا کرد.

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا جەختی لێ کراوەتەوە، مەڵبەندی ئاینیی ئێزدییەکانی باشووری کوردستانە کە دەکەونە پارێزگای دهۆك و موسڵ، لە قەزای شێخان لە لای چەپی ڕووباری دیجلە و قەزای شەنگار لە لای ڕاستی ڕووباری دیجلە، لەگەڵ چەند گوندێك لە پارێزگای دهۆك و قەزای زاخۆ. (الحسنی، ١٩٥١: ٨٥).

## چوارەم: بنەما سەرەکییەکانی ئاییینی ئێزدی:

### ١. یەکتاپەرستی:

ئێزدییەکان خۆیان بە ئاییینی یەکتاپەرستی دەزانن و باوەڕیان بە خودای خوڵقێنەری تاکوتەنیا هەیە، کە بەدیهێنەری گەردوون و مرۆڤ و زیندەوارنی ترە. لەگەڵ هەر ئاییندارێکی ئێزدیی سادە و خاوەن پایەی ئاییینی قسە دەکەیت، بەر لە هەموو شتێ باسی ئەوەت بۆ دەکات کە ئەوان خاوەن ئاییینێکی یەکتاپەرستین و هەندێ جاریش دەڵێین ئێمە یەکەم ئاییینی یەکتاپەرستین کە لە ئیبراهیم خەلیلمان وەرگرتووە. زۆر بەڵگەش هەن لەناو دەقە ئاییینییە زارەکییەکانیاندا کە یەکتاپەرستیی ئەوان دەسەلمێنن.

لە دۆعای (شەهدا دینی) هاتووە:

**شەهدا دنێ من ئێك ئەڵڵا**

**مەلەك شێخ سن حەق حەبیبوڵڵا...** (دنانی، ٢٠١٢، ٣٣١ ):

لە دەقەکەی عیزەدین باقەسرێدا، دێڕی دووەم بەم جۆرە هاتووە:

**تاوسی مەلەك حەق حەبیب ئەڵڵا....** (باقسرێ، ٢٠٠٣: ٣٥)

لەسەروو هەموو ئەمانەوە ڕوونترین بەڵگە لەسەر یەکتاپەرستی لە ئاییینی ئێزدیدا خودی ناوەکەیانە، کە لە بنەڕەتی وشەی ئێزی یان یەزدانەوە هاتووە، کە بە مانای خودا دێت. لە دیدی ئێزدییەکانەوە خودا هەزارویەك ناوی هەیە، ناوی ئێزدی یەکێکە لەو ناوانە، هەروەکوو لە زۆر قەولی ئێزدیدا ناوی ئێزی بە مانای خودێ یان خودا هاتووە:

**یا سوڵتان ئێزی تۆ خالقێکی من هایی**

**بۆ هەموو دەردا تۆ دەوایی**

**بۆ هەموو مەخلوقا تۆ شیفایی**

(باقسرێ، ٢٠٠٣: ٢٥٥).

لەوانەیە ڕونترین تێکستی ئاییینیی ئێزدی، کە بە تەواوی ماناکانی یەکتاپەرستی تیایدا ڕەنگی دابێتەوە (قەولی پەدشا) بێت، کە هەموو مانا و دەلالەتەکانی خوایەتیی

خوای له خۆ گرتووه و ڕاستییەکەی جیاوازییەکی وەهای نییە لەگەڵ تێگەیشتنی ئۆرتۆدۆکسیی ئیسلامیدا بۆ چەمکی خودا لە ئایینی ئیسلامدا.

لە بارەی یەکتاپەرستی لەناو ئایینی ئێزدیدا زۆر توێژەری ئەم بوارە هەن کە گومان لەسەر یەکتاپەرستیی ئایینەکە دادەنێن، بەڵام هەردووتوێژەری ئێزدی(پیر خدری سلێمان و خەلیل جوندی لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکەن: "زۆرینەی توێژەران سەرکەوتوو نەبوون لە شیکردنەوەی بیروباوەڕی ئێزدیدا و وەکوو زەردەشتی یان مانەوی سەیریان کردووە، کە خودای خێروشەڕیان هەیە، بەڵام هەندێ توێژەران ئاماژەیان بە یەکتاپەرستی ئێزدییەکان داوە وەك **شاکر فەتاح**، **شاکر خەسباك**، **باسیلی نیکتین**".(بڕوانە کتێبی ئێزیدیاتی: پیر خدری سلێمان و خەلیل جوندی:        )

**٢. تاوسی مەلەك:**

یەکێك لە بنەڕەتیترین بنەما ئایینییەکانی ئایینەکە بوونی مەلەك تاوس یان تاوسی مەلەکە، کە پایەی گرنگ و سەنتەریی هەیە لە بیروباوەڕی ئێزدیاتیدا، هەر لەبەر ئەوەشە زۆر جار لە لایەن کەسانی دەرەوەی ئایینەکەوە بە شەیتانپەرست ناو دەبرێن،بەڵام ئایا ئێزدییەکان شەیتانپەرستن؟ یان وەك فریشتەیەکی پیرۆز سەیری مەلەك تاوس دەکەن.

بە پێی کۆسمۆگۆنیای ئایینەکە (ئەفسانەی خەلقی دونیا)، هەوەڵجار خودا مروارییەکی گەورەی سپی یلە ڕازی خۆی درووست کرد، دواتر باڵندەیەکی درووست کرد ناوی نا ئەنفەر، مرواریيە گەورەکەی خستە سەرپشتی باڵندەکە و ماوەی ٤٠ هەزار ساڵ لەسەر پشتی بوو، پاشان دەستی کرد بە درووستکردنی حەوت فریشتە، خودا لە ڕۆژی یەکشەممەدا یەکەم درووستکراوی خۆی درووست کردووە، کە بریتییە لە عەزازیل، یان مەلەك تاوس، کە سەرۆکی هەموو فریشتەکانە، پاشان یەك لە دوای یەك فریشتەکانی دیکەی درووست کردن." (جول، ١٩٣٤: ٧٣).

سەبارەت بە پێگەی تاوسی مەلەك (ملك الطاوس) و پێگەی مەلەك تاوس لە ئایینی ئێزدیدا، ڕاوبۆچوونی جیاواز هەن، هەندێك دەیگێڕنەوە بۆ بیروباوەڕی کۆنی ئاشووری و خواوەندی تەمووز، کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار گۆڕان بەسەر وشەکەدا هاتووە و بووەتە تاوس. (الیوسف، ١٩٩٩: ١٠).

هەندێ توێژەری دیکەش دیاردەکە بۆ ناو کولتووری ئیسلامی دەگێڕنەوە و دەیبەستنەوە بە سۆفیزمی ئیسلامییەوە، لەوانە **صديق الدملوجي**، کە ئاماژە بەوە دەکات لە سۆفیزمی ئیسلامیدا تێڕوانینێکی تایبەتی هەیە بۆ مەسەلەی شەیتان و

چیرۆکی دەرکردنی لە بەهەشت. وا لێکدانەوەی بۆ دەکەن کە ئەو بابەتە پەیوەستە بە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەوە و لە دیدی ئەواندا شەیتان سەرەڕای بێفەرمانییەکەی نموونەیەکی باڵایە بۆ خۆشەویستی و قبووڵکردنی سەرەنجامەکەی هەرچییەك بێت. (الدملوجی، ١٩٤٩: ١٥٨-١٦٠).

لە باوەڕی ئێزدیاتیدا سێ ئاراستەی سەرەکی سەبارەت بە پێگەی تاوسی مەلەك هەیە:

یەکەمیان وەك پیرۆزترین و بەدەسەڵاتترین دروستکراوی خودا سەیری مەلەك تاوس دەکات، یەکەم شتێك کە خودا لە دوای خۆی دروستی کردبێت تاوسی مەلەکە و کردوویەتییە سەرۆکی فریشتەکان.

**شەهدا دنێ من ئێك ئەڵڵا**

**تاوسی مەلەك حەق حەبیب ئەڵڵا....** (باقسرێ، ٢٠٠٣: ٣٥).

هەروەها لە (قەولی پەدشای) هاتووە:

**پەدشێ من کنیات ئاڤاکر ژدوڕا گەوهەرە**

**سپارتبوو هەر هەفت سوڕێت هەر و هەرە**

**تاوسی مەلەك کرە سەروەرە** (دنانی، ٢٠١٢: ٤٩٧).

ئاراستەی دووەم ئەوەیە کە لەگەڵ باوەڕبوون بە یەزداندا، تاوسی مەلەکیش وەك خواوەندێکی هاوتا یان بچووکتر سەیر دەکەن، کە کاریگەریی هەیە لەسەر ژیانیان و خێروفەڕ و چاکەیان بۆ دەهێنێت و بەڵایان لێ دوور دەخاتەوە. لەم بارەیەوە **د. ڕەشاد میران** لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئێزدییەکان لە پاڵ پەرستنی یەزداندا مەلەك تاوس وەك خواوەندی سەرەکی سەیر دەکەن. (میران، ٢٠١٧: ١٣٢).

بۆچوونی سێیەمیش ئەوەیە کە ئێزدییەکان باوەڕیان بە توانەوە و یەکبوون و دۆنادۆن (الحلول و التناسخ) هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە کە بە بڕوای ئەوان زاتی مەلەك تاوس لەگەڵ زاتی خودا یەکە و زاتی شێخ ئادی کوڕی موسافیر لەگەڵ زاتی مەلەك تاوس یەکە و ٦٠ فریشتەی تریان هەیە کە پەیوەندیی نێوان خودا و بەندەکان ڕێك دەخات. (خەلیقی، ١٩٩٣: ٢١٨). بەم پێیەش بێت ئێزدییەکان خودا و مەلەکی تاوس هەر بە یەك دەزانن وەك شتێك لەناو شتێکی دیکەدا، بۆ سەلماندنی ئەمەش چەندین دۆعا و قەولی ئێزدیاتی هەیە، کە گریمانەی ئەم بۆچوونەی لێ دەکرێت:

بە نموونە لە دۆعای شەهدا دینیدا هاتووە

**سڵتان ئێزی پەدشێ منە**

**تاوسی مەلەك شەهدە و ئیمانی منە**

**کانیا سپی مۆرا منه**
**کاف و مغار و زمزم حەجا منه**
**قوبلەت بدور قبلەتا منه**
**سڵتان شێخادی پاشایێ منه.** (دنانی، ٣٣١: ٣٣١).

بە بۆچوونی ئێمە ئەو نزیکایەتییەی لە بارەی پێگەی تاوسی مەلەك لای ئێزدییەکان و (شەیتان) لە هەندێ بیروباوەڕی پەڕگیری سۆفیگەریی ئیسلامیدا هەیە، گریمانەی ئەوەی لێ دەکرێت کە لەژێر کاریگەریی سۆفیزمی ئیسلامیدا هاتبێتە ناو ئایینی ئێزدییەوە، بە هەمان ئەندازەش گریمانەی ئەوە هەیە، کە لە بنەڕەتدا لە گنوسیەتی ئایینە ڕۆژهەڵاتناسییەکانەوە چووبێتە ناو هەندێ تەوژمی سۆفیزمی ئیسلامییەوە.

**٣. دۆنادۆن و حلول (التناسخ و الحلول):**

دۆنادۆن یەکێکە لە باوەڕە کۆنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، کە باوەڕبوونە بە نەمریی ڕۆح دوای مردنی جەستە و چوونە گیانێکی دیکەوە. میسرییە کۆنەکان باوەڕی زۆریان پێی هەبووە و هیندییەکانیش باوەڕی تەواویان هەبووە. پوختەی باوەڕەکەش ئەوەیە کە ڕۆح یان پاکژە یان شەڕەنگێز، لە دوای مردن، ڕۆحی شەڕەنگێز بە پێی ڕادەی شەڕەنگێزییەکەی دەچێتە گیانی ئاژەڵێکەوە، بەمەش دەوترێت (الفسخ)، بەڵام ئەگەر پاکژ و چاکەکار بێت، دەچێتە جەستەی مرۆڤێکی دیکەیەوە، بەمەش دەوترێت (النسخ). (التونجی، ١٣٢: ١٩٩٩).

زۆرێك لە توێژەران هاوڕان لەسەر ئەوەی لە ئایینی ئێزدیدا باوەڕ بە دۆنادۆن یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان، هەرچەندە ئەم بنەمایە لە ئایینی ئێزدیدا مینای ئایینی کاکەیی نییە، چونکە لە کاکەییدا دۆنادۆن یەکێکە لە سەرەکیترین و ئاشکراترین بنەما ئایینییەکانی ئایینەکە، بەڵام لە ئێزدیاتیدا کاڵترە و بابەتێکی گشتی نییە کە هەموان بیزانن و زۆر جەختی ناخرێتە سەر. زۆرینەی توێژەرانی ئەم بوارە لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئێزدییەکان باوەڕیان بە حلول و دۆنادۆن هەیە، بە نموونە **د. کازم حەبیب.**"(حبیب، ٢٠١٦: ١١٤)، هەروەها **د. ڕەشاد میران** ئاماژە بەوە دەکات کە باوەڕبوون بەوەی هەر شێخێکی ئێزدی شێوەی فریشتەیەکی هەیە کتومت باوەڕبوونە بە دۆنادۆن و حلول. (میران، ٢٠١٧: ١٤٣).

قەشە **تۆما بواش** لەو باوەڕەدایە بنەمای دۆنادۆن و حلول جێگەیەکی گرنگی هەیە لە ئایینی ئێزدیدا و بە بڕوای ئەو ئایینەکە لەسەر بنەمای سێکوچکەی خوایەتیی یەزدان و مەلەك تاوس و شێخ ئادی دامەزراوە، کە ئەوەش بە مانای حلول دێت. (تۆمابوا، ٢٠١١،

٨٩)، هەروەها **عەبدولڕەزاق حوسنی**ش هەمان ڕای هەیە و ئاماژەی بەوە کردووە ئێزدییەکان باوەڕیان بەوەیە کە دوای مردن ڕۆحی مردووەکانیان دەچێتە جەستەی مرۆڤێکی تر یان ئاژەڵێکەوە. بۆ ئەمەش پرسیار لە (کوچەك)ەکانیان دەکەن، ئەگەر چووبووە جەستەی کەسێکی دیکەوە ئەوا سوپاسی خودا دەکەن و ئەگەر چووبووە جەستەی ئاژەڵێکیشەوە ئەوا قوربانیی بۆ دەکەن تا ڕۆحەکە لە جەستەی ئەو ئاژەڵە ڕزگاری ببێت. (الحسنی، ١٩٥١: ٦٠).

**سامی سەعید** ئاماژەی بەوەکردووە، ئێزدییەکان باوەڕی تەواویان بە دۆنادۆن هەیە و بە بڕوای ئەو ئەم باوەڕەیان لە مانەوییەکان وەرگرتووە و ئەوانیش لە هیندۆسیان وەرگرتووە. (سعید، ١٩٧١: ١٠٧).

ئەوەش کە ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت پرسیارکردنی کەسوکاری مردووە لە کوچەکەکان لە بارەی چارەنووسی مردووەکەیانەوە.

چەندین نووسەری ئێزدی خۆشیان ئاماژەیان بەم بابەتە کردووە، لەوانە **ئیسماعیل بەگ چول**، (جول، ٩٦: ١٩٣٤).

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەوەی بۆ من چاوەڕواننەکراو بوو، ڕای تایبەتیی سەرۆکی قەوالەکانی ئایینی ئێزدیی بوو، لە چاوپێکەوتنی تایبەت سەرۆکی قەوالەکان **بەهزاد سلێمان سیفوو**، کە پێشمامی مەرگە شێخ فاروقیش ئامادەی بوو، قەوال **بەهزاد** وتی: "ئێمە بە هیچ شێوەیەك باوەڕمان بە (التناسخ الارواح و حلول) نییە، ئێمە یەکتاپەرستین و باوەڕمان بە مردن و ڕۆژی دوایی و حەشرونەشر هەیە و باوەڕمان بە بەهەشت و دۆزەخ هەیە.) (چاوپێکەوتن لەگەڵ قەوال بەهزاد سیفوو: ٨).

سەرای ئەم قسانەی سەرۆکی قەوالەکان تێبینیی ئەوەم کردووە لە ئایینی ئێزدیدا هێشتا هەندێ ڕەگەزی ڕۆحپەرستی ئەنیمیسم هەیە، بە نموونە ئێزدییەکان وا باوەڕ دەکەن لە جەژنی سەری ساڵدا کە جەژنی چوارشەممەسوورەیە، هەموو ڕۆحە مردووەکان دەگەڕێنەوە لالش و هەموو ماڵێکیش گوڵی ڕەنگاوڕەنگ بە دەرگای ماڵەکەیدا هەڵدەواسن، چونکە لەو باوەڕەدان ڕۆحی مەلەك تاوس دێت و سەردانی ماڵەکانیان دەکات.

### ٤. کۆسمۆگۆنیا(ئەفراندنی دنیا):

لە قەولی ئافرینا دنیا و قەولی (زەبووری مەکسور)دا باسی ئافراندنی دونیا لە لایەن خوداوە هاتووە و بەشی زۆری چیرۆکەکە نزیکایەتیی زۆری لەگەڵ بیروباوەڕی کۆسمۆگۆنیای ئایینی کاکەییدا هەیە و لەم ڕەووەوە ئەوەندە لە یەکتری نزیکن کە

بتوانین بڵێین هەردوو ئایینەکە لە بنەڕەتدا یەك سەرچاوەیان هەبووە و دواتر وردەوردە لە یەکتری جیا بوونەتەوە.

لە چیرۆکی ئافراندنی دونیا لە باوەڕی ئێزدییەکاندا بەر لەوەی هیچ شتێك هەبێت خودا دوڕێکی ناو دەریا بوو.

**٥. ئیساخاتۆلۆگیا (دونیا ئاخربوون):**

لە چەندین تێکستی ئێزدیدا ئاماژە بە دونیاتێکچوون و کۆتایی دونیا و ڕۆژی دوایی کراوە، بە تایبەتی لە هەردوو (قەولی قیامەتێ) و (قەولی ئاخرەتێ)دا، ئەمە بە تەواوەتی ڕوون کراوەتەوە، کە دونیا دوای شەڕوشۆڕ کۆتایی پێ دێت و هەموو مرۆڤێك دەچێتە بەر قاپیی ڕەحمان سزا و پاداشتی کردەوەکانی وەردەگرێت. (دنانی، ٢٠١٢: ٤٠٠ و ٤٢١).

## پێنجەم: ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی:

ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ئێزدیدا ڕەنگدانەوەی ڕێکخستنە ئایینییەکەیەتی. تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ئێزدیدا لەسەر بنەمای ئایینی دیزاین کراوە، هەر لەبەر ئەوەشە کە کۆمەڵگەی ئێزدی بە کۆمەڵگەیەکی تۆکمە و بەهێز دادەنرێت و هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت سەرەڕای ئەو هەموو پەلاماردان و لەشکرکێشی و هەوڵی لەناوبردنەی بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕوویان بووەتەوە؛ تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی پارێزگاریی لە بوون و ناسنامەی خۆی بکات.

ئێزدییەکان خاوەنی سستمێکی کۆمەڵایەتیی چینایەتین، بناغەکەی لەو پۆلێنبەندییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە هزری ئایینییاندا بوونی هەیە.

وەك **میهردادی ئیزەدی** دەنوسێت: "ئایینی ئێزدیاتی سەر بەو ئایینانەیە کە بە ئایینی ئۆلی فریشتەکان دادەنرێن. لە دۆکترینی ئەم ئایینانەدا خودا حەوت فریشتەی پیرۆزی هەیە و بە هاوکاریی ئەوان گەردوون بەڕێوە دەبات، هەر یەکێك لەو فریشتانە پێگە و ئەرکێکی تایبەتی هەیە و هەریەکەشیان دۆنی یەکێکن لە حەوت کەسایەتیی پایەبەرزی ئێزدی. (ئیزەدی، ٢٠١٨: ٢٦٥).

هەوارنامەی کتێب

بە پێی تێکستێکی پیرۆزی ئێزدییەکان، خودا لە حەوت ڕۆژی حەفتەدا حەوت فریشتەی پیرۆزی درووست کردووە، کە هەریەکەیان بەرامبەرە بە حەوت کەسایەتیی گرنگی ئێزدییەکان، بە پێی ئەم خشتەیەی خوارەوە: (جول، ١٩٣٤، ٧٣).

| ڕۆژی خەڵقکردن | ناوی فریشتە | بەرامبەری فریشتەکان لەناو ئۆلی ئێزیدیاندا |
|---|---|---|
| یەك شەممە | عەزازیل (مەلەك تاوس) | شێخ ئادی |
| دوو شەممە | دەردائیل | شێخ حەسەن |
| سێ شەممە | ئیسرافیل | شێخ شەمسەدین |
| چوارشەممە | میکائیل | شێخ ئەبوبەکر |
| پێنج شەممە | جوبرائیل | شێخ سەجادەدین |
| هەینی | شمنائیل | شێخ ناسرەدین |
| شەممە | نوردائیل | شێخ فەخرەدین |

ئەم هەرەمە ئایینییە ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر هەرەمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێزدی هەیە و لەسەر ئەم بنەمایە کۆمەڵگەی ئێزدی دابەش دەبن بۆ سێ چینی سەرەکی: شێخ و پیر و مورید.

**١. شێخ:**

شێخ لە کۆمەڵگەی ئێزدیدا پایەیەکی بڵندی ئایینی و کۆمەڵایەتییە، بە گشتی چینی شێخ دەکرێن بە سێ تایەفەی جیاوازەوە، ئادانی و شەمسانی و قاتانی.

یەکەم: شێخانی ئادانی نەوەی شێخ ئادین و ئەم بنەماڵانە دەگرێتەوە: شێخ حەسەن، شێخ زەند، شێخ شەرەفەدین، شێخ ئیبراهیم، شێخ موسا.

دووەم : شێخانی شەمسانی، کە بە نەوەی میر ئێزدین دادەنرێن، باوەڕ وایە کە بەر لە هاتنی شێخ ئادی بۆ لالش ئەوان میری ئێزدی بوون و لە حەوت بنەماڵەی سەرەکی پێك دێن، کە ئەمانەن: شێخ شەمسەدین، شێخ فەخرەدین، شێخ مەند، شێخ سەجادین، شێخ ناسرەدین، شێخ بەهادین، شێخ عیمادەدین.

سێیەم: شێخانی قاتانی، کە دەگەڕێنەوە سەر بنەماڵەی دەروێش ئادەمی قاتانی و لە دوو بنەماڵەی سەرەکی پێك دێن؛ ماڵی میر و ماڵی شێخ ئەبووبەکر. (خانکی، ٢٠٠٤: ٥٤).

هەر یەکێك لەم بنەماڵانە پلە و ئەرکێکی ئایینیی تایبەتیان هەیە، کە پشتاوپشت بۆ نەوەکانی داهاتوو دەمێنێتەوە.

بە نموونە میر لە بنەماڵەی قاتانییە و بابا شێخ دەبێت لە بنەماڵەی شێخ فەخرەدین بێت لە لقی شەمسانی، شێخی وەزیر دەبێت لە بنەماڵەی شێخ شەمس بێت لە لقی شەمسانی و خاوەندارێتی لە تەختی شێخ ئادی دەکەن، کە بە پرشباکی ناسراوە، هەروەها پێشمامی شێخ لە بنەماڵەی شەرەفەدینە لە لقی ئادانی و بابی گاڤان لە بنەماڵەی شیخ ئامادین یان عیمادەدینە لە لقی شەمسانی.

**٢. پیر:**

پیر یان ڕێنیشاندەر، بەو کەسانە دەوترێت کە بڵاوکردنەوە و ڕێنمایی ئایینی ئێزدییان دەکەوێتە سەرشان، پلەی ئایینییان لە دوای شێخەکانەوە دێت و لە چوارچێوەی چەند خێزانێکدا سنووردار کراوە. ئەمانە ڕەچەڵەکیان بۆ چەند کەسێکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە، کە هاوکاری شێخ ئادی بوون و لە لایەن شێخ ئادییەوە ئەو ناوەیان لێ نراوە و ژمارەیان ٤٠ پیرە. بە هەمان شێوە پایەیەکی ئایینییە کە پشتاوپشت دەمێنێتەوە.

لە بارەی شیخ و موریدەوە لە دەقە ئایینییەکانی ئێزدیدا هاتووە:

**شێخ فەڕە و پیر نیشانە**

**هۆستا و مورەبی وەکی وانە**

**فەرزا برایێ ئاخرەتێ فەرزەکا گرانە.** (خلو، ٢٠١٣: ٣٥).

**٣. مورید:**

زۆرینەی خەڵکی ئاسایی ئێزدی دەگرێتەوە کە لە دوو چینەکەی تر نین؛ نێر بن یان مێ، گەورە بن یا بچووک. هەموو موریدێك شێخ و پیری خۆی هەیە، کە ساڵانە خێرونەزریان پێشکەش دەکات و لە بەرامبەردا ڕێنمایی ئایینییان لێ وەردەگرن و بەشداریی خۆشی و ناخۆشییان دەکەن.

هەر یەکێك لەم پلە ئایینییانە وەك دابەشکارییەکی ئیلاهی سەیر دەکرێن و هەموان پێویستە بە چارەنووسی خۆیان ڕازی بن و کەس ناتوانێت چینی ئایینی و کۆمەڵایەتیی خۆی لە چینێکەوە بۆ چینێکی دیکە بگۆڕێت. (مارونسی، ٢٠١٩: ١٣٧).

هاوسەرگیرییش لە نێوانی هەرسێ چینەکەدا قەدەغەیە و کەس بۆی نییە هاوسەرگیری لەگەڵ چینێکی جیاواز لە چینەکەی خۆیدا بکات، هەروەك هاوسەرگیری لە نێوانی سێ چینەکەی بنەماڵەی شێخانیشدا قەدەغەیە و شێخەکان تەنها بۆیان هەیە لەناو بنەماڵەکەی خۆیاندا هاوسەرگیری بکەن، هەروەها پێویستە لەسەر هەموو ئاییندارێکی ئێزدی لە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بێت، شێخ و پیری تایبەت بە خۆی هەبێت، کە گوێڕایەڵییان دەکات و ڕێنوێنیی ئایینییان لێ وەردەگرێت و نزا و پاڕانەوەیان بۆ دەکات و لە کاتی سرووتە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکاندا لەگەڵیاندا دەبێت؛ وەك کاتی ژنهێنان و ناشتنی مردوو. لە بەرامبەریشدا لەسەر مورید پێویستە کە ساڵانە لەو داهاتەی دەستی دەکەوێت بەشی شێخ و پیرەکەی خۆی بدات.

جگە لەمە، لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێزدیدا نەریتێکی دیکە هەیە، کە پێی دەوترێت خوشك و برای ئاخیرەتی. بە پێی ئەم نەریتە هەر کەسێکی ئێزدی پێویستە لە سەری لە تەمەنی باڵغیدا پێش ژنهێنان خوشك و برایەکی ئاخیرەتی بۆ خۆی هەڵبژێرێت.

ئەرکی برای ئاخیرەتی لە دونیادا ئەوەیە لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵ براکەی بێت، بە تایبەتی لە کاتی هاوسەرگیری و لە کاتی مردن و شۆردن و کفنکردنیدا، لە بۆنە و جەژنەکاندا سەردانی یەکتری دەکەن، لە ڕۆژی ئاخیرەتیشدا ئەرکی برای ئایینی ئەوەیە لەسەر پردی سیرات داوای لیخۆشبوون بۆ براکەی دەکات. (خلو: ٢٠١٣: ٥٣).

## شەشەم: دامودەزگای ئایینی:

ئێزدییەکان خاوەنی دامودەزگایەکی ئایینیی تایبەتن کە پێی دەوترێت (جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدی)، ئەم جڤاتە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئایینی و ئۆلی ئێزدییەکان و

گفتوگۆکردن لە بارەی ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە ئێزدییەکانەوە هەیە لە لایەن **میر سەعید بەگ کوڕی عەلی بەگ** میری ئەوکاتەی ئێزدییەکان لە ساڵی ١٩٣٨ دامەزراوە. ژمارەیان ١٣ کەسە، بەڵام پێنج لەمانە ئەندامە هەمیشەییەکانی جڤاتی ئێزدین،کە بریتیین لە:

**١.**میر: بەرزترین دەسەڵاتە لەناو ئێزدییەکاندا، کاروباری دونیایی ئێزدییەکان بەڕێوە دەبات.

**٢.**بابەشێخ: بەرزترین پایەی ڕۆحانییە لەناو کۆمەڵی ئێزدیدا.

**٣.** شێخی وەزیر ڕۆڵی وەزیر دەبینێت.

**٤.**پێشمامی میر.

**٥.** سەرۆکی قەواڵەکان.

لە ئێستادا جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدییەکان بە سەرپەرشتیی میر لەسەر پرسە گرنگەکانی تایبەت بە ئۆلی ئێزدییان کۆبوونەوەی بەردەوام دەکەن و دەستەیەکی ڕاوێژکارییشیان لە کەسانی ڕۆشنبیری ئێزدی هەیە، کە لە بڕیارەکاندا ڕاوێژیان پێ دەکەن.

جگە لەم جڤاتە جڤاتێکی دیکەی ئایینی هەیە، کە پێی دەوترێت جڤاتی یان جوقی بابەشێخ، کە بریتین لە ژمارەیەك پیاوی ئایینی و تەنها گفتوگۆی کاروباری ئایینی دەکەن.

## حەوتەم: تۆتێم و تابۆ:

تۆتێمیزم بریتییە لە سەرەتاییترین شێوەی ئایینی(دورکیم،١٣٩٣: ٢٨٢)، کە لە بە-پیرۆز-زانینی ئاژەڵ یان ڕووەك یان شوێن و شتێکی بەرجەستەدا خۆی دەبینێتەوە و لەناو گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا کە بە باپیرەگەورەی خۆیانی دەزانن. بەو هۆیەشەوە دەیپەرستن و سرووتی تایبەتی بۆ دەگێڕن. (دورکیم،١٣٩٣: ١١٩-١٢٠)زۆر جار خودی ئەم تەوتەمە دەبێتە نیشانە و هێمای ئەو گرووپە و بە شێوەیەکی سیمبولی گوزارشتی لێ دەکەن (دورکیم،١٣٩٣: ١٥٣).

هەرچی سەبارەت بە تابۆیە هەموو ئەو قەدەغەکراوانە دەگرێتەوە کە گرووپێکی کولتووری بە هۆی بیروباوەڕی ئایینییانەوە بە شتێکی خراپ و پیس و مەترسیداری دەزانن لەسەر سستمە کۆمەڵایەتییەکەیان و سستمی ئەخلاقیی خۆیان لەسەر دامەزراندووە.

به نموونه، له ئایینی ئێزدیدا هاوسەرگیری له دەرەوەی ئایینەکه تابۆی لەسەره و سزای توندیش هەیه بۆی، هەروەها هاوسەرگیری له نێوان سێ چینه سەرەکییەکەی ئایینی ئێزدیدا تابۆی لەسەره، تەنانەت هاوسەرگیری لەنێو ئەندامانی سێ بنەماڵه جیاوازەکەی شێخاندا تابۆی لەسەر دانراوه.

سەبارەت به تۆتێمی ئێزدی، چەندین بەڵگه هەن که دەیسەلمێنن تۆتێمی کۆمەڵەکه بریتییه له کەڵەشێر، لەم بارەیەوه **د. ڕەشاد میران** ڕای وایه شێوەی مەلەك تاوس پێ دەچێت کەڵەشێر بێت و ڕەنگه بۆیەش بێت ئێزدی تابۆیان لەسەر کەڵەشێر داناوه و گۆشتەکەی ناخۆن، له لایەنی زانستییەوه ئەگەر تابۆ خرایه سەر ئاژەڵ یان باڵدارێك ئەوا دەچێتەوه سەر دیاردەی تۆتێمیزم، به مانای کۆمەڵەخەڵکێك ڕەسەن و نەژادی خۆیان بەرنەوه سەر جۆرەئاژەڵێك یان باڵدارێك، بەم بۆنەیەشەوه ڕێزی بگرن و بیپەرستن، ئەوەی ئەم بۆچوونەش دەسەلمێنێت ئەو فاکتەیه که باڵدار دەورێکی باڵای له ئێزدیزمدا هەیه. (میران، ٢٠١٧: ١٣٥).

هەرچەنده ئێزدییەکان تاوس وەك سیمبولی ئەم تەوتەمه سەیر دەکەن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیه که ئەو باڵدارە دەبێت کەڵەشێر بێت نەك باڵداری تاوس، ئەم تێکەڵاوبوونەش له ناوی مەلەك تاوسەوه سەری هەڵداوه، له کاتێکدا ناوی مەلەك تاوس پەیوەندیی به باڵداری تاوسەوه نییه و بەڵگەی ئەم بۆچوونەش ئەوەیه که ئەو سنجاقەی ئێزدییەکان به پەیکەری تاوسی ناو دەبەن له هەرچی بچێت له تاوس ناچێت، هەروەها ئێزدییەکان کاتی خۆی تاوسیان به چاو نەدیوه، چونکه ئەم باڵداره له کوردستاندا نییه. (میران: ٢٠١٧: ١٣٤)، **میهردادی ئیزەدی**یش ئاماژەی بەوەکردووه: باڵندەکەی لالش هەمیشه به تاوس ناسراوه، ئەگەرچی نه له کوردستان تاوس هەیه و نه لەم بەشەی ئاسیادا. (ئیزەدی، ٢٠٠٢: ٧٢) بەڵگەی لەمانەش بەهێزتر ئەوەیه که له هیچ دەقێکی ئایینیی ئێزدیدا باسی باڵداری تاوس نەکراوه، بەڵام چەندین دەقی ئایینییان هەیه باس له کەلەشێر دەکات، که ئێزدییەکان پێی دەڵێن (دیکلی).

## هەشتەم: پیرۆزیی ئایینی:

بەو پێیەی ئێزدیاتی دەچێتەوه سەر ڕیشەکانی ئایینێك یان چەند ئایینێکی کۆن، بەو هۆیەوه خاوەنی سەدان پیرۆزیی جۆراوجۆره، که ڕیشەکەیان بۆ سەردەمانێکی کۆن و دوورودرێژی پێش ئێستا، بۆ قووڵایی بیروباوەڕی ئایینی له شارستانییەتی سۆمەر و میزۆپۆتامیا دەگەڕێتەوه.

لەناو ئایینی ئێزدیدا سەدان پیرۆزی جۆراوجۆر بوونیان هەیە، وەك بیرۆکە، شوێن، شت، گیاندار، کەلوپەل. پیرۆزییەکان بەشێکی گرنگن لە هەر ئایینێك و ڕۆڵی گرنگیان لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینیدا هەیە.

لە ڕوانگەی ئەنسرۆپۆلجییەوە ئەم پیرۆزییانە ڕۆڵی گرنگ لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی هاوبەندیی کۆمەڵایەتی دەگێڕن.

لە ڕوانگەی دۆرکهایمەوە:"ئایین بریتییە لە سستمێکی یەکانگیر لە بیروباوەڕ و کردار(سرووت)، کە پەیوەستن بە پیرۆزییەوە و لە توانایدا هەیە هەموو باوەڕدارانی لە کۆمەڵەیەکی ئەخلاقیدا کۆ بکاتەوە". ئەو پێی وایە، ئایین و پیرۆزی، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتین و ئامانجەکەی درووستبوونی کۆویژدانە (الضمیر الجمعی)، هەر لەبەر ئەوەشە بە ڕوای ئەو، لە دەرەوەی پیرۆزیدا درووستبوونی سستمی کۆمەڵایەتی مەحاڵ دەبێت. بە ڕوای دۆرکهایم پیرۆزی ئامانجی سەرەکی هەر ئایینێکە، چونکە بە هۆیەوە لە نێوان هەموو ئەو شتانەی کە پیرۆزە و ئەوانەی کە پیرۆز نین سستمێکی پۆلێنکاری درووست دەبێت. هەموو کۆمەڵگەیەك لەسەر بنەمای پیرۆز و ناپیرۆز، دینی و دونیایی، سستمێکی دابەشکاری بۆ دونیا و دەوروبەری و تەنانەت گەردوونیش دادەڕێژێت. پیروزییەکان هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە وا دادەنرێت پەیوەستن بە خواوەندەکانەوە، شتانێکی تایبەت و جیاواز و ڕێزلێگیراون لە چاوی شتەکانی دیکەدا. (دورکیم،١٣٩٣: ٦٣).

بە ڕوای ئەنسرۆپۆلۆجی بەریتانی، **ماری دۆگلاس**، پیرۆزی یان ناپیرۆزیی پەیوەندیی بە جەوهەری شتەکان خۆیانەوە نییە، بەڵکوو دابەشکارییەکی کولتوورییە و لە بنەڕەتەوە وەزیفەی پیرۆزی لە سستمی کۆمەڵایەتیدا بریتییە لە دیاریکردنی سنووری کولتووری لە نێوان کولتوورێك و کولتوورێکی دیکەدا. لەسەر ئەم بنەمایەش هەر کولتوورێك جیاکاری دەکات بۆ پاك و پیس، حەڵاڵ و حەرام. ئەمەش لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگدانەوەی هەیە لە خواردن و جلوبەرگ و سێکس و بڕیاردان لەسەر کات و شوێن و هەموو شتەکانی دەوروبەر، وەك تەواوکەری سستمی کۆمەڵایەتی لەناو کولتوورێکی دیاریکراودا.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین ئاماژە بە سێ جۆرە پیرۆزی بکەین لە ئایینی ئێزدیدا:

**١. ئەو پیرۆزییانەی پەیوەندییان بە کاتەوە هەیە:**

وەك کاتی خۆرهەڵاتن، کاتی خۆرئاوابەون، ڕۆژانی چوارشەممە، مانگی نیسان، چلەی زستان، چلەی هاوین و چەندین بۆنە و کاتی تر.

**٢. ئەو پیرۆزییانەی کە پەیوەندییان بە شوێنەوە هەیە:**

وەك دۆڵی لالش و عەین سوفنا، پەرستگای لالش، گۆڕی شێخ ئادی و شیخ حەسەن، كانی سپی، ئەشكەوتی بەرات، كیوی عەرەفات، پردی سیرات، مەزاری شەرەفەدین، شاخی شەنگار، شاخی قەندیل، مەزار و میشانی پیاوانی ئایینی ئێزدی.

**٣. ئەو پیرۆزییانەی كە پەیوەندییانەی بە ژیانی كۆمەڵایەتییەوە هەیە:**

وەك بەرات، كریڤان، خەرقە، تۆك، خۆر، ڕوناكی، دەف و شەباب، مانگ، مار و سنجاق. (خانكی، ٢٠١٦: ٥٥-٥٦).

هەواڵنامەی كتێب

# باسی سێیەم: ئایینی کاکەیی:

## یەکەم: ڕیشەی ئایینەکە:

کاکەیی ئایینێکی کۆنی کوردە، ڕەگوڕیشەی دەچێتەوە سەر ئایینە یەزدانییەکان، کە لە مێژووی دێریندا پەیڕەویی لێ کراوە. (ئیزەدی، ۲۰۰۲: ۲۰).

ئەم ئایینە بە گشتی بە چەند ناوێکی دیکەشەوە دەناسرێن، لەوانە یارسان (لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر بەم ناوە بانگ دەکرێن)، کاکەیی (لە کوردستانی عێراق بەم ناوەوە دەناسرێن)، عەلەوی یان عەلی ئیلاهی و عەلیولایی (لە کوردستانی تورکیا و سوریا زیاتر بەم ناوە دەناسرێن). هەروەها چەند تایەفەیەکی ئایینیی بچووکتر، کە ڕەگوڕیشەیان دەچێتەوە سەر ئەم ئایینزایە، وەك (ئایینی کوردە شەبەکەکانی پارێزگای موسڵ و قەڵەم حاجییەکانی مەندەلی). بە گشتی ئەهلی هەق ئاماژەیە بۆ فیدراسیۆنێکی ئایینی، کە لە ژمارەیەك بزووتنەوەی ئایینیی هاوبەش پێك دێت. (مینورسکی، ۲۰۰٦، ۲۱۱).

بە پێی بیروباوەڕی ئایینیی کاکەییەکان خۆیان "لە یەکەم ڕۆژی ئەزەلەوە (عهد الست) کاتێك خودا گیانی کرد بە بەری مرۆڤدا، ئەم ئایینە هەبووە، بەڵام لە بەرگێکی شاراوە و نهێنیدا، سینە بە سینە لە پێشینانەوە گواستراوەتەوە تا گەیشتووە بە حەزرەتی عەلی، لەویشەوە بۆ سەلمانی فارسی و لەویشەوە بۆ ژمارەیەك لە هاوەڵان تا گەیشتووە بە بەهلوول و بابا سەرهەنگ و بابا ناوس و سوڵتان ئیسحاق، بەڵام بەپێی بەڵگە نووسراوەکانی سەدەی حەوتەمی هیجری بە دواوە، ئەم ئایینە لە سەدەی دووەمی هیجری و لە سەردەمی بەهلوولی ماهی یان (بەهلوولی مادی) کە ساڵی ۲۱۹ کۆچی مردووە، پاشان هاوەڵانی، بە سوودوەرگرتن لە گەنجینەی مەعنەویی بیروباوەڕەکانی ئێرانی کۆن وەك میترایی، زەردەشتی، مانەوی، مەزدەکی، هەروەها بەسوودوەرگرتن لە ئایینی ئیسلام، مەسیحی، بیروباوەڕی مەزهەب و گرووپە ئایینییەکانی دونیای ئیسلام درووست بووە. (بورکەئی، ۱۳٦۱: ۲).

زۆرینەی لێکۆڵەرانی ئایینی کاکەیی هاوڕان لەسەر ئەوەی سوڵتان ئیسحاق، یان سوڵتان سەهاك ی بەرزنجی دامەزرێنەری ئایینەکەیە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی سیانزە و سەرەتای سەدەی چواردەدا ژیاوە، بەڵام وا دەردەکەوێت ڕەگوڕیشەی ئایینەکە زۆر لە سوڵتان سەهاك کۆنتر بێت، چونکە بە پێی ڕەگوڕیشە ئایینییەکانی

کاکەیی، ڕاستتر ئەوەیە کە سوڵتان ئیسحاق وەك نوێکەرەوەیەك بۆ ئایینێکی کۆن سەیر بکرێت، کە لە هەناوی ئایینە یەزدانییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

هۆکاری ئەوەی کە سوڵتان سەهاك بە دامەزرێنەری ئایینەکە دەزانرێت ئەوەیە، کە بە پێی بیروباوەڕی کاکەییەکان هەتا پێش هاتنی سوڵتان ئیسحاق ئایینەکەی ئەوان ئاشکرا نەبووە و لە هەر زەمانێکدا لە لای ژمارەیەکی دیاریکراو پارێزراوە و سینە بە سینە بەو ڕاز و نهێنییانەوە هاتووە تا گەیشتووەتە سەدەی هەشتەمی کۆچی و دەرکەوتنی سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی، ئەو ئایینەکەی ئاشکرا کردووە و دامودەزگای ئایینی و ڕیساویاسای بۆ داناوە.

لە پێشەکیی (شانامەی حەقیقەت)دا، **نوورعەلی ئیلاهی**، سوڵتان ئیسحاق وەك یاسادانەر و نوێکەرەوەی ئایینی کاکەیی باس دەکات، کە نەك تەنها نهێنیی ئایینەکەی بۆ تەواوی خەڵك ئاشکرا کردووە، سرووت و نەریتە ئایینییەکانی ڕێك خست و خانەدانەکانی کاکەیی بۆ دامەزراندن. (جیحون ابادی، ١٣٧١: ٤).

سوڵتان ئیسحاق کوڕی سەید عیسای بەرزنجییە، لە ساڵی ١٢٧٢ لە گوندی بەرزنجە (ئێستا ناحیەیە) ٢٠ کیلۆمەتریی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی؛ لە دایك بووە، بنەماڵەکەیان بە گەورەترین لقی بڵاوبوونەوەی تایفەی سادات لە کوردستان دادەنرێن، بەڵام یەکێك لە کوڕەکانی سەید عیسا کە سوڵتان ئیسحاقە لە ساڵی ١٣١٦ی زایینی و ٧١٦ی هیجری ڕێچکەیەکی ئایینیی نوێی دامەزراند، کە دواتر بە کاکەیی ناسرا. پەیڕەوانی ئایینەکە سوڵتان سەهاك بە دامەزرێنەر و یەکێك لە حەوت بەرجەستەکەرەکەی ڕۆحی خودا لەسەر زەوی دەزانن، ئێستا گۆڕی سەید ئیسحاقی بەرزنجی لە گوندی شێخان (پردیوەر)ی ناوچەی هەورامانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەك مەزارگەی پیرۆز و قیبلەی کاکەییەکان سەیر دەکرێت و سەردانی دەکەن. (مینورسکی، ٢٠٠٦: ٢٢٤).

سەبارەت بە بنەڕەتی ئایینەکە ڕای جیاواز هەیە، لە وردەسەرەنجامدا باس لەوە کراوە، کە کاکەیی ئایینێکی سەربە خۆیە و ئایینی کوردانە و زۆرینەی نووسەرانی کوردیش جەختیان لەم ڕایە کردووەتەوە.

بەیتێکی بابا سرهەنگی دەودان هەیە کە ئەم ڕایە دەسەلمێنێت:

**سەرهەنگی دەودان، سەرهەنگی دەودان**
**ئەز کەناممەن سەرهەنگێ دەودان**
**چنێ ئێرمانان مگێڵم نەهەردان**
**مکۆشم پەرێ ئایین کوردان (بهرامی، ١٣٧٨: ٨٩).**

لەگەڵ ئەوەشدا، کەسانی واش هەن کە هەندێکیشیان لە پەیڕەوانی کاکەیین، وەك ئایینێکی سەربەخۆ نایبینن و وەك ئاراستەیەکی ناو مەزهەبی شیعە و ئایینی ئیسلام سەیری دەکەن. بە نموونە **دو گوبینیو**، ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسایی، ئایینی کاکەیی وەك جۆرێك لە پەیڕەوانی بودایزم سەیر کردووە. **پتروشفسکی** وەك بەشێك لە فیرقەی ئیسماعیلییەی شیعە مەزهەب سەیری کردوون. (جمعە زادە و ویسی، ١٣٩٤: ١٠٤)، **مینورسکی** وەك ئایینێکی سنکریتیك سەیری کردووە، کە لەگەڵ ئەوەی توخمی باوەڕی شیعەی ئەوپەڕگیر لە بنەماکانیدا هەیە، بەڵام لە ئێستادا سستمێکی ئایینیی سەربە خۆیە. هەندێکی دیکەش نزیکایەتی لە نێوان بیروباوەڕی کاکەیی و مەسیحییەتدا بەدی دەکەن و ڕیشەیان بردووەتەوە سەر ئایینی مەسیحییەت. بە نموونە **ئیڤانۆڤ** کە پێی وایە کاکەییەکان لە مەزهەبی ئیسماعیلەوە جیا بوونەتەوە و بزووتنەوەی پاولیکانی مەسیحییەت کاری تێ کردوون. (میران، ٢٠١٧: ٣٠١)، هەروەها **زەرینکوب** لە میراتی سۆفیگەریدا نوسیویەتی: "بیروباوەڕ و ڕەفتاری ئەهلی حەق تا ڕادەیەکی زۆر لە ئاداب و ڕەفتاری سۆفییەکان دەچێت". (جمعە زادە و ویسی، ١٣٩٤: ١٠٥).

زۆرێك لە لێکۆڵەرانی کورد و غەیرەکوردیش جەختیان لەوە کردووەتەوە، کاکەیی گەڕانەوەیە بۆ بیروباوەڕە ئایینییەکانی پێش ئیسلام، کە لە کوردستاندا بوونیان هەبووە وەك گنوسیەت، زەردەشتییەت و میترایزم، لە دوای هاتنی ئیسلام بەرگی ئیسلامی و شێوازی تەسەوف و تەشەیووعی لە خۆ گرتوە. بەنموونە:

مێژوونووسی کورد، **محەمەد ئەمین زەکی**، لە بارەی بنەڕەتی ئایینەکەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ کاکەییەکان باوەڕیان بەوەیە **عەلی** دوای مردنی، ڕۆحی لەگەڵ ڕۆژدا تێکەڵ بووە و بوون بە یەك، ئەم باوەڕەش یارمەتیدەرە بۆ بڵاوبوونەوەی ڕۆژپەرستی لەناویاندا، هەروەها **جەمیل ڕۆژبەیانی** و **محەمەد ئەمین هەورامانی** ڕایان وایە بنەڕەتی ئایینەکە دەگەڕێتەوە سەر دێوپەرستی و لەمەدا لەگەڵ ئایینی ئێزدیدا یەك دەگرنەوە. (هەورامانی، ١٩٨٤: ٢٧-٢٨) لەمەدا هەمان بۆچوونی **د. جەمال نەبەز**یان دەربارەی ئێزدییەکان هەیە. بە ڕوای ئێمە ئەم لێکدانەوەیە درووست نییە، نە بۆ ئێزدییەکان و نە بۆ کاکەییەکانیش، چونکە ئەم بابەتە بەستراوە بە بیرۆکەی پەرستنی خواوەندی شەڕەوە و ئەوەش دوورە لە بنەڕەتی هەردوو ئایینەکەوە.

**د. ڕەشاد میران** لە بارەی ئایینی کاکەییەوە پێی وایە،بە هۆی ئەوەی ئەهلی هەق (کاکەیی) خاوەنی سستمێکی تایبەتی دۆگما و شێوەی پەرستنی خۆیانن، دەق و نووسراوی پیرۆزیان هەیە، کە کۆمەڵەی خواوەند (پانتیۆن) و ئەفسانەی درووستبوونی

دونیا، ئەفسانەی دونیاخراپبوون، هەروەها دابونەریت و سرووت جۆراوجۆرەکانی ئاییینیان گرتووەتە خۆ، دەبێت وەك ئاییینێکی سەربەخۆ سەیر بکرێت، گرنگ نییە کە ئاییینی کاکەیی جێپەنجەی پەرستن و ئایین یان ئاییینزای جیاوازی تیا بەدی دەکرێن، بە تایبەتی هیی شیعیزم، ئەم جۆرە تێکەڵاوییە لە هەموو ئاییینێکدا بە ئیسلامیشەوە هەیە، ئەمە دیاردەیەکی کولتووری ئاساییە (میران، ٢٠١٧: ٣٠٣).هەروەها **د.کەیوان ئازاد ئەنوەر**، پێ لەسەر ئەو ڕایە دادەگرێت ئاییینی کاکەیی وەك زوردەشتی و ئێزدی بۆ چەندین سەدە پێش زاین دەگەڕێتەوە،بەڵام بەهۆی دەرکەوتنی ئاییینی ئیسلام و ئەو فشارەی دەوڵتانی خەلافەت و بەتایبەت خەلافەتی ئومەوی و عەباسی کرایە سەری،ناچارکرا بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئاییینی ئیسلام و ئەو کۆمەڵ و ئاییینزایانەی لەناواخنی ئیسلام جیابونەوە(ئەنوەر،٢٠١٨: ١٦١-١٦٢).

لەناو نووسەرە عەرەبەکانیشدا **عەباس عەزاوی** ڕیشەی کاکەییەکانی گێڕاوەتەوە سەر کۆمەڵەی فتوە، کە لە لایەن خەلیفەی عەباسی (ناسرەدین باللە)وە درووست کراوە. (العزاوی، ١٩٣٥: ٢٦) هەروەها **ڕەشید خیون** لە کتێبەکەیدا (الادیان و المذاهب بالعراق)دا ئاماژەی بە ڕای چەند کەسایەتییەکی کاکەیی باشووری کوردستان کردووە، کە وتوویانە خاوەن ئاییینێکی سەربەخۆن و لقی هیچ ئاییینێکی دیکە نین. (الخیون، ٢٠١٦: ٩٧).

سەبارەت بە ڕای کاکەیی خۆیان، لەناو نووسەرەکانی کاکەییدا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کەسانی وا هەیە بانگەشەی شیعەبوون دەکەن، وەك نوور عەلی ئیلاهی، کە خۆی بە یەکێك لە ڕابەرانی کاکەیی دەزانێت، وەك موسڵمانی شیعەی دوانزەئیمامی ناساندونی. (الهی، ١٣٤٣: ١٠) هەروەها **موحەمەدی موکری** لە پێشەکیی شانامەی حەقیقەتدا نووسیویەتی "ئەهلی هەق یەکێکە لە بەشە جیابووەوەکان لە مەزهەبی شیعە، بە گەڕانەوە بۆ بیروباوەڕ و ئەفسانە کۆنەکانی ئێرانی کۆن و میراتی دەوڵەمەندی مەعنەویی ئیسلام و گرووپە زیادەڕەوەکانی ناو دونیای ئیسلام کە لە ڕۆژئاوای ئێراندا بڵاو بوون، لە هەر سەردەمێکدا بە شێوەیەکی جیاواز دەرکەوتوون. (جیحون ابادی، ١٣٦١: ٥) موحەمەد عەلی سوڵتانیش باوەڕی بەوەیە کە کاکەییەکان موسڵمانن و لەوانەن کە ڕێزی ئیمامی عەلی دەگرن و پێیان وایە ڕۆحی حەزرەت بڵند بووە بۆ پایەیەکی ئیمانی وەها کە لەگەڵ ڕۆحی سەرەکی(خودا) پەیوەست بووە. (سوڵتانی، ٢٠١٠: ٢٠) بەڵام زۆرینەی نوخبەی خوێندەواری کاکەییەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ ئەم ڕایەدا نیین و کاکەیی وەك ئاییینێکی سەربەخۆ پێناسە دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا لەناو کاکەییەکانی باشووردا کەسانی وا هەیە خۆیان بە موسڵمانی شیعە یان موسڵمانی سونی لە قەڵەم بدەن.

لەدوای خستنەڕوی هەموو ئەو راوبۆچونانەی لەبارەی ئایینەکەوە خرانەڕوو،رای ئێمە ئەوەیە کاکەیی ئایینێکی رەسەنی کوردی سەربەخۆییە و ڕەگوڕیشەکانیشی بەدیاریکراوی دەچێتەوە سەر میترایزم، لەم ڕووەشەوە سەدان بەڵگە بونی هەیە. سەبارەت بە دیاربونی ریشەی زەردەشتی لە ئایینەکەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئایینی زەردەشتیش بەشێکی زۆر لەرەگەزەکانی ئایینی میترایی قبوڵکردوە و لەناو خۆیدا جێگای کردۆتەوە،بۆیە زۆرێك لەو بنەما زەردەشتیانە لە بنەڕەتدا هەر میتراییین.ئەم ڕایەش ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە ئایینەکە لە دواتردا کاریگەریی ئایینەکانی دیکەی کەوتبێتە سەر، بە تایبەتی وەك توێژەری عێراقی **د. رشید الخیون** ڕای وایە: کوردستان مۆزەخانەی ئایین و بیروباوەڕە، سرووشتە شاخاوییەکەی وای کردووە هەندێ ڕەگەزی ئایین و بیروباوەڕە کۆنەکان بمێننەوە و لە هەر سەردەمێکدا بەشێکی تێکەڵاو بە بیروباوەڕی نوێی کۆمەڵگە ببێت، بە جۆرێك ئەستەم بێت بتوانیت بیناسیتەوە. (الخیون، ٢٠١٦: ٩٣).

## دووەم: کتێبی ئایینی:

گرنگترین کتێبی ئایینی کاکەیی کتێبی (سەرەنجام) یان (کەلام خەزانە)یە، کە بریتییە لە کۆمەڵێك تێکستی ئایینی لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی هیجریدا نووسراون، ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە بنەماکانی بیروباوەڕ و ئامۆژگارییە ئایینییەکان و پاڕانەوە و سرووت و ئەفسانەی ئایینەکانی کاکەیی. کتێبەکە بە شێوەی بەیتەشیعر و بە زمانی کوردیی شێوەزاری گۆرانی و بە پیتی عەرەبی نووسراوە و لە شەش بەش پێك دێت، کە ئەمانەن: بارگە بارگە، دەورەی هەفتەوانە، گلیم و کول، دەورەی چل تەن، دەورەی عابدین و وردەسەرەنجام. (بورەکەئی، ١٣٧٥: ٢٠).

جگە لە سەرەنجام ژمارەیەك تێکستی دینی دیکە بوونیان هەیە کە بە دیوان یان دەفتەر یان کەلامەکان ناسراون و لە سرووده ئایینییەکانی کاکەیی پێك دێن لە سەدەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم و هەشتەم و نۆهەم و سیانزەهەمی کۆچی، لە شێوەی شیعری دەهیجائی و بە زمانی کوردیی شێوەزاری گۆرانی نووسراون، وەك (دەورانی بەهلول، دەورانی بابا سەرهەنگ، دەورانی شاخۆشین، دەورانی بابا ناوس،

دەفتەری پردیوەر، دەفتەری دیوان گورە، دەفتەری ساوە، زلال زلال، کەلامی سەیدخامۆش، کەلامی ئیلبەگی جاف، کەلامی خان ئەلماس، کەلامی شا تەیمور، کەلامی نەورۆز، کەلامی حەیدەری و.... چەند کتێبێکی تر.) (بورکەئی، ١٣٦١، ٣٨)، هەروەها چەند کتێبێکی دیکەش هەن لە لایەن لقەکانی دیکەی ئەم تایفە ئایینییەوە لە سەردەمەکانی دواتردا نووسراون، وەك (شانامەی حەقیقەت)، (اثار الحق)، (بورهان الحق)، (تەزکەرەی ئەعلا) و کۆمەڵێك کتێبی دیکە، ژمارەیەکی کەم لەمانە بە تورکی و هەندێکی دیکەیان بە فارسی نووسراون. (العزاوی، ١٩٤٩: ٥٣).

## سێیەم: مەڵبەندی ئایینی:

بەشی زۆری پەیڕەوانی ئەم ئایینە دەکەونە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە نزیك ئەو ناوچانەی کە بە شوێنی نیشتەجێبونی هۆزی گۆران دادەنرێت. لەگەڵ ژمارەیەك لە پەیڕەوانی لقی (عەلی ئیلاهی)ی ئەم ئایینە لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان. (مینورسکی، ٢٠٠٦: ٥٢).

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مەڵبەندی ئەم ئایینە بریتییە لە ناوچەکانی قەڵەمڕەوی گۆران، شارەکانی کرماشان، سەحنە، داڵاهۆ، پاوە، سەرپێڵی زەهاو، قەسری شیرین و شارەکانی لوڕستان و ئیلام. هەروەها لە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات لە شارەکانی تەبرێز و مەراغە و داوێنی شاخی سەهەند و ماکۆ بوونیان هەیە. هەروەك لە تاران و کەلاردەشتی مازندەران و خوراسان و باکووری ئاوی ئاراس لە قەرەباغ بوونیان هەیە. (مسلمی زادە، ١٣٩٣: ٢٩).

لە باشووری کوردستان کە سنووری توێژینەوەکەی ئێمەیە، چەند مەڵبەندێکی ئایینی کاکەییەکان بوونی هەیە، لەوانە گوندەکانی هاوار، هەوارە کۆن و دەرەتوێ لە ناوچەی هەورامان، کە دانیشتووانەکەی کاکەیین و یەکێکیشە لە مەڵبەندە ئایینییە گرنگەکان بە لای کاکەییەکانەوە. (العزاوی، ١٩٤٩: ٣٧) بەڵام زۆرینەی کاکەییەکان لە شاری کەرکووك دەژین. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە -١١).

لەناو شاری کەرکووکدا لە کۆنەوە کاکەییەکان بوونیان هەبووە لە گەڕەکەکانی قەڵا، چای، موسەڵا، لە دوزخورماتووش کاکەکەیی هەبوون، بەڵام دواتر هاتوونەتە ناو کەرکووکەوە،لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆری کاکەییەکان لەناو شاری کەرکووك دەژین. لە ناحیەی داقووق چەند ژمارەیەکی زۆر کاکەیی لێ نیشتەجێیە و نزیکەی ١٢ گوند لەو

سنووره لە پەیڕەوانی ئایینی کاکەیین، هەروەها لە دوزخورماتوو، کفری، خانەقین، گولاڵە و مەندەلی بوونیان هەیە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هاشم کاکەیی: ٤).

بە وتەی **هەردەوێڵ کاکەیی**:"لە کۆندا گەڕەکی سەرشەقامی سلێمانی پێی وتراوە گەڕەکی خوبەیلەزادە و کاکەیی بوون، لە پارێزگای هەولێریش لە نزیك کەڵەك گوندی (سفیە) هەیە؛ ٧٥٠ خێزانی کاکەیی تێدان و لە خوار ئەویش مەتراد هەیە کە کاکەیین، لە پارێزگای موسڵیش لە ناحیەی نەمرود و لە قەرەقووش چەند گوندێك هەن وەك وەردەك، کەبەرلو، تویلەبەن، گەزەکان، هەروەها چەند گوندێکی دیکەش هەن، وەك زەنگەڵ و کوڵەبور کە دانیشتووانەکەی کاکەیین، لە پارێزگای دیالەش لە خانەقین و مەندەلی و جەلەولا کاکەییەکان بوونیان هەیە و لەوێ زیاتر بە قەڵەم حاجی دەناسرێن." (چاوپێکەوتن لەگەڵ هەردەوێڵ کاکەیی: ٥).

هەروەك ئیدمۆندز نوسیویەتی: لە پارێزگای موسڵ چەند گوندێکی کاکەییەکان بوونی هەیە. لە نزیك خازر و زێی گەورە، هەروەها لە تەلعەفەر هۆزێکی کاکەییەکان بوونی هەیە. لە سنووری پارێزگای هەولێریش لە ژمارەیەك لە گوندەکانی ناحیەی (گوێر) کاکەییەکان نیشتەجێن. (ئیدموندز، ٢٠٠٤: ٢٧٧-٢٧٨)، بەڵام لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆریان هاتوونەتە شارە گەورەکان و تێکەڵاوی ژیانی ئیداری و سیاسیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بوون و بەشی زۆریشیان پارێزگارییان لە ناسنامەی ئایینیی خۆیان کردووە.

## چوارەم: دۆگما سەرەکییەکانی ئایینەکە:

ئایینی کاکەیی لەسەر باوەڕبوون بە چەند بنەمایەکی سەرەکی وەستاوە، کە ئەمانەن:

### ١. جامەپۆشی:

خاڵی سەرەکی لە باوەڕی کاکەییدا باوەڕهێنانە بە دەرکەوتنی یەك لە دوای یەکی خودا لە تەن یان حەوت دۆنی یەك لە دوای یەکدا، دەرکەوتنەکان بە جلوبەرگێك دادەنرێن کە خودا لە بەریان دەکات، جامەپۆشییش بریتییە لە نیشتەجێبوون لە یەکێك لەو جلوبەگانەدا. (مینورسکی،٢٠١٨: ١٨٢).

پەیڕەوانی ئەم ئایینە باوەڕیان بە گیانێکی گەردوونی هەیە، ئەم گیانە گەردوونییە بە پێی میتۆلۆژیای ئایینەکە لە بەرجەستەبوونی خودادا دەردەکەوێت، کە جیهانی ئافراندووە و لەگەڵیشیدا حەوت بوونەوەری پیرۆزی درووست کردووە کە فریشتەکانن. لە میتۆلۆژیای ئایینەکەدا جیهان لە حەوت چەرخ پێك دێت، لە هەر چەرخێکدا

گەوهەری بەرجەستەبوونی خودایی لە شێوەیەکی نوێدا دەردەکەوێت، لە ڕێگەی دۆنادۆن لەگەڵ بەرجەستەکەری چەرخەکەی پێش خۆی، بەم پێیەش خودا خۆی لە ڕێگەی حەوت دەرکەوتەی سەرەکیی پیرۆزەوە نیشان دەدات. دەکرێت سەیری ئەو دەرکەوتانە بکەین وەك دەرکەوتەی خودایی، لە نێوان هەر چەرخێکیشدا کۆمەڵێك دەرکەوتەی بچووکتر دەردەکەون کە ناگەنە پلەی دەرکەوتە ڕاستەقینەکان. (الخیون، ٢٠١٦: ٨٩).

بە پێی میتۆلۆژیای ئایینەکە خودا لە ئەزەلدا دانیشتووی نێو مرواریيەکی ژێر دەریا بوو، بۆ یەکەم جار خۆی لە شێوەی (خاوەندگار)ی دانەری جیهاندا دەرخست، دووەم دەرکەوتنی خودا لە شێوەی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب و سێیەم دەرکەوتنی لە شێوەی سوڵتان خۆشین و چوارەمین دەرکەوتەی کە گرنگترین دەرکەوتەی ئایینەکەیە بریتییە لە سوڵتان سەهاکی بەرزنجی، بەڵام لەسەر دەرکەوتەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم جیاوازیی لە نێوان پەیڕەوانی ئەم ئایینەدا هەیە. (مینورسکی، ٢٠٠٦: ٢١٣).

ئەمە خشتەی دۆنی خاوەندگار و حەوتەنی پیرۆزە بە پێی ئایینی کاکەیی، بەو شێوەیەی مینۆرسکی بڵاوی کردووەتەوە:

| ۱. خاوندگار | جبرائیل | میکائیل | اسرافیل | عزرائیل | ؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| ۲.مرتضی علی | سلمان | قنبر | حضرت محمد | نصیر | فاطمه |
| ۳.شاه خوشین | بابا بزرگ | کاکاردا(رضا) | کرفقی | بابا طاهر | ماما جلاله |
| ٤.سلطان سهاک | بن یامین | داود | پیر موسی | مصطفی داودان | خاتون دایره |
| ٥. قرمزی (شاه ویس قلی) | کامریجان | یاریجان | یارلی | شاه سوار آقا | رزبار |
| ٦. سید بک | جمشید بک | الماس بک | ابدال بک | ؟ | پری خان خانم |
| ۷. خان آتش | خان جمشید | خان الماس | خان ابدال | ؟ | دوستی خانم |

سەرچاوە (اقجری و استهری، ١٣٩٢: ١٤)

جگە لە دۆنی خواندگار، کاکەییەکان هاوشێوەی زەردەشتی و ئێزدییەکان باوەڕیان بە حەوت فریشتەی پیرۆز هەیە و لەو باوەڕەدان کە ئەوانیش دۆنادۆنیان هەیە و لە هەر سەردەمێکدا لە جەستەی کەسایەتییەکی گەورەدا دەرکەوتوون. (طبیبی، ١٣٥١: ٥).

لە هەندێ سەرچاوەی دیکەدا چوار چەرخی یەکەم بەم جۆرەی خوارەوەیە:

| دەورەی پەیدابەنی گەرودن | دەورەی ئیمام عەلی | دەورەی لوڕستان | دەورەی پردیوەر |
|---|---|---|---|
| خاوەندگار | مورتەزا عەلی | شاخۆشین | سوڵتان سەهاك |
| جبرئیل | سەلمان | كاكا ڕەدا | بنیامین |
| میكائیل | قەنبەر | قازی نەبی | داود |
| ئیسرافیل | حەزرەتی موحەمەد | بابا بزورگ | پیر موسی |
| عزرائیل | مالیك ئەشتەر | بابا فەقێ | مستەفا دەودان |
| حورالعین | حەزرەتی فاتیمە | مامە جەلالە | خاتون دایرەك ناسراو بە ڕەمزبار |
| عقیق | ئیمام حەسەن | هندولە | شا ئیبراهیم |
| یقیق | ئیمام حوسەین | میرزا ئامانە | **بابا یادگار** |

سەرچاوە (طبیبی، ١٣٥١: ٨).

هەواڵنامەی کتێب

### ٢. دۆنادۆن:

یەکێك لە سەرەکیترین پایەکانی ئەم ئایینە بریتییە لە دونادۆن (Metempsychosis)، کە بریتییە لە باوەڕبوون بە زیندووومانەوەی گیانی مرۆڤ دوای مردنی مرۆڤ، واتە یەکێك کە مرد ڕۆحەکەی دەچێتە جەستەی مرۆڤێکی دیکەوە. کاکەییەکان ئەمە بە (کراس گۆڕین) ناو دەبەن، واتە ڕۆح کراسێك یان جەستەیەك دەگۆڕێ و دەچێتە

کراسێکی دیکەوە. هەموو مرۆڤێك دەبێت (١٠٠١) دۆن بگۆڕێت. بە گوێرەی ئەم باوەڕە کە یەکێك دەمرێ، ئەگەر لە ژیانیدا مرۆڤێکی چاك بووبێ گیانی دەچێتە لەشی مرۆڤێکی دیکەوە و بە شێوەی مرۆڤێکی دیکە لە دایك دەبێتەوە، خۆ ئەگەر مرۆڤێکی خراپ بووبێت ئەوا لە تەنی دڕندەیەکدا دەردەکەوێتەوە. بە پێی باوەڕی کاکەییەکان دۆنادۆن خودا و فریشتە و پێغەمبەرانیش دەگرێتەوە و ئەو کاتەی هەر گیانێك هەزار و یەك کراس دەگۆڕێ ئیتر دەگاتە دواپلەی کامڵیی خۆی و دەسرەوێت. ئەمەش ئەو کاتەیە کە شاخۆشین جارێکی دیکە دەردەکەوێتەوە. (میران، ٢٠١٧: ٢٠٦).

دەکرێت جیاوازی بکرێت لە نێوان دۆنادۆنی ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکان لەگەڵ کراسگۆڕینی کاکەییەکاندا، چونکە لە دیدی کاکەییەکاندا ڕۆح لە پرۆسەی کراسگۆڕیندا، هەر بە تەنها ناگوێزرێتەوە بۆ جەستە و تەنێکی تر، بەڵکوو جار لە دوای جار کامڵتر دەبێت تا لە کۆتاییدا دەگاتە ئەوپەڕی کامڵی.

### ٣. کۆسمۆگۆنیا (ئەفراندنی دنیا):

لە (سرودی دینیی کاکەیی)دا، کە بە شێوەی پەخشانەشیعر لە لایەن **ماشەڵڵای سووری**یەوە نووسراوە و ئەمەی خوارەوە ماناکەیەتی، چیرۆکی خەلقی دونیا بەم جۆرەیە:

لە بنەڕەتەوە هیچ شتێ نەبووە، مەولا دوڕ بووە، دوڕیش لە ناوچەقی گێژاوی دەریا بوو، دەرهات و دونیای هێنایە دی و ناوی خۆی نا (خاوەندگار)، عەرش و کورسی و فەرش و کورسیی دانا، هەفتاودوو هەزار ساڵ تاکوتەنیا بوو...، لەخکی بیسات جیبرەئیلی سازاند و بوو بە هامرازی خالیقی جەلیل، هەوەڵجار هەر چوار فریشتەی درووست کرد، لە پاشان ئاسمان و زەوی و حەوت تەبەقەی لە پشتی ماسییەوە دامەزراند، ئەوسا فەرمانی بە فریشتەکان دا خاکی کۆی سەرەندێل بهێننت تا ئادەمیزادی لێ درووست بکات، عیزرائیل خاکی هێنا، لە چوار ڕەگەز خەمیرەیان لە خاك درووست کرد، ئادەم لە خەمیرە درووست کرا، لە شێوەی مەولا عەلیدا قاڵب ساز درا و شای خاوەندگار لە دونی مەولا عەلیدا خۆی ئاشکرا کرد، ئەوجا فریشتەکان یەك یەك چوونە حوزوری شاهەوە. (هەورامانی، ١٩٨٤: ٩٦-٩٧).

هاوشێوەی ناوەرۆکی ئەم بەیتەی **ماشەڵڵای سووری** لەناو تێکستە ئایینییەکانی کاکەییدا و لە کتێبی سەرەنجامدا لە بەشەکانی هەفتەوانە و چلتەن و بارگەبارگە و دەورەی عابدیندا هاتووە.

**٤. ئیساخاتۆلۆگیا (کۆتایی دونیا):**

کاکەیی خاوەنی تێڕوانینی تایبەتی خۆیانن سەبارەت بە کۆتایی دونیا و حەشرونەشر. بە پێی تێکستە ئایینییەکانی کاکەیی هەر ڕۆحێك هەزار جامە دەگۆڕێت و لە جامەی هەزارویەکەمیدا دەبێتە ڕۆحی جاویدانی و پەیوەست دەبێت بە جیهانی سەرمەدییەتەوە.

لە کتێبی پیرۆزی کاکەییەکاندا هاتووە؛ لە کۆتایی دونیادا چەند شەڕێکی گەورە جیهان دەگرێتەوە و جارێکی دیکە خودا لە جامەی حەزرەتی عەلی یان شاخۆشین یان سوڵتان سەهاکدا دەگەڕێتەوە و دادپەروەری بۆ جیهان دەگێڕێتەوە و هەموو ئایینەکان لە چوارچێوەی یەك ئاییندا یەك دەگرن، کە بریتییە لە (ئایینی هەق)، (بجنوردی، ١٣٩٣: ٤٧١) هەواڵدەرێکی کاکەیی پێی وتم لە کۆتاییدا هەموو دونیا دێنە سەر ئایینی کاکەیی و شاخۆشین دەگەڕێتەوە حوکمی دنیا دەکات و ئەوەش دەورەی کوردە، کە لای ئێمە ڕۆژێك دێت ئەوە ڕوو بدات. (هەواڵدەری ژمارە١: ٢).

ئەو کاکەیانەی قسەم لەگەڵدا کردوون سەبارەت بە بەهەشت و دۆزەخ ئاماژە بەوە دەکەن، ڕۆح لە گەشتی هەزارجامەی خۆیدا سزا و پاداشتی خۆی وەردەگرێت، تا بە تەواوی پاك دەبێتەوە و ئەو کاتە لە دۆنی هەزارویەك جامەیدا بە پاکی دەچێتەوە حزوری خاوەندگار. (چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعید کاکەیی: ٣ و هاشم کاکەیی: ٤).

هەرچەندە ئەمە بە مانای ئەوە دێت کاکەییەکان باوەڕیان بە سزای بەهەشت و دۆزەخ نەبێت، بەڵام لەناو تێکستە ئایینییەکانیاندا چەندین ئاماژە بە بوونی بەهەشت و دۆزەخ هەیە و گوزارەی (ساجنار) کە ماناکەی دەبێتە ساجی ئاگرین، مانای دۆزەخ دەدات بە دەستەوە. لە چەند تێکستی ئایینییشدا باس لەوە کراوە کە حەشرونەشر لە دەشتی شارەزووردا دەبێت و پردی پردیوەر کە سوڵتان سەهاك لەسەر ڕووباری سیروان درووستی کردووە، هاوشێوەی پردی سیراتە و هەرکەس پاك بێت بە ئاسانی لە پردەکە دەپەڕێتەوە و هەرکەسێکیش گوناهکار بووبێت لە پردەکە دەکەوێتە خوارەوە. (بجنوردی، ١٣٩٣: ٤٧٠).

لێرەدا دژیەکییەك دەبینرێت، لە کاتێکدا کاکەییەکان باوەڕیان بە دۆنادۆن و ڕۆحی جاویدانی هەیە دوای هەزارویەك جامە، لەگەڵ بیرۆکەی پاداشت و سزا و بەهەشت و دۆزەخدا ناگونجێت.

**٥. باوەڕبوون بە ئایینەکانی دیکە:**

بە بڕوای **میهردادی ئیزەدی**، پەیڕەوانی ئایینی کاکەیی ڕووبەڕووی دژوارییەکی زۆر لەگەڵ ئیسلام و مەسیحییەت و زەردەشتی و هەر ئایینێکی دیکە نابنەوە و بە لایانەوە زەحمەت نییە لە کاتی پێویستدا خۆیان بخەنە پاڵ هەر ئایینێکی تر، چونکە بە بڕوای ئەوان هەر ئایینێك لە ئایینەکان ڕاگەیاندنێکن بۆ بیرۆکە ڕەسەنەکەی بڕواهێنانی مرۆڤ بە ڕۆح و نموونەی دەستتێوەردانی بەردەوامی پەروەردگارن لە کاروباری دونیا بە شێوەی بەرجەستەکردنێکی ناوبەناو لە ڕێگەی پێغەمبەرێکی تازەوە، کە ڕزگاری بۆ بوونەوەران دابین دەکات. بەم جۆرەش هەر ئایینێك پارچەیەکە لەو تابلۆ فرەپارچەیەی باوەڕیان پێیەتی. (ئیزەدی، ٢٠٠٢: ٢١).

لەوانەیە هەر ئەمە هۆکاری ئەوە بێت لە هەر سەردەمێکدا ئایینەکە هەندێ بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمی ئایینەکانی دیکەی هێنابێتە ناو خۆیەوە، بە تایبەتی وەرگرتنی هەندێ بیروباوەڕی ناو ئایینی ئیسلام و بە دیاریکراوییش هەندێ بیروباوەڕی ئایینزای شیعە بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت.

بە پێچەوانەی بیروباوەڕە ئایینییەکانی دیکەوە؛ ئایینەکە ئەوەندە نەرمیی تێدایە کە لە توانایدا هەیە لەگەڵ هەر سەردەم و بیروباوەڕێکی ئایینیی دیکەدا خۆی بگونجێنێت. بەم هۆیەوە ئایینەکە گەشەی پێ دراوە و بۆچوون و بیروباوەڕی نوێی هاتووەتە ناو. بەڵام پایەی بەرزی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب خەلیفەی چوارەمی موسڵمانان و بەرزترین ئیمامی شیعەکان، کە بەرجەستەکاری دووەمی ڕۆحی گەردوون یان خواوەندگارە لە ئایینی کاکەییدا، نیشانی دەدات کە کاکەییەکان زیاتر کاریگەری ئایینزای شیعەیان لەسەرە.

## پێنجەم: ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی:

کاتێك پرسیاری ئەوەمان لە یەکێك لە دەلیلەکانی کاکەیی کرد، کە ئایا دەتوانین ببینە کاکەیی؟ وەڵامەکەی بەو جۆرە بوو، نەخێر ناتوانن ئەگەر خودا بیویستایە کاکەیی بن ئەوا بە کاکەیی درووستی دەکردن." (چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلام مەحمود: ٦).

کاکەییەکان گرووپێکی تا ڕادەیەك داخراون لە ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە، چونکە ئایینەکە موژدەدەر نەبووە و تەنها لە چوارچێوەی ئەو کەسانەدا کورت بووەتەوە کە لە خوێنی خانەوادەیەکی کاکەیین، هەرکەسێکیش هاوسەرگیریی لەگەڵ ژن یان پیاوێکی موسڵمان یان باوەڕداری هەر ئایینێکی دیکەدا بکات ئەوا ڕاستەوخۆ لە

ئایینی کاکەیی دەردەکرێت و پەیوەندیی ئایینیی لەگەڵدا دەپچڕێنن، بەڵام مەرج نییە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی لەگەڵدا بپچڕێنن.

لەناو ئەم گرووپە ئایینییە داخراوەدا ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمایەکی ئایینییە و ئایین ڕەنگڕێژی سستمی کۆمەڵایەتیی کردووە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە سستمی خزمایەتی و هاوسەرگیرییەوە.

لە ئایینی کاکەیدا سێ چینی سەرەکی بوونیان هەیە. کە بریتین لە:

**سەید:** کە لە بنەماڵەی ١١ خانەدانەکەی حەقیقەتن.

**دەلیل:** کە لە بنەماڵەی هەفتاودوپیرەن.

**چینی گشتی:** کە سەرجەم پەیڕەوانی ئایینەکە، لە دەرەوەی ئەو دوو بنەماڵەیە دەگرێتەوە.

لە نێوان ئەم چینانەدا پلەبەندیی ئایینی و کۆمەڵایەتی هەیە و دیاریکردنی هەر چینێکیش بنەمایەکی ئایینیی هەیە و بە هۆی خوێن و ڕەچەڵەکەوە دیاری دەکرێن، نەك بە هۆی هەوڵ و کۆششی تاکەکەسی، ژن و ژنخوازی پێویستە تەنها لە نێوان ئەندامانی هەر چینێکدا بێت، بۆ کەس نییە هاوسەرگیریی لەگەڵ کەسێکی جیاواز لە چینەکەی خۆیدا بکات، هەورەها لە کاتێکدا پێویستە هەرکەسێك پیر و دەلیلی خۆی هەبێت، ئەوا بۆی نییە لەگەڵ بنەماڵەی پیر و دەلیلەکەی خۆی هاوسەرگیریی بکات با لە یەك چینی کۆمەڵایەتییش بن.

لەناو ئایینی کاکەیدا دیاردەیەکی دیکەش هەیە کە پێی دەوترێت برای یاریی(برای ئایینی) هەموو کەسێك کە گەیشتە پلەیەکی ئیمانی کامڵ بۆی هەیە برایەکی ئیمانی هەڵبژێرێت لە چینەکەی خۆیدا بێت یان لە چینەکانی دیکە.

دیاریکردنی برای یاری لەنێوانی دووکەسدا پێویستە لە جەمێکی تایبەتیدا بێت کە تیایدا پیر دۆعای برای یاری بەسەر دووکەسەکەدا دەخوێنێت.بەوهۆیەشەوە دەبنە برای ئایینی و بۆیان نییە ژنوژنخوازی لەگەڵ یەکتریدا بکەن.(سرانجام،٢٠٠٧: ٢٨٣).

زۆربەی جار لە بابەتی پیاوانی ئایینی کاکەیدا هەڵەکراوە،لەزۆربەی زۆری نوسینەکاندا چینی کۆمەڵایەتی و پلەی ئایینی تێکەڵکراوە لەگەڵ یەکتریدا،راستیەکەی ئەوەیە، کە ئەوو دوو بابەتە هەم پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و هەم جیاوازیشن لە یەکتری،چونکە چینی کۆمەڵایەتی بناغەیە بۆ پلە ئایینییە سەرەکییەکان وەك پیر و دەلیل.

ئەمانەی خوارەوە ڕۆڵەجیاوازەکانی ناو ئایینیی کاکەیین:

**١.پیر:**

پیر یان سەید لەبەرەی حەتەوانەن،بۆیە پیرۆزترین و بەرزترین گروپن لەناو کاکەییدا،هەموو کارو سرووتیەکی ئایینی وەکو جەم سەیدەکان بەڕێوەی دەبەن و سەرپەرشتی دەکەن. هەرچەندە وا دادەنرێت سەیدەکانی کاکەیی نەوەی سوڵتان سەهاك بن(میران،٢٠١٧: ٣٢٦)،بەڵام راستیەکەی ئەوەیە هەمویان ناگەڕێنەوە بۆ سوڵتان و لەڕوی رەچەڵەکەوە ناگەنەوە بەو، لەناو خانەدانەکانی هەقیقەت تەنها سێ بنەماڵەهەن کە بەرەچەڵەك سەیدن و هەشت بنەماڵەکەی دیکە سەید نین.(سوڵتانی،٢٠١١: ١٧).. د.رەشاد میران سەیدەکانی هەر بە باوە داناوە(میران ٢٠١٧: ٣٢٧) ،بەڵام د.نوری هەرزانی جەخەت لەسەر ئەوە دەکات باوە جیاوازن لەسەید(الهرزانی،٢٠٠٧: ٨٤) .هەرچەندە زۆرینەی کاکەییەکان لە ئێستادا جیاوازی لەنێوانی سەید یان پیر لەگەڵ باوە دەکەن. بەڵام کەسانی واش هەن لەناو کاکەیەکاندا کە پێیان وایە ووشەی سەید لە ئیسلامەوە هاتۆتە ناو ئایینەکەیانەوە و چینی سەیدەکان لە بنەرەتدا هەر چینی باوەن(چاوپێکەوتن لەگەڵ هاشم کاکەیی: ٤).

پلەی سەیدی هەرچەەندە بە میرات وەردەگیرێ،کەچی تەنیا بۆ پیاوانە و ئافرەت ناگرێتەوە،هەر کەسێکی کاکەیی کە سرووتی گوێزشکاندنی بۆ دەکرێت دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی کاکەیی ،دەبێت بە موریدی پیرێك و ئەوکاتە بۆی نییە ژن لە بنەماڵەی پیرەکەی خۆی بهێنێت.

ئەو سەیدەی بۆ سەرکردایەتی جەم هەڵدەبژێردرێت پلەیەکی بەرزی ئایینی هەیە،هەمیشە کەواو سەڵتە لەبەردەکاو عەباش بەخۆیدا دەدا ،سەرو پێچ دەکاتە سەر و پشدێنی سەوز دەبەستێت و ڕیشێکی درێژ دەهێڵێتەوە.(میران،٢٠١٧: ٣٢٧).

سەید یان پیر بەرزترین پلەی ئایینی کاکەییە،لە ئێستادا لەڕوی جلوبەرگ و روخسارەوە جیاوازی وای نییە لەگەڵ ئەندامانی دیکەی کاکەیدا،ئەگەر لەناو جەمێکدا دابنیشێت هەتا خۆیان دەستنیشانی نەکەن نازانیت کامەیان سەیدەکەیە.

**٢.دەلیل:**

دەلیل یەکێکە لە پلە ئایینیەکان و هەندێ جاریش پێیان دەڵێن "مام" ،کارەکەی بریتییە لە یارمەتیدانی پیر لە بەڕیوەبردنی جەمەکاندا، هەروەها سەرپەرشتێکردنی موریدەکان و دابەشکردنی نەزر و نیاز و قوربانی، دەلیلەکان رەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ هەفتاودوو پیرە.

**٣.باوە:**

ئەم ناوناوە بە هەندێ کەسی کاکەیی بەخشراوە وەك رێزێك بۆ پێگەی ئایینی باپیرانیان،کە خزمەتکاری تەکیە و جەمی کاکەیەکان بوون و خۆیان تەرخانکردووەبۆ خزمەتکردنی جەم و پەیڕەوانی کاکەیی.

بەووتەی د.نوری هەرزانی ئەمانە لە بنەماڵەی باوە حەیدەرن کە خزمەتکاری سوڵتان سەهاك بووە.(الهرزانی،٢٠٠٧: ٨٢).

لەناو جەمدا ئەگەر خەلیفەی تێدا نەبوو، دەلیل بە ئەرکەکەی هەڵدەستێت،کە دابەشکردنی خواردنەکەیە.

**٣. دەروێش:**

دەروێشەکان ئەوانەن کەواز لە دونیادەهێنن، ژیانی زاهیدانە هەڵدەبژێرن و پشت لە جوانی و خۆشیەکانی ژیان دەکەن، لەلایەن کاکەیەکانەوە زۆر ڕێزیان لێدەگیرێت و بەکەسانی نزیك لەخودا سەیریان دەکەن و پێیان وایە کە بەهۆی خوداپەرستیانەوە ئاگاداری غەیب و داهاتوون،زۆرجاریش بۆ زانینی هەندێ بابەت سەردانیان دەکەن و راوێژیان پێدەکەن و پێشگۆییەکانیان بەڕاست وەردەگرن. (الهرزانی،٩١:٢٠٠٧)

دەروێشەکان بەوە دەناسرێنەوە کە جلوبەرگی دڕاو و شڕ لەبەردەکەن و قژیان درێژو ناڕێکخراوە گرنگی بە رێکحستنی جلوبەرگ و قژ و جەستەیان نادەن،بەڵام ئەمە نەبۆتەهۆی ئەوەی کە لەناو کاکەیەکاندا بێزراوبن،بەڵکو بەپێچەوانەوە خەڵکانێکی پیرۆز و رێزلێگیراون.

**٤.کەلام خوێن:**

کەسێکە شارەزای کەلامەکانی کاکەیی و تەمبورە و لەکاتی خوێندنی سرودەکاندا ئامادەبوان لەدوای ئەوەوە دەیڵێنەوە و پێشی دەڵێن ئوستاد.

**٥.فەراش:**

پلەیەکی کاتییە کە لەناو جەمدا دەدرێت بە کەسێك ، لە هەر جەمێکدا کەسێك یان زیاتر دەبێتە فەراش و کاری خزمەتکردنی جەم و دابەشکردنی ئەو خواردنەیە کە خەلیفە جیایی کردۆتەوە.(بورکەئی، ١٣٧٥: ٥٦٥-٥٦٦). وەرگرتنی ئەم ئەرکە پەیوەندی بە چینی کۆمەڵایەتییەوە نییە،هەموو کاکەییەك لەژیانیدا دەبێت چەند جارێك ئەم ئەرکە ئایینییە بگرێتە ئەستۆ.

**٦.خەلیفە:**

لەبنەماڵەی حەوت خەلیفەن، یارمەتی پیر دەدات لە ئامادەکردنی جەمدا.

## شەشەم: پێکهاتەی دامودەزگای ئایینی:

کاکەییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی **سوڵتان سەهاك ی بەرزنجی** وەك نوێکەرەوە و یاسادانەری ئایینەکەیان بناسێنن. ئەو لە سەدەی حەوتەمی هیجری و سیانزەی زایینی، توانیی قوتابخانەیەکی ئایینیی وەها بوونیات بنێت، کە توانای کۆکردنەوەی تەواوی باوەڕدارانی ئایینەکەی لە دەوری خۆی هەبێت، بە هۆی درووست کردنی کۆمەڵێك دامودەزگای ئایینی و ڕێکخستنی سرووتەکان و ئاداب و نەریتی ئایینییەوە.

**سوڵتان سەهاکی بەرزنجی** پەیڕەوانی ئاینەکەی بە ١٥ دەستەی جیاواز دابەش کردووە، کە هەریەکەیان کارێکی تایبەتیان هەیە، بە پێی سەرەنجام ناوی ئەم دەستە و تاقمانە لە عالەمی زەڕاتدا هێنراوە، کە ئەمانەن:

چوار فریشتە، حەوتەن، حەوتەوانە، حەوت یاری قەوڵتاس، حەفتاودوپیر، حەوت خەلیفە، حەوت خایەم، حەوت حەوتەوان، چل چلتەن، شەست و شەش بەندی کەمەرزێڕین، نەوەدونۆپیرەی شاهۆ، هەزارهەزاربەندە، پەیوەندبەندە یان بەندەهای بێشومار، هەزارویەکبەندەی خواجەمانەند. (بورکەئی، ١٣٦١: ٣٧).

لێرەدا بە کورتی باسی گرنگترینیان کە دەکەین کە حەوتەن و حەوتەوانەن:

**١. حەوتەن:**

ئەمانە لە ڕیزی یەکەمی یارانی سوڵتان ئیسحاقن، بەو شێوەیەی کە سوڵتان تەجسیدی عەلی و ئەویش تەجسیدی خودایە، هەریەك لە یارانیشی لە ڕووی پلەی ڕۆحانییەوە شێوەی یەکێك لە حەوت فریشتەکەی خودان، کە لە ساتەوەختی درووست کردنیاندا خودا پەیمانی لەگەڵ بەستون. (بیباس ازلی). (طبیبی، ١٣٤٧: ٥٧).

لە بەیتێکی سەرەنجامدا دۆنی حەوتەوانەی سەردەمی سوڵتان سەهاك، لە سەردەمی عەلی دەرکەوتەی دووەمدا دیاری کراوە:

**سەراو دوودەرە، سەراو دوودەرە بارگەی شام وەستەن سەراو دوودەرە**
**سەلمان بنیاما، داود قەنبەرە پیرموسی وەزیر کاکەی جابرە**
**سید مستەفا تیرش خەتەرە فاتمە ڕەمزبارەن، سڕپەروەرە**
**خالد زەردەبام، زەردیش چە خوەرە بەلال ڕۆچیارە، مێردە و هام شەڕە** (طاهری، **٢٠٠٧:** ٣٧٥).

بە لای کاکەییەکانەوە ئەمانە حەوتەنی پیرۆز و جاویدانین، یەکێك لە هەوڵدەرەکان پێی وتین کە لای کاکەییەکان ئەم حەوتە، سوڵتان خۆی بە موعجیزە درووستی کردوون و بە هۆی پەیوەندی ژن و مێردایەتییەوە لە دایك نەبوون، تەنانەت بوونی دایکوباوکیش وەکوو پەردەیەك وایە بۆ شاردنەوەی موعجیزەکە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا خەڵقکردن سیفاتی خواوەندی نییە؟ ئەو دەڵێت "ئەمە سوڵتان ناکاتە خودا، بەڵکوو قودرەتێکە خودا خۆی پێی بەخشیوە." (چاوپێکەوتن لەگەڵ هەواڵدەری ژمارە ١: ٣)، بەڵام ئەم قسەیە چەندە قەناعەتپێکەر دەبێت ئەوە جێ دەهێڵم بۆ خوێنەر خۆی. بە تایبەتی کە هەمیشە یەکێك لە حەوتەن ژنە و هەڵگری ڕەمزە، دایکی ئەو زاتەیە کە تەجەلای خوایی تێدا دەردەکەوێت، ئینجا بیرکردنەوە لەوەی کە مرۆڤیك هێشتا نەبووە چۆن دایکی خۆی درووست کردووە.

لە دیدی کاکەییەکانەوە تەنانەت ئەو زاتانەی بە دەرکەوتەی خوایی دادەنرێن لە دایکوباوکێکی دیاریکراو نەبوون، کەسانی شارەزا لەناو ئایینی کاکەیی هەرگیز وشەی لەدایکبوونیان بۆ بەکار ناهێنن، بەڵکوو لە بری لەدایکبوون وشەی دەرکەوتن(ظهور) بەکار دەهێنن و مەسەلەی دایکوباوك تەنها بە پەردەیەك دەزانن بۆ پەردەپۆشکردنی نهێنییەکە:

حەوتەنی پیرۆز لە ئایینی کاکەییدا ئەمانەن:

أ. **پیر بنیامین، پیر خدری شاهۆ**، کە بە پیری هەموو کاکەیی دادەنرێت.

ب. **داود کۆسوار، موسیاوە** (مووڕەش) کە بە دەلیلی هەموو کاکەیی دادەنرێت.

ج. **پیرموسا، مەلا ڕوکنەدینی دیمەشقی** ناسراو بە دەفترداری سوڵتان.

د. **موستەفا دەودان**، سەرۆکی کاروباری نیزامی.

ه. **خاتوو دایرەك، ناسراو بە ڕەمزبار خاتوون**، سەرۆکی کۆمەڵی ژنانی کاکەیی.

و. **شائیبراهیم، ناسراو بە فریشتەی فڕیو**.

ز. **حوسەین، ناسراو بە باوەیادگار.**

**٢. حەوتەوانە:**

یەکێك لە دامەزراوە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی کاکەیی درووستکردنی خانەدانەکانی کاکەییە، لە لایەن خودی سوڵتان ئیسحاقەوە، وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی کە بە هەفتەوانە دەناسرێن و لە حەوت کوڕەکەی **سوڵتان ئیسحاق** پێك هاتوون، هەریەکەیان سەرۆکایەتیی بنەماڵەیەکی گەورەی کاکەیی دەکات، لە سەدەی یانزەهەم و دوانزەهەم و سیانزەهەمدا بە پێی هەلومەرجی مێژوویی و لەسەر ڕاسپاردەی یارانی سوڵتان، چوار خانەدانی دیکە بۆ ئەم حەوت

خانەدانە زیاد بووە و بە کۆی گشتیی ئەم یانزە خانەوادەیە دەوترێت خانەدانەکانی حەقیقەت، کە چینی سادات لەناو ئایینی کاکەییدا پێك دەهێنن و ئەمانەن:

**أ. خانەوادەی شائیبراهیمی:** ئاماژەیە بۆ ئیبراهیمی تەیار، کە یەکێکە لە حەوتەن و کوڕی سەید موحەمەدی گۆرەسواری کوڕی سوڵتان ئیسحاقە، لە سەدەی هەشتەمی هیجری لە دایك بووە، لەسەر ڕاسپاردەی سوڵتان ئیسحاق بۆ ئیرشاد ڕووی لە بەغدا کردووە و هەر لەوێش مردووە و بە خاك سپێردراوە.

**ب. خانەدانی بابایادگاری**: ئەم خانەدانە دەگەڕێنەوە بۆ سەید ئەحمەد ناسراو بە بابایادگار، کە یەکێکە لە حەوتەن و لە سەدەی هەشتەمی هیجریدا ژیاوە و لەسەر ڕاسپاردەی سوڵتان بۆ ئیرشاد چووەتە پاکستان و ئەفغانستان و لە هەردوو وڵاتەکە شوێنکەوتەی تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە ژنی نەهێناوە، لەسەر ڕاسپاردەی خۆی دوان لە یارانی بە ناوەکانی **ویساڵ** و **خەیاڵ** کردووە بە جێنشینی خۆی و ساداتی خانەدانی بابایادگار لە نەوەی ئەم دوو کەسەن. بابایادگار لە لایەن دوژمنانی ئایینەکەوە کوژراوە و لە ناوچەیەك لە دامێنی شاخی داڵاهۆدا نێژراوە.

**ج. خانەدانی خامۆشی:** ئەم خانەدانە دەگەڕێنەوە بۆ سەید ئەکابر ناسراو بە سەید خامۆش کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید ئەبولوەفا، لە سەدەی نۆهەمی کۆچیدا ژیاوە.

**د. خانەدانی عالی قەلەندەر:** کە دەگەڕێنەوە بۆ عالی قەلەندەر کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی لە داڵاهۆ لە دایك بووە و پەیڕەوانی بە دەروێشی قەلەندەری ناسراون.

**هـ. خانەدانی سەید میری سوریي.**

**ز. خانەدانی باوەیسی:** کە دەگەڕێنەوە بۆ حاجی بابۆ عیسی ناسراو بە باوەیسی.

**ح. خانەدانی سەید مستەفا:**

**ط. خانەدانی ذوولنور:** کە لە ناوچەی کەرەند و لوڕستان بڵاو بوونەتەوە.

**ی. خانەدانی ئاتەشبەگی:** کە لە ناوچەی هەرسین نیشتەجێن.

**ك. خانەدانی شاهەیاسی:** کە زیاتر لە ناوچەی سەحنە دەژین، باس لەوە دەکرێت کە نیعمەتوڵڵای جەیحون ئابادی خۆی بە بەشێك لەم لقە زانیوە.

**ل. خانەدانی حەیدەری:** کە دەگەڕێنەوە بۆ باباحەیدەر و لە ناوچەی گۆران پەیڕەوانێکی زۆری هەیە.

خانەدانەکانی حەقیقەت، دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیی ئایینییە لە لایەن **سوڵتان سەهاك** ی بەرزنجییەوە درووست کراوە. لە سەردەمی خۆیدا ٧ خانەوادە و لە سەردەمەکانی دواتریشدا ٤ خانەوادەی دیکەی بۆ زیاد کراوە. ئەمانە بە سەیدەکانی

کاکەیی دەژمێردرێن، بەڵام هەموویان ناگەڕێنەوە بۆ سوڵتان ئیسحاق و لە ڕووی ڕەچەڵەکەوە ناگەنەوە بە ئیمام عەلی، لەناو خانەدانەکانی هەقیقەت تەنها سێ بنەماڵە هەن کە بە ڕەچەڵەك سەیدن و هەشت بنەماڵەکەی دیکە سەید نین. (سوڵتانی، ۲۰۱۱: ۱۷). کەسانی واش هەن لەناو کاکەییەکاندا کە پێیان وایە وشەی سەید لە ئیسلامەوە هاتووەتە ناو ئایینەکەیانەوە و چینی سەیدەکان لە بنەڕەتدا لە چینی باوەن. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هاشم کاکەیی: ٤)

وا دەردەکەوێت وشەی سەید لە ئایینی کاکەیی یدا نازناوێك یاخود پلەیەکی ئایینی بووبێت، کە سوڵتان سەهاك بەخشیویەتی بە ژمارەیەك لە شوێنکەوتووانی و بەو هۆیەوە بە خانەوادەی خۆی و کوڕی خۆی حسێبی کردبن.

بە هۆی ئەم دامەزراوە ئایینییەوە سوڵتان تەواوی پەیڕەوانی ئایینی کاکەیی وەك کۆمەڵگەیەکی ئایینی بە یەکەوە بەستەوە، چونکە هەر باوەڕدارێکی کاکەیی لەسەری پێویستە پیر و دەلیلی تایبەت بە خۆی هەبێت. پیرەکان لە بنەماڵەی ساداتن و دەلیلەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ داود کوسوار. سوڵتان خۆی یادگاری بە پیر و بنیامینی بە دەلیلی خۆی دیاری کردووە. بەو جۆرەش هەموو یەکێك لەسەر سیلسیلەی خانەدانەکان لەناو خۆیاندا پیر و دەلیلێکیان دیاری کردووە.

ئەگەر خانەوادە بریتی بێت لە ژمارەیەك کەس کە پەیوەندیی خوێنی پێکەوە دەیان بەستێتەوە، ئەوا کلان ئەو دامەزراوەیەیە کە ئەندامانی گرووپێك بەهۆی تەوتەمێکی ئایینییەوە بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

بە بڕوای **حیشمەتوڵڵای تەبیبی**، هەر خانەوادەیەکی کاکەیی بۆ خۆی لە شێوەی کلانێکدایە، کە خاوەنی ڕێساویاسای تایبەت بە خۆیەتی و لە سەرەوەی هەرەمەکەدا سەرۆکی خانەدان دەبینرێت، ڕێزی لێ دەگیرێت و پەیڕەوی لە بڕیارەکانی دەکرێت، هەروەها هەر خانەوادەیەك بە هەمان شێوەی کلان خاوەنی ناو و درووشم و پیرۆزی و تەوتەمی تایبەت بەخۆیەتی و هەموو ئەندامانی خانەوادەکە و ئەوانەش کە لەو خانەوادەیە پیریان هەڵبژاردووە پێوەی پابەند دەبن و پەیوەندییەکی بەهێزی مەعنەویی پێکەوە دەیانبەستێتەوە. (طبیبی، ۱۳۵۱: ۱۲).

ئەم دامەزراوەیە پەیوەندیی بە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی دیکەوە هەیە لە ئایینی کاکەییدا، کە بریتییە لە سەرسپاردن. هیچ یەکێك بە کاکەیی نادرێتە قەڵەم تاوەکوو سەری خۆی بە پیر و دەلیلێك نەسپێرێت، بەو هۆیەشەوە دەبێتە یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەی پیرەکەی. ئەگەر جیاوازیی چینایەتی ڕێگەشی بدات بۆ هاوسەرگیری، ئەوا بە هۆی ئەوەی بووەتە ئەندامی ئەو خێزانە ناتوانێت ئەو کارە بکات.

بەم پێیە دەبینین کە درووستکردنی خانەدانەکانی هەقیقەت هەر تەنها ئامانجێکی ئاینیان نییە، بەڵکوو ئامانجێکی کۆمەڵایەتیی گرنگیشیان هەیە، کە هەموو خانەدانەکان پێکەوە گرێ دەدات و پاشانیش سەرجەم باوەڕدارانی دیکەی کاکەیی ، کە لە دەرەوەی خانەدانەکانن، وەکوو پوورەی هەنگ لە دەوری خانەدانەکانی هەقیقەت کۆ دەکاتەوە.

لەناو ئەمانەدا بە لای کاکەییەکانەوە، حەوتەن، جاویدانی و نەمرن و پلەوپایەیان لە هەموو یارانی دیکەی سوڵتان زیاترە، پاشان هەفتەوانە و حەوت یاری قەوڵتاس و تاد....

## حەوتەم: تۆتێم و تابۆ:

ئایینی کاکەیی، وەك ئایینێکی کۆن لە کۆمەڵگەی کوردیدا، خاوەنی تۆتێم و تابۆی خۆیەتی.

سەبارەت بە تۆتێمی ئایینی کاکەیی زۆر بە کەمی سەرنجی لەسەر دانراوە، بەڵام بەو پێیەی ئایینەکە وەك **میهردادی ئیزەدی** جەختی لەسەر دەکات سەر بە ئۆلی فریشتەکانە و لەو ئایینانەشدا باڵدار جێگایەکی سەرەکیی لە باوەڕی پەیڕەوانیدا گرتووە، لەم ڕوانگەیەوەیە کە بە هەمان شێوەی ئێزدییەکان کەڵەشێر جێگایەکی تایبەتی لەم ئایینەدا هەیە، ڕاستە بە پێچەوانەی ئێزدییەکانەوە کەگۆشتی کەڵەشێر ناخۆن، لە لای کاکەییەکان خواردنی گۆشتی کەڵەشێر لە جەمەکانیاندا یەکێکە لە نەریتە ئایینییە بەربڵاوەکان لەناو کاکەییەکان و هەموو لقەکانی دیکەی کاکەییدا، کە چیرۆکی ئەفسانەیی تایبەتی لە پشتە. هەرچەندە **د. ڕەشاد میران** ڕای وایە هەر گیاندارێك ئەو کاتە دەبێتە تۆتێم کە تابۆی لەسەر دابنرێت، بەڵام وەك دورکهایم ئاماژەی پێکردووە هۆزی واش هەبوون لە بۆنە ئاینییەکاندا یان لەهەندێ کاتی پێویستدا بەمەبەستی بەدەستهێنانی فەڕو بەرەکەتت،ەوتەمەکەیان خواردووە.(دورکیم،١٣٩٣: ١٧٩).هەروەها **بەهمەنی بەهرامی** ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەیەك لە پەیڕەوانی ئایینی کاکەیی کەلەَشێر بە تەجەلای سوڵتان سەهاك دەزانن، هەروەها بەلای هەندێکی دیکە لە کاکەییەکانەوە کەڵەشێر سیمبولی پیربنیامینە کە بە یانیان دەخوێنێت و تاریکی رادەکاڵێت و بانگی جوتیارەکان دەکات بۆئەوەی بچنە سەر زەوییە کشتوکاڵیەکانیان(بهرامی،١٣٩٠: ٢٩٥-٢٩٦).

لەگەڵ ئەمانەشدا ئێمە وای بۆ دەچین کە هەناریش یەکێکی دیکە بێت لە تۆتێمەکانی ئایینی کاکەیی، کە پەیوەندیی بە پەرجوویەکی گرنگەوە هەیە لە ئایینی کاکەییدا، ئەویش لەدایکبوونی باوەیادگار یەکێك لە حەوتەنی پیرۆزە، بە پێی باوەڕی کاکەییەکان لە دەنکەهەنارێکەوە دروستبووە؛ساراخانمی کچی پیر میکائیل لە دوای

ماڵینی شوێنی جەمێکدا دەنکێك هەناری دۆزیوەتەوە و خواردوویەتی و بەو هۆیەوە بە موعجیزە باوەیادگاری بووە. لە کاتێکدا هێشتا کچ بووە و شووی نەکردووە.بە پێی گێڕانەوەی هەواڵدەرە کاکەییەکەم، چیرۆکی دەنکەهەنارەکەی باوەیادگار بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش پەیوەست دەبێتەوە بە چیرۆکی کەڵەشێرەکە و سوڵتان سەهاکی بەرزنجییەوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هەواڵدەری ژمارە ١: ٢) دوور نییە بایەخدانی ناوچەی هەورامان بە هەنار، کە سەردەمانێك مەڵبەندی ئایینەکە بووە، پەیوەست بێت بەم ئەفسانەیەی ناو باوەڕی کاکەییەکانەوە.

## هەشتەم: پیرۆزییەکانی ئایینی کاکەیی:

خاڵی هەرە گرنگ لە پیرۆزییەکانی ئایینی کاکەییدا ئەوەیە کە هەموویان پەیوەستن بە کورد و کوردستان و کولتووری کوردییەوە. وەك شوێن و شت و کەلوپەلی مادی و دیاردەی کولتووریی،کە بەشێکن لە کولتووری مادی و مەعنەویی کورد،بەدرێژایی مێژوو.

ئایینی کاکەیی خاوەنی ژمارەیەکی بێ ئەنداز پیرۆزییە،لێرەدا تەنها ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

١. **هێشتنەوەی سمێڵ:** سمێڵ بە یەکێك لە نیشانە پیرۆزەکانی ئایینی کاکەیی دادەنرێت، لە بەشی پێنجەمی ئەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی وردتر تیشك خراوەتە سەر ئەم بابەتە.

٢. **پردیوەر:** ناوی ئەو شوێنەیە کە سوڵتان ئیسحاق، دوای ڕۆشتنی لە بەرزنجە ڕووی تێ کرد و لێی نیشتەجێ بوو، دەکەوێتە دووری ٤٠ کم لە شارستانی پاوە، نزیك لە نەوسود لە ناوچەی هەورامانی کوردستانی ڕۆژهەڵات. گۆڕی سەید سەهاك ی بەرزنجی و ژمارەیەك لە گەورەپیاوانی ئایینی کاکەیی لەم شوێنەیە.

پردیوەر وشەیەکی هەورامییە و بە مانای (لەم لایەی پردەکەوە) دێت، بە پێی سەرەنجام ناوی ئەم گوندە لەو پردەوە هاتووە کە لە سەدەی هەشتەمی هیجری سوڵتان سەهاك لەسەر چەمی سیروان هەڵی بەستووە و بە لای کاکەییەکانەوە وەك پردی سیراتی ئایینی ئیسلام و پردی چینوتی ئایینی زەردەشتی وایە و بە پێی باوەڕی کاکەییەکان لە ڕۆژی پەسڵاندا لەسەر ئەم پردە حەق و ناحەق لە یەکتری جیا دەبنەوە. گوندی پردیوەر کە لە ئێستادا پێی دەوترێت گوندی شێخان وەك قیبلە و کەعبەی کاکەییەکان سەیر دەکرێت و لە لایان جێگایەکی پیرۆزی هەیە. (بورکەئی، ١٩٨١: ٥).

**٣. کتێبی سەرەنجام:** کتێبی سەرەنجام یان (کەلام خەزانە) بە پیرۆزترین کتێبی ئایینی کاکەییەکان دادەنرێت و لە پێشتردا باسی لێوە کراوە.

**٤. جەمخانە:** جەمخانە شوێنێکە کە پەیڕەوانی ئایینی کاکەکەیی تێیدا کۆ دەبنەوە بە کۆبوونەوەکەش دەوترێت (جەم)، بە پێی نامەکانی سەرئەنجام جەمخانە شوێنێکی دیاریکراوی نییە، لە هەرکات و شوێنێکدا کۆمەڵێك لە پەیڕەوانی ئایینی کاکەیی کۆ ببنەوە بە نیەتی جەم، دەتوانن جەم ببەستن، جەمخانەش بە یەکێك لە شوێنە پیرۆزەکان دادەنرێت بە لای پەیڕەوانی ئایینی کاکەییەوە، چونکە لە جەمخانەدا جیلوەی ئیلاهی تیا دەردەکەوێت و پریشکی نووری ئیلاهی بەر هەر تاکێکی بەشدار بوو دەکەوێت. (جمعەزادە و ویسی، ١٣٩٤: ١٣٤).

**٥. ئامێری تەنبوور:** لە ئایینی کاکەییدا ئامێری تەنبوور بە یەکێك لە ئامێرە مۆسیقییە پیرۆزەکان دادەنرێت. لە کاتی مەراسیمە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکاندا تەنبوور دەژەنن و هەندێکیشیان لەو باوەڕەدان کە جەم بەبێ ژەنینی تەنبوور درووست نابێت،هەروەها لە مەراسیمی ناونانی منداڵ و ناشتنی مردودا تەنبوور لێدەدەن.

**سەید خەلیل عالی نەژاد** لە بارەی مێژووی تەنبوورەوە دەڵێت: "بەشکۆترین دەورانی تەنبوور سەردەمی موبارەك شا (شاخۆشینی لوڕستانی) بووە لە سەدەی پێنجەمی کۆچی و سەردەمی سەلجووقییەکاندا. بە پێی دەقە کۆنەکانی کاکەیی، شاخۆشین کە خۆی جامەی خودایی تێدا دەرکەوتووە، یارانی کردووە بە چەند گرووپێکی ٩٠٠ کەسییەوە کە پێکەوە ئامێری تەنبووریان ژەنیوە. (عالی نژاد، ١٣٧٦: ٢٤٠).

لە بارەی فەلسەفەی تەنبوور لە ئایینی کاکەییدا، کاکەییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کاتێك خودا فەرمانی کرد بە ڕۆح بچێتە جەستەی ئادەمەوە، جوبرەئیل تەنبووری لێ دا تا ڕۆح مەست بوو؛ ئەوجا لە جەستەی ئادەمدا جێگیر بوو. پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە هەندێ ناوچەدا کاتێك منداڵێك لە دایك دەبێت، تەنبووری بۆ لێ دەدەن بۆ ئەوەی ڕۆحی لە جەستەیدا سکونەت بگرێ، کاتێکیش یەکێکیان لێ دەمرێت ئەوا تەنبووری بۆ لێدەدەن بەو هیوایەی ڕۆحەکە لێیان دوورنەکەوێتەوە و بچێتە دۆنی کەسێکی دیکەوە.

**٦. شەرت و قەرار (پەیمانی بیابس):** بیابس لە ئایینی کاکەیدا پەیوەستە بە پەیمانێکەوە کە لە سەرەتای ئەزەلدا فریشتەکان بە خاوەندگاریان داوە و لە دەورەی پردیوەریشدا حەوتەوانە هەمان پەیمانیان لەگەڵ سوڵتان سەهاك دووبارە کردووەتەوە، کە فەرمانەکانی بەجێ بهێنن و پەیڕەوی لەو فەرمانانە بکەن کە بۆی دیاری کردوون. (روحانی نژاد، ١٣٨٥: ١٨٤).

**٧. نەزر و نیاز و قوربانی:** نەزر و نیاز و قوربانی، سرووتێکی ئایینییە و لە هەمان کاتیشدا لە ئایینی کاکەیدا بە یەکێك لە کارە پیرۆز و گرنگەکان دادەنرێت، چونکە ئەوان وەك خۆیان دەڵێن ئەوان (نیازیین نەك نمازی) واتە ئەوان لە بری نوێژکردن گرنگی بە دۆعا و پاڕانەوە و قوربانی دەدەن. (جمعە زادە و ویسی، ١٣٩٤: ١٣٥).

**ئەنجامگیریی:**

دەتوانین پوختەی ئەو ئەنجامانەی لەم بەشەدا پێی گەیشتین لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ بکەینەوە:

**١.** کورد خاوەنی میراتێکی دەوڵەمەندی ئایینییە، چونکە لەناو جەرگەی مەڵبەندی ئایینە ئاسمانییەکاندا هەڵکەوتووە و جگە لەوەش بەشێکی گرنگی سەرەتاکانی دەرکەوتنی بیری ئایینی هەر لەم ناوچەیەدا گەشەی کردووە.

**٢.** ژینگەی شاخاویی کوردستان کاریگەریی خۆی لەسەر میراتی ڕۆحی و ئایینی لە کۆمەڵگەی کوردیدا جێ هێشتووە، ئەمەش بە ئاشکرا لە بیروباوەڕ و سرووت و پیرۆزییە ئایینییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

**٣.** لە کۆمەڵگەی کوردیی باشووری کوردستاندا موسڵمان، کریستیان، جوو، ئێزێدی، کاکەیی و زەردەشتی ژیاون، تا ڕادەیەکی زۆریش نموونەیەکی سەرکەوتووی پێکەوەژیانی ئایینییە لە ناوچەکەدا، بەتایبەت ئەگەر بە دراوسێکانی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەراورد بکرێت.

**٤.** زۆرینەی ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئێزدییەکان ئەنجام دراون، نوسخە بڵاوکراوەکانی جیلوە و مەسحەفا ڕەشیان کردووە بە بنەمای توێژینەوەکانیان لەسەر ئایینەکە، لە کاتێکدا ئێزدییەکان جگە لە ناوی کتێبەکان ناوەڕۆکی ئەو کتێبانە هیچیان بە هیی خۆیان نازانن و جەخت لەوە دەکەنەوە جیلوە و مەسحەفا ڕەشی ئەوان ون بووە و تیا چووە و ئەوانەی کە هەن بە ناوی ئەوانەوە نووسراوە، بۆیە جەختکردن لەسەر جیلوە و مەسحەفا ڕەش سەرلێتێکدەر و هەڵەیە.

**٥.** ئێزدی و کاکەییەکان خاوەنی میراتێکی دەوڵەمەندی ئایینین، کە بریتییە لەو قەول و قەسیدە و بەیت و دیوان و کەلام و دەفتەرانەی لێیان بەجێ ماون، یاخود سینەبەسینە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ پارێزراون. هەر ئەوانەش کەرەستەی دەوڵەمەندن بۆ توێژینەوە لە هەردوو ئایینەکە.

**٦.** ئایینی ئێزدی و کاکەیی دوو ئایینی کوردین و ڕەگوڕیشە و قووڵاییان لەناو میراتی ڕۆحیی ئیتنۆسی کورددایە، وەك دۆگمای ئایینی، کۆسمۆگونیا، ئیسخاتۆلۆگیا، تۆتێم و تابۆ و سرووت و پیرۆزی، هەموی پەیوەستە بە کورد و کوردستانەوە.

٧. ئایینی ئێزدی و کاکەیی دوو ئایینی سەربەخۆن و مەزهەب یان تەریقەتی هیچ ئایین و ئایینزایەکی دیکە نین و سستمی ئایینیی سەربەخۆی خۆیان هەیە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە کاریگەریی هەندێ ئایین و مەزهەبی دیکەیان کەوتووەتە

سەر،ئەوەش دیاردەیەکی کولتووریی ئاساییە و هەموو ئایینەکانی دنیا ئەم دیاردەیە تێیاندا بڵاوە.

# بەشی چوارەم:
# جەستە لە ئایینی ئێزدیدا

باسی یەکەم: جەستە میللی و ئایینیی لە ئێزدیاتیدا:

باسی دووەم: پەیوەندی نێوان جەستە و ڕۆڵی ئایینی لە ئێزدیاتیدا:

باسی سێیەم: جەستە لە سرووتە ئایینیەکانی ئێزدیاتیدا:

## باسی یەکەم: جەستە میللی و ئایینیی لە ئێزدیاتیدا:

### یەکەم: تایبەتمەندی ئیتنۆگرافی ئێزدییەکان:

**هنری فیلد**،سەرۆکی ئەو نێردە زانستیەی کە لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو لەلایەن زانکۆی هارڤاردەو راسپێردران بۆ لێکۆڵینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجی لەسەر کوردەکانی باشوری کوردستان،بەتایبەتی لێکۆڵینەوەی رەچەڵەك ناسی و پێوانەیی،لەباسی ئێزدییەکاندا چەند تایبەتمەندیەکی ئەنسرۆپۆلۆجیانی دیاریکردووە،لێرەدا بەکورتی دەیخەینەڕوو:

لەباسی تایبەتمەندی ئەسنۆگرافی ئێزدییەکاندا **هنری فیلد** نوسیویەتی:"ئێزدییەکان لەڕوی رەنگی پێستەوە سپی پێسترن لە دراوسێ خێڵەکیەکانیان لە هۆزی شەمەر، ئەو رەنگە ئەسمەرو تاریکەش کە لەناویاندا دەبینرێت بەهۆی کاریگەری ئاو و هەواوەیە،بەڵام ئەو بەشانەی جەستەیان کە ناکەوێتەبەرخۆر و کارتێکەرە ژینگەییەکان سپییە.لەڕوی رەنگی قژەوە لە قاوەیی تۆخەوە دەستپێدەکات تاقژی کاڵ،یاخود رەنگی مەیلەو سور،لەقژیاندا هەندێ شەپۆل دەبینرێت،بەڵام قژی لول لەناویاندا دەگمەنە،رەنگی چاویان بەگشتی قاوەیی تۆخە،بەڵام رەنگی چاوی شین و سەوزیش لەناویاندا هەیە،کەئاماژەیە بۆ رەگەزێکی شاراوەی رەنگ کاڵ لەناویاندا.لە لوتیاندا چەمانەوەیەك هەیە،بەڵام چواریەکیان لوتیان ڕێکە،بەگشتی دانەکانیان چاکە و ئەوخواردنانەی دەیخۆن کاریگەری باشی هەبوووە لەسەر دانەکانیان،لەڕوی پێکهاتەی جەستەییانەوە بەگشتی خاوەنی تەندروستیەکی باشن،بەڵام لە هەندێکیاندا پاشماوەی نەخۆشی پێست و هەندێ نەخۆشی دیکەی زگماکی هەیە. زۆرینەیان گروپی خوێنیان لەجۆری (O) و (A) و لە هەندێکیشیاندا شوێنەواری داخکردن و سوتان لەسەر دەستی راستیان هەیە(فیلد،٢٠٠١: ١٣٠-١٣٢)، هەروەها بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەناو ئێزدییەکانی شەنگالدا کردویەتی دەرکەوتووە لەڕوی باڵاوە مام ناوەندن و ئێسکی سەریان درێژکۆلەیە و تەوێڵیان بەرزە(فیلد،٢٠٠١: ١٣٨).

لەبــارەی تایبەتمەنــدی ئەســنۆگرافی ئێزیــدییەکان مــارك ســایس، نوســیویەتی "ئێزیــدییەکان نەك تەنهــا لەڕوی زمــانەوە بەڵکــو لەڕوی جەســتەیی و ڕواڵەتــی دەرەکیانەوە بەتەواوەتی لە کوردەکانی دەرسیم دەچن،وادەردەکەوێت لەوێوە کۆچیان کردبێت بۆ شاخەکانی شەنگال(زکی،١٩٣٦: ٣٠)

## دووەم: جلوبەرگی میللیی ئێزدی:

بە شێوەیەکی گشتی جلوبەرگێکی تایبەت بەسەر پەیڕەوانی ئایینی ئێزدیدا فەرز نەکراوە، چ وەکوو ڕەنگ یاخود شێواز و مۆدێل، جگە لە بەرگێکی تەنك کە لە خامی سپی درووست دەکرێت و لەژێر کراسەوە لە بەر دەکرێت و پێی دەوترێت تۆك، ئەوە لەسەر هەموو ئێزدییەك فەرزە؛ ژن بێت یان پیاو منداڵ بێت یان گەورە.

ئەو جلوبەرگەی بە گشتی ئێزدییەکان لە بەری دەکەن، جلوبەرگی میللی و ناوچەیی خۆیانە، زیاتر مۆرکی ناوچەیی و هۆز بەسەریدا زاڵە تا سیمای ئایینی.

لەگەڵ ئەوەشدا لەناو ئێزدییەکاندا چەند تایبەتمەندییەکی ئایینی هەیە، پێویستە لە جلوبەرگدا ڕەچاو بکرێت، بە نموونە سەربەستن بۆ ژن و پیاو بە پێویست دادەنرێت، بە تایبەتی لە کاتی دوعای بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارەدا نابێت بەسەری ڕووت دوعا بکرێت، هەروەها لە ئێزدیاتیدا گرنگیی تەواو بە پشتبەستن و پشتوێنبەستن دەدرێت، تەنانەت دوعایەکی تایبەتیان هەیە بە ناوی دوعای پشتگرێدان. هەروەها دوورکەوتنەوە لە ڕەنگی شین، کە بە لای ئێزدییەکانەوە ڕەنگێکی پیرۆزە و نابێت لە بەر بکرێت، چونکە ڕەنگی ئاسمانە و شوێنی ئێزدانی مەزنە.

ئێزدییەکانی شەنگال و بەعشیقە و تا ڕادەیەکیش ئێزدییەکانی سوریا جامانەی سوور و سپی لەسەر دەکەن و هەندێ جار دشداشەش لە بەر دەکەن، هەرچەندە ئەم نەریتە نزیکە لەوەی بە هۆی تێکەڵاوی لە عەرەبەوە وەریان گرتبێت، بەڵام ئەوان خۆیان لێکدانەوەیەکی ئایینییان بۆی هەیە و دەڵێن جامانەی ئێمە سپی بوو، بە هۆی ئەو فەرمانکۆمەڵکوژ)یانەی لەسەرمان کران خوێناوی بووە و لەو ڕۆژەوە جامانەی سوور و سپی لەسەر دەکەین.(چاوپێکەوتن لەگەڵ لوقمان سلێمان: ١٢)، بەڵام ئێزدییەکانی شێخان زیاتر جلی کوردی لە بەر دەکەن و جامانەی ڕەش و سپی لەسەر دەکەن.

زۆرینەی ژنانی ئێزدی جلی نەریتی دەپۆشن، کە بریتییە لە کراسێکی سپیی درێژ و لەچکێکی مۆری کاڵ یان سپی. ژنانی بەتەمەنی ئێزدی وێڕای ئەوەی کراسێکی سپیی درێژیان لە بەردایە، سەروکڵاوێکی ڕەشی جوانیش دەپێچنەوە.

کچانی گەنج لە بۆنە و جەژنەکاندا جلی میللی دەپۆشن کە تا ڕادەیەك وەك ناسنامەیەکی ئیتنیکیشی لێهاتووە بۆیان، کە بریتییە لە کراسێکی درێژی سپی یان ڕەش لەگەڵ سەرووکڵاوێکی گەورە،یان ڕەنگی سپیی سادەیە، یان بریتییە لە

سەرپێچێکی ڕەشی گەورە- بە تاڵی دەزووی زەرد ڕازاوەتەوە و لەژێریدا لەچکێکی سپی هەیە، لەگەڵ چارۆکەیەکی ناسک بە ڕەنگی ڕەش یان سپی.

لە هەموو بارێکدا سەرووکڵاوە گەورەکەی کچانی ئێزدی، یەکێکە لە دیارترین سیما کولتوورییەکانی جلوبەرگی ژنانی ئێزدی، هەروەها وەك ئەوەی لە ژنێکی ئێزدیمان بیست، شێوازی بەستنی لەچك لەناو ئافرەتانی ئێزدیدا نیشانی دەدات ئەو کەسە شووی کردووە یان نا. ژنان لەچکەکانیان گرێ دەدەن، لە کاتێکدا کچان لەناو کۆمەڵگەی ئێزدیدا لەچکەکانیان گرێ نادەن و بە سەر و پرچیاندا هاتووەتە خوارەوە.

دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی زۆری ڕەنگی سپی و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ڕەنگی شین لە جلوبەرگدا لەناو ئێزدییەکاندا یەکێکە لە کاریگەرییەکانی ئایین لەسەر جەستە و جلوبەرگ، هەروەها سمێڵە درێژەکانی پیاوی ئێزدی یەکێکە لە سیما جەستەییە هەرە دیارەکانیان و لەم تایبەتمەندییە جەستەییەدا لەگەڵ کاکەییەکاندا هاوشێوەن، هەرچەندە هێشتنەوەی ڕیش و سمێڵ لەناو ئێزدیاندا تەنها لەسەر پیاوانی ئایینی فەرزە و لەسەر خەڵکە گشتییەکە فەرز نییە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتنەوەی سمێڵ هەمیشە وەك تایبەتمەندییەکی جەستەیی لەناو پیاوە بەتەمەنەکانی ئێزدیدا دەرکەوتووە، کە جەستەی کولتووری زاڵە بەسەریاندا، بەڵام لەناو گەنجەکانی کۆمەڵگەی ئێزدیدا زۆر بە دەگمەن دیاردەی سمێڵهێشتنەوە دەبینرێت.

لە قەولی (مەرسومی جەبیر)دا هاتووە کە سمێڵ وەکوو لەبەرکردنی (تۆك) فەرزێکی ئایینییە.

**فەرزێن ئێزدیاتی دکۆکن**

**تۆك و سمبێل ژی جۆتن**

**قەولێن میرا ئەڤە ژی گۆتن**

واتە: فەرزەکانی ئایینی ئێزدی دیاریکراون، کە بریتییە لە تۆك و سمێڵ، وەك ئەوەی لە فەرمایشتەکانی میردا هاتووە. (دنانی، ٢١٣: ٣٣).

سەبارەت بە کاریگەریی ئایین لەسەر جەستە لەناو گەنجە ئێزدییەکان بە کوڕ و کچەوە، دەتوانین بە ئاسانی تێبینیی ئەوە بکەین، کە وەك تەواوی گەنجانی هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی سەرەکی خاوەنی جەستەیەکی مۆدێرنن و لەژێر کاریگەریی جیهانگیریدا سیمایەکی مۆدێرنیان هەیە، بەڵام ئەوە لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە ناسنامە ئایینییەکەیان لە هەندێ شوێن و کاتدا کاریگەریی خۆی نیشان دەدات. وەك لەبەرکردنی تۆك لەژێر کراسەوە و ڕۆیشتن بە پێی پەتی و لابردنی پێڵاوەکانیان لە کاتی سەردانیکردنی لالش لە دەروازەی دۆڵەکەوە تا ناو پەرستگاکە.

ئەوە بەریەککەوتنێکی سەرنجڕاکێشی جەستەی مۆدێرن و جەستەی ئایینییە بە یەکتری، کە لە بۆنە و سرووتە ئایینییەکاندا زۆر جار دووبارە دەبێتەوە.

## سێیەم: جلوبەرگی ئایینیی ئێزدی:

کاریگەریی ئایین و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر جەستە بە شێوەیەکی تایبەت لەسەر پیاوانی ئایینی دەردەکەوێت، بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندیی بە ڕێکخستنی شێوەی دەرەوە و ڕووخسارەوە هەیە. ئەم بابەتەش بە تەواوی بابەتێکی کولتوورییە.

ڕاستە ڕووکارەکانی وەك باڵا و ڕەنگی پێست و موو و شێوە و قەبارەی چاو و لووت و گوێ و دەم و برۆ و قژ، تا ڕادەیەکی زۆر بابەتگەلی سرووشتین و فاکتەری بۆماوەیی و ڕەچەڵەك کاریگەریی لەسەریان هەیە، بەڵام ڕێکخستن و خزمەتکردنی ڕووخسار و شێوەی دەرەوەی جەستە بابەتێکی تەواو کولتوورییە و ئایینیش یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە کاریگەریی گەورەی لەسەری هەیە.

کاریگەریی ئایین لەسەر ڕووخسار و شێوەی دەرەوەی جەستە لەناو پیاوانی ئایینی ئێزدیدا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت و دەتوانین بڵێین جەستەی پیاوی ئایینیی ئێزدی نموونەیەکی باڵایە بۆ جەستەیی ئایینی لەناو ئێزدیدا.

لێرەدا بۆیە باسی پیاوانی ئایینی دەکەین چونکە زۆربەی ڕۆڵە ئایینییەکان لەناو ئایینی ئێزدیدا پیاوان پێی هەڵدەستن، جگە لە هەندێ ڕۆڵی لاوەکی وەك فوقرا و خزمەتکار، هیچ ڕۆڵێکی ئایینی دیکەیان پێ ڕەوا نەبینراوە. لە کاتێکدا لە هەندێ سەردەمدا ژنی بەهێز و بەدەسەڵاتی وەك **میان خاتوون** لەناویان هەڵکەوتووە کە سەرۆکایەتیی کردوون، بەڵام لە کاروباری ئایینی نزیك نەبووەتەوە.

کاریگەریی ئایین لەسەر جەستە لە ئایینی ئێزدیدا، ڕێکخستنی ڕووخسار، گرنگیدان بە جەستە، دۆخی جەستەیی لە کاتی سرووتەکان، جلوبەرگ، هۆکارەکانی خۆ ڕازاندنەوە و نمایشکردنی خود لەناو کۆمەڵگە بە پێی ڕۆڵە ئایینییەکان دەگرێتەوە.

جەستەی پیاوی ئایینیی ئێزدی، ژمارەیەکی زۆر لە هێما و سیمبولی ئایینی لە خۆ دەگرێت، کە بە پێی قوتابخانەی ئەنسرۆپۆلۆجیای بونیادیی (**لیڤی شتراوس**) لە پشتییەوە سستمێکی فەلسەفی و ئایینی و کۆمەڵایەتیی تایبەت هەیە و ڕەگەکەی لە قووڵایی ئەو بونیادە ئایینی و کۆمەڵایەتیدایە کە کۆمەڵگەیەکی ئایینی وەك ئێزدییەکانی لەسەر دامەزراوە.

جلوبەرگی ئایینی لەناو ئێزدییەکاندا بە شێوەیەکی زۆر ورد و ئاڵۆز ڕێك خراوە و بۆ هەر ڕۆڵێکی ئایینی بەرگێکی تایبەت یان چەند پارچەیەکی تایبەت هەیە کە لە شێوە و ڕەنگدا جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە و هەریەکەشیان ئاماژەیەکی تایبەتی لە پشتەوەیە.

وەك لە قەولە ئایینییەکانیاندا هاتووە ڕەنگی جلوبەرگی ئایینی ئێزدییەکان سپییە و ئەوەش لە بەر ئەوەیە، کە لە میتۆلۆژیای ئەواندا جلی ئیمانە و جلی خەڵکی بەهەشتیشە:

**لبسێ ئیمانێ یی سپییە**

**یی نازکە یی تەنکە یی قەوییە**

**هوون نەهنگفینی ئەو زوو دغیرییە**

واتە: جلوبەرگی ئیمان ڕەنگی سپییە، بەرگێکی ناسك و ڕوون و بەهێزە، ئازاری نەدەیت، چونکە بە زویی کاریگەر دەبێت، هەروەها لە دیدی ئێزدیاتیدا ڕەنگی سپی نیشانەی دڵسافی و پاکژییە، هەموو ئایینداریێکی جلوبەرگی سپی لە بەر دەکەن.(خلو، ٢٠١٣: ١٨)

هەروەها تێکستێکی دیکەی ئێزدی هەیە دەڵێت:

**ئەگەر خودێ حەسکر ئەم ئیزیدینە**

**جلك سپینە**

**لەسەر ڕێیا ئێزینە**

**بەهەشتینە** (حەسۆ، ٢٠١٢: ١٧)

بە هۆی ئەو جەختکردنەوە ئایینییانە ڕەنگی سپی سەرەکییە لە جلوبەرگی ئێزدیدا.

لە بارەی جلوبەرگی ئایینی ئێزدییەوە، سەرۆکی قەوالان، **قەوال بەهزاد**، بەم جۆرە باسی بەشە سەرەکییەکانی جلوبەرگی ئێزدی کرد: جلوبەرگی ئایینی ئێزدی، بە شێوەیەکی سەرەکی لە حەوت پارچە پێك دێت، وەك هێمایەك بۆ حەوت فریشتەی پیرۆز، کە ژمارەیەکی پیرۆزە لە لای ئێزدییەکان. بریتین لەم پارچانەی خوارەوە:

١. **کولك:** کڵاوێکە لە تووکی بزن درووست کراوە

٢. **شاشك:** پارچەیەك قوماشی سپیی درێژە بە دەوری کولکدا دەبەسترێت لە شێوەی مێزەر

٣. **تۆك:** پارچەیەك خامی سپییە لەژێر کراسەوە لە بەر دەکرێت و ملکەی بازنەییە و بە دەست داگیراوەتەوە

٤. **بنتان:** پارچەیەك قوماشی سپییە لەسەروو تۆك و لەژێر دەمیرەوە لە بەر دەکرێت.

٥. **دەمیر:** کراسێکی قۆپچەدارە و هەمووی سپییە، تا کەمەر دێت

٦. **زەبوون:** کراسێکی درێژە هەتا بەرپێ لە شێوەی دزداشە

٧. **ڕست**: پشتێنێکە لە توکی بزن درووست دەکرێت و ڕەنگی ڕەشە و حەوت ئەڵقەی پێوەیە و بە دەوری کەمەردا حەوت پێچ دەخوات

دەتوانین بڵێین جلوبەرگی بابەشێخی ئێزدییەکان نموونەیەکی تەواوی جلوبەرگی ئایینی ئێزدییە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ قەوال بەهزاد: ٨).

## چوارەم: تۆک و خەرقە لە ئایینی ئێزدیدا:

### ١. تۆك و گریڤان:

تۆك، یەکێکە لە پیرۆزترین سیمبولە ئایینییەکانی ئێزدی، تۆك بەو کراسە سپییە دەڵێن کە لەژێر جلوبەرگەوە وەك فانیلە لە بەر دەکرێت، بەشی سەرەوەی کراسەکە بە شێوەیەکی بازنەیی بڕاوە و پاشان بە دەزووی ڕەنگسپی داگیراوەتەوە، داگرتنەوەشی نابێت بە مەکینە و ئامێر بێت، بەڵکوو دەبێت بە دەست کرابێت و لە لایەن خوشکی ئاخیرەت یان شێخەکەی یان دایك و خوشکی کەسەکەوە کرابێت. (حەسۆ، ٢٠١٢: ١٤).

تۆکی ئێزدی بەرگێکی تایبەتە، کە لە پارچەیەك خامی تەنك و سپی درووست دەکرێت، لە شێوەی بلووز یان فانیلەیەکدایە، کە لەژێر کراس و جلوبەرگەوە لە بەر دەکرێت و لە بەشی سەرەوەیدا بە شێوەیەکی بازنەیی جێگای ملوانەکەی بڕدراوە، هەر ئەو شێوە بازنەیەشە کە پیرۆزی کردووە(بڕوانە پاشکۆی ژمارە -١٧).، چونکە شێوە بازنەییەکەی هێمایە بۆ خۆر و ڕووناکی، کە ئەوان بە پیرۆزی دەزانن. (خلو، ٢٠١٣: ١٠٤-١٠٥).

لە میتۆلۆژیای ئێزدیدا کاتێك خودا فریشتەکانی تاقی کردەوە و دوای لێ کردن کڕنووش بۆ ئادەم بەرن و مەلەك تاوس کڕنووشی بۆ نەبرد، ئەو تەنها کەس بوو کە لەو تاقیکردنەوەیەدا دەرچوو. هەر بۆیە خودا مەلەك تاوسی خەڵات کردو تۆکی پێ بەخشی و کردییە سەرۆکی فریشتەکان، بۆیە ئێزدی؛ تۆك بە پیرۆز دەزانن. (حەسۆ، ٢٠١٢: ١٥).

تۆك لە لۆكەی سپی درووست دەكرێت، ئیزیدییەكان كە لە بەریان كرد هەتا مردن دایناكەنن، گرنگترین بەشی بریتییە لە ملوانەكەی كە دەبێت بازنەیی بێت، بەم بەشەشی دەوترێت (گریڤان).

وشەی گریڤان كە بە مانای بازنەی خۆشەویستی دێت، مانای ئەوەیە كەسێك چووەتە بازنەی ئیمان و هەڵبژاردنی ئایینی ئێزدییەوە، ئێزدییەكان تۆك لە گەردنیاندا وەك ئەمانەتێكی خودایی سەیر دەكەن و بڕوایان وایە فەلسەفەی تۆك و شێوە بازنەییەكەی ئاماژەیە بۆ ناكۆتایی خودا، كە وەك بازنە نە سەرەتای هەیە و نە كۆتایی. شێوەی بازنەیی شێوەیەكی پیرۆزە و دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو گەلانەی كە خۆرپەرست (شمسانی) بوون وەك بابلی و سۆمەری و هیندۆ ئەوروپییەكان. (ابوداسن، ١٩٩٨: ٣٧).

هەموو ئێزدییەك چ نێر بێت یان مێ پێویستە لەسەری كراسی تۆكی لە بەردا بێت، لەبەركردنی تۆك بە نیشانەی هاتنە ناو ئایینەكە دادەنرێت، لە منداڵیدا لە بری تۆك لە لایەن شێخەكەیەوە پارچەبەنێكی سپیی وەك ملوانكە لە ملیدا گرێ دەدرێت، تا ئەو كاتەی دەگاتە تەمەنی باڵغبوون و تۆك لە بەر دەكات.

لەناو ئەدەبیاتی ئایینی ئێزدیدا دوعایەكی تایبەت هەیە، كە بە دوعای تۆك ناسراوە و گرنگیی ئەم بەرگە ئایینییە دەردەخات، ئەمەی خوارەوە چەند كۆپلەیەكە لە دۆعای تۆك:

**ئیزی تۆك ژ قوبا فەلەكێ دەرانی**
**ناڤێ خۆیێ شیرین لسەردانی**
**ئیزیدیا بسەرێ خۆ هلانی**
**مەشهەدەو ئیمان و باوەریا خۆ پێ ئانی**

واتە: خوا تۆكی لە قوبەی فەلەك دەرهێنا و ناوی خۆی لەسەر دانا (تۆكی ئیزی)، ئێزیدا بە سەری خۆیدا كرد و شایەتمان و باوەڕی پێ هێنا.

***

**توك خەڵاتەكی ب مۆرە**
**هاتبوو ژ خەزینا ژورە**
**دانی سەر ملێ ئێزدیا، ب قرارا ئیزیێ سۆرە**

واتە: تۆك دیارییەكی مۆركراوی خودایە، لە گەنجینەی ئاسمانەوە هاتووە، بە فەرمانی خودا، كرایە بەری ئێزدی.

***

**تۆك لە عەزمانا هاتە**
**نازل کر دوازدە هەزار خەلاتە**
**ژمەرا فریکرن ماش و بەراتە**

واتە: تۆك لە ئاسمانەوە هاتووە، ١٢٠٠ دیارییشی لەگەڵدا هاتووە، مەعاش و بەراتی بۆ هێنایین. (دنانی، ٢٠١٣: ٥٢-٥٣).

**٢. خەرقە:**

خەرقە، یەکێکە لە گرنگترین پیرۆزییەکانی ئایینی ئێزدی، پیرۆزییەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە پێی میتۆلۆژیای ئایینی ئێزدی بەر لە درووستبوونی مرۆڤ هەبووە و جلوبەرگی خودا خۆیەتی، وەك لە قەولی خەرقەدا هاتووە (دنانی، ٢٠١٢: ٤٣١):

**ژ بەرێ دنیا نەبوو**
**ئەوێ ڕۆژێ خەرقە هەبوو**
**خەرقە لباسێ پادشا ب خوە بوو**

واتە: لە ئەزەلدا و بەر لەوەی دونیا بوونی هەبێت خەرقە بوونی هەبوو، خەرقە بەرگی خودا خۆی بووە.

خەرقە بریتییە لە فانیلەیەکی درووستکراو لە خوریی کاوڕ، کە ڕاستەوخۆ لەسەر تۆکەوە لە بەر دەکرێت و بە زۆری ڕەنگی ڕەشە، تەنها خەرقەی بابی چاوێش نەبێت، کە ڕەنگی سپییە. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە -١٨).

درووستکردن و ڕستن و چنینی خەرقە کەرەستە و ڕێوشوێنی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ درووستکردنی خەرقە پێویستە خوریی پاکژ بەکار بێت و خورییەکەش هیی مەڕێکی مێیینە بێت بەر لە سکوزا، کە لە کوردەواریدا پێی دەوترێت کاوڕ.

خورییەکە بە هۆی هەڵکێشانی لە ئاوێك ڕەنگی ڕەش دەکرێت، کە بە هۆی گەڵای درەختی زەرکوزی پیرۆز ڕەنگی ڕەش کراوە. زەرکوز دارێکە لە چەمی نزیك لالشدا بوونی هەیە. پاش هەڵکێشانی خورییەکە لە ئاوەکە خورییەکە دەدرێت بەسەر داری زەرکوزەکەدا تاوەکوو بە تەواوی وشك دەبێتەوە.

خورییەکە لە لایەن کچانی شوونەکردوو دەڕسترێت، پێویستە کچەکان بە درێژایی کاتی ڕستنی خورییەکە بەڕۆژوو بن، هەروەها ئەو کەسەی کاری چنینی دەکات بە هەمان شێوە دەبێت بەڕۆژوو بێت. (خلو، ٢٠١٣: ١١٧).

دوای ڕستنی خەرقەکە ئامادە دەبێت بۆ لەبەرکردن، پاشان لە مەراسیمێکی تایبەتدا دەکرێتە بەری ئەو کەسەی پلەی فەقیر وەردەگرێت.

لە ڕۆژی مەراسیمەکەدا پێویستە کەسی فەقیر بەڕۆژوو بێت، هەروەها پێویستە برای ئاخیرەتی هەڵسێت بە لەبەرکردنی خەرقە پیرۆزەکەی، پاشان ڕستەکەی بۆ ببەستێت، مەفتولەکەی بکاتە ملی و کڵاوەکەی بکاتە سەر و پوشییە ڕەشەکەی بکاتە سەر.

ژمارەیەك لەوانەی پێشتر گەیشتوونەتە پلەی فەقیر بە دوو ڕیز دەوەستن، بە ئاوازی سەمای ماکی، بە نۆرە قەولی خەرقە دەڵێنەوە، هەروەها لەو بۆنەیەدا خواردنێکی تایبەتی درووست دەکرێت پێی دەوترێت (سەمات) و دەدرێتە ئامادەبووان.

بە درێژایی مەراسیمەکە قەوالەکان دەف و شەباب لێ دەدەن، دوای تەواوبوونی مەراسیمەکە بە سەرکەوتوویی ژنان دەست دەکەن بە هەلهەلەکێشان.

ئەو کەسەی خەرقە لە بەر دەکات پێی دەوترێت فەقیر، کە گوزارشتە لە زوهد و دوورکەوتنەوە لە خۆشییەکانی دونیا و گوناه و تاوان، ئەوانەی کە خەرقە دەپۆشن دەبێت سمێڵ و ڕیشیان نەتاشن. (چاوپێکەوتن لەگەڵ پیرسەعید ئاودی: ١٣).

ئێزدییەکان زۆر ڕێزی خەرقە دەگرن و سوێندخواردن بە خەرقە بە درۆ بە گوناهی گەورە دەزانن، ئازاردانی کەسی فەقیر بە هیچ جۆرێك ڕێگەپێدراو نییە.

## باسی دووەم: پەیوەندی نێوان جەستە و ڕۆڵی ئایینی لە ئێزدیاتیدا:

دابەشکردنی ڕۆڵە ئایینییەکان و ڕێکخستنیان بەپێی جلوبەرگ و خەسڵەتی جەستەیی و جووڵەی تایبەت لەناو ئایینی ئێزدیدا بە وردەکارییەکی زۆرەوە ئەنجام دەدرێت، بۆیە بۆ توێژەری ئەنسرۆپۆلۆجی تێبینیکردنی ئاسانە و دەتوانێت زانیاریی وردی لە بارەوە کۆ بکاتەوە و وەسفی حاڵەتی جەستەیی هەر ناونیشانێکی ئایینی بە وردی بکات.

ئایینی ئێزدی لەسەر بنەمای دابەشکارییەکی ورد و ئاڵۆز بۆ ڕۆڵی ئایینیی دامەزراوە و بە شێوەیەکی هەرەمی و ئاسۆیی چەندین ڕۆڵی ئایینیی جیاواز هەیە، کە هەریەکەیان ئەرك و بەرپرسیارێتی و پێگەی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەر ڕۆڵێکی ئایینی وەك چۆن پێگەیەکی ئایینیی تایبەتی درووست کردووە، لە هەمان کاتدا جۆرێك لە جلوبەرگ و خەسڵەت و جووڵەی جەستەیی تایبەتی لەسەر فەرز کردوون.

گرنگترین ئەو ڕۆڵە ئایینییانەی لەناو ئایینی ئێزدیدا بوونیان هەیە، ئەمانەن:

### ١. میر:

میر لە چینی شێخەکانی قاتانییە، بەرزترین دەسەڵاتی ئایینیی و دونیایی ئێزدییەکانە، سەرۆکایەتیی جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدی و ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری دەکات، کە لەم ساڵانەی دوایی دامەزراوە. بڕیار و فەرمانەکانی بەبێ چەندوچوون جێبەجێ دەکرێت، لە بەردەم حکوومەت و دامەزراوە حکوومی و فەرمییەکاندا نوێنەرایەتیی ئێزدییەکان دەکات. سەرپەرشتیی چاککردنەوەی مەزارەکان و بەڕێوەبردنی جەژنەکان و کۆکردنەوەی خێروخێرات دەکات و بۆی هەیە نیوەی ئەو خێراتانەی کە لە ئێزدییەکان کۆ دەکرێتەوە بۆ خۆی هەڵبگرێت. دەسەڵاتی دەرکردنی هەر ئێزدییەکی لە ئایینەکە هەیە؛ ئەگەر کارێکی نەشیاو بکات یان پێچەوانەی ئایینەکە ڕەفتار بکات. هەروەها مافی بەخشینی پلە ئایینییەکان و لابردنیانی بە ڕاوێژ لەگەڵ جڤاتی ڕۆحانیدا هەیە. (خلو، ٢٠١٣: ١٥).

لەناو ئێزدییەکاندا میر بە هەڵبژاردنی ناو بنەماڵەکەی خۆی ئەو ڕۆڵە ئایینییە وەردەگرێت و پیاوانی ئایینی دەستیان لەو هەڵبژاردنەدا نییە. لە باوەڕی ئێزدییەکاندا میر نوێنەرایەتیی شێخ ئادی دەکات، لە بەر ئەوە هەموو ئێزدییەك گوێڕایەڵیی

فەرمانەکانی دەکات، میر پەرستگای لالش و گۆڕی شێخ ئادی دەپارێزێت و سنجاقەکان دەپارێزێ و هەر ئەویشە دەینێرێت بۆ شوێنە دوورەکان. (فەتاح، ١٩٦٩: ٧٦).

میری ئێستای ئێزدییەکان **حازم بەگ کوڕی تەحسین بەگ**ە، لە ٢٧ی تەمووزی ٢٠١٩ وەکوو میری ئێزدییەکان دیاری کرا، دوای ئەوەی تەحسین بەگی باوکی لە ٢٠١٩/١/٢٨ لە تەمەنی ٧٦ ساڵی بە نەخۆشی لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد.

**حازم بەگ**، لەدایکبووی ١٩٦٩یە و دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدایە و لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٣ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە.

لە ڕووی جلوبەرگەوە، میری ئێزدی جلوبەرگی ئایینیی بەسەردا فەرز نەکراوە، بەڵام دەبێت سیمای ئێزدی لە ڕووخساریدا دیار بێت، وەکوو هێشتنەوەی ڕیش و سمێڵ، بەڵام بۆی هەیە بە جلوبەرگی مۆدێرنەوە دەربکەوێت.

**حازم تەحسین بەگ**ی میری ئێستای ئێزدییەکان هەرچەندە بە هۆی خوێندن و تێکەڵاوییەوە زیاتر جلوبەرگی مۆدێرن لە بەر دەکات، بەڵام لە دوای ئەوەی کە ئەو پۆستەی وەرگرتووە هەوڵی داوە لە سەروسیما و جلوبەرگدا ڕەچاوی نەریتەکانی ناو ئۆلی ئێزدییان بکات. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ڕووخسارە مۆدێرنەکەی جێگەی ڕەخنەیە لە لایەن هەندێك لە ئێزدییەکانەوە و هەندێك لە ئێزدییەکانی شەنگال دەڵێن سیمای ئایینیی ئێزدیی پێوە دیار نییە. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە -١٩).

**٢. بابەشێخ:**

وەکیلی شێخ فەخرەدینە، بە مەرجەعی باڵای ئایینی و باوکی ڕۆحی ئێزدییەکانی جیهان دادەنرێت، بابەشێخ بۆ خۆی ئیختیاری مەرگەیە و سەرۆکی مەحفەلی بابەشێخ و ئەنجوومەنی ئیختیارەکانیشە.

ئەو کەسەی ئەم پلەیە وەردەگرێت پێویستە لە چلەی هاوین و زستاندا بەڕۆژوو بێت، سەرپەرشتیی کاروباری ئایینی دەکات و ڕێنوێنیکەری پیاوانی ئایینی دەبێت و چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ دەکات، ساڵانە سەردانی ناوچە ئێزدینشینەکان دەکات و لە هەموو جەژنەکاندا لە پەرستگای لالش ئامادە دەبێت.

بابەشێخ دوای هەڵبژاردنی بە هیچ جۆرێك لە پۆستەکەی لا نابرێت و ناگۆڕێت، هەتا مردن لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە. لە دوای وەرگرتنی پۆستەکەی ژنهێنانی لێ قەدەغە دەکرێت. لە دوای مردنی بابەشێخ یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەی بابەشێخ یان لە بنەماڵەی شێخ فەخرەدین جێگەی دەگرێتەوە. دوای ئەوەی لە لایەن میر و ئەنجوومەنی باڵای ڕۆحانییەوە هەڵدەبژێردرێت و دانی پێدا دەنرێت.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بابەشێخ دانیشتنە لەسەر بەڕەی شێخ فەخرەدین، کە یەکێکە لە پیرۆزییەکانی ئێزدییەکان و تەنها بابەشێخ بۆی هەیە لەسەری دابنیشێت و هەر لای ئەویش دەمێنێتەوە.

جلوبەرگی بابەشێخ، نموونەیەکی باڵایە بۆ جلوبەرگی ئایینیی ئێزدی، هەر حەوت پارچە سەرەکییەکەی جلی ئایینیی ئێزدی لە بەردایە.

جلەکانی لە خامی سپی دروست دەکرێت، پشتێنەکەی لە تووکی بزنە و ڕەنگی ڕەشە و حەوت خول بە دەوری کەمەریدا پێچراوە، حەوت ئەڵقەی زیوینی پێوەیە، کڵاوێکی سپی لە سەردایە پێی دەوترێت(کولك)، خامێکی سپی بە دەوریدا پێچراوە پێی دەوترێت (شاشك). (باقەسرێ، مەرگە: ٨٥).

بابەشێخی ئێستای ئێزدییەکان ناوی **شێخ خرتوو شێخ حاجی شێخ حاجی ئیسماعیل حاجی**یە و لەدایکبووی ١٩٣٩یە و لە ساڵی ١٩٩٥ەوە دانراوە. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە -٣٠).

### ٣. شێخی وەزیر:

پلەیەکی ئایینیی ئێزدییە، بەرپرسیارێتیی مەزاری شێخ شەمس لە ئەستۆ دەگرێت، پێویستە لە بنەماڵەی شێخ شەمسەدین بێت، چونکە کاتی خۆی شێخ شەمس وەك وەزیری شێخ ئادی بووە، شێخی وەزیر لە لایەن میری ئێزدییەوە لەناو بنەماڵەی شێخ شەمسدا بۆ ماوەی ساڵێك تا سێ ساڵ دیاری دەکرێت، ئەندامی جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدییە و لە مەراسیمی سەمادا چوارەم کەسە. (خلو، ٢٠١٣: ٢٤).

شیخی وەزیر هەرچەندە بە پیاوی ئایینی دادەنرێت، بەڵام ئەرکەکەی زیاتر ئەرکێکی ئیدارییە و کاتی خۆی ئێزدییەکان خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوەبردووە و میر و وەزیری تایبەت بە خۆیان هەبووە، کە کاروباری ڕۆژانەی ئێزدییەکان و ناوچەکەیان ڕاپەڕاندووە.

شێخی وەزیری ئێستای ئێزدییەکانی لالش **شێخ ئەمین خدرە**(بڕوانە پاشکۆی ژمارە -٣١). لە بارەی جلوبەرگی، شێخی وەزیر ئاماژەی بەوە کرد، لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:

١. جامانەی سووروسپی: شێخی وەزیر جامانە دەبەستێت و شاشکی نییە
٢. کولك:
٣. تۆك:
٤. بنتان:
٥. دەمیر:
٦. شەرواڵ: کە لە خامی سپی دروست کراوە

٧. مەرزوو: کەوایەکی درێژە لە تووکی بزنی سپی درووست کراوە

شێخی وەزیر ئاماژە بەوە دەکات ئەو ڕست لە پشت ناکات و شاشکی سپی نابەستێت، چونکە شێخی وەزیر ڕستی نییە، بەڵام لە کاتی سەماکێشاندا پشتێن دەبەستێت. (چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخی وەزیر شیخ عوسمان ئەمین: ١٤).

**٤. پێشمام:**

پێشمام یان مامی یەکەم یان پیاوی بەهێز، ئەم پلە ئایینییە بۆ چینی شێخەکانی ئادانی دیاری کراوە.

پێویستە ئەو کەسەی دەبێتە پێشمام زانیارییەکی زۆری ئایینیی هەبێت و بە باشی ڕیش و سمێڵی خزمەت بکات، خاوەنی ناوبانگێکی بەرز بێت و بەبێ جیاوازی مامەڵە لەگەڵ هەموو کەسێکی ئێزدیدا بکات، مارەکردنی کچ و کوڕ لە یەکتری ئەرکی خێزانی پێشمامە و تەنها بنەماڵەی شێخ حەسەن دەتوانن بەو کارە هەستن و هیچ پیاوێکی دیکەی ئایینی ناتوانێت ئەو کارە بکات.

جلوبەرگی پێشمام لە ڕووی ڕەنگ و شێوازەوە هەمان شێوەی جلوبەرگی بابەشێخە.

سێ پێشمام هەیە لەناو هەرەمی ڕێکخستنی ئایینی ئێزدیدا، کە ئەمانەن:

١. **پێشمامی مەرگە:** یاخود پێشمامی میر، کە پێویستە لە بنەچەی شێخ حەسەن بێت، ئەندامی جڤاتی باڵای ئێزدییە، لە مەراسیمی سەمادا کەسی یەکەمە لە دوای تاج و حەل.

٢. **پێشمامی بابەشێخ:** هاوڕێیەتیی بابەشێخ دەکات لە سەردان و جەژنەکاندا، یاریدەدەری یەکەمی بابەشێخە لە کاروبارە ئایینییەکاندا، ئەندامی جڤاتی بابەشێخە.

٣. **پێشمامی فوقەرا:** سەرۆکی ئەو کەسانەیە کە پلەی فەقیریان هەیە و خەرقەپۆشن. (خلو، ٢٠١٣: ٢١).

پێش مامی مەرگە، یان (پێشمامی میر)ی ئێستای ئێزدییەکان ناوی (**شێخ فارووق عوسمان)٥** و خەڵکی بەعشیقەیە. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە -٢٢).

**٥. قەوالەکان:**

وشەی قەوال یان قەولبێژ لە وشەی (کالا kala)ی سۆمەری و (کالو kalo)ی ئەکەدی کە بە مانای پیاوی ئایینی دێت، وەرگیراوە.

کالو لە شارستانییەتی بابلیدا بەو کەسانە دەوترا کە دوعاکانیان بە ئاوازەوە دەخوێندەوە، بە هەمان شێوە قەوالەکان لە ئایینی ئێزدیدا ئەوانەن کە لە مەراسیمە ئایینییەکاندا هاوزەمان لەگەڵ ئاوازی دەف و شەبابدا قەولە ئایینییەکان بە ئاوازەوە دەخوێننەوە. (جندی، ٢٠٠٤: ١٣٧)

لە گرنگترین مەرجەکانی قەوال ئەوەیە پێویستە قەول و دوعا و بەیتە ئایینییەکانی لە بەر بێت، لە تەمەنی گەنجییەوە کەسێکی دیندار بووبێت و ڕیش و سمێڵی نەتاشیبێت، لە ئامێرەکانی شەبابە و دەف بە باشی بزانێت، لەگەڵ ئاوازی تایبەتی هەر سرووتێکی ئایینیدا.

**قەوالەکان بە پێی پلەی ئایینییان دەبن بە سێ دەستەوە:**

١. **سنجاق کی:** بەرزترین پلەی قەوالە و ئەرکەکەی بریتییە لە ڕێنمایی و ئامۆژگاریی ئایینی و گێڕانەوەی چیرۆکە ئایینییەکان و چارەسەری کێشەکان بە پێی یاساکانی ئایینی ئێزدی، گێڕانی سنجاقی تاوسی مەلەك بۆ گوند و ناوچەکانی نیشتەجێی ئێزدی.

٢. **سەر هۆستا:** بەرپرسی هەموو ئەو قەوالانەیە کە ئامێرە مۆسیقییەکان لێ دەدەن. لە ناوەڕاستدا دەوستێت و لای ڕاستی ئەوانەن کە شەباب لێ دەدەن و لای چەپیشی ئەوانەن کە دەف دەژەنن.

٣. **قەوالە سەرەتاییەکان:** ئەوانەن کە سەرەتایین لە پیشەی قەوالیدا، لە بۆنە ئایینییەکاندا یارمەتیی قەوالە شارەزاکان دەدەن. (خلو، ٢٠١٣: ٣٨).

قەوالەکان لە ئایینی ئێزدیدا ئەرکگەلێکی زۆروزەوەندەیان دەکەوێتە ئەستۆ، لە هەموو مەراسیمە ئایینییەکانی پەرستگای لالش ئامادەیی و ڕۆڵی دیاریکراویان هەیە.

بە نموونە لە سرووتی سەمادا قەولە ئایینییەکان دەخوێننەوە و مۆسیقا لێ دەدەن، لە سرووتی قەبەغ (گای سپی) لە پێشەوەی بەشداربووانەوە دەڕۆن، هەروەها لە سرووتی (بری سوارکردن) لە کەسانی پێشەوەی سرووتەکەدان لە کانی سپی، هەروەها لە سرووتی (جوانکردن)ی مەلەك تاوس لە پەرستگای لالشدا بەشداری دەکەن؛ دوای سووڕانەوە بە دەوریدا. لە هەموو قۆناغەکانی سرووتی (بەری شباکی) بەشدارن. لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە یەکێك لە ئەرکەکانیان بریتییە لە گێڕانی سنجاقەکان لە هەموو ئەو ناوچانەدا کە ئێزدی لێ دەژین. هەروەها لە مەراسیمی خەتەنەکردنی منداڵان بەشداری دەکەن و تا کۆتاییهاتنی مەراسیمەکە میوزیکێکی تایبەت لێ دەدەن جگە لەمانەش لە مەراسیمی ناشتنی مردوودا قەوالەکان لە پێشەوەی ئامادەبووانەوە دەڕۆن و دوعا ئایینییەکان بە ئاوازی خەمناکەوە دەخوێننەوە.

هەموو قەوالەکان لە لایەن کەسێکەوە سەرپەرشتی دەکرێن، کە پێی دەوترێت سەرۆکی قەوالەکان، سەرۆکی قەوالان، بەرپرسی جێبەجێکردنی یاساکانە لە مەراسیمە ئایینییەکاندا و سەرپەرشتیی کاروباری قەوالەکان دەکات، ئەندامی هەمیشەیی جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدییە و لە لایەن میر و بە ڕاوێژ لەگەڵ جڤاتی ڕۆحانیدا دیاری دەکرێت.

سەرۆکی قەوالانی ئێستای ئێزدی قەوال (**بەهزاد سلێمان سفۆ)**یە، ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە کاری قەوال بریتییە لە بەشداریکردن لە مەراسیمە ئایینییەکاندا، بەیتە ئایینییەکان بە ئاوازەوە دەخوێننەوەو دەف و شەباب لێدەدەن.(بڕوانە پاشکۆی ژمارە-٢٣).

هەروەها لە جەژنەکاندا بەشداریی سرووتەکانی سەماکێشان و یاقاباغ و پری شباکی دەکەن و گەڵ سنجاقەکانیش بۆ ناوچە ئێزدینشینەکان دەڕۆن. (چاوپێکەوتن لەگەڵ قەوال بەزاد سلێمان: ٨).

**٦. بابی چاوێش:**

بابی چاوێش لە دوو وشە پێك هاتووە، (چاو) لەگەڵ (ئیش)، بە مانای ئەو کەسەی چاودێریی ئیشوکارەکان دەکات. لە ئایینی ئێزدیدا بابی چاویش کەسێکە وازی لە خۆشییەکانی ژیان هێناوە و ژن ناهێنێت و بە درێژایی تەمەنی لە پەرستگای لالش دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئافرەتانی (فقرا) لەناو لالشدا وەکوو خوشکوبرا دەژین. لە چلەی هاوین و زستاندا بەڕۆژوو دەبێت. (خلو، ٢٠٠٣: ٣٣).

بابی چاوێش یەکێکە لە ئەندامانی مەجلیسی بابەشێخ و لە کاتی ئامادەنەبوونی ئەودا بە ئەرکەکانی ئەو هەڵدەستێت، گرنگ نییە لە چ چینێکی کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام دەبێت شارەزایی ئایینیی هەبێت و بە تەواوی بڕواوە خۆی بۆ ئەرکەکەی یەکلا کردبێتەوە.

لە ڕووی جلوبەرگەوە، جلوبەرگەکانی هەمووی لە جلی بابەشێخ دەچێت، بەڵام تەنها کەسە کە خەرقەی سپی دەپۆشێت، بەم خەرقەیەش دەوترێت خەرقەی شێخ شەمسەدین، لە کاتێکدا شێخە ئادانییەکان خەرقەی ڕەش دەپۆشن، هەروەها پارچەیەك قوماشی درووستکراو لە خوریی ڕەش یان سوور لەسەر شانی چەپییەوە هاتووە بۆ لای ڕاستی ژێر سکی.

بابی چاوێش نابێت لەناو لالش پێڵاو لە پێ بکات، تەنانەت لە کاتی بەفر و شەختەی زستانیشدا، لە ڕیزی سەمادا کەسی حەوتەم و دواهەمین کەسە، هەموو ژیانی لە پەرستگای لالش بەسەر دەبات و یەکێکە لەوانەی دوای مردنیشی هەر لە لالش

دەنێژرێت. بابی چاویشی ئێستای ئێزدییەکان (**پیر شرو پیر فرمان**)ە. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە-٣٤).

### ٧. بابی گاڤان:

بە مانای چاودێری ماڵات دێت. پێویستە لە ڕەچەڵەکی شێخانی شەمسانی بێت، لە خێزانی ئامادین کوڕی شێخ شەمس. یەکێکە لە ئەندامانی جڤاتی بابەشێخ. کارەکەی بریتییە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی ئایینی. بە کەسێکی نزیك لە بابەشێخ دادەنرێت و لە هەموو سەردانەکانیدا هاوڕێیەتی دەکات، لە ڕووی جلوبەرگەوە هەمان شێوە و تایبەتمەندیی جلەکانی بابەشێخی هەیە. (باقەسرێ، ٢٠٠٣: ٨٩).

یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی بابی گاڤان بریتییە لە سەرپەرشتیکردنی کۆکردنەوەی دار بۆ وەرزی زستان، دارەکان لە نزارەکانی دەوروبەری لالشەوە دەهێنرێن و تەنها داری وشك کۆ دەکرێتەوە و بۆیان نییە داری تەڕ ببڕن. (چاوپێکەوتن لەگەڵ بابی گاڤان، شێخ عنتر شێخ حسو: ١٥).

بابی گاڤانی ئێستای ئێزدییەکان ناوی (**شێخ عنتر شێخ حسو**)یە. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە-٣٥).

### ٨. میرحاج:

ئەو کەسەیە کە لە ڕێوڕەسمی ئایینیی سەمادا لە جێگەی میری ئێزدی بەشداریی ڕێورەسمی سەما دەکات و سەما دەکێشێت. پێویستە لە بنەماڵەی پسمیری بێت و لە لایەن مەحفەلی مەرگە بە ڕەزامەندیی میر هەڵدەبژێردرێت.

میرحاج لە بنەمادا ئەرکەکەی بریتییە لە ڕێکخستنی کاروباری حەجی ئێزدییان کە لە ڕۆژانی جەمادا بەڕێوە دەچێت، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی ئەوەی زۆرینەی کاروبارەکان لە لایەن پیاوانی ئایینیی دیکەوە ئەنجام دەدرێن، ئەرکی میرحاج تەنها لە سەماکێشان و ڕێورەسمی قەنتاردا کورت بووەتەوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ میرحاج،: ١٦). (بڕوانە پاشکۆی ژمارە-٣٦).

### ٩. نەقیب:

نەقیب پلەیەکی ئایینییە لە ئێزدیاتیدا، ئەو کەسەی ئەم پلەیە وەردەگرێت پێویستە لە چینی پیرەکان و بنەماڵەی (پیر هاجال) بێت. یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی

ڕێکخستنی ڕێوڕەسمەکان و دانانی سنجاقەکانە لە هەموو گوندەکانی ئێزدی، کە لە کاتی تەوافدا سەردانی دەکەن(خلو، ٢٠١٣: ٣٦).

لە بەیتی جوندیدا لە بارەی نەقیبەوە هاتووە:

**کوفێ تەیی ب تەرتیبە**

**میرا ژێ دبر ئەسیبە**

**پیرێ لبنانۆ کیانۆ، خدر الیاس ب خۆ نەقیبە** (دنانی، ٢٠١٣: ٥٢٠).

**١٠. فەقیر:**

فەقیر کەسێکی زاهید و لەخواترسە، کە لە پێناوی خۆشییە نەبڕاوەکانی دوارۆژدا وازی لە خۆشییەکانی ژیان هێناوە، هەرسێ چینی شێخ و پیر و فەقیر دەتوانن ببنە فەقیر.

لە ڕووی جەستەییەوە فەقیر تایبەتمەندیی جیاوازی هەیە و دەتوانرێت بە ئاسانی بناسرێتەوە.

گرنگترین تایبەتمەندیی جەستەیی فەقیر لە ڕووی جلوبەرگەوە پۆشینی بەرگی خەرقەیە.

ئەو کەسەی دەبێتە فەقیر، پاش ماوەیەك لە لایەن پێشمامەوە لە مەراسیمێکی تایبەتدا بەرگی خەرقە دەکرێتە بەری، کڵاوێکی لە سەردایە پێی دەوترێت (کولکی فەقیر)، هەروەها لە ملیدا پارچەیەك بەنی ڕەش و سوور هەیە کە لە خوریی مەڕ درووست دەکرێت، کە پێی دەوترێت (مفتول) و لای ئێزدییەکان شتێکی پیرۆزە و لە کاتی بینینی فەقیردا هەوڵ دەدەن دەستی لێ بدەن یاخود ماچی بکەن. (حەسەن، ٢٠٠٤: ٥١)

کەسێك کە دەبێتە فەقیر و خەرقە لە بەر دەکات لە دوای ئەوە بۆی نییە مووی چەناگە و سمێڵی بتاشێت.

ئەو کەسەی خەرقە دەپۆشێت لەناو ئێزدیاتیدا پلەوپایەیەکی بەڕێزی هەیە و کەس بۆی نییە پەلاماری بدات و ئازاری بدات و قسەی پێ بڵێت، هەروەها کەس بۆی نییە بە درۆ سوێند بە خەرقەکەی بخوات. ئەگەر فەقیرێك لەو مەرجانە لای دا کە بۆی دانراوە ئەوا بە فەرمانی میر لە لایەن پێشمامەوە خەرقەکەی لە بەر دادەکەنرێت و پلە ئایینییەکەی لێ دەسەنرێتەوە.

لە قەولی ئاخیرەتدا لە بارەی فەقیرەوە هاتووە (دنانی، ٢٠١٣: ٤٢١):

**فەقیرا ئیکە چیکر**
**خۆ ژ خۆشی و لەزەتا دنێ کر**
**ژ دنیایێ بەربەر ب ئاخرەتێ کر.**

فەقیری دەرگای شێخ ئادی، کە گەورەترین فەقیرە و بەشداریی ڕێوڕەسمی سەما دەکات، ناوی (**دەروێش تعلو**)یە و لە سرووتی سەماکێشاندا یەکەم کەسە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ دەروێش تعلو: ١٧). (بڕوانە پاشکۆی ژمارە-٣٧).

**١١. فوقرا:**

ئافرەتێکی ئێزدییە، کە خۆی بۆ زوهد و خواپەرستی و خزمەتکردنی پەرستگای لالش نەزر دەکات. لە خۆشیی دونیا و هاوسەرگیری و ماڵومنداڵ-درووستکردن دوور دەکەوێتەوە. هەموو تەمەنی لەناو پەرستگای لالشدا بەسەر دەبات. پلەی فوقرا هاوتای پلەی باباچاوێشە وەك خوشك و برای ئیمانی لە پەرستگای لالش دەژین.

فوقرا هاوسەرگیرییان لەسەر حەرامە و جلەکانیان سەرتاپا سپییە، کراسی درێژ لە بەر دەکەن و سەریشیان بە پارچەیەك پەڕۆی سپی دەبەستن.

لە زۆربەی کاتەکانی ساڵ بەڕۆژوو دەبن و فتیلە ئاگرینەکان درووست دەکەن ون چقڵتو لە بۆنە ئایینییەکاندا دەگێڕن و موفەڕکی بەرات درووست دەکەن. (حەسەن، ٢٠٠٤: ٥١)، بەڵام (کابانی) بە ئافرەتێك دەوترێت کە هاوسەرگیریی کردووە، دواتر بڕیار دەدات خۆی بۆ خزمەتی پەرستگای لالش تەرخان بکات و لەوێ دەژی. خواردن بۆ برا و خوشکە ئایینیەکانی درووست دەکات کە لە پەرستگای لالشدا دەژین. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە-٣٨).

**١٢. کوچەك:**

پلەی کوچەك بۆ هیچ چینێکی کۆمەڵایەتی قۆرخ نەکراوە، ئێزدییەکان لە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بن دەتوانن ببنە کوچەك.

کوچەك کەسێکی زاهیدە و خۆی بۆ خوداپەرستیی و کاری ئایینیی تەرخان کردووە و لە چلەی هاوین و زستاندا ٤٠ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن.

کوچەك لە بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی، ئامۆژگاریی ئایینی، شتن و کفنکردنی مردوو و ناشتنیدا بەشداری دەکات، هەروەها لە هەڵمەتی پاککردنەوەی لالش دوای جەژنەکاندا بەشدار دەبێت.

ئێزدییەکان باوەڕیان وایە کەسی کوچەك غەیب و نهێنییەکان دەزانێت، لە بەر ئەوە وەك کەسێکی پیرۆز سەیری دەکەن و ڕێزی دەگرن. (دملوجی، ١٩٤٩: ٥٤-٥٥)

لە ڕووی جەستەییەوە کوچەك بەوە دەناسرێتەوە جلێکی سەرتاپا سپی لە بەردایە و کڵاوەکەی سەریشی سپییە، ڕیش و سمێڵی ناتاشێت و بە درێژی دەیهێڵێتەوە. پشتێنێکی خوریی ڕەش و سوور لە پشت دەکات. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە-٢٩).

**١٣. مجێور:**

کەسێکە خۆی بۆ خزمەتکردنی شێخ و پیری خۆی تەرخان کردووە. بە وتەی **لوقمان سلێمان**: "مجێور لەسەر دەرگای پیاوچاکەکەی خۆی دەوەستێت و و خزمەتی دەکات، لە جەژنەکاندا بە دوو ڕۆژ پێشتر دەچنە پەرستگای لالش و پێشوازی لە میوانەکان دەکەن." هەروەها دەڵێت: "لەناو ئایینی ئێزدیدا تەنها چینی شێخ و پیرەکان پلەی مجێور وەردەگرن و بۆیان هەیە ببنە مجیۆر". (چاوپێکەوتن لەگەڵ لوقمان سلێمان: ١٢)

بە گشتی هەر پەرستگا و مەزار و نیشانگە و سڵاڤگەیەك مجێورێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە خزمەتی دەکات و تایبەتە بەو جێگایە.

ئەو مجێورانەی لە لالشدا خزمەت دەکەن، جلی کوردییان لە بەردایە، شەڕواڵ و کراس و چۆخەیەك لە بەر دەکەن کە زۆربەی جار بەسەر کراسەکەیاندا شۆڕ بووەتەوە. زۆرینەشیان جامانەیەکیان لە سەردایە کە ڕەنگی سوور و سپییە. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە-٣٠).

**١٤. خلمەتکار(خزمەتکار):**

ئەوانەن کە خزمەتی گەلی لالش دەکەن؛ وەکوو پاککردنەوە و دارکێشان بۆ زستان. خزمەتکار دەشێت لە چینی مورید و شێخ یان پیر بێت، هەرکەسێك کە بیەوێت خۆی تەرخان بکات بۆ خزمەتی پاککردنەوەی لالش، پیاو بێت یان ژن، دەتوانێت ببێتە خزمەتکار.

خلمەتکارەکان جلوبەرگێکی تایبەتیان نییە پێی بناسرێنەوە، بەڵکوو بە جلوبەرگی ئاسایی خۆیانەوە لە جەژنەکاندا خۆیان بۆ خزمەتی لالش تەرخان دەکەن.

**دەروێش مشکو عەلی**، خەڵکی شەنگال، باسی لە جیاوازیی مجێور و خلمەتکارەکان کرد و وتی: "هەر مجێورێك لەبەر دەرگای خودانی خۆی دانیشتووە بەڵام خزمەتکارەکان خزمەتی تەواوی گەلی لالش دەکەن."لە بارەی بنەڕەتی جامانە سوورەکەی سەریانەوە، دەڵێت: "جامانە سوورەکەمان ڕەمزی دەروێشییە." (چاوپێکەوتن لەگەڵ

دەروێش مشکو عەلی: ١٨)، بەڵام **لوقمان سلێمان**، بەرپرسی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لالش، لەم بارەیەوە چیرۆکێکی تری لایە، ئەو دەڵێت: "جامانەی ئێزدی لە سەرەتادا سپی بووە، دوای ئەو فەرمانانەی کراوەتە سەر ئێزدییەکان و کوشتاری ئێزدییەکان؛ ئەو ڕەنگە سوورە زیاد کراوە بۆ جامانە سپییەکە- وەك ئاماژەیەك بۆ خوێناوییبوونی جامانە سپییەکە". (چاوپێکەوتن لەگەڵ لوقمان سلێمان: ١٢).

جگە لە جامانە سوورەکەی سەری ئێزدییەکان لە جەژنی جەمادا خزمەتکارەکان پارچەیەکی سپیی بچووك بە سەریانەوە دەبەستن، کە پێی دەڵێن ڕووی سپی، ئەم پارچە پەڕۆ سپییەکە دەیبەستن بە ناوچاوانەوە خەڵاتێکە لە لایەن ماڵی شێخ شەمسەوە لە ڕۆژی شەشەمی جەمادا دەبەخشرێتە خزمەتکارەکان و ئاماژەیە بۆ خەڵاتی گومەز (قوببە)ی خۆر. خزمەتکارەکان بە شانازییەوە ئەم پارچە پەڕۆیە لە ناوچاوانیان دەبەستن، کە نیشانەیە بۆ پیرۆزبوونیان. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە-٣١).

**١٥. چلەگرە:**

ئەو کەسانەن کە لە چلەی زستان و چلەی هاوین لە هەر وەرزێکیدا چل ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن، ئەمانە بەرگێکی سپیی درێژ لە بەر دەکەن و ڕیش ناتاشن. لە کاتژمێر چواری بەیانی تا شەشی ئێوارە هیچ شتێك ناخۆن و خۆیان لە خواردن و خواردنەوە و ڕابواردن بە دوور دەگرن.

**شڤان**، یەکێکە لە چلەگرەکان، ئاماژە بەوە دەکات کە هەتا پۆلی سێی ناوەندیی خوێندووە و ئیتر وازی لە خوێندن هێناوە و خۆی بۆ خوا پەرستی تەرخان کردووە، هەروەها ئاماژەی بەوە کرد لە چلەی زستان و هاویندا بەڕۆژوو دەبێت و زۆربەی کاتەکانی بە خواپەرستی و دوعاکردن بەسەر دەبات و هیچ کارێکی تر ناکات. (چاوپێکەوتن لەگەڵ شڤان حسو: ١٨).

**بابەشێخ** بە سەرۆکی هەموو چلەگرەکانی ئێزدی دادەنرێت. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە-٣٢).

**١٦. شکستی لالش:**

هەر کەسێکی ئێزدی، کچ بێت یان کوڕ، لە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بێت، بیەوێت ببێتە شکست؛ بە مەبەستی نەفسی-خۆشکاندن و خزمەتکاریی لالش هەتا ڕۆژی دوایی؛ سەردانی لالش دەکات. تا ئەو کاتەی دەمرێت خزمەتی لالش دەکات.

دوای قبووڵکردنی داواکەی لە لایەن جڤاتی ڕۆحانییەوە، کوڕ دەبێتە خلمەتکار و کچیش دەبێتە فوقرا. ئەگەر بابی چاوێش مرد ئەوا خلمەتکارێکی بەتەمەن جێگای دەگرێتەوە، ئەگەر دوایی فوقرا مرد ئەوا فوقرایەك جێگای دەگرێتەوە. کاری

شکستەکان خزمەتکردنی باخی زەیتوونەکانی لالش گراتی ڕۆنی زەیتوون بە مەبەستی سووتاندنی و درووستکردنی فتیلەی ئاگر و موفەڕکی بەراتە. (خودیدا، ٢٠٠٥: ١٣٤-١٣٥)

ئەمانە بە شکستی لالش ناودەبرێن، چونکە نەفس و ئارەزوی خۆیان شکاندوە لە خۆشیەکانی دونیا و هاوسەرگیریی ناکەن و تەنها لە لالشدا دەمێننەوە و خزمەتی پەرستگای لالش دەکەن. (چاوپێکەوتن لەگەڵ پیرسەعید ئاودی: ١٣). (بڕوانە پاشکۆی ژمارە-٣٣).

## باسی سێیەم: جەستە لە سرووتە ئاییینییەکانی ئێزدیدا:

**یەکەم:سروتەکانی تێپەڕبوون:**

سروتەکان تێپەڕبون لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا گرنگی تایبەتیان پێدەدرێت،بەپێی تێگەیشتنی ئایینی،هەر قۆناغێکی گرنگی ژیان،پێویستی بە دەستێوەردانێکی راستەوخۆی کولتووریی هەیە و زۆربەی جاریش ئەو دەستێوەردانانە روکارێکی ئایینی هەیە و لە چوارچێوەی کۆمەڵێك سرووتی ئایینی بەڕێوەدەچێت کە پێیان دەوترێت سرووتکانی تێپەڕبون(طقوس العبور).

سروتەکانی تێپەڕبون لە ئایینی ئێزدیدا بەم جۆرەیە:

**١. لەدایکبوون:**

منداڵ، کە لە دایك دەبێت لە هەفتەی یەکەمدا بە شێوەیەکی توندوتۆڵ دەپێچرێتەوە و بەو پێچانەوەیەش دەوترێت (قۆنتاغ). گوریسێکی ڕەش کە لە تووکی بزن درووست کراوە، بە چواردەوری منداڵەکە بە حەوت ئەڵقە دادەنرێت. گوریسەکە بازنەیەکە مانای وایە کە منداڵەکە هاتووەتە ناو بازنەی ئایینی ئێزدی، یان حەوت فریشتەوە. لە دوای هەفتەی یەکەمەوە دەخرێتە ناو بێشکەوە و لەژێر پەتووەکەیدا بە مەبەستی پاراستنی لە سیحر و جنۆکە چەقۆیەك دادەنێن.

**٢. مۆرکرن:**

پرۆسەکە بەو شێوەیەیە لە دوای لەدایکبوونی منداڵەوە بە ماوەیەکی کەم خێزانەکە سەردانی لالش دەکەن و منداڵەکەشیان لەگەڵ خۆیان دەبەن؛ لەوێ لە لایەن سادنی کانیی سپی کە ژنێکە لە بنەماڵەی پیر، سێ جار ئاو لە دەموچاوی دەپرژێنرێت و دەست بەسەریدا دەهێنێت. پاشان دوعایەکی تایبەتی بۆ دەکات، کە پێی دەوترێت (دوعای مۆرکردن)، ئەم سرووتە وەك مۆرکردنی جەستەیە بە مۆری ئێزدیاتی.

ئەمەش دۆعاکەیە:

**مۆر مۆرا مێرانە**<br>
**کانیا سپی خۆش نیشانە**<br>
**پەدشای ژێ دابوو بەیانە**<br>
**جیێ ئێزدینە میر و هەرچار برانە**

مۆرکردن بە یەکێك لە فەریزە ئاییننییەکانی ئێزدی دادەنرێت، کە دەبێت لە هەفتەی یەکەمی لەدایکبووندا ئەنجام بدرێت و نابێت لە دوو ساڵ زیاتر بەسەر لەدایکبووندا بچێت. (العزاوی، ١٩٣٥: ١٥١)، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئێزدییەکان بە جیهاندا ئەو فەرزە بەو شێوە توندە ناگیرێت، بەڵکوو لە یەکەمین جاردا کە کەسەکە سەردانی لالش دەکات پرۆسەکە ئەنجام دەدات. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە-٣٤).

**٣. بسکبڕین:**

بە پێی میتۆلۆژیای ئێزدی مرۆڤ موڵکی خودایە و بۆی نییە دەستکارتی هیچ بەشێکی جەستەی بکات، بۆیە کاتێك بۆ یەکەمجار دەیەوێت مووی قژی لا ببات، ئەوا دەبێت بە پێی سرووتی ئایینی دیاریکراو بێت.

بە هەفتەیەك دوای لەدایکبوونی منداڵ، خێزانەکەی شێخی بنەماڵەکە بانگ دەکەن، چونکە شێخ تەنها کەسە کە بۆی هەیە ئەم کارە ئەنجام بدات و بە مقەستێکی نوێ کە یەکەمجارە بەکار هاتبێت، هەندێك موو لە لای زوڵفی منداڵەکە دەبڕێت و بەوەش دەبێتە شێخی منداڵەکە. لەسەر خێزانی منداڵەکە پێویستە قوربانییەکی تایبەت ئەنجام بدەن و میوانداریيەکی تایبەت بۆ ئەم بۆنەیە ساز بکەن، ئەم سرووتە بەر لە خەتەنەکردن ئەنجام دەدرێت و لە دوای ئەوەوە خێزانەکە ئازادن لە دەستکاریکردنی مووی قژی منداڵەکەیان. لەو بۆنەیەشدا دوعای بسکبڕین دەخوێنرێت کە پێی دەوترێت (بسکگرتن)، (خلو، ٢٠٠٣: ٢٢٨).

**٤. خەتەنەکردن:**

ئێزدییەکانیش باوەڕیان بە خەتەنەکردن هەیە و منداڵی نێر خەتەنە دەکەن، ئەوەش وەکوو نەریتێکی ئایینی سەیر دەکەن و بڕوایان وایە لە پێغەمبەر ئیبراهیمەوە بۆیان ماوەتەوە، کە بریتییە لە بڕینی پارچەیەك لە ئەندامی نێرینە. هاوشێوەی ئەوەی کە لە ئایینی ئیسلامدا هەیە، بەڵام ڕێوڕەسمەکەی بە پێی کولتوور لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەیە (باقسری، ٢٠٠٣: ١٩٩).

خەتەنەکردنی منداڵ یەکێکە لەو دیاردە کۆنانەی عێراقییە کۆنەکان ئەنجامیان داوە و لەناو ئێزدییشدا وەکوو فەرزێکی ئایینی سەیر دەکرێت و پێویستە لەو ڕێوڕەسمەدا خواردن ببەخشرێتەوە، (خلو، ٢٠٠٣: ٢٣٠)، بە تایبەتی لە کۆندا ڕێوڕەسمی تایبەتی بۆ ڕێکخراوە، هەرچەندە هەتا ئێستاش پابەندن پێیەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو ڕێوڕەسمانەی کۆن ئەنجام بدرێن.

دوای چەند ڕۆژێك لە لەدایكبونی منداڵ،مەراسیمی خەتەنەكردنی بۆ ئەنجام دەدرێت،بە ئامادەبونی شێخێكی ئێزیدی، لەو مەراسیمەدا قەوالەكان دەف و شەبابە لێدەدەن و ئامادەبوانیش هەڵپەڕكێ و سەمادەكەن،هەر وەها بۆنەیەكیشە بۆ دیاریكردني (كریفی خوێنی)،كە بریتییە لە هەڵبژاردنی برایەكی ئاینیی لەڕێگەی پرژاندنی چەند دڵۆپێك خوێن لەكاتی خەتەنەكرنی منداڵەكەداك بەسەر كراسی ئەو كەسەدا كە دەبێتە برای خوێنی. (كریف خوێنی)، (حبیب،٢٠١٦: ١١٣).كریف خوێنی، دەبێت هەتا لە ژیاندا ماوە وەك برا و دڵسۆزی ئەو خێزانە بمێنێتەوە و پەیوەندییەكی بەهێز لە نێوان ئەو دوو خێزانەدا دروست دەبێت،ئەمەش مانای وایە ئێزدیەكان هیچ مەراسیمێكی نەریتی و ئاینی لەدەست نادەن بۆ بەهێزكردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانیان.

لەناو ئێزدییەكاندا مردوو نانێژرێت ئەگەر خەتەنە نەكرابێت، ئەگەر نێرێكی ئێزدیی مردوو خەتەنە نەكرابوو، ئەوا خەتەنەی دەكەن، پاشان دەینێژن. هەروەها ئامادەش نین كچ بدەنە كوڕێك خەتەنە نەكرابێت. (حبیب،٢٠١٦: ١١٣).

خەتەنەكردن بە یەكێك لە دیارترین هەڵكۆڵراوە ئایینییەكان دادەنرێت لەسەر جەستەی مرۆڤ، كە ئامانجەكەی قوربانیدانە بە بەشێك لە جەستە و پاكبوونەوەی جەستە و ڕاهێنانی مرۆڤە لەسەر بەرگەگرتنی ئازار. هەروەها، نموونەیەكی دیاری ملكەچپێكردنی جەستەیە بۆ بەها ئایینییەكان و كردنیەتی بە جەستەیەكی ئایینی. زۆر جار وەك نیشانەی هاتنە ناو ئایینەكە سەیر كراوە و سزای توندیش هەبووە بۆ ئەوانەی كە پێیەوە پابەند نەبوون.

هەرچەندە پرۆسەكە لە منداڵیدا ئەنجام دەدرێت و مرۆڤ هیچ هەڵبژاردنێكی لەبەر دەستدا نییە بۆ قبووڵكردنی یان ڕەتكردنەوەی، بەڵكوو وەكوو جۆرێكە لە مۆركردنی جەستە و كردنیەتی بە جەستەیەكی ئایینی.

**٥. ژنهێنان:**

ئایینی ئێزدی جەخت لە هاوسەرگیریی دەكاتەوە، بە باشترین ڕێگە دەزانانت بۆ پڕكردنەوەی پێداویستی سێكسی و وەچە خستنەوە بەوجۆرەی كولتوورەكە دیاریكردووە. جگە لەوانەی دەبنەشكستی لالش،كە هاوسەرگیرییان لێ قەدەغە دەكرێت

ئەو تابۆیەی كە لەناو ئێزدیاتیدا هەیە لەسەر هاوسەرگیریی لەدەرەوەی ئایینەكە و هەروەها لە نێوان چینە جیاوازەكانی ئێزدیدا بۆتە هۆی دروستبونی هاوسەرگیریی

ناوخۆیی(ئیندوگامی) و بەزۆری هاوسەرگیریی لە نێوانی خزمەکاندایە، ئامانجی ئەم بەربەستە کۆمەڵایەتیە بەپلەی یەکەم بریتییە لە پاراستنی ئایینەکە.
بۆ هاوسەرگیریی لەنێوانی کوڕوکچێکی ئێزدیدا پێویستە شێخێك لە بنەماڵەی شێخ حەسەن ئامادەبێت و مارەکردنی کوڕوکچ لە دەسەڵاتی ئەواندایە. پێویستە لەسەر ماڵی زاوا کە نانێکی باش دروست بکەن و میوانیەکی گەورە رێکبخەن و ئەوەش بە نیشانەی فەڕو بەرەکەت دادەنرێت لەناو ئێزدییەکاندا.دوای ڕەزامەندی هەردوو خێزانەکە، شێخەکە دەستی کوڕوکچەکە دەخاتە ناو دەستی یەك و پەڕۆیەکی بەسەردا دەدات و پاشان دۆعای هاوسەرگیریی دەخوێنێت.لەڕۆژی گواستنەوەدا زاوا لەسەر سەری بوك پارچەیەك نان ورد دەکات بە ئامانجی ڕژاندنی خێرو بەرەکەت بەسەر خێزانە تازەکەدا و وەك هیواخوازیەك بئەوەی پێی بۆکەکە بەخێرو بەرەکەت بێت.لەناو ئێزدییەکاندا فرەژنی ناسراوە و پەیڕەوی لێ دەکەن، تەڵاقیش لە نێوانیاندا هەیە،ئەگەر پیاوێك بەراتەکەی تەسلیمی ژنەکەی کردەوە ئەوە مانای وایە کە دەیەوێت تەڵاقی بدات،ژنیش بۆی هەیە داوای تەڵاق بکات بەڵام لەوکاتەدا هیچ مافێکی ناکەوێت.ئەگەر ژنێك بە پیاوەکەی وت تۆ شێخ و پیری منیت تەڵاقی دەکەوێت، لەدوای جیابونەوەش ئەگەر ژنێك ویستی شوو بکاتەوە پێویستە پێنج مانگ چاوەڕێ بکات، هەروەها بەپێچەوانەی ئایینی ئیسلامەوە پیاو بۆی نییە ژنی برای بهێنێت تەنانەت دوای مردنیشی(سمو،٢٠٠١-٣٠-٣٧).
سەبارەت بە شێوە جیاوازەکانی هاوسەرگیریی، لەناو ئێزیدیدا چەندین جۆر هاوسەرگیریی هەبووە،وەك ژن بە ژن،هەڵگرتن،لەبری خوێن.(مارونسي،٢٠١٩: ١٦١)

### ٦. مردن:

کاریگەرییەکانی ئایین لەسەر جەستە هەر تەنیا لە کاتی ژیاندا دەرناکەوێت، بەڵکوو لە دوای مردن و لە کاتی شۆردن و ناشتندا جەستەی مرۆڤ بە سرووتێکی ئایینی تەواو تایبەتدا تێپەڕ دەبێت.
هەموو ئەو کارانەی لەگەڵ جەستەی مردوو دەکرێت،لەناو ئۆلی ئێزدیاندا سرووت و ئەکتێکی دینییە و دەتوانین بڵێین ئەکتی دینی لەسەر جەستە لە مردندا دەگاتە دواپلەی خۆی.
ئەگەر کەسێکی ئێزدی لە سەرەمەرگدا بێت، ئەوا لە لایەن پیاوێکی ئایینییەوە (قەولی سەرەمەرگ)ی لەسەر دەخوێنرێت. کاتێك مرد ئەوا لە لایەن شێخ و پیرەکەی و برای ئاخیرەتی دەشۆرێت، ئەگەر مردووەکە ژن بوو ئەوا ژنەشێخ و پیرەکەی و خوشکی

ئاخیرەتی دەیشۆن. ئەگەر شێخ و پیرەکەی خۆی ئامادە نەبوون ئەوا پیاوێکی دیکەی ئایینی بەو کارە هەڵدەستێت.دوای شتنی جلی سپی لە بەر دەکرێت، کە بریتییە لە شەرواڵێکی خامی سپی کە پێی دەڵێن (دەرپێ)، لەگەڵ (کراس)ێك کە قۆپچەی نییە و تەنها ملەکەی بە ئەڵقەیی بڕاوە و پێی دەوترێت کریڤان یان تۆك، هەروەها چاوەکانی دادەخرێت و خۆڵی لالش لە شێوەی بەرات، دەخرێتە سەر چاوەکانی و ناو گوێچکەکانی و دەمی، پاشان پارچەسەدرییەکی سپی لە بەر دەکرێت کە تەنها ملکەی کراوەیە و پێی دەڵێن (قەرقەرە)، کە لە پێشەوە درێژە و لە دواوە کورتە. پاشان دەخرێتە کفنێکی سپییەوە کە وەکوو تورەکەیەك دووراوە و لایەکی کراوەیە تا لاشەکەی تێدەکەن، پاشان بە دەرزی و دەزوو دەیدوورنەوە. دواتر دەیخەنە تابووتێك و تابووتەکەش دەخەنە سەر داربەستێك و چەند کەسێك دەچنە ژێرداربەستەکە و سێ جار لە زەوی دەبڕن و دایدەنێنەوە، پاشان دەینێن بە شانیانەوە و بە پێ یان سەیارە دەیبەنە گۆڕستان و خەڵکەکەش هەموو لە دوایەوە دێن، قەوالەکان بە شێوەی حەزین تا دەگەنە گۆڕستان ئاوازی دەف و شەبابە لێ دەدەن. (الحسنی، ١٩٥١: ٧١).

گۆڕێکی لاکیشەیی بۆ هەڵدەکەنن کە ١٫٥م قووڵە و بە پێی درێژیی جەنازەکەش درێژە، بە شێوەیەکی لاکێشەیی- لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا. پاشان لەسەر لا مردووەکە دەنێژن و ڕووی دەکەنە خۆرئاوابوون، بە مانای ئەوەی ئەم کەسە خۆری لێ ئاوا بووە. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە-٣٥).

## دووەم: نوێژکردن:

نوێژ سرووتێکی ئایینیی کۆنە، بەپێی نەخش و هەڵکۆڵکراو و نوسراوە مێژووییەکان لە دێرزەمانەوە مرۆڤ ئەنجامی داوە.

نوێژ بریتییە لە نمایشکردنی حاڵەتێکی جەستەیی تایبەت بۆ گەورە-نیشاندانی کەسێك یان شتێك لە ڕێگەی کڕنووشبردن و چەمانەوە و پاڕانەوە لێی، کە ئامانجەکەی بە-گەورە-زانینی ئەو پیشاندانی بێدەسەڵاتییەیە بەرامبەر هێزێکی باڵادەست، کە بە باوەڕی کەسەکە کۆنتڕۆڵی گەردوونی لە دەستدایە.

لەگەڵ ئەم حاڵەتە جەستەییەدا هەندێ وێرد و دوعای ئایینییش دەخوێنرێت کە ناوەڕۆکەکەی دیسانەوە پیشاندانی گەورەیی بەرامبەرە.

لە زۆربەی ئایینەکاندا نوێژکردن یان شتێکی هاوشێوەی نوێژکردن هەیە، هەرچەندە لەناو ئایینی ئێزدیدا شتێك نییە بە ناوی نوێژەوە، بەڵام دوعای بەیانیان و نیوەڕوان و ئێواران و ئەو نمایشە جەستەییەی لەو کاتەدا دەکرێت شتێکە لە شێوەی نوێژ.

لەسەر هەر ئێزدییەك پێویستە بەیانیان كە لە خەو هەڵدەستێت بچەمێتەوە و ئەو جێگایە ماچ بكات كە تیشكی خۆری بەركەوتووە، پاشان هەڵدەستێتەوە و ڕوو دەكاتە خۆر و دەستەكانی بەرز دەكاتەوە و ئەم دوعایە دەخوێنێت:

**ئامین، ئامین**

**تەبارەك ل دین**

**ئەڵا ئەحسەن ل خالقین**

**ب همەتا شەمسەدین**

**فەخرەدین ناسرەدین**

**سجادین بابادین**

**شیشەمسە قەوەتا دین**

**سلتان شیخ ئادی تانج ل ئەوەلی**

**هەتا ئاخرین**

**هەق حەمدو للا یا رەب ل عالەمین** (سمو،٢٠٠١: ١٢٦).

ئێزدییەكان لە ڕۆژێكدا سێ جار نوێژ دەكەن، بەیانیان كاتی خۆرهەڵاتن، نیوەڕوان كاتێ سێبەری خۆر دەبێتە ستوونی، ئێواران كاتی خۆرئاوابوون، بۆ هەر یەكێك لەو كاتانە دوعای تایبەتی خۆی هەیە، بەیانیان و نیوەڕوان ڕوو دەكەنە خۆرهەڵات، بەڵام ئێواران ڕوو دەكەنە خۆرئاوا.

لە كاتی نوێژدا پێویستە هەر ئێزدییەك سەری داپۆشراو بێت و پشتێنی بەستبێت، كە خۆیان پێی دەڵێن (سەربەستن) و (پشتێنبەستن). (بڕوانە پاشكۆی ژمارە-٣٦).

**سێیەم: ڕۆژووگرتن:**

لەسەر هەموو ئێزدییەك پێویستە سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بێت، كە لە یەكەم سێشەممەی مانگی كانوونی یەكەمی هەموو ساڵێكەوە دەست پێ دەكات بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، واتە سێشەممە و چوارشەممە و پێنجشەممە بەڕۆژوو دەبن.

بەڕۆژووبوون لە ئایینی ئێزدیدا وەك ئایینی ئیسلام بریتییە لە خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە و سێكس، لە خۆرهەڵاتنی بەیانییەوە تا خۆرئاوابوون.

ڕای جیاواز لەسەر هۆكاری بەڕۆژووبوون لەناو ئایینی ئێزدیدا هەیە، هەندێك دەیبەستنەوە بە لەدایكبوونی میترا و هەندێكی دیكە بۆ دەركەوتنی مرواریی ڕەنگاوڕەنگی دەگەڕێننەوە، بەڵام پەسەندترین بۆچوون ئەوەیە كە پەیوەندیی بە گۆڕانی كەش و ئاووهەواوە هەیە، بە هۆی ئەو گۆڕانكارییانەی لە وەرزی زستاندا لە

مانگی کانوونی یەکەمەوە دەست پێ دەکات، لەوانەیە بەڕۆژووبون هۆکارێك بووبێت کە دانیشتووانی ناوچە شاخاوییەکان ڕەزامەندی و سۆزی یەزدان بە دەست بهێنن تا لە کارەسات و شەختەی سەرمای زستان بیانپارێزێت. (کورو:٢٠١٢: ٩).

لە ئایینی ئێزدیدا دوو جۆرە ڕۆژوو هەیە، ڕۆژووی گشتی و ڕۆژووی تایبەت. ڕۆژووی گشتی ئەوەیە کە سێ ڕۆژە و فەرزە لەسەر هەموو ئێزدییەك، پێی دەوترێت (صوم ئێزی)، بەڵام ڕۆژووی تایبەت، ئەوەیە کە تایبەتە بە چینێکی ئایینیی دیاریکراو.(الحسني،١٩٥١: ٥٩).

جگە لەو سێ ڕۆژە فەرزە چەندین ڕۆژی تر هەیە کە بەڕۆژووبوون تێیدا تایبەتە بە گرووپێکی دیاریکراو لەناو ئێزدییەکاندا، کە پێیان دەوترێت چلەگرەکان. هەندێ ڕۆژی دیکەی ساڵەکەش هەیە بەڕۆژووبوون تێیدا ئارەزوومەندانەیە. لەسەروو ئەمانەشەوە بەڕۆژووبوون لە هەرکاتێکی ساڵ بۆ هەر ئێزدییەك بیەوێت کارێکی ڕێگەپێدراوە.

ڕۆژووی ئێزدی جیاوازییەکی وای نییە لەگەڵ ڕۆژووی موسڵمانان، تەنها ئەوە نەبێت لە کاتی شکاندنیدا لە بری خورما بە پارچەنانێکی سوێرکراو ڕۆژووەکەیان دەشکێنن.

ڕۆژووگرتنی ئێزدی وەك سرووتێکی ئایینی بابەتێکی جەستەییە و تەواوی سرووتەکە لەسەر جەستە تاقی دەکرێتەوە و جێبەجێ دەبێت، کە بریتییە لە شکاندنی چێژی جەستەیی بەرامبەر چێژی ڕۆحی. هەر بۆیە ئایینی ئێزدی بە ئایینێکی زاهیدانە دادەنرێت، کە فەزڵی ڕۆح بەسەر جەستەدا دەدات.

## چوارەم: سەماکێشان:

سەما، گۆڤەندێکی ئایینی ئێزدییە. تەنها ژمارەیەکی دیاریکراو لە پیاوانی ئایینی بەشداریی تێدا دەکەن، کە پلەی ئایینییان و ڕێزبەندییان لەناو گۆڤەندەکەدا دیاریکراوە.

بنەڕەتی وشەکە بە پێی هەندێ سەرچاوە لە وشەی سوم یان سۆماوە هاتووە، کە لای ئێزدییەکان گیایەکی پیرۆزە و کاتی خۆی میتراپەرستەکان لە ئەشکەوتەکاندا کاتی قوربانیکردنی گای سپی ئەو گیایەیان سووتاندووە و حەوت جار بە دەوریدا سووڕاونەتەوە. بەڵام **د. خەلیل جوندی** پێی وایە ناونانی بۆنەکە بە هۆی ئەوەوە هاتووە کە جۆرێك لە سەما لەم سرووتەدا هەیە، بۆیە ناو نراوە سەما.

لە ئایینی ئێزدیدا حەوت سەما هەیە (سەمای قانوونی، سەمای بڵند، سەمای زەرزا، سەمای شەرەفەدین، سەمای شیشمس، سەمای ماکی ئێزی، سەمای مەرکەبا).

هەریەکەیان بۆ مەبەستێك دەگێردرێت و لە لایەن قەوالەکانەوە قەسیدەیەکی تایبەتی تێدا دەخوێنرێت و ئاوازی تایبەت بە خۆیشی هەیە. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە-٣٧).

فەلسەفەی سەما لە میتۆلۆژیای ئێزدیدا بریتییە لە خولانەوەی گەردوون و خولانەوەی ئەستێرەکان بە دەوری خاڵێکی جێگیردا، کە لە کۆمەڵەی خۆردا بریتییە لە خۆر. بە هەمان شێوە لە گۆڤەندی سەمادا دوو گرووپی حەوتکەسی لە پیاوانی ئایینی بە دەوری چەقەڵتوو (ئاگر)دا دەسووڕێنەوە و دەپاڕێنەوە. (سمو«٢٠١٢: ٥٦-٥٨).

جڤات یان جوقی میر و جڤاتی بابەشێخ بە دوو ڕیز دەوەستن، هەر ڕیزێك لە حەوت کەس پێك دێت. بەم شێوەیەی خوارەوە:((مارونسي،٢٠١٩: ١٥٦).

بەووتەی میر حاجی ئێزدیان ئەوانەی بەشداری لە مەراسیمی سەما دەکەن ئەمانەن:

لە جووقی شێخ ئادی حەوت کەس لە سەماکێشاندا بەشداری دەکەن،بریتین لە:

١. فەقیری بەردەرکی لالش/ ڕۆڵی شێخ ئەبووبەکرە
٢. پێشمامی مەرگە
٣. میرحاج/وەکیلی میرە
٤. شێخی وەزیر/ وەکیلی شێخ شەمسە
٥. وەکیلی شێخ ئیسماعیلی عەنزلی/ برای شێخ ئادی
٦. شێخ عەبدولقادر
٧. پیری ئسیبا

هەروەها لە ئەندامانی جووقی بابەشێخیش حەوت کەس کە بەشداریی مەراسیمەکە دەکەن، بەپێی ریزبەندی ئەمانەن:

١. پێشمامی بابەشێخ
٢. بابەشێخ
٣. بابی گاڤان
٤. متەوەلی کانی سپی (پیرە)
٥. ئیختیاری بەحزانی
٦. ئیختیاری باشیك
٧. بابی چاوێش(چاوپێکەوتن لەگەڵ میرحاجی ئێزدیان: ١٥)

مەراسیمەکە لە کەشێکی تەواو ئارامدا لە دوای تاریکیی دونیا بەڕێوە دەچێت.

هەردوو ڕیزەکە بەو تەرتیبەی کە دیاری کراوە، لە حەوشەی پەرستگادا۔ سێ جار بە دەوری چەقەڵتوو یان ئاگردانێکدا بە پێچەوانەی میلی کاتژمێر دەسووڕێنەوە، بە

شێوەیەکی هێواش هەنگاوی گەورە دەنێن، سەرەتا قاچی ڕاست و پاشان قاچی چەپ، هەنگاوەکە تەواو دەکەن، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا دەستی ڕاست بەرز دەکەنەوە بۆ سنگ و پاشان لەگەڵ هەنگاوی دواتردا دەست دادەگرنەوە. جووڵەکە بە شێوەیەکی بازنەیی ٣٦٠ پلەیە. پێویستە بە ٥٢ هەنگاو تەواو بکرێت، کە ئاماژەیە بۆ هەفتەکانی ساڵ و ١٢ جار وەستانی تێدایە، کە ئاماژەیە بە مانگەکانی ساڵ. (سلو«٢٠١٢: ٥٨).

لە دواتردا هەردوو ڕیزەکە دەبنەوە بە یەك و فەقیری سادنی لالش (فەقیری بەردەرگای لالش) کە تانج و حلەی لە سەردایە، لە پێشیانەوە دەبێت.

تانج و حلە، سەرووکڵاوێکی ڕەشی قوچەکی تایبەتە و بە پێی میتۆلۆژیای ئێزدییەکان بەرگی تایبەتی خواوەند خۆیەتی، وەك لەم قەولە ئایینییەی ئێزدییەکاندا هاتووە:

**سڵتان ئێزی من خەرقە لە بەر کر**
**تاجەکی ڕەشی قودرەتی نورانی ل سەر کر**
**فەقیرا ل ب سەمەرکر**

واتە: خودای ئێمەی خەرقەی لە بەردایە و تاجێکی ڕەشی نوورینی لە سەردایە
فەقیرەکان لە دوایدا دووبارەیان کردەوە(خلو،٢٠١٣: ١٦٢).

مەراسیمی سەما ئاماژەیە بۆ ڕووداوی گیانکردن بە بەری ئادەمدا- بە ئامادەبوونی فریشتەکان. بە پێی میتۆلۆژیای ئێزدییەکان کاتێك خودا قاڵبی ئادەمی درووست کرد، ویستی ڕۆحی بە بەردا بکات، بەڵام ڕۆح ئامادە نەبوو بۆ ئەوەی بچێتە لەشی ئادەمەوە، فریشتەکان بە دەوری عەرشی خودا دەسووڕانەوە و خودا دەنگی دەف و شەبابەی نارد، تا بە هۆی ئاوازەکەیەوە ڕۆح لە قاڵبی ئادەمدا جێگیر بوو، بەڵام زۆربەی ئێزدییەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەو حەوت کەسەی بەشداریی سەماکێشان دەکەن نوێنەرایەتیی حەوت فریشتەکەی ئاسمان دەکەن بە دەوری نووری خواییدا، کە دانانی چەقەڵتوو یان ئاگر هێمایە بۆ نوروی خودایی. بەشداری حەوت کەسی دووەم (جڤاتی بابەشێخ) ئاماژەیە بە باوەڕبوون بە گیانگۆڕکێ (تناسخ الارواح)ی حەوت فریشتە لە جەستەی حەوت کەسی پیرۆزی ئێزدیدا. ئەمەش ئاماژەیە بە باوەڕی ئێزدییەکان بە بابەتی حلول و دۆنادۆن. (خلو،٢٠١٣: ١٦١).

## پێنجەم: سرووتی قاباغ:

سرووتێکی تایبەتە، ساڵانە دەکەوێتە ڕۆژی چوارشەممەی ئەو هەفتەیەوە کە جەژنی جەمای تێدا ئەنجام دەدرێت. قاباغ یان گاباغ وشەیەکی لێکدراوی کوردییە، لە هەردوو وشەی (گا) و (باغ) پێك دێت بە مانای ئەو گایەی لە باغدا بە خێو کراوە، یان بە مەبەستی قەڵەوکردنی و سەرپرینی لەو مەراسیمەدا دابەستە کراوە.لەو ڕۆژەدا گایەکی سپی بە جوانترین شێوە دەڕازێننەوە، پاشان ڕاوی دەنێن هەتا بەردەرگای مەزاری شێشمش؛ لەوێدا سەری دەبڕن و دەیکەنە قوربانی. (خلو،٢٠١٣: ١٦٩).

گۆشتەکەی لێ دەنرێت و لە ژەمی نێوەڕۆدا دەدرێتە زیارەتکارانی لالش. هەموو ئێزدییەك کە لە لاشە، لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت پارچەیەك لەو گۆشتەی بەر بکەوێت، چونکی جگە لەوەی کە وەکوو موفەڕك سەیری دەکەن، لە هەمان کاتیشدا وەك هۆکارێك بۆ زیادکردنی (پیاوەتی و وەچەخستنەوە) سەیری دەکەن. چونکە لە میتۆلۆژیای ئایینیدا گای سپی دەکرێتە قوربانی بۆ خواوەندی خۆر، لە پێناو زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی زەوی بە هۆی ڕشتنی خوێنەکەی بەسەریدا. (باقسری،٢٠٠٣: ١٤٨).

## شەشەم: گۆڤەندی دەری کانی:

لە جەژنی چلەی هاویندا سرووتێکی تایبەتی ئەنجام دەدرێت لە حەوشەی کانی سپی و پێی دەوترێت (گۆڤندا دەرێ کانی)، کە بریتییە لە هەڵپەڕکێی تێکەڵاوی کوڕان و کچان بە ئاوازی دەف و شەبابەوە. لەم گۆڤەندەدا پیر و گەنج، ژن و پیاو، بە پیاوانی ئایینییشەوە بەشداریی تێدا دەکەن.

ئەوەی جێگای لەسەروەستانە گۆڤەند و هەڵپەڕکێ لە ئایینی ئێزدیدا بریتییە لە سرووتی ئایینی و لە جەژن و بۆنە ئایینییەکاندا ئەنجام دەدرێت، نەك تەنها وەك دابونەریتێکی ئایینی، بەڵکوو وەك سرووتێکی ئایینی بە تایبەتی لە گۆڤەندی کانی سپی و لە کاتی پێشوازیکردن لە سنجاقەکان و ڕۆژی کۆتایی جەژنەکان بە تایبەتی جەژنی جەما، هەروەها ئەوەی تێبینی دەکرێت، یەکگرتن و یەکبوونی جەستەییە لە نێوان نێر و مێ و پیر و گەنج لە گۆڤەند و هەڵپەڕکێی ئێزدییەکاندا، تا ڕادەی دەرکەوتن وەك یەك جەستە و نەخشانی تابلۆیەکی هونەری لە ڕێگەی جووڵە جەستەییەکانەوە.

ئەو بەها ئایینییەی کە هەڵپەڕکێ لە ئایینی ئێزدیدا هەیەتی و درووستکردنی ڕیزی نیوەبازنەیی و جووڵانی بازنەیی هەڵپەڕکێکەران دەشێت نموونەیەکی تەواوی هەڵپەڕکێ بێت لە کۆمەڵگەی کوردیدا و سەلمێنەری ڕەگوڕیشەی ئایینیی هەڵپەڕکێی

کوردەواری بێت. بە ئاهەنگ و دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و قریوەی کاتی هەڵپەڕین و هەلهەلەلێدانی ژنانیشەوە، هەروەها ئەمە جۆرێکیشە لە کاریگەریی ئایین و کولتووری ئایینی لەسەر جەستە و جووڵەی جەستەیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

لە دوای مەراسیمی قەنتار و لە حەوشەی لالشدا زۆر جار ئەم گۆڤەندە ئەنجام دەدرێت و بابەشێخیش بەشداریی تێدا دەکات.

# بەشی پێنجەم:
# جەستە لە ئایینی کاکەییدا

باسی یەکەم: جەستە میللی و ئایینیی،لە ئایینی کاکەییدا:

باسی دووەم: جەستە لەبنەما ئایینییەکانی کاکەییدا:

باسی سێیەم: جەستە لە سرووتە ئایینیەکانی کاکەییدا:

## باسی یەکەم: جەستە میللی و ئایینیی لە ئایینی کاکەییدا:

ئایینی کاکەیی وەك هەر ئایینێکی دیکە لەسەر بنەمای دابەشکاریی مرۆڤ بۆ ڕۆح و جەستە دامەزراوە. جەستە وەك تەنێك یان قاڵبێك سەیر دەکرێت، کە ڕۆحی هەڵگرتووە و تایبەتمەندییە ڕۆحییەکان تایبەتمەندییە جەستەییەکانی مرۆڤ دیاری دەکەن. ئەمە نزیکە لەو دونیابینییە فەلسەفییەوە، کە جەستە وەك قابلۆغ یان بەرمیلی بەتاڵ سەیر دەکات، کە کارەکەی بریتییە لە هەڵگرتنی ڕۆح و بە نزیکەیی هەموو ئایینەکان بۆچوونێکی هاوشێوەیان لەسەر باڵایی ڕۆح و نزمیی جەستە هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو سرووتە ئایینییەکان بە جەستەدا تێپەڕدەبن و لە بنەمادا سرووتەکان بریتین لە بەشداریکردنی جەستەیی و لە ڕێگەی جەستەوە ئەنجام دەدرێن.

بۆیە شتێکی نامۆ نییە کاتێك دەبینین ئایین نەخشەکانی خۆی لەسەر جەستە هەڵدەکۆڵێت و جارێکی دیکە جەستە دادەڕێژێتەوە و لەسەر بنەماکانی خۆی شکڵی پێ دەبەخشێت و کۆنترۆڵی حەز و جووڵە جەستەییەکان دیاری دەکات و سنووری بۆ دەکێشێت.

### یەکەم: تایبەتمەندیی ئیتنۆگرافیی کاکەییەکان:

کاکەییەکان لە ڕووی ڕەچەڵەك و نەتەوەوە کوردن و لە ڕووی جەستەییەوە بە نزیکەیی هەمان تایبەتمەندیی جەستەییان هەیە، لەگەڵ جیاوازیی ئەوەی بە هۆی هاوسەرگیریی ناوخۆیی (ئیندوگامی)یەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە هۆی فاکتەری ئایینی و سستمی چینایەتی و تابۆی هاوسەرگیریی لە نێوان چینە جیاوازەکانی کاکەییدا، بە ڕادەیەکی زیاتر لە گرووپە کوردییەکانی دیکە پارێزگارییان لە خەسڵەتە ئەنسرۆپۆلۆجییەکانیان کردووە، بە تایبەتی لەناو چینی گشتیدا کە پیاوانیان چاویان ڕەشە و باڵایان مامناوەندە و لووتیان درێژ و چەماوەیە، تەوێڵیان بەرزە و لێویان ئەستوورە و گەنمڕەنگن، بەڵام چینی سەیدەکانیان ڕەنگیان سپیترە و لەناویاندا چاوی ڕەنگاوڕەنگ (شین و سەوز) هەیە و قژیشیان زەردترە (شوانی، ۲۰۰٦: ۱۸۱).

سەبارەت بە زمانی قسەکردنیان یەکێك لە خەسڵەتە سەرەکییەکانیان بریتییە لەوەی بە شێوازی گۆرانی (ماچۆ) قسە دەکەن، کە یەکێکە لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی و ئەوەش زمانی تێکستە ئایینییەکانیانە. دەتوانین بڵێین کاکەییەکان لە

هەرکوێیەك بن بە هۆی تێکستە ئایینییەکانیانەوە شێوەزاری گۆرانی (ماچۆ) دەزانن، بە نموونە کاکەییەکانی کەرکووك هەموویان شێوەزاری گۆرانی دەزانن و لە ماڵەوە و لەناو خۆیاندا بەو شێوەزارە تایبەتە قسە دەکەن. (شوانی، ٢٠٠٦: ١٨٢)،بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە کاکەییەکانی هەورامان کە لەناو جەرگەی هەورامانی لهۆندان، کەچی بە هەورامی قسە ناکەن، بەڵکوو کوردیی جافیی بەسەر شێوازی قسەکردنیاندا زاڵە، لەوانەیە ئەمە بە هۆی کاریگەریی عابدینی جافەوە بووبێت، کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەناویاندا ژیاوە. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە -١٣).

## دووەم: جلوبەرگیی میللی کاکەییەکان:

جوگرافیای ئایینی کاکەییەکان لە بنەڕەتدا بریتییە لە ناوچە گۆراننشینەکان، کە بە شێوەزاری گۆرانی دەدوێن، جلوبەرگی میللیی ئەو ناوچەیەش بە گشتی جلوبەرگی کوردییە و سیماکانی کولتووری مادیی نەتەوەی کورد تێیدا ڕەنگی داوەتەوە.

لەم ناوچەیەدا ژنان و پیاوان جلوبەرگی ڕەسەنی کوردییان پۆشیوە، ئەگەرچی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر هەندێ گۆڕانکاری لە دیزاین و ڕەنگ و قەبارەیدا هەبووبێت، بەڵام پارچە سەرەکییەکانی جلوبەرگی کوردیی ژنان و پیاوان هەر یەك شت بوون.

لە ناوچەی هەورامان جلوبەرگی کاکەییەکان جلوبەرگی هەورامی بووە، کە یەکێکە لە جوانترین و ڕەسەنترین جلوبەرگەکان و هەموو کەرەستەکانیشی خۆماڵی بوون.

لە ناوچەی کەرکووك و گەرمیانیش جلوبەرگی کاکەییەکان کوردی بووە، بە گشتی بە بەستنی پشتێن و لەسەرکردنی کڵاو و جامانەوە پابەند بوون، بەڵام بە هۆی نزیکی و تێکەڵاوییان لە هەندێ ناوچەدا لەگەڵ عەرەب و تورکمانی ناوچەکە، کاریگەریی هەندێ ڕەگەزی جلوبەرگی عەرەب و تورکمان لەسەر جلوبەرگی کاکەیی دەرکەوتووە، بەڵام بە گشتی سمێڵە گەورەکانیان نیشانەیەکی دیاری مرۆڤی کاکەیی بووە و وەك نەریتێك لە زۆر بارودۆخدا پارێزگارییان لێ کردووە.

**ڕەجەب کاکەیی**، چالاکوانی پرسی کاکەییەکان لە کەرکووك ڕەتی دەکاتەوە جلوبەرگی ئەوان کاریگەریی جلوبەرگی عەرەبی و تورکمانیی لەسەر بێت و ئاماژە بەوە دەکات: "کاکەییەکانی کەرکووك هەر لە کۆنەوە کەواوسەڵتەیان پۆشیوە، ئەوەش جلوبەرگی کوردیی ناوچە گەرم و دەشتاییەکانی کوردستانە، کە پێك دێت لە کەوایەکی درێژ تا بەرپێ کە قۆڵی نییە، لەگەڵ سەڵتەیەك کە تا ناوقەد درێژە، بەسەر

سەڵتەکەدا پشتێن دەبەستن و جامانەیەکی کوردییش لەسەر دەکەن، لەژێریشەوە شەڕواڵێکی خامی سپی لە پێ دەکەن". (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەجەب کاکەیی: ١١)، بەڵام **هەردەوێڵ کاکەیی** نایشارێتەوە کە کاکەییەکانی ناوچەی کەرکووك لەژێر کاریگەریی عەرەب و تورکماندا کەوا و سەڵتەیان پۆشیوە(چاوپێکەوتن لەگەڵ هەردەویڵ کاکەیی: ٥).

## سێیەم: جەستەی ئایینیی لای پەیڕەوانی ئایینی کاکەیی:

به شێوەیەکی گشتی کاتێك سەیری مرۆڤێکی کاکەیی دەکەیت، ناتوانیت لە نێوان جەستەی میللی و جەستەی ئایینییاندا جیاوازی بکەیت، لە بەر ئەوەی ئایینەکە نەچووەتە وردەکاریی جەستەیی و جلوبەرگەوە و لە هەمان کاتیشدا جلوبەرگە کوردییەکە وەك جلوبەرگێکی ڕەسەن لە لایەن ئایینەکەوە سەیر کراوە. بەڵام، ئەگەر بە وردی سەیر بکەین دەبینین کاریگەریی ئایینەکەیان لەسەر جەستە و جلوبەرگی پەیڕەوانی کاکەیی لە چەند بوارێکدا دەردەکەوێت، وەك لەسەرکردنی کڵاو و سەربەستن کە بۆ ئەنجامدانی سرووتە ئایینییەکان لەسەر پیاو و ژن فەرز کراوە، هەروەها پشتێنبەستن کە دیسانەوە بۆ ژن و پیاو پێویست کراوە، تەنها ئەوەندە هەیە پیاوان بەسەر جلوبەرگە کوردییەکانیان چوار گرێ یان حەوت گرێ لە پشتێنەکانیان دەدەن بەڵام پشتێنی ژنان گرێی نییە. جاری واش هەیە لە کاتی جەمدا ئەگەر پشتێن بەردەست نەبێت تاڵەبەنێك لە کەمەریاندا دەبەستن لە بری پشتێنەکە.

سەبارەت بە ڕەنگی جلوبەرگ لە ئایینی کاکەییدا، هەموو ڕەنگەکان ڕێگەپێدراون و تابۆیان لەسەر نییە. لەناو کوردەوارییشدا بە هۆی سرووشتەکەیەوە جلوبەرگی کوردیی ژنان ڕەنگاورەنگ و ئاڵووالایە، بەڵام لە تێکستە ئایینییەکانی کاکەییدا ئاماژە بە پەسنی چەند ڕەنگێکی تایبەت هەیە. بە نموونە لە دەقە ئایینییەکانی کاکەییدا ئاماژە بەوە کراوە کە سەید یان پیرەکان لە بری مێزەری ڕەش مێزەری سپییان بەستوە و جلوبەرگی سپییشیان لە بەر کردووە. هەروەها ڕەنگی زەرد وەك ڕەنگی تیشکی خۆر و ڕەنگی سوور بە پێی تێکستە ئایینییەکانی کاکەیی ڕەنگی خوازراون. (حائری و دیگران، ١٣٩٤، ٤٣)،

بە وتەی **مام سەلام**، دەلیل لەناو کاکەیی لە هەڵەبجە و هەورامان، جلوبەرگی پیاوی ئایینی لەگەڵ خەڵکەکەدا جیاوازیی هەیە و پێویستە پیاوی ئایینیی کاکەیی جلی سپی لە بەر بکات، بەڵام لە ئێستادا جێبەجێ ناکرێت، بەڵام بنەماڵەی سەیدەکان

بەوەدا خۆیان جیا دەکەنەوە کە ڕەنگی سەوز لە مشکییەکانی سەریان و پشتوێنەکانی پشتیاندا بەکار دەهێنن(چاوپێکەوتن لەگەڵ مام سەلام: ٦).

لە هەموو ئەمانە گرنگتر، دیارترین خەسڵەتی مرۆڤی کاکەیی بریتییە لە هێشتنەوەی سمێڵ. ئەگەر لای پەیڕوانی هەموو ئایینێك سیمبولێکی جەستەیی هەبێت کە هێمای ناسینەوە و جیاکردنەوەیان بێت، ئەوا لای کاکەییەکان ئەم سیمبولە بریتییە لە (هێشتنەوەی سمێڵ).

لەبارەی بایەخو گرنگی سمێڵەوە لە ئایینی کاکەیدا کەلامێکی سوڵتان سەهاکی بەرزنجی هەیە کەدەڵێت:

**وەلێوە هاما،وەلێوە هاما**
**سوێڵ مورەشان وەلێوە هاما**
**یار بێ سوێڵ وەجەمم ناما**
**هەرکە دڵخۆشن وەی ڕاگەو راما**
**سوێڵەش مۆرەن دەم و کەلاما**
**بێ سوێڵ نەنیشۆ ئەرسەد براما**

واتە سمێڵی بێ دەسکاری وەك مۆرە لەسەر لێو،یاری بێ سمێڵ بۆی نییە بێتە ناوجەم ،هەرکەس دڵخۆشە بەم ڕێگەیە،لەکاتی خوێندنی کەلامدا ئەبێت دەسکاری سمێڵی نەکردبێت.(خەلیقی،٢٠١٩: ١٨٦)

کاکەییەکان هۆکاری زۆریان هەیە بۆ پیرۆزیی سمێڵ و گرنگیی هێشتنەوەی، لەوانەیە لە هەر ناوچەیەکدا چیرۆکێك یان زیاتر لە هۆکارێك بەرگوێ بکەوێت.

لەم ڕووەوە **د. ڕەشاد میران** ڕای وایە "نیشانەی هەرە دیاری مرۆی ئەهلی هەق(کاکەیی) سمێڵەکەیەتی، پیاوی ئەهلی هەق هەمیشە سمێڵێکی گەورە دەهێڵێتەوە، نەك نایتاشێت بەڵکوو قەڵەمیشی ناکات، سمێڵ لەگەڵ ئەوەی نیشانەی جیاکەرەوەی پیاوانی ئەهلی هەقە، لە هەمان کاتدا ئەرکێکی ئایینییە و لە ئایینی ئەهلی هەقدا یەکێکە لە حەرام و تابۆکان، بۆ ئەمەش دەقی پیرۆزیان هەیە، لە یەکێك لە دەقە ئایینییەکانی کاکەییدا هاتووە: (ئەوەی لە ئێمە بێت نابێت سمێڵ بتاشێت، نابێت ڕۆژوو لە خواردن و خواردنەوە بگرێت و نابێت قلیان بکێشێت). هەروەها چیرۆکی تایبەتیشیان لەم بارەیەوە هەیە کە گوایە ئیمامی عەلی سمێڵی نەتاشیوە و بە گوێزان سمێڵ و مووی لەشی نەبڕیوە. (میران، ٢٠١٧: ٣٤٣). لەلایەکی دیکەوە کاکەییەکان دەڵێن هێشتنەوەی سمێڵ فەرمانی سوڵتان سەهاکە و لەوەوە بۆیان ماوەتەوە،

یەکێکیش لە پەیڕەوانی ئەم ئایینە بە ناوی (**عەلی خوسرەوی**) بە پارچەشیعرێك ڕوونی دەکاتەوە کە سمێڵ لە لای ئەوان چ گرنگییەکی هەیە:

**سمێڵ نیشانەی دەرەجەی یارە**

**سمێڵ لە جوملەی شەرت و قەرارە**(سوڵتانی، ٢٠١١: ٨١).

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە ڕێبەرانی ئایینەکە وەك نوور عەلی ئیلاهی سمێڵهێشتنەوە بە کارێکی جوان دەزانێت و تاشینیشی بە کارێکی ئاسایی دەزانێت، کە هیچ سزایەکی لەسەر نییە. (امام جمعه زاده و ویسی: ١٣٩٤: ١٣٥)

لە لای هەندێ لە کاکەییەکان "سمێڵ نیشانەی خوداپەرستییە و کەمدوویی مرۆڤی کاکەییە و پەرژینە بۆ دەم کە هۆکاری قسەکردنە، مرۆڤ سمێڵی بۆ کراوە تا هەم کەم ببێژێت و هەم ئاگاداری ئەو قسەگەلەش بێت کە دەیەژێت."(چاوپێکەوتنی سەعید کاکەیی:٣)

کاکەییەکی دیکە پێی گوتین: "کاتێك خودا ئادەمی درووست کرد، بینیی شتێکی کەمە، لە سینەی خۆی چەند تاڵەموویەکی دەرهێنا و سمێڵی بۆ درووست کرد، بۆیە لای ئێمە سمێڵ دیاریی خودایە بۆ مرۆڤ و ئێمەش ئەم دیارییە دەپارێزین." (چاوپێکەوتن لەگەڵ هەوڵدەری ژمارە٢: ٩).

لە ئایینی کاکەییدا، ژمارەی پیاوانی ئایینیی سنووردارە، ئەو ژمارە زۆرەی ڕۆڵی ئایینی و پیاوی ئایینی کە لە ئێزدیاتیدا بوونی هەیە، بەو ژمارە زۆرە و بەو وردەکاریی و ئاڵۆزییەوە لە جیاوازیی جلوبەرگدا، لەناو ئایینی کاکەییدا نابینرێت. هەر بۆیە ئەستەمە لەو ڕێگەیەوە شتێکی ئەوتۆمان دەست بکەوێت، بۆیە لە لێکۆڵینەوەی کاریگەریی ئایین لەسەر جەستە دوو میکانیزمی دیکە هەڵدەبژێرین. یەکەمیان بریتییە لە دۆزینەوەی پێگەی جەستە لەناو دۆگما ئایینییەکانی کاکەییدا، دووەمیشیان بریتییە لە پێگە و دۆخی جەستە لەناو سرووتە ئایینییەکاندا:

## باسی دووەم: جەستە لەبنەما ئایینییەکانی کاکەییدا:

**١. جامەپۆشی:**

یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکان لە ئایینی کاکەییدا بریتییە لە (تەجسید)ی خودایی، واتە دەرکەوتنی ڕۆحی خوا لەسەر قاڵبی مرۆڤ. لەم ئایینەدا، خودا بە تەنها لە ئاسمان نییە وەك لە زۆربەی ئایینەکانی دیکەدا هەیە، بەڵکوو دادەبەزێتە سەر زەوی و لە قاڵبی مرۆڤێکی وەك ئەوان دەردەکەوێت. بەمەش دەوترێت **تەجەلی** یان **دەرکەوتن**، ئەمەش وای کردووە شتێك بێتە ئاراوە بە ناوی جەستەی (پیرۆز)، بەڵام ئەم بەهایە بۆ جەستە شتێك نییە کە مرۆڤ بتوانێت بە هۆی کردەوە و عەقڵ و توانا خودییەکانییەوە بە دەستی هێنابێت، بەڵکوو بەخششێکی ئیلاهییە و پەیوەستە بەوەوە ئەو جەستەیە ڕۆحی چ کەسێکی پێش خۆی بۆ گواستراوەتەوە، هەر ئەمەش بنەمایە بۆ دابەشکاریی چینایەتی لە کۆمەڵگەی ناوخۆیی کاکەییدا.

بە تێڕوانینی من لە نێوانی حلول لە سۆفیگەریی ئیسلامی لەگەڵ جامەپۆشیی کاکەییەکاندا جیاوازی هەیە، چونکە حلول بریتییە لە هەڵکشانی لایەنی ڕۆحیی مرۆڤ تا ئاستی ئاوێتەبوون(حلول) لەگەڵ زاتی هەقدا، کە بەرزترین پلەی سۆفیگەرییە، بەڵام جامەپۆشیی کاکەییەکان بریتییە لە تەجەلایی ڕۆحی خودایی و دەرکەوتنیەتی لە قاڵبی هەندێ کەسی هەڵبژێردراودا، کە لە ئەدەبیاتی ئایینیی کاکەییدا پێی دەوترێت (میوانداریکردن)، ئەمەش بابەتێکە پەیوەستە بە خواستی خوداوەندەوە، بەم پێیەش خودا هەر خۆی دەزانێت بۆچی ڕۆحی ئەو؛ جەستەی ئیمامی عەلی هەڵبژارد و ڕۆحی ئیمامی عەلییش لە جەستەی شاخۆشین لە لوڕستان سەری هەڵدایەوە. هەروەها ڕۆحی جوبرائیل لە جەستەی پیربنیامیندا دەرکەوتووە؟

ئەوەی لای کاکەییەکان پەیوەستە بە حلولەوە، لە چەند بابەتێکی دیکەدا دەردەکەوێت، وەك ئەوەی لە هەندێ تێکستی ئایینیی کاکەیی لە نموونەی (تەزکەرەی ئەعلا)دا هاتووە؛ عەلی هەر زاتی هەقە و شاخۆشین و سوڵتان سەهاکیش لەگەڵ عەلیدا هەر یەك کەس بوون، یاخود ئەوەی لە تێکستەکانی یارساندا بنیامین کە دۆنی جوبرائیلە لە چەرخی خاوەندگاردا ڕۆڵی بینیوە. (تذکرە اعلی،١٩٥٠: ٣٦).

بابەتێکی دیکە لە فەلسەفەی ئایینی کاکەییدا هەیە، کە پێی دەوترێت (ڕۆشنبوونەوە-الاشراق)، ئەمەش پلەیەکی ڕۆحییە کە مرۆڤ بە کۆششی زۆری ئیمانی

پێی دەگات، ئەو کاتەیە بەسەر لایەنی خراپەی ڕۆحیدا زاڵ دەبێت، ئەوسا دەگاتە ئەو پلە ڕۆحییە باڵایە، کە توانای بینینی ڕابردوو و داهاتۆی خۆی هەیە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هەواڵدەری ١: ٢)،بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە تەواوی ئەو کاکەییانەی قسەم لەگەڵدا کردوون ئەوە ڕەت دەکەنەوە ڕۆحی خودا لە جەستەی سوڵتان سەهاکدا بەرجەستە بووبێت و لای ئەوان بەرجەستەبوون مانایەکی دیکەی هەیە، ئەویش بریتییە لە نوێنەرایەتیکردن و بەخشینی قودرەتی تایبەتی لە لایەن خوداوە پێیان.

**هاشم کاکەیی،**نوێنەری کاکەییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی دەڵێت: "لە باوەڕی ئێمەدا خودا شێوە و ڕەنگی نییە، بەڵام هەمیشە بە مەکرومەکاریی خۆی ئامادەیی هەیە، خودا دۆنی نییە، بەڵام لە هەموو چاخێکدا نوێنەری هەیە، هەروەها تەنی نییە، بەڵکوو تەنێك هەڵدەبژێرێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی." (چاوپێکەوتن لەگەڵ هاشم کاکەیی: ٤).

**٢. دۆنادۆن:**

دۆنادۆن لەگەڵ ئەوەی یەکێکە لە دۆگما سەرەکییەکانی ئایینی کاکەیی، لە هەمان کاتدا شوێنی جەستە لەناو ئایینەکەدا دەخاتە ڕوو.

لە ئایینی کاکەییدا بەرجەستەبوون و دۆنادۆن لە بنەما سەرەکییەکانی ئایینەکەن، بەرجەستەبوونیش هەر پەیوەندیی بە دۆنادۆنەوە هەیە و دەتوانین بڵێین باڵاترین ئاستی دۆنادۆنە کە تایبەتە بە کەسایەتییە پیرۆز و گەورەکان، بەڵام دۆنادۆن ئەو دۆخەیە کە خەڵکە گشتییەکە پێیدا تێپەڕ دەبێت.

بە پێی باوەڕی کاکەییەکان بە دۆنادۆن، مرۆڤ لە دوو بەشی سەرەکیی ڕۆح و جەستە پێك دێت، جەستە دونیاییە و کۆتایی دێت، بەڵام ڕۆح نەمرە و هەر جارەی لە قاڵبێکی نوێدا دەردەکەوێت تا دەگاتە ١٠٠١ جامە.

لای هەندێ لە کاکەییەکان، ڕۆح پاك و پیرۆزە، بەڵام جەستە خاوەنی حەز و ئارەزووە. ماهییەتی مرۆڤ دەوەستێتە سەر شەڕی نێوان نەفس و ڕۆح. ئەگەر لەو ململانێیەدا ڕۆح سەرکەوت ئەوا جەستە ڕام دەکات و بۆ خۆیشی بە ئارامی و سکونەت دەگات، بەڵام ئەگەر کەسێکی خراپەکار بوو، مانای ئەوەیە کە کۆنترۆڵی لە دەستی حەزەکانیدایە، لەبەر ئەوەی ڕۆح نەیتوانیوە لە جەستە یاخی بێت و بەسەریدا زاڵ نەبووە، هەر بۆیە ئەوەی باجی خراپە دەدات و ئازار دەچێژێت ڕۆحە. بۆیە بۆ پاکبوونەوەی ڕۆح لە گوناه لە دۆنی دواتردا پلەکەی نزم دەبێتەوە و دەچێتە جەستەی ئاژەڵێکەوە، تا پاك دەبێتەوە و سزای خۆی وەردەگرێت، ئەو کاتە ئامادە دەبێت بۆ

ئەوەی لە دۆنی دوای ئەوە لە قاڵب و جەستەیەکی تردا میوانداری بکرێت. پرۆسەی جامەگۆڕین و تاقیکردنەوەی بەردەوام دەبێت و لە هەر جارێکیشدا بە پلەیەکی کامڵتر دەگات و بەرز دەبێتەوە تا لە دوای گۆڕینی ١٠٠١ جامە دەگاتە پلەی کامڵبوونی خۆی و دەگاتە ئاستی حلول. (چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعید کاکەیی: ٣).

بەڵام لە تێڕوانینی هەندێکی دیکەیاندا :"لە ئایینی کاکەییدا جەستە تەنها قاڵبە، ئەوەی کە مرۆڤ دەبات بەڕێوە تەنها ڕۆحە، مەرج نییە ڕۆح هەمیشە پاك بێت، چونکە لە دۆنەکەی پێش خۆیەوە کۆمەڵێك چاکە و خراپەی لەگەڵ خۆی هێناوە، فەلسەفەی بوون بریتییە لە پاکبوونەوەی ڕۆحەکان و گەیشتن بە کەماڵ، بۆ ئەمەش پێویستی بەوەیە ڕەچاوی پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا بکات". (چاوپێکەوتنی هەواڵدەری١: ٢).

هەندێك لە کاکەییەکان کەموکوڕیی جەستەیی و دەروونی و عەقڵی و زگماکی بە سزا دەبینن، وەك سزایەك بۆ کردەوەی ڕۆحێك لە دۆنەکەی پێش خۆیدا. دەبێت مرۆڤ هەوڵ بدات پایەی ڕۆحی بەرز بکاتەوە تا لە دۆنی داهاتوویدا قاڵب یان جەستەیەکی تەواو و بێ کەموکوڕیی پێ ببەخشرێت. لەم بارەیەوە یەکێك لە هەواڵدەرکان دەڵێت: "لە تێڕوانینی کاکەییدا مەرج نییە هەمیشە ڕۆح پاك بێت، چونکە هەڵەکانی پێش خۆیشی هەڵگرتووە، لەسەر ئەو هەڵانەش سزا دەدرێت، بە ئامانجی پاکبوونەوەی ڕۆح، بە نموونە ئەگەر کەسێك زگماکی بە ئیفلیجی لە دایك بوو ئەوە لەوانەیە سزا بێت لەسەر کردەوەیەك یان هەڵەیەك لە دۆنی پێشووتریدا، بەڵام مەرج نییە هەر کەسێکی کەمئەندامман ببینی سزادراو بێت، چونکە لە باوەڕی کاکەییدا هەیە زۆر جار خودا فریشتەکانی خۆی بۆ ماوەیەکی کاتی لە شێوەی ئەو جۆرە کەسانەدا دەنێرێت (چاوپێکەوتنی هەواڵدەری١: ٢).

بە پێچەوانەی فەلسەفەی دیاردەناسییەوە، لە ئایینی کاکەییدا، من جەستەم نیم، بەڵکوو من ڕۆحمم، جەستە تەنها قاڵبێکە یان تەنێکە کە لە ڕێگەیەوە خۆم نمایش دەکەم، ئەگەر نا من پیشتریش هەبووم و دواتریش هەر دەبم، بەڵام لە قاڵبی تەن و جەستەی دیکەدا.

**٣. بنەما ئەخلاقییەکان:**

لە ئایینی کاکەییدا چوار بنەمای ئەخلاقی هەیە، کە جەختیان لێ دەکاتەوە و لە کەلامەکاندا زۆر دووبارە کراوەتەوە، ئەمانە وەك چوار بنەما سەرەکییەکەی ئایینی کاکەیی دەناسرێن، کە بریتین لە پاکی، ڕاستی، نیستی و ڕەدا. وەك لەم خشتەیەی سان سەهاکدا هاتووە:

**یاری چوارچشتەن باوەڕی وەجا**
**پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا.** (بۆرەکەیی،٢٠٠١: ٢٠).

لە ڕاستیدا ئەم بنەما ئایینییانە لە جەوهەریاندا حوکمی ئەخلاقین و لەسەر جەستە و لایەنی ڕۆحن تاقیدەکرێنەوە و ئەزموون دەکرێن.

سەبارەت بە پاکی، پاکڕاگرتنی جەستە و جلوبەرگ و ژینگە و دەوروبەر دەگرێتەوە. تا دەگاتە پاکڕاگرتنی زمان و دامێن. هەروەها هەڵبژاردنی ژیانی سادەی دەروێشانە و ڕەتکردنەوەی خۆنمایشکردن و بەخۆدانەنازین و شوێنکەوتنی حەزە دونیاییەکان، کە بە مانای جڵەوکردنی حەزە جەستەییەکان دێت؛ لەو بنەما ئەخلاقییانەن کە جووڵەی جەستە سنووردار دەکەن و وەك بنەمای ئەخلاقی لە ژیانی ڕۆژانەی باوەڕدارانی کاکەییدا ڕەنگی داوەتەوە.

## باسی سێیەم: جەستە لە سرووتە ئایینیەکانی کاکەییدا:

سرووتە ئایینییەکان بە پایەیەکی گرنگی هەر ئایینێك دادەنرێن، تا ئەو ڕادەیەی بەشی زۆری لێکۆڵەرانی بواری ئایینناسی بەبێ بوونی سرووت و سرووتی تایبەت دان بە بوونی هیچ ئایینێکدا نانێن(بڕوانە دورکهایم،شێوە سەرەتاییەکانی ژیانی ئایینی،١٣٨٨: ٤٨).

سرووتکان، هەرچەندە ڕۆحانی بن و تەقەلا بن بۆ ڕۆحانیبوونی مرۆڤ، بەڵام بە جەستەدا تێپەڕ دەبن، ئەزموونەکانیشیان لەسەر جەستە تاقی دەکرێنەوە. بەم هۆیەوە جەستە ڕۆڵی گرنگ لە سەرمۆنیا ئایینییەکاندا دەگێڕێت. بەشی زۆری ئەو سرووت ئایینییانە مومارەسەی جەستەیی و دانانی جەستەیە لە دۆخێکی دیاریکراودا.

دەتوانین بڵێین سرووت ئایینییەکان بریتین لە ملکەچپێکردنی جەستە و سەرکوتکردنیان و شکاندنەوە و ڕامکردنیان لە خزمەتی ئامانجە ڕۆحییەکاندا، بۆیە بەشێکی زۆری ئەوەی ناو نراوە ئەزموونی ڕۆحی لە ڕاستیدا لە هەمان کاتیشدا ئەزموونی جەستەییە.

وا دەردەکەوێت ئایینی کاکەیی زیاتر لەوەی ئایینێکی تەشریعاتی بێت ئایینێکی عیرفانی و فەلسەفی بێت، لەبەر ئەوە لە چاو ئێزدیاتیدا سرووت و جەژن و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی کەمترن. لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی چەندین سرووت و بۆنە و ڕێوڕەسمی ئایینین، کە بە هۆی پەرشوبڵاوییانەوە لە ڕووی جوگرافی و پەرتەوازەییانەوە لە ڕووی ئایینییەوە، لەناو کاکەییەکانی باشووری کوردستان لە چاو کاکەییە هاوئایینەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەمتر بایەخیان پێ دەدرێت.

لێرەدا، باس لە دۆخی جەستە لەناو چەند سرووتیەکی ئایینی کاکەییدا دەکەین:

**١. سرووتکانی تێپەڕبوون(طقوس العبور):**

مرۆڤ کە دێتە دونیاوە بوونەوەرێکی بایەلۆژییە، ئەوەی کە دەیکاتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو پرۆسەیەی کە لە سۆسیۆلۆجیادا پێی دەوترێت بەکۆمەڵایەتیکردن و لە ئەنسرۆپۆلۆجیادا دەتوانرێت پێی بوترێت بەکولتووریکردن. ئەم پرۆسەیەش هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە.

بە هەمان شێوە مرۆڤ تەنها تا ڕۆژی لەدایکبوونی خاوەنی جەستەیەکی سرووشتییە، لە ساتەوەختی لەدایکبوونییەوە جەستەی دەخرێتە ژێر کاریگەریی کولتوورەوە، بۆیە تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت خاوەنی جەستەیەکی کولتوورییە.

کولتوور لەسەر هەموو وردەکارییەکانی جەستەی مرۆڤ کاریگەریی خۆی دادەنێت، جارێکی دیکە دایدەڕێژێتەوە و ڕێکی دەخات و سنووریشی بۆ دادەنێت.

لەناو ڕەگەزە کولتوورییەکاندا ئایین ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت، کاریگەرییەکانی ئایین لەسەر جەستە لە ساتەوەختی منداڵییەوە دەست پێ دەکات تا ئەو کاتەی لە مردندا دەگاتە دواترۆپکی دەرکەوتن.

چەند سرووتێکی ئایینی هەن کە لە قۆناغە جیاوازەکانی سووڕی ژیاندا لەسەر جەستە ئەنجام دەدرێن، بە تایبەتی ئەو قۆناغانەی کە بە قۆناغەکانی وەرچەرخانی ژیان دادەنرێن. لە ئەنسرۆپۆلۆجیادا بەم سرووتانە دەوترێت سرووتەکانی تێپەڕین (طقوس العبور).

ئەم سرووتانە مەرج نییە هەمووی سرووتی ئایینی بن، لەوانەیە هەندێکیان دابونەریتی کۆمەڵایەتی بن، بەڵام کاتێك بە وردی سەرنجی سرووتەکانی تێپەڕین دەدەین، بە ئاشکرا هەست بەوە دەکەین ئایین پێکهێنەری سەرەکیی ئەم سرووتانەیە.

لەئایینی کاکەیدا، سروتەکانی تێپەڕبوون بەم جۆرەیە:

**أ. ناونانی منداڵ:**

بۆ ناونانی منداڵ جەمێك پێك دەهێنرێت، دوای تەواوبوونی جەمەکە منداڵەکە بە خاوێنیی دەشۆن، پاشان بە ئامادەبوونی جەمەکە دەیهێنن و لە بەشی سەرەوە لای ڕاست دایدەنێن. مام دەیگرێتە باوەشی و ناوی دەنێت، بە گوێیدا دەخوێنێت: (تۆ ناوت... بەخێر بێیت بۆ ناو ئایینی یاریی) پاشان دوعای ناونانی منداڵ دەخوێنرێت(بڕوانە سرانجام،٢٠٠٧:٢٨٠)،دوای مەراسیمەکەش باوك یان کەسوکاری منداڵەکە، نیاز یان شوکرانە دەبەخشنەوە. (چاوپێکەوتنی ڕەمەزان تەمیر خان).

**ب. خەتەنەکردن:**

خەتەنەکردنی منداڵ یەکێکە لە دیارترین دەستتێوەردانە کولتوورییەکان بۆ سەر جەستە، بە ئامانجی پاکدامەنی.

خەتەنەکردن یەکێکە لەو دیاردانەی کە دانیشتووانی میزۆپۆتامیا لە سەردەمانێکی کۆنەوە زانیویانە و ئەنجامیان داوە و بۆ ناو زۆرێك لە ئایین و کولتوورەکانی دواتریش گواستراوەتەوە.

کاکەییەکان لە تەمەنێکی زوودا منداڵی نێر خەتەنە دەکەن، هاوشێوەی ئەو موسڵمانانەی لەناویاندا دەژین. لەم ڕووەوە دەڵێن خشتەی پیرۆز هەیە، کە ئاماژەی بەم کارە کردووە. کاکەییەکانی هەڵەبجە ئاماژە بەوە دەکەن خەتەنەکردنی کچان لەناویاندا باو نەبووە، بەڵام هەواڵدەرێکی کاکەیی لە کەرکووك وتین: "خۆم بینیومە وەکوو چۆن منداڵی کوڕیان خەتەنە دەکرد، منداڵە کچەکانیشیان خەتەنە کرد، بەڵام ئێستا کچخەتەنەکردن نەماوە." (چاوپێکەوتن لەگەڵ هەواڵدەری ژمارە٢: ٩).

**ج. سەرسپاردن:**

یەکێك لە گرنگترین سرووت ئایینییەکانی کاکەیی کە جەستە تێیدا بە شێوەیەکی سەنتەر دەردەکەوێت، بریتییە لە سرووتی (سەرسپاردن). بە پێی ئایینی کاکەیی، هەموو تاکێکی ئەم ئایینە بۆ ئەوەی بێتە ناو ئایینەکەوە و وەك تاکێکی کاکەییی قبووڵ بکرێت پێویستە سەری بسپێرێت.

لەم بارەیەوە لە کتێبی سەرەنجامدا فەرمایشتێکی ئایینیی کاکەیی هەیە، بە ناوی سوڵتان سەهاك ەوە بە شێوەی شیعری گۆرانی تۆمار کراوە، کە دەڵێت:

**بی گاوان گاوی، بی گاوان گاوی**
**گاوی بی گاوان، بی گاوان گاوی**
**تا سر نسپارن کردە ولاوی**
**تا حق نشناسن دور نەگشت باوی**
**هر سری نلو وحضوری جم**
**نسنجو ودست خلیفە و خادم**
**بی شك او سرە وگومار نین**
**نە ڕوژ حساو و طومار نین**(بورکەئی، ١٩٩٦: ٥٦٧).

بە پێی بنەما سەرەکییەکانی ئایینەکە، هەر تاکێکی کاکەیی، کچ بێت یان کوڕ، پێویستە لەسەری سرووتی سەرسپاردنی بۆ ئەنجام بدرێت. لەم مەراسیمەدا پیر و دەلیلی بۆ هەڵدەبژێردرێت و بەوەش دەبێتە یەکێك لە ئەندامانی ئایینی کاکەیی، هەر کەسێك ئەم سرووتیەی بۆ نەکرێت بە ئەندامی گرووپە ئایینییەکە هەژمار ناکرێت و لەو دونیاش وەك ئاییندارێکی کاکەیی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت.

سەرسپاردن لە دوای ناونانی منداڵەوە دەبێت، جاران لە تەمەنێکی منداڵیی زوودا دەکرا، بەڵام لە ئێستادا لە نزیکی تەمەنی حەوتساڵیدا ئەنجامی دەدەن، بۆ ئەوەی منداڵەکە خۆی بەشداریی سرووتکە بکات نەك وەکیلی بۆ بگیرێت.

سەرسپاردن چەند پێداویستییەکی سەرەکیی هەیە، وەك: ئامادەبوونی پیر و دەلیل، بوونی گوێزی ساغ یان (**جەوزی بویا**)، کڵۆیەك شەکر یان پارچەیەك نەبات، قوربانی کە وا باشترە کەڵەشێر بێت، سکەی موحەمەدی (پارەیەکی ئاسنە و لای پیرەکانی کاکەیی هەیە)، چەقۆ بۆ بڕینی جەوزەکە و وردکردنی، دەسماڵ (پارچەیەك قوماش کە لە یەك مەتر کەمتر نەبێت، دەفتەری پیرمووسا (دەفتەری تایبەتی سەیدەکەیە و ناوی ئەو کەسانەی تێدا تۆمار کراوە کە لای ئەو سەریان سپاردووە)، کولێرەی ڕەمزبار کە بەو بۆنەیەوە دەبەخشرێتەوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هەواڵدەری ژمارە ١: ٢).

سرووتکە بەو جۆرەیە کە جەمێکی تایبەت دەگیرێت بۆ سەرسپاردنی منداڵەکە، ئەگەر تەمەنی لە چل ڕۆژ کەمتر بوو ئەوا وەکیلێکی بۆ دەگیرێت، کە لە سرووتکەدا نوێنەرایەتیی دەکات. بە ئامادەبوونی پیر و دەلیل بەڕێوە دەچێت بە بەشداریی ژمارەیەك لە پەیڕەوانی ئایینەکە. ئەگەر پیر یان دەلیل بۆی نەکرا ئامادە بێت نوێنەرێك بۆ خۆی دیاری دەکات. دوای ئەوە "جەم" دەبەسترێت، ئەو کەسەی "جەم"ەکەي بۆ بەستراوە "باوکی منداڵەکە" نزیك دەرگا دەوەستێت. دوای ئەوە پیر "سەرجەمنشین" دوعای جەوزەکە دەخوێنێت کە دەقەکەی بەم شێوەیەیە:

***حەزرەت خاوەندگار، شەهسەواری پردیوەر، سوڵتان سالار، جەوز سەر... کە وێش یا وەکیلش... نەجەم حازرەن مەشکندی وەشایەتی جەم و جەمنشین، زەمین و ئاسمان، لەیل و نەهار، لەوح و قەڵەم، عەرش و کورسی، پیری ئەزەڵی حەزرەت پیربنیامین، پیری تەخت و پیشەوای باتنی... پیری ئیرشاد و زاهیر... دەلیلی ئەزەڵی یار داوود کەوسەوار لە وەکیلی داوود دەستگیری باتنش... دەلیلی زاهیرش... یاوە وەکیلی زاهیر... حازر نە جەم وە شەوت و ئیقراری یاران لە مەڕنو لە قەواڵ و بیای یاران لە شندروی، لە ئی جەمە تیغ وە عەوەز کەبیر وە زولفەقار، بشەقاو وە نییەت ساجنار، جەوز وە نییەت بنیامین، سەکە وە نییابەت داوود، کەلام و بیازی یاری وە نییەت پیرمووسا، گەردە وە عیشق ڕەمزبار، قوروانی وە یادی ئەحمەد نازدار وە جای سەری یار، نەوات وە نییابەت ڕۆچیار لە پەیڕەوی دین و شەرت ئیقراری حەقیقەت، قیبلە پردیوەر، خودا سوڵتان سەهاك، لە قەتار خانەدان... هو ئەوەڵ و ئاخر یار.***

(طاهری، ٢٠٠٩: ١٧٦).

لەم مەراسیمەدا جگە لەوەی کەسەکە بە فەرمی دێتە ناو ئایینەکەوە و لە دەفتەری پیرمووسادا تۆمار دەکرێت، پیر و دەلیلی بۆ دیاری دەکرێت، سەرسپاردنیشی مانای ئەوەیە ڕازییە بەو چارەنووسەی لە لەوح و قەڵەمدا بۆی دیاری کراوە.

**د. هاوسەرگیری و جیابوونەوە:**

هاوسەرگیریی یەکێکە لەو سرووت ئاییینییانەی لە کاکەییدا هەیە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە جەستەوە هەیە. چونکە حەڵاڵبوونی دوو کەس بۆ پەیوەندیی سێکسی لەسەر بنەمای ئەنجامدانی ئەو سرووتیە دەوەستێت و بەبێ ئەوە هەموو نزیکبوونەوەیەکی نێوان دوو ڕەگەز بە زینا و تابۆ، دادەنرێت.

لەسەر هەموو کچ و کوڕێکی کاکەیی پێویستە لە تەمەنی پێگەیشتندا هاوسەرگیری بکەن، کە ئامانجەکەی درێژەپێدانی نەوەیە.

بۆ گرێبەستی هاوسەرگیریی جەمێکی تایبەت دەگیرێت و پیر و دەلیل ئامادەی دەبن و خوانێکی تایبەتیش ڕێك دەخرێت، دوای ئەوەی کە دوعای جەم دەخوێنرێت، پاشان پیر دوعای هاوسەرگیریی بەسەر بووك و زاوا دەخوێنێتەوە، کە لەودیو جەمەوە پەردەیەکیان بۆ دەگێڕدرێت. پاشان پیر جەوزێك بە چەقۆ دەبڕێت و توێکڵەکەی فڕێ دەدەن و ناوەکەی ورد دەکەن و بەسەر بەشداربووانی جەمدا دەیبەخشنەوە. (بورکەئی، ١٣٥٧: ٥٦٠). پاشان کەلامی پیرمووسا لە لایەن پیرەوە دەخوێنرێت کە دوعایەکی دوورودرێژە و لە بارەی بووك و زاوا، ئامۆژگارییان دەکات بە پاکی، پاکدامەنی، خواپەرستی، ڕێز و وەفا بۆ یەکتر.(بڕوانە سرانجام، ٢٠٠٧: ٢٧٥).

دوایی دەلیل هەڵدەسێت هاوسەرگیرییەکە لە بەردەم ئامادەبووان ڕادەگەیەنێت و بوك و زاوا دەهێننە بەردەم مەجلیسەکە و دەستی گەورەکان ماچ دەکەن.

کاکەییەکان زۆر بە گرنگییەوە سەیری هاوسەرگیری و خێزان دەکەن و تە تاقەڕێگەی قبووڵکراوی ئایینی و کۆمەڵایەتییە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی سێکسی. هەروەها جەخت لەسەر تاك هاوسەری دەکەن و فرەژنی بە پێی کەلامەکان زۆر سنووردار کراوە. هەموو پێکەوەبوونێکی کچ و کوڕ لە دەرەوەی ئەم گرێبەستە وەك داوێنپیسی و خیانەت سەیر دەکەن. (چاوپێکەوتنی لەگەڵ هەواڵدەری ژمارە ١: ٢).

هاوسەرگیری لە ئایینی کاکەییدا بە گرێبەستێکی پیرۆز سەیر دەکرێت و جیابوونەوە و تەڵاق تێیدا زۆر قورس کراوە و تەنها لە چوار باردا ژن و مێرد بۆیان هەیە داوای تەڵاق بکەن، ئەوانیش: خیانەت، نەزۆکی، درۆی گەورە، مردن. (چاوپێکەوتنی سەعید کاکەیی: ٣).

هاوسەرگیری بە مانای ڕێکخستنی ئایینی بۆ پرۆسەیەکی بایەلۆجی دێت، کە بریتییە لە تێرکردنی پێداویستییە سێکسییەکانی مرۆڤ، بە جۆرێك کە کۆمەڵگە ڕەزامەند بێت لەسەری و سنووری کولتووریی بۆ دیاری دەکات.

لە لای کاکەییەکان لە بابەتی هاوسەرگیریدا چەند تابۆیەك هەیە، وەك هاوسەرگیریی کەسە نزیك و مەحرەمەکان و هاوسەرگیری لەگەڵ چینێکی جیاواز لە چینە کۆمەڵایەتییەکەی خۆت، یان بنەماڵەی خوشکوبرای یاریی، چونکە پیر بۆ دوو چینەکەی دیکە وەکوو باوك سەیر دەکرێت و دەلیلیش ناتوانێت لەگەڵ موریدی خۆی هاوسەرگیری بکات. ئەمە وای کردووە هاوسەرگیریی ناوخۆیی، لە کۆمەڵگەی کاکەییدا لە نێوان خزمە نزیکەکاندا ئەنجام بدرێت. لەبەر ئەوەی سنووری کۆمەڵایەتی و ئایینی بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر لە بەردەمیاندا زۆر دیاریکراوە و بە زۆری دەگەڕێتەوە ناو خزم و کەسە نزیکەکانی خۆی.

بە هەمان شێوەی هاوسەرگیری، جیابوونەوەی هاوسەرەکان لە یەکتری، ڕێوشوێنی ئایینی وردی بۆ دانراوە. لە ئایینی کاکەییدا تەڵاق زۆر زەحمەت کراوە، بەڵام ئەگەر ژنومێردێك گەیشتنە ئەو بڕوایەی پێکەوە ناگونجێن، ئەوا دەبێت دیسان لە ڕێگەی جەمێکەوە ئەو کارە ئەنجام بدرێت و ئەویش دوعای تایبەت بە خۆی هەیە کە لە لایەن پیرەوە دەخوێنرێت و ئەو کاتە گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە بە هەڵوەشاوە دادەنرێت. (بڕوانە سرانجام، ٢٠٠٧: ٢٨٨).

سەبارەت بە فرەژنی، کۆمەڵگەی ناوخۆیی کاکەییەکان بە کۆمەڵگەیەکی یەکهاوسەری ناسراون، چونکە مەرجەکانی هێنانی ژنی دووەم بە پێی پەیڕەوی ئایینییان زۆر قورس کراوە و تەنها لە حاڵەتی منداڵنەبوون و نەخۆشی سەرجێ ڕێگە دەدرێت و دەبێت ڕەزامەندیی ژنی یەکەمیشی لەسەر بێت. (هەڵدەری ژمارە ٢: ٩).

**٥. مردن:**

لە کاتی مردنی هەر کەسێکی سەر بە ئایینی کاکەییدا، یەکەمجار بە ئاوی پاك دەشۆرێت، پاشان سەتڵێك ئاو دەهێنن دوعای تایبەتی پیربنیامینی بەسەردا دەخوێنرێت، کە تایبەتە بە شتنی مردوو (بڕوانە سرانجام، ٢٠٠٧: ٢٨١)، سێ جار لەسەرەوە ئاوی پێدا دەکرێت و سێ جار لای ڕاست و سێ جار لای چەپ، پاشان لە کفنێکی سپییەوە دەپێچرێت.

کفن لە حەوت پارچە پێك دێت کە بریتین لە کراس (پارچەیەکی درێژە تا ناوقەد، لە ناوەڕاستدا ملێکی بۆ درووست کراوە و لەسەر مردووەکە هەڵدەکێشرێت، کڵاو، کفن، بەستنی پشتێن لەناو قەد، بەستنی لای سەری و بەستنی لای قاچی(چاوپێکەوتن لەگەڵ هەواڵدەری ١: ٢).

دوای کفنکردن دەیبەنە گۆڕستان و بە ئامادەبوونی کەسوکارەکەی دەخرێتە گۆڕەوە، کە ڕوو بە ڕۆژهەڵات هەڵکەنراوە. پاشان بە چینێکی بەرد دایدەپۆشن و دواتریش گڵی بەسەردا دەکەن و لە لای سەری و قاچییەوە دوو کێلی گەورە دادەنێن، ئەگەر پیاو بوو لە ناوەڕاستی دوو کێلەکە کێلێکی بچووکتر دادەنێن کە پێی دەوترێت خەنجەر.

بە وتەی **ڕەمەزان هەمیرخان**، ڕێوڕەسمی مردووناشتن لە کاکەییدا زۆر لە مردووناشتنی موسڵمانان دەچێت و جیاوازییەکی وای نییە(چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕەمەزان هەمیرخان: ١٠)،بەڵام کاکەییەکی دیکە باسی لەوە کرد کە هەوڵ دەدەن لە کاتی ناشتندا سەری وەرگێڕین ڕوو بە پردیوەر. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هەواڵدەری ژمارە ٢: ٩).

لە کاتی ناشتنی دوعای تەڵقینی مردوو دەخوێنرێت (بڕوانە سرانجام، ٢٠٠٧: ٢٨٢)، وا دیارە لە کۆندا ئەمە نەبووبێت، چونکە خودی دوعاکە دانراوی جەیحون ئابادییە، یەکێك لە کاکەییەکانیش ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە لە کۆندا ئەم دوعای تەڵقینکردنە نەبووە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هەواڵدەری ١: ٢).

یەکێك لە بابەتە کێشەلەسەرەکان هەتا ئێستاش بریتییە لە بوونی گۆڕستانی جیا و تایبەت بە مردووەکانی کاکەیی لە هاوار. کاکەییەکانی هەڵەبجە مردووەکانیان دەبەنەوە **هاوار** و گۆڕستانی تایبەتی خۆیان.

یەکێك لە کاکەییەکان پێی وتین، لە گۆڕستانی موسڵمانان مردووەکانمان قبووڵ ناکەن، لە کاتی بوونی ئەنسارولئیسلام و جوندولئیسلام لە ناوچەی هەورامان، چەند مردوویەکیان لە گورستانی هەڵەبجە ناشتووە بەڵام خەڵك چووبوون کێلەکانیان شکاندبوو، گۆڕەکانیان تێك دابوو، ناچار گواستمانەوە بۆ گۆڕستانەکەی خۆمان لە *هاوار*(چاوپێکەوتن لەگەڵ هەواڵدەرا: ٢).

لە شاری کەرکووکیش پێشتر مردووەکانیان لە گۆڕستانی کاکەییەکان دەناشت لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە نزیك خانە خورماکە، بەڵام بە هۆی پڕبوونی ئەو گۆڕستانەوە ئێستا کاکەییەکانی کەرکووك مردووەکانیان دەبەنەوە بۆ گۆڕستانی خۆیان لە داقووق. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هاشم کاکەیی: ٤).

ئەمەش مانای ئەوەیە جەستە لە دوای مردنیش مۆرکە ئایینییەکەی لێ نابێتەوە و بە مردوویش ئایین ڕۆڵی لەو مامەڵانەدا هەیە کە بەرامبەری دەکرێت

**٢.جەم:**

جەم بریتییە لە گرنگترین سرووتی ئایینی کاکەییەکان و پێگەیەکی گەورەی لە ژیانی ئایینییاندا هەیە، چونکە هەموو نەزر و نیاز و قوربانی و شوکرانییەك و هەموو ڕووداوێکی گرنگی ژیانیان پێویستی بە جەم هەیە. بە جۆرێك هیچ شتێك بەبێ جەم ئەنجام نادرێت.

لە هەر کات و شوێنێکدا کۆمەڵێك لە پەیڕەوانی ئایینی کاکەیی بە نییەتی جەم کۆ ببنەوە، دەتوانن جەم ببەستن(بڕوانە پاشکۆی ژمارە -١٤).

ئەو کۆبوونەوە ئایینییە پێی دەوترێت جەم و ئەو شوێنەش کە کۆبوونەوەکەی تێدا دەکرێت پێی دەوترێت جەمخانە، جەمخانە بە یەکێك لە پیرۆزییەکانی ئایینی کاکەیی دادەنرێت، بەڵام ئەو پیرۆزییەی شوێنەکە هەیەتی تەنها لە کاتی جەمدایە، چونکە بە باوەڕی کاکەییەکان لە جەمدا ڕۆحی چوار فریشتە یان چوار یاری حەوتەن بەشدار دەبن، کە بریتین لە (داوود، بنیامین، پیرمووسی، ڕەمزبار)، بەستنی جەمیش لە هەر ماڵێکدا بێت بە مانای داوەتکردنی فریشتەکان دێت بۆ ئەو ماڵ و جێگەیە، بۆیە زۆرێك لە کاکەییەکان بە خۆشحاڵیەوە پێشنیاری ماڵەکانیان بۆ بەستنی جەم دەکەن.

جەم نابێ لە حەوت کەس کەمتر بێت، بە مەبەستی درووستبوونی حەوتەوانە، ئەو کەسەی بەشداریی جەم دەکات پێویستە چەند مەرجێکی تێدا بێت، لەوانە: نێر بێت، عاقڵ بێت، سەری سپاردبێت، باڵغ بێت، پشتێنی بەستبێت، جلوبەرگەکەی پاك بێت، سەری بەستبێت، واتە یان کڵاو یان جامانە و مشکیی بە سەرەوە بێت.

بە پێی وتەی هەندێك لەو کاکەییانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کردوون، پێویستە ئەو کەسەی بەشداریی جەم دەکات لە ڕووی جەستەییەوە کەسێکی ساغوسەلامەت بێت و وەك ئەوان دەڵێن (کەل) نەبێت، واتا: ئەو کەسەی قاچ یان دەستی یان چاوی نوقسانە بەشداریی جەم ناکات. (چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعید کاکەیی و هاشم کاکەیی: ٤ و هەواڵدەری ژمارە ١: ٣) هیی واش هەیە ئەمە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت لە جەمەکانماندا کەسانی کەمئەندام بەشدارییان کردووە، بە مەرجێك بتوانێت ئەرکەکانی بەجێ بهێنێت لە جەمدا، هەروەها منداڵ بۆی نییە تا باڵغ نەبێت بەشداریی جەم بکات. تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە بۆ سەرسپاردن دەبرێتە جەمەوە.

لە جەمدا، پیر لە سەری سەرەوە دادەنیشێت، پێی دەڵێن سەرجەم یان سەرۆکی جەم و کەلامخوێن لە دەستی ڕاستی و خەلیفە لە دەستی چەپی دادەنیشن، هەرکەس هاتە ژوورەوە بۆ ناو جەم دوای ئەوەی ڕوو بە قیبلە (کە بریتییە لە پردیوەر و گۆڕی سوڵتان ئیسحاق) کڕنووش دەبات، لە دەستی ڕاستەوە دەست دەکات بە

دەستماچکردن و پاشان لەسەر ئەژنۆ لە جێگایەکدا دادەنیشێت. فەراش لە خواری مەجلیسەکە و لە بەردەم دەرگاکەدا بە پێوە دەوستێت و تا کۆتایی مافی دانیشتن و جێهێشتنی جەمی نییە. کارەکەشی بریتییە لە خزمەتی میوانەکانی جەم و دابەشکردنی خواردنی جەم بەسەر میوانەکاندا. ئەگەر بۆ کارێکی پێویست چووە دەرەوەی جەم ئەوا کڵاوەکەی لە جێی خۆی دادەنێت تا دەگەڕێتەوە.

لەناو جەمدا هەریەکە و ئەرکێکی تایبەتی هەیە:

**پیر:** دوعا بەسەر خواردنەکاندا دەکات و دەیکاتە لوقمەی پیرۆز

**دەلیل:** لە کاتی نەبوونی پیردا دوعاکان دەخوێنێت

**خەلیفە**: نەزر و و قوربانی لەناو ئەندامانی جەمدا دابەش دەکات

**کەلامخوێن:** کەسێکە شارەزای کەلامەکانی کاکەیی و تەنبوورە و لە کاتی خوێندنی سروودەکاندا ئامادەبووان لە دوای ئەوەوە دەیڵێنەوە.

**فەراش:** کاری خزمەتکردنی جەم و دابەشکردنی ئەو خواردنەیە کە خەلیفە جیای کردووەتەوە (بورکەئی، ١٣٧٥: ٥٦٥-٥٦٦).

لەناو جەمەکەدا لە دوای خوێندنی دوعاوە کڕنووشبردن هەیە، پیر چەند جار دوعا بخوێنێت دەبێت ئەوەندە جار لە دوای تەواوبوونی دوعاکان کڕنووش ببرێت.

بۆ بەشداریکردن لە جەمدا جلوبەرگێکی تایبەت فەرز نەکراوە، بەڵام سەربەستن و پشتێنبەستن فەرزە و نابێت بە کراسی قۆڵکورت یان شەرواڵ و پانتۆڵی کورت و دڕاو بەشداریی جەم بکرێت و پێویستیشە هەموو جۆرە ئەنگوستیلە یان زرێ یان سەعاتێك دابماڵرێت و کەسەکە هیچی پێوە نەبێت لەو بابەتانە. کاکەییەکان دەڵێن زۆربەیان جلێکی کوردیی تایبەت و پاکیان بۆ بەشداری لە جەم ئامادە کردووە. لە سەرەتادا فەراش سوراحییەك ئاو لەگەڵ خاولییەکدا بە دەستەوە دەگرێت و یەکەیەکە ئاو دەکات بە دەستی ئامادەبوواندا و لەسەر تەشتێکی بچووك دەستیان دەشۆن، پاشان خاولییەکەیان پێ دەدات بۆ وشکردنەوەی دەستیان و بەو جۆرە تا دواهەمین کەس دەڕوات، ئەو ئاوەی کە بەشداران دەستیان پێ شتووە دەبێت دواتر لە جێگایەکی پاکدا بڕێژرێت. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هەواڵدەری ژمارە ١: ٣).

ئامادەبووان لە سەرەتای جەم تا کۆتایی بە شێوەی بازنەیی بە دەوری یەکتریدا کۆ دەبنەوە و هەموویان لەسەر ئەژنۆ دادەنیشن و دەستیان لەسەر سنگیان دادەنێن و چاوەکانیان دادەخەن، پیر دوعای نەزر و نیاز و قوربانی دەخوێنێت. (بڕوانە سرانجام، ٢٠٠٧: ٢٨٧-٢٨٩) پاشان هەموویان پێکەوە کڕنووش دەبەن. دواتر خواردنەکە دەهێنن کە یان نەزرە یان نیازە یان قوربانی، ئەگەر قوربانی و خێر بێت زۆربەی جار کەڵەشێرە،

بە کوڵاوی دەهێنرێتە ناو جەم، ئامادەبووان گۆشتەکە لە ئێسقانەکەی جیا دەکەنەوە و هەر لەوێش خوێی دەکەن، پاشان دەیگەڕێنەوە بۆ دەرەوە بۆ ئامادەکردنی بە شێوەیەکی تەواوەتی، دوای ئەوەی پیر دوعای تایبەتی بە سەردا خوێند و کردی بە لوقمەی پیرۆز، دواتر خواردنەکە بە ئامادەکراوی دەگەڕێتەوە و برنج و گۆشتەکە لە لایەن مامەوە دەکرێتە ناو نانەوە و بەسەر جەمنشیناندا دابەش دەکرێت. هەریەکە دەیخاتە زەرفێکەوە و دەیباتەوە بۆ ماڵەوە و لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەی دەیخۆن. لە جەمدا هەمیشە بەشێکی تایبەت هەیە پێی دەوترێت بەشی چرا، کە دەدرێتە فەراش یان کەسانی هەژار. لە ئایینی کاکەییدا بوونی چرا لە جەمدا وەك ئاماژەیەك بۆ پیرۆزیی ئاگر و ڕووناکی لێك دەدرێتەوە.

پاش تەواوبوونی خواردن جارێکی دیکە فەراش ئاو دەهێنێتەوە بۆ دەستشۆردن و یەکەیەکە دەستیان دەشۆن. لە دوای تەواوبوونی جەمەکەش فەراش یەکەیەکە دەستی جەمنشینان ماچ دەکات و ئەوانیش دەستی ماچ دەکەن و کۆتایی بە جەمەکە دێت.

بە درێژایی جەم فەراش لە خزمەتی جەمدا بە پێوە دەوەستێت، دەستبەسینە، واتە هەردوو دەستی لەسەر سینە دادەنێت وەك نیشانەی خزمەت و جێبەجێکردنی فەرمان. هەموو کەس لە ژیانیدا دەبێت جەم ڕێك بخات و ئەرکی فەراشییش لە ئەستۆ بگرێت، چونکە ئەو خزمەت و ئەرکێکە لەسەر هەموو باوەڕدارێکی کاکەیی.

ڕۆڵی ژنان لە جەمدا ڕۆڵی ڕەمزبارە و بریتییە لە خزمەتکردن، هەرچەندە بۆی نییە بەشداریی جەم بکات، بەڵام بەشێکی زۆر لە ئەرکەکانی دەکەوێتە ئەستۆ؛ وەك ماڵئامادەکردن و نانکردن و خواردندرووستکردن و دواتریش پاککردنەوەیان. ئەوەش وەك خزمەتی ئایینی بۆ ئەوان سەیر دەکرێت. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هەواڵدەری ژمارە ١: ٢).

هەرچەندە لە جەمدا ژنان ناتوانن بەشداری بکەن بەڵام **هاشم کاکەیی** پێی وایە لە کۆندا ژنانیش بەشداریی جەمیان کردووە، چونکە ئایینی کاکەیی لەسەر بنەمای یەکسانیی ژن و پیاو دامەزراوە، بێبەشکردنی ژنان لە جەم بە هۆی ترسەوە بووە لە تۆمەتبارکردنیان و تۆمەت-بۆ-درووست-کردنیان بە کۆبوونەوەی بەدڕەوشتی. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هاشم کاکەیی: ٤). وەک ئەو هە جوەی شێخ رەزای تاڵەبانی لەسەر ئەم بابەتە بە کاکەییەکانی کردووە.(بڕوانە دیوانی شێخ رەزا ٢٠٠٣: ٦٢-٦٣)

### ٣. ڕۆژووگرتن:

ڕۆژووگرتن لە ئایینی کاکەییدا سێ ڕۆژە. کاکەییەکان لە ساڵێکدا سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن، پێی دەڵێن ڕۆژووی قەوڵتاس، لە ڕۆژی چواردەهەمی مانگی یەك و سەرەتای چلە بەڕۆژوو دەبن تا ١٦ای مانگ و ڕۆژی حەڤدەهەم دەیکەنە جەژن، بەم جەژنەش دەڵین جەژنی قەوڵتاسان، بە یادی ڕزگاربوونی سێ دەروێشی قەوڵتاس لە هەرەسی بەفر، لە کاتی سەردانیان بۆ لای سوڵتان. (اقچری و استهری، ١٣٩٣: ١٧)، بەڵام کاکەییەکانی ڕۆژهەڵات سێ ڕۆژی دیکەش لە ساڵدا بەڕۆژوو دەبن، کە پێی دەڵێن ڕۆژووی مەرەنوێ، کە لە سەرەتای دەسپێکردنی چلەی زستاندایە، لە دوانزە تا چواردەی مانگی یەك و لە پانزەی مانگ دەیکەنە جەژن، بە یادی ڕزگاربوونی سوڵتان سەهاك و یارانی لە کاتی گەمارۆدانیان لە ئەشکەوتی مەرەنوێ لە لایەن دوژمنەکانیانەوە کە لە دەفتەرەکانی کاکەییدا بە سوپای چیچك ناویان براوە، هەروەها کاکەییەکانی ڕۆژهەڵات جەژنێکی تایبەتیان هەیە بە ناوی جەژنی خاوەندگار، بەڵام کاکەییەکانی کوردستان زۆر پابەند نین پێیەوە و دەڵێن لە بنەڕەتی ئایینەکەدا نییە و داهێنراوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەمەزان هەمیرخان: ١٠).

ڕۆژوو لە ئایینی کاکەییدا پیوێستی بەوەیە هەموو ڕۆژێك خێری بۆ بکەیت و خێریش پێویستی بە جەم هەیە، کەواتە هەرسێ ئێوارەکە بەر لە خۆرئاوابوون جەمی بۆ دەکرێت و لە ئێوارەی سێهەمدا لە جەمدا دەکرێتە جەژن، بەو جەژنەش دەوترێت جەژنی قەوڵتاس.

کاتی ڕۆژووگرتنیش لە بەرەبەیان پێش خۆرهەڵاتن دەست پێ دەکات تا خۆرئاوابوون و دەرکەوتنی ئەستێرە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هاشم کاکەیی: ٤).

## ٤. غوسڵکردن:

کاکەییەکان بایەخێکی زۆر بە پاکوخاوێنیی جەستە دەدەن و پاکڕاگرتنی جەستە وەك ئەرکێکی ئایینی سەیر دەکەن. بە تایبەتی لە کاتی بەشداری لە سرووت ئایینییەکاندا مرۆڤ دەبێت غوسڵی کردبێت، کە بریتییە لە خۆشۆردن و تەڕکردنی تەواوی جەستە، لە کۆتاییشدا پێویستە سەتڵ یان جامێك ئاو بهێنرێت و دوعای تایبەتی غوسڵکردنی بەسەردا بخوێنرێت (سرانجام، ٢٠٠٧: ٢٨٣)، پاشان لە سێ لای جیاوازەوە دەڕێژرێت

